شێرکۆ کرمانج

# بەسیاسییکردنی ئیسلام

## دیاردەی ئیسلامیزم

سلێمانی ٢٠٠٥

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٣٠٥)

سەرپەرشتیاری گشتی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# بەسیاسییکردنی ئیسلام

| | |
|---|---|
| بابەت: | فیکری |
| نووسینی: | شێرکۆ کرمانج |
| بەڕێوەبەری هونەری: | شێروان تۆفیق |
| مۆنتاژی کۆمپیوتەر: | سەیران عەبدولرەحمان |
| سەرپەرشتیاری چاپ: | فەرهاد رەفیق |
| تیراژ: | ١٥٠٠ دانە |
| ژمارەی سپاردن: | ٣٢٥ ی ٢٠٠٥ |

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە
www.sardam.info

## پێشکەشە

- بە گیانی پاکی بابم (کاکم) ئەو بابەی کە ئامادەبوو هەموو ژیانی خۆی تەرخان بکات لە پێناو سەرکەوتنی من لە ژیاندا،
- بە دایکم، ئەو دایکەی کە لەبەر ئێمە (منداڵەکانی) یەك ڕۆژ خۆشی لە ژیاندا نەدی،
- بە خەدیجەی خێزانم، ئەو هاوسەرەی نازانێ ماندوبوون چیە، بوێرانە چۆتە ناو مەیدانی کارو هەلی ئەوەی بۆ من ڕەخساند کە بتوانم درێژە بە خوێندنو نووسینو ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بدەم،
- بە دلڤینی خوشکم، ئەو خوشکەی نە سەدام حوسێن نە دابو نەرێتە کۆنەپەرستە کۆمەڵایەتییەکان پەکیاننەخست.

**<u>شێرکۆ کرمانج</u>**

## سوپاس‌و پێزانین

پڕ بە دڵ سوپاسی هاوڕێی هێژا کاك جەمال غەمبار دەکەم، کاتی خۆی گرتەوەو شەونخونی کرد بۆ پێداچوونەوەی ئەم توێژینەوەیە. بەدڵنیاییشەوە دەڵێم بە سەرنجو تێبینییەکانی توێژینەوەکەی ڕازاندەوەو دەوڵەمەندی کرد. سوپاسی خەدیجەی هاوسەرم دەکەم کە لە ماوەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەو پەڕی سەبرو تەحەمولی لەگەڵ مندا نواند. ڕێزی تایبەتیشم بۆ هەموو ئەو دۆستو برادەرانە هەیە کە دەرگای کتێبخانەکانیان لەپێشمدا ئاوەڵەکرد بۆ کەڵکوەرگرتن لە کتێبەکانیان. لە چاکەی ئەو خزمو ناسیاوانەی کوردستانیش قەت دەرناچم کە لە وێڕا سەرچاوەو ژێدەری بەهاداریان بۆ ڕەوانەی ئوسترالیا دەکردم، بەتایبەتی محەمەدی برامو نازمی ئامۆزامو جەنگی زاوام.

<u>شێرکۆ کرمانج</u>

**تێبینی :**

ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە بواری دیراساتی دەولی پێشکەش بە زانکۆی ساوس ئوستراليا لە ئوستراليا کراوە.

## ناوەڕۆك

**بەشی یەکەم................................................................١٣**

ئیسلامیزم، دیاردەیەکی بەربڵاوی ئەم سەردەمە...............................١٣

مەبەست لە ئیسلامیزم چیە؟................................................١٥

مەبەستو ئامانجی توێژینەوەکە...........................................١٩

کایەکانی توێژینەوەکە .................................................٢٢

ناوەڕۆكو تەوەرەکانی توێژینەوەکە ........................................٢٥

**بەشی دووەم .............................................................٣١**

سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلامو سیاسەت ...................................٣١

بەسیاسییکردنی ئیسلام، ئیسلامییەکانو نوێخوازەکان .......................٣٣

ئیسلام چیە؟ ..............................................................٣٩

قورئانو سیاسەت.........................................................٤٢

ئایەتەکانی قورئانو مەسەلەی حاکمیەت ...................................٤٣

سروشتی سەرتاپاگیریی قورئان ...........................................٥٣

پێغەمبەر (د) لە قورئان دا.................................................٥٥

سوننەت و سیاسەت ......................................................٦٠

فەرمودەکان و سیاسەت .................................................٦٢

پەیمانی مەدینە ........................................................ ٦٥
مردنی پێغەمبەر (د) و پرسی خەلافەت .............................. ٧٣
فیقهی سیاسیی ........................................................ ٧٩
كورتەو سەرئەنجامەكانی بەشی دووەم ...................................... ٨٥
**بەشی سێیەم .............................................................. ٨٩**
بنچو بنەوانی چەمكە سیاسییەكانی ئیسلام..................................... ٨٩
چەمكە سیاسییەكانی پێش ئیسلام.......................................... ٩١
چەمكگەلی شورا و خەلافەت................................................ ٩٢
چەمكی پەیمان ........................................................ ٩٩
چەمكی زیمە.......................................................... ١٠٢
چەمكگەلی جیهاد و ئەنفال .............................................. ١٠٤
چەمكگەلە نا ئیسلامییەكان ............................................... ١١١
ئایینو دەوڵەت ....................................................... ١١٢
دابو نەریت و پراكتیزە پاشایەتییەكان ....................................... ١١٧
هۆیە بەرابییەكانی بەسیاسییكردنی ئیسلام ................................ ١٢٠
بڵاوبوونەوەو تەشەنەی ئیسلام، پێویستبوونی دەوڵەت ....................... ١٢٠
ململانێی دەسەڵات، ئارگیومێنتە سیاسیی–ئایینییەكان ...................... ١٢٦
تیوری خەلافەت........................................................ ١٣١
كورتەو سەرئەنجامەكانی بەشی سێیەم ...................................... ١٣٤
**بەشی چوارەم ............................................................ ١٣٩**
پەیوەندیی نێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە كۆنەكانو نوێكان ................ ١٣٩

سەلەفیەت ........................................................ ١٤٤
سەروەریی و دەسەڵات ........................................................ ١٤٩
سەرتاپاگیریی و گەردونگەرایی، بەرزگەرایی ئیسلام ........................ ١٥٣
پێویستیی حکومەتی ئیسلامیی ........................................ ١٥٧
ئایین و دەوڵەت ........................................................ ١٦٠
جیهاد و تەکفیر ........................................................ ١٦٢
پلەوپایەی ژن و غەیرەموسڵمانان ........................................ ١٦٧
توندڕەوی لە ئیسلام، ڕابردوو و ئێستا ........................................ ١٧١
چەوساندنەوەی بیریارە ئیسلامییەکانو توندڕەویی ........................ ١٧٢
ئیسلامییە کۆنەکان و چەوسانەوە ........................................ ١٧٣
ئیسلامییە نوێکان و چەوسانەوە ........................................ ١٧٦
داگیرکردنو هەژموونی فەرهەنگی و توندڕەوی ........................ ١٨٠
ئیسلامییە کۆنەکان و هێرشی بێگانە ........................................ ١٨١
ئیسلامییە نوێکان و هێرشی بێگانە ........................................ ١٨٣
کورتەو سەرئەنجامەکانی بەشی چوارەم ........................................ ١٨٦
**بەشی پێنجەم ........................................................ ١٩١**
ئیسلامو دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات ........................................ ١٩١
پێناسەو پێشینەیەکی کورتی دیموکراسی ........................................ ١٩٢
فەرهەنگ و دیموکراسی ........................................................ ١٩٥
دیموکراسی و دنیای ئیسلام ........................................................ ١٩٨
فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکانی گەشەی دیموکراسی ........................ ٢٠١

هۆکارەکانی گەشەنەکردنی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات ........................ ٢٠٤
تێڕوانینی ئیسلامییەکان بۆ چەمکی دیموکراسی ........................ ٢٠٧
دیاردەی بەهێزبوونی بزوتنەوە ئیسلامییەکان ........................ ٢١٤
ترسی رۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتێکی دیموکراس ........................ ٢١٨
کورتەو سەرئەنجامی بەشی پێنجەم ........................ ٢٢١
**سەرئەنجامی توێژینەوەکە ........................ ٢٢٥**
**پاشبەندی ١ ........................ ٢٣٠**
**پاشبەندی ٢ ........................ ٢٤٠**
**سەرچاوەکان ........................ ٢٤٧**

## بەشی یەکەم

## ئیسلامیزم، دیاردەیەکی بەربڵاوی ئەم سەردەمە

ئیسلام ئایینی زیاتر لە یەك بلیۆن کەسە لە سەرتاسەری جیهانو ئایینی سەرەکیشە لە ٤٨ وڵاتدا، لەهەمانکاتیش کۆمەڵگە (community) ئیسلامییەکان لە کیشوەرەکانی ئەوروپاو باکوری ئەمریکاو ئوسترالیا لە زیادبوونێکی بەردەوامدان. ئەمە وەك ژمارە بەڵام لە بواری سیاسییدا بەبەراورد لەگەڵ سێ ئایینە سەرەکییەکەی دیکەی جیهان، هیندوس، کۆنفۆشیو مەسیحی، واپێدەچێت ئیسلام لە جیهانی ئەمڕۆدا لە هەموویان زیاتر ڕۆڵی لە بواری سیاسیدا بینیوەو ببینێت. ئەم هۆکارەو چەندانی دیکە وایان لە سەدان ئەکادیمیو شارەزایان لە دنیای ئیسلام، بەمدوایانە لە رۆژئاواش، کردوە کە لە ئیسلام بەگشتیو سیما سیاسیەکانی بەشێوەیەکی تایبەتی بکۆڵنەوە. ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە، لەماوەی بیست ساڵی رابردودا هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی–سیاسیی بەقەد هاتنەپێشی ئیسلامیزم (Islamism) یان ئەوەی بە

ئیسلامی سیاسی، سەرهەڵدانەوەی ئیسلام یان فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیی ناسراوە، کێشەو ئالۆزی نەناوەتەوە (بڕوانە برگەی مەبەست لە ئیسلام چیە؟).

ئیسلامیزم وەك دیاردەیەکی سیاسی–کۆمەڵایەتی لە وڵاتە ئیسلامییەکان وەك هێزێكو بزوتنەوەیەکی هەڕەشەکەر لە دەسەڵاتی سیاسیو سیستەمی ئێستاکانەی وڵاتە ئیسلامیەکان دێتەبەرچاو. لەلایەکی دیکەش وەك هەڕەشەیەك لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا دەبینرێ. ئەوەی ڕاستی بێت هەرئێستاکە هەندێك بەرژەوەندیی وڵاتانی رۆژئاوای لە سەرزەوی ئیسلام بنکۆڵکردوە، تا ڕادەی ئەوەش ڕۆیشتوە کە لەسەرخاکی رۆژئاواش هەڕەشەی جیدی بکات. ئەم هەڕەشانە لە گەشەکردنی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی ئیندۆنیسیا، مالیزیا، ئەفغانستان، پاکستان، ئێران، کوردستان، تورکیا، سعودییە، فەلەستین، سودان، میسر، تونس، جەزائیر، مەغریبو بەمدوایانەش عێراق لە دنیای ئیسلام خۆدەنوێنن. لە رۆژئاواش بە هێرشەکانی سەر نیۆیۆرکو واشنتۆنو مەدرید گەیشتە ترۆپك. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە بایەخدانیەتی بەو دیاردەیەی کە خەریکە کاریگەری سەرتاسەرىو بەربڵاوی لەسەر تەواوی شێوەو شێوازو داڕشتنی سراتیژو پلانی سیاسیو کۆمەڵایەتی زۆربەی وڵاتانی دنیا داناوە. چ ئەو وڵاتانەی کە ئیسلامیزم تێیاندا وەك هێزێکی سیاسی–کۆمەڵایەتی هاتۆتە سەر گۆڕەپانی سیاسی، چ ئەو وڵاتانەش کە ئیسلامیزم وەك دەستەو تاقمی توندڕەو بەسود وەرگرتن لە توندوتیژی سیاسیو تیرۆر هاتونەتەپێش، دیارە لە هەندێك وڵات هەردوو شێوەکەی بەرچاودەکەون. واچاوەنوارپیش دەکرێ لەدوارۆژێکی نزیك (لەوانەیە دووریش) ئەو دیاردەیە رۆڵێکی گرنگ لە ڕەوتی سیاسەتی جیهانی

ببینێت ئەگەر هۆکارە سەرەکیەکانی سەرهەڵدانو درێژەدانی بەشێوەیەکی وریایانە چارەسەرنەکرێن. پێشئەوەی زیاتر قسە لەسەر ئیسلامیزم بکەین واچاکە پێناسەیەکی خودی زاراوەی ئیسلامیزم لەگەڵ ئەو زاراوانەی دیکەش کە بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییان بە ئیسلامیزمەوە هەیە بکەین.

## مەبەست لە ئیسلامیزم چیە؟

یەکێك لەو گێژاوانەی کە تووشی هەر توێژەرێك لە بواری ئیسلام دەبێت، دیارە مەبەستمان ئیسلامە وەك دیاردە سیاسییەکەی، ئەوە بەکارهێنانو هەڵبژاردنی زاراوە گونجاوەکانە. مەبەست لە ئیسلامیزم (Islamism)، ئیسلامی سیاسی، سەرهەڵدانی ئیسلامی، فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی، رادیکالیزمی ئیسلامیو تیرۆریزمی ئیسلامی چیە؟ ئەوانە کۆمەڵێك زاراوەن هەندێجار بۆ وەسفکردنی یەك یان هەمان دیاردە بەکارهاتون. ئەکادیمیو توێژەرو شارەزایان بۆ ئەو دیاردەیەی کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە لە کایە سیاسیەکەیدا زاراوەی جیاجیا بەکاردەهێنن. ئێمە لێرە لەناو ئەو زاراوانە زاراوەی "ئیسلامیزم"مان پێ لەهەمووان پەسندو گونجاوترە. مەبەستیشمان لە ئیسلامیزم ئەو تیورە یان ئایدیۆلۆجییە سیاسییەیە کە لە ئاکامی ئەو هەوڵانەی لەلایەن کەسێك یان رێکخراوێك یان بزوتنەوەیەك وەبەرهەمدێت بە خوێندنەوەی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام. بە واتایەکی دیکە دانانی هەر "سێ" سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام: قورئانو سوننەو فیقهی ئیسلامی بە تاکە سەرچاوەی یاساو سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتو پەیوەندییە ناوخۆییو دەرەکییەکان. جا

ئەو هەوڵانە چ لە سەرەتاکانی مێژووی موسڵمانان بووبن چ لەسەردەمی ئەمڕۆکەمان. ئێمە زاراوەی باوی ئیسلامی سیاسی وەلادەنێین، چونکە ئەم زاراوەییە ئینتیباعێکی وادەگەیەنێ کە ئایینی ئیسلام خودی خۆی ئایینێکی سیاسییە، ئەمەش ڕێك ئەو بانگەشەیەیە کە ئێمە دەمانەوێ وەك تەوەرێکی سەرەکی لەم توێژینەوەیە تاوتوێی بکەینو ڕەتیبکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە زاراوەی ئیسلامی سیاسی جیاوازیی لەنێوان بیری سیاسیی ئیسلامییەکانو ئیسلام وەك ئایینێك دەسڕێتەوە یان کاڵیدەکاتەوە.

زاراوەگەلێکی دیکە کە لە توێژینەوەکانی بواری ئیسلامدا لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستو سەرەتای ئەم هەزارەیە زۆر بە شێوەیەکی بەربڵاو بەتایبەتی لەلایەن لایەنگرانو بانگەشەکەرە ئیسلامییەکانەوە بەکاردەهێنرێن زاراوەی "سەرهەڵدان" (النهضة)و "ژیانەوە" (البعث)و "ڕابوون" (الصحوة)ی ئیسلامییە. ئەو سێ زاراوەیە کە هەرسێکیان زۆرجار بۆ یەك مەبەست بەکاردێن تاڕادەیەك چەواشەکەرن. ئیسلامییەکان بۆ شەرعیەتدان بەخۆیانو پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆجیی بەکارییان دێنن. ئێمە بۆیە پێمان چەواشەکەرە چونکە ئەو مانایە دەبەخشێ کە گوایە ئیسلام مردبوو یان نوستبوو ئەوان هاتوون زیندویان کردۆتەوە یان لەخەویان راستکردۆتەوە. ئیسلام وەك هەر ئایینێکی دیکە بەزۆر تەنگژەدا تێپەڕبووەو زۆرجار کەوتۆتە بەر هەڕەشەو هێرشی ناوەخۆییو دەرەکی بەڵام قەت نەمردوە یان نەنوستوە تا زیندوبکرێتەوە. بەهەمانشێوە، زاراوەی فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی زاراوەیەکە کە زۆرجار غەدرکەرە، چونکە ئەو زاراوەیە جیاوازیی لەنێوان فەندەمێنتاڵیزمی ئایینیو فەندەمێنتاڵیزمی سیاسی

دانانێت. بۆزیاتر ڕونکردنەوە دەڵێین موسڵمانێکی سادە لەوانەیە لە پەیڕەوکردنی ڕێوڕەسمو باوەڕەکانی ئایینەکەی تا ئەوپەڕی فەندەمێنتاڵیزم بڕوات بەڵام لەهەمانکاتدا لەوانەیە هەموو فۆرمەکانی فەندەمێنتاڵیزمی سیاسی ڕەتکاتەوە. ئەوجۆرە کەسانە لەوانەیە پێیانوابێ تەنها ئایینەکەی ئەوان راستەو هەقیقەت لەگەڵ ئەواندایە کەچی هیچ کاتێك ئامادەنین دەستدرێژی بکەنە سەر مافی کەسانی دیکە یان خوێنیان حەڵاڵ بکەن. کەسانێك هەن لە دیدی ئایینییاندا لەوانەیە فەندەمێنتالیست بن کەچی ڕوانگەی سیاسییان میانڕەو یان دەکرێ سێکولار (علمانی)یش بن. جا بۆیە پێموایە دەبێ زاراوەی فەندەمێنتاڵیزم زۆر بە دیقەت بەکاربهێنین دەنا غەدر لە هەندێك کەس دەکەین. ئەوەش کە پەیوەندی بە زاراوەی 'ڕادیکالیزمی ئیسلامی'یەوە هەیە، ئێمە هەوڵدەدەین خۆمان لەبەکارهێنانی وەدوورخەین. چونکە پێمانوایە نە هەموو ئیسلامییەکانی سەرەتای ئیسلامو نە ئەوانەی ئەم سەردەمانە دەکرێ لە نزیکبوونەوەیان لە پراکتیزەکردنی سیاسەتدا بە ڕادیکاڵ دابندرێن.

کە باس لە زاراوە پەیوەندارەکان بە ئیسلامییەکانو ئیسلامیزم دەکەین لەوانەیە بەکارهێنانی زاراوەی تیرۆریست لە هەمووان قورستر بێتو جێگەی هەڵوەستەیە. کێ تیرۆریستە؟ کێ دەتوانێ تیرۆریستان دیاریبکات؟ لەوانەیە چەند پرسیارێك بن کە وەڵامدانەوەیان زۆر سەختبێو هەندێجاریش بێئاکام بێت. سەرەڕای ئەمە چەندان ڕێکخراوو گروپو کەسایەتیی ئیسلامی ڕێگەی توندوتیژیان گرتۆتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانییان. لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە زیاتر پەیوەندیی بە بیری سیاسیی ئیسلامییەکانەوە هەیە، ئێمە ئەوانەی بیری کوشتنو بڕینو

توندوتیژیو ڕەتکردنەوەی بەرامبەر بڵاودەکەنەوەو بانگەشەی بۆ دەکەن بە تیرۆریست ناوزەد دەکەین. پێشمانوایە ئەوان بەشە هەرە توندڕەوەکەی ئەو باڵەن بە ڕادیکاڵی ئیسلامی ناسراوە. ئێمە پێشمانوایە ئەو کەسایەتییە ئیسلامییانە بەو گروپانەوەش کە پەیڕەوی لە بیروبۆچوونەکانیان دەکەن بوونەتە مایەی بەدناوکردنی ئایینی ئیسلامو ناوی موسڵمانانیشیان تەڵخو شومکردوە. هەربۆیە پێمانوایە زاراوەی 'تیرۆریستی ئیسلامی'یش زاراوەیەکی ناتەواوەو غەدرکەرە لە ملیۆنان موسڵمانی ئاشتیخوازو خێرخواز. من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە زاراوەی 'تیرۆریستی ئیسلامییەکان' لەجیاتی 'تیرۆریستی ئیسلامی' بەکاربێت، چونکە تیرۆریستەکان بەشی هەرە توندڕەوی ئیسلامییەکانن نەك موسڵمانان.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕونکردنەوانەی سەرەوە باشترین زاراوە کە بەسەر هەموو ئەو موسڵمانانەی کە لەبواری سیاسەت بیرۆکەی سیاسی بەرهەمدێنن یان چالاکی سیاسی دەنوێننو پێشیانوایە بیرۆکەکانیانو چەمکە (مەفهومە) سیاسییەکانیان لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام هەڵهێنجاوە، ئەوە ئێمە زاراوەی 'ئیسلامییەکان' بەچێترین زاراوە دەزانینو بۆ بیرۆکە سیاسیەکەشیان زاراوەی 'ئیسلامیزم' بەکاردەهێنین. لەپاڵئەوەی سەرەوە، مەبەستمان لە ئیسلامییەکان ئەو کەسانەن کە جیاوازی لەنێوان شتی پیرۆز (sacred)و دنیایی (profane)، دەسەڵاتی ڕۆحی (spiritual)و زەمەنی (temporal) هەروەها ئایینو سیاسەت ناکەن. بەکورتی ئیسلامیزم واتە بیری سیاسی ئیسلامییەکان. دەمەوێ ئەوەش زەق بکەمەوە کە ئێمە پێمان هەڵەیە ئەو حاڵەتە بە 'بیری سیاسیی ئیسلامیی'

ناوزەدبکەین چونکە ئەوسا بیرە سیاسیەکە نابێتە بەرهەمی ئیسلامییەکان بەڵکو بە خودی ئاینی ئیسلامەوە گرێدەدرێو ئێمە ئەوەمان پێڕاست نیە. ئێستاش دەپرسین باشە مەبەستو ئامانج لە توێژینەوە لەسەر ئیسلامیزمو پرۆسەی بە سیاسیکردنی ئیسلام چیە؟

## مەبەستو ئامانجی توێژینەوەکە

ئیسلامییەکان (Islamists) لە هەوڵێکی بەردەوامدان بۆ بەکارهێنانو سودوەرگرتن لە ئایینی ئیسلام وەك ئامرازێکی ئایدیۆلۆجی بۆ بردنەپێشو سەرخستنی بەرنامە سیاسییەکانیان. لەهەمانکاتیش ئایینی ئیسلامیان وەك چەکێك بەکارهێناوە بۆ تەقدیسکردنی نەك هەر پەیڕەوو پرۆگرامەکانیان بەڵکو هەندێجار بۆ پاساودانی ئەو رێچکە خەباتەی کە گرتویانەتەبەر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئەوە کاتێك لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن بن. کاتێکیش دەسەڵات دەگرنەدەست، ئیسلام وەك بەرگێکی رازاوەو بریقەدار بەکاردێنن بۆ شێوازەکەی حوکمکردنیانو دەیکەن بە مۆرێکی پیرۆزو لە سینگی حکومەتەکەیانی دەدەن. بۆنمونە، باس لە دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیلاهی یان خەبات بۆ چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامیی دەکەن، یان ئەوەتا ناو لە حکومەتەکانیان دەنێن: ویلایەتی فەقیی وەك ئەوەی ئێران یان دەوڵەتی بێدەستور وەك ئەوەی لە سعودیە هەیە، بەو واتایەی کە لە سعودیە قورئان دەستورە. مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە لەلایەك ئەو بانگەشانەی سەرەوە بخاتە ژێر پرسیارەوەو لەلایەکی دیکە بنەمای ئەو گوتارەی کە دەڵێ ئاینو سیاسەت دووشتی لێکجیانەکراوەن یان ئایینی

ئیسلام سروشتێکی سیاسیی هەیە بنکۆڵ بکا. بەواتایەکی دیکە ئەمە هەوڵدانێکە بۆ رزگارکردنی ئیسلام لە خراپ سوودلێوەرگرتنو سوکایەتیپێکردن بەناوی سیاسەتکردنەوە. بێجگە لەوە دەشمانەوێ رێگە لەوەبگرین یان ئەو بانگەشەیە پووچەڵبکەینەوە کە گوایە هەر ئەوانن، ئیسلامییەکان، موسڵمانی راستەقینەو هەر ئەوانیشن نوێنەرانی بێهاوتای ئیسلام. بۆئەوەی پەردە لەسەر ئەو بانگەشەیەی ئیسلامییەکان هەڵدەینەوە، دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی گەشەو بڵاوبونەوەی ئیسلامو دامەزراندنو بەڕێوەبردنی یەکەمین دەوڵەتەکانی ئیسلامو سەرەتاکانی دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان ئایینی ئیسلامو سیاسەت. ئەوکات هەوڵدەدەین وەڵامی ئەو سێ پرسیارە گرنگە بدەینەوە: چۆن؟ بۆ؟ کەی پرۆسەی بەسیاسییکردن یان تێکهەڵکێشکردنی ئیسلام بە سیاسەت دەستیپێکرد. تا بۆشمان بکرێت پەنجە بۆ ئەو کەسانەش درێژدەکەین کە رۆڵی کاریگەریان لەم پرۆسەیەدا هەبووە، جا ئەوانە چ سەرکردەی موسڵمانان یان زانایانی ئایینو فوقەهاکان بووبن.

کەم نین ئەو شارەزاو توێژەرانەی پێیانوایە ئیسلامیزم دیاردەیەکی نوێیەو زادەی سەردەمی مۆدێرنەیە، ئێمە پێمانوایە کە دەشێت هەندێك فۆرمی ئیسلامیزم وەك کاردانەوەیەك لە دژی مۆدێرنەو جیهانگیریی سەریانهەڵدابێ، بەڵام ئیسلامیزم وەك بیرێکی سیاسی ڕیشەی کۆنی هەیە. لەبەرئەوە یەکێك لە مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ئیسلامیزمی کۆنو نوێیە. بەتایبەتی لە پەیوەند لەگەڵ بیروڕاو چەمکە (مەفهومە) سیاسییەکان، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکانیش ئەوە ئەو بیروڕا سیاسیانەی هەردوولا بەرهەمیانهێناوە لەگەڵ

ئەو چەمکە سیاسییانەی هەردوولا سوودیان لێوەرگرتوە بەراورددەکرێن. بەچاوخشانێك بە دیاردەی ئیسلامیزم بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلامییەکان، چ بیریارەکانیان، چ رێکخراوە سیاسیەکانیان هەموویان توندڕەوو تێرۆریست نین. بۆیە ئەوە زۆر گرنگە کە بزانین ئایا ئەو هۆکارانە چین کە هەندێك لەو بیریارانە یان رێکخراوانە بەرەو توندڕەویو تێرۆریستی دەبەن. بۆیە تەوەرێکی توێژینەوەکە بۆ پەنجەدانان لەسەر ئەو هۆکارانەی کە بەدرێژایی مێژوو بوونەتە هەوێنی بەرهەمهێنانی ئیسلامیزم لە فۆرمە توندڕەوییەکەیدا، تەرخانکراوە.

ئاشکرایە ماوەی چەند سەدەیەکە دیموکراسی وەك پرۆسەیەکی سیاسی بۆتە شێوازی باوی حوکمکردن لە زۆربەی وڵاتانی دنیا. لەهەمانکاتدا ئەم پرۆسەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلام پەیڕەوی لێناکرێو وەك چەمکێکی بیانی تەماشادەکرێ. بۆیە یەکێك لەو پرسیارانەی کە رووبەڕووی لێکۆڵەرەوەکان بۆتەوە ئەوەیە، ئایا گەشەنەکردنی دیموکراسی هیچ پەیوەندی بە خودی ئایینی ئیسلام یان فەرهەنگی باو (بە مانا بەربڵاوەکەی) لە وڵاتانی ئیسلامیەوە هەیە؟ یان ئایا ئیسلامو دیموکراسی بەیەکەوە دەگونجێن؟ بۆیە یەکێکی دیکە لە مەبەستەکانی ئەم توێژینەوە قوڵبوونەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئیسلامو دیموکراسیو هۆو هۆکارەکانی گەشەنەکردنی دیموکراسیو پەیوەندی دیموکراسی لەگەڵ فەرهەنگی باوی کۆمەڵایەتی لە سەرزەوی ئیسلام.

شێرکۆ کرمانج

## کایەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشتئەستورە بە خوێندنەوەو پێداچونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پەڕتوکو لێکۆڵینەوەی زانستیی ناو گۆڤارە (journal) ئەکادیمییەکانو ئەو وتارانەی لە بوارە پەیوەندیدارەکان بەم توێژینەوەیە نوسراونو بڵاوبونەتەوە. لەناو ئەو نوسراوانە بەتایبەتی سود لەو سەرچاوانە وەرگیردراوە کە جەختیان لەسەر ئەم بوارانە کردوە: ئیسلامیزم، مێژووی ئیسلام لەگەڵ فەرهەنگو دابو نەریتی کۆمەڵگەی عەرەبیی پێش ئیسلامو کۆمەڵگەی عەرەبی–ئیسلامیی دوای هاتنی ئیسلام. ئەو پەڕتوکو نوسراوانە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی بیرو بۆچوونە جیاجیاکان لەسەر هەموو تەوەرەکانی توێژینەوەکە سەیرکراون. تەوەرە سەرەکییەکانیش بریتین لەمانە: ئایینو سیاسەت، پرۆسەی بە سیاسیکردنی ئیسلامو تیۆری سیاسیی ئیسلامییەکان، پەیوەندیی نێوان تیۆری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان لەگەڵ ئیسلامو ئیسلامیزمو دیموکراسی.

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەم توێژینەوەیە هەیە ئیسلامییەکان وەك یەك گروپی فیکریو سیاسیی سەیرکراون (لە بەشی پێنجەم ئیسلامییەکان لە تێڕوانینان بۆ دیموکراسی بەسەر دوو گروپدا دابەشکراون). دیارە ئەوە خۆی لە خۆیدا تاڕادەیەك لەوانەیە دووربێت لە وردبینی. ئێمە دەزانین لەناو ئیسلامییەکان کەسانێك یان ڕێکخراوی وا هەن کە دەکرێ بە میانڕەو، ریفۆرمیست، سەلەفی، پڕاگماتیست، ڕادیکاڵ، توندڕەو تەنانەت تێرۆریستیش دابنرێن. بەڵام، ئەو

پێوەرەی کە ئێمە پێوەی سەیری ئیسلامییەکان دەکەین پێوەری شێوازو رێچکەی خەباتو شێوەی گەیشتن بە دەسەلاٌت نیە. پێوەری سەرەکی سەیرکردنمان ئەوەیە، هەرکەسێك چ توندڕەو چ میانڕەو چ سەلەفی چ ریفۆرمیست ئەگەر پێیوابێت ئاینو سیاسەت دووشتی لێکجیانەکراوەنو سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام دەکرێ بکرێن بە سەرچاوەیەك بۆ دارشتنو هەلٌهێنجانی ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسیو فۆرمێك بۆ پێکهێنانی حکومەتو بەڕێوەبردنی دەولٌەتی تێدابەدیبکرێ، ئەوە لەم توێژینەوەیە بە ئیسلامییەکان ناودەبرێن. کەواتە بەکورتی دیدی ئێمە لەم توێژینەوەیە دیدێکی فکری-سیاسییە نەك دیدێك لە رێبازو شێوازی گەیشتنی ئیسلامییەکان بە دەسەلاٌت. لە بەر رۆشنایی ئەم پێوەرەدا، بیریارانی ئەم بوارەمان بەسەر گروپی ئیسلامییەکانو نوێخوازەکان دا دابەشکردوە.

لەکاتێکدا کە هەولٌمانداوە کارو بەرهەمی زۆربەی نووسەرو بیریارە ئیسلامییو نوێخوازەکان بەسەربکەینەوەو بۆ ئەم توێژینەوەیە کەلٌکیان لێوەربگرین. کەچی تەرکیزمان لەسەر ڕابەرانو شارەزاو بیریارە هەرە گەورەکانی ئەم بوارە کردوە، لەوانە ئەبوئەعلای مەودودی (١٩٠٣-١٩٧٩)، سەید قوتب (١٩٠٦-١٩٦٦)، یوسف قەرەزاویو خومەینی (١٩٠٢-١٩٨٩) وەك ئیسلامییە نوێکانو ئیبن موقەففەع (٧٢٠-٧٥٩)، ماوردی (٩٧٤-١٠٥٨)، غەزالی (١٠٥٨-١١١١)، ئیبن تەیمیە (١٢٦٣-١٣٢٨)و ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠٦) لە ئیسلامییە کۆنەکان. هەروەها لە نوێخوازەکانیش تەرکیزکراوەتە سەر نووسینەکانی نەسر حامد ئەبوزێد، نەزیە ئەیوبیو بەسام تیبی. بێجگە لەمانە کەلٌك لە نوسراوو پەڕتوکی دەیان نووسەری

بەناوبانگی جیهانیو عەرەبو کورد وەرگیراوە. میسر بە بێشکەی سەرهەڵدانی بیری سیاسیی ئیسلامییە نوێکان دادەنرێتو بیری ئیسلامیزم، لە فۆرمە نوێکەی، لەوێڕا پەلی بۆ کەنارەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی ئاوێشت، بۆیە ڕۆڵی نووسەرو بیریارە میسرییەکان لەم توێژینەوەیە گرنگی تایبەتی پێدراوە.

تەوەرێکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەسەر پەیوەندی فکریی نێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکانە. لەوێدا تەرکیزکراوەتە سەر ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن زاناو فوقەهاکانی سەرەتاو سەدەکانی ناوەڕاستی مێژووی ئیسلام نوسراون. دیارە لەبەرئەوەی دروستبوونو گەشەی بیری سیاسیی ئیسلامییەکان بۆ توێژینەوەکەمان بۆتە چەقێکو بەدەوریدا دەخولێتەوە، بۆیە تەرکیزکراوەتە سەر ئەو زاناو فوقەهایانەی کە لەبواری بیری سیاسییدا شتیان نوسیوە، لەوانە ئیبن حەنبەل (٧٨٠-٨٥٥)، ئیبن موقەففەع، ماوردی، غەزالی، ئیبن تەیمیەو ئیبن خەلدون. لە توێژینەوەکەدا هەندێك فەیلەسوفی ناوداری جیهانی ئیسلامی وەلاندراون، سەرەڕای ئەوەی، جێپەنجەیان لەسەر گەشەی بیری سیاسیی سەردەکەمەیان هەبووە، وەك: ئیبن روشد، ئیبن سیناو فارابی. ئەوانە کاریگەریی خۆیان لەسەر تیۆریزەکردنی تیۆری سیاسیی ئیسلامیی هەبووە، بەڵام کاریگەرییان لەسەر ئیسلامییە نوێکان کەمە. لەڕاستیشدا، ئەوان ڕێچکەو تێگەیشتنی جیایان لە ئیسلامییە کۆنەکان (کە ناومان بردن)و ئیسلامییە نوێکان هەیە. زۆربەی ئیسلامییە نوێکان ئیبن روشدو ئیبن سیناو فارابی بە گومڕا (heretic) دەزانن‌و پێشیانوایە ئەوان کەوتونەتە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی کۆنی یۆنانی. بۆنمونە، سەید قوتب ئەوان بەوە تاوانبار دەکا کە گوایە کەوتونەتە ژێر

کاریگەریی باوەڕو نەریتی جاهیلیەت (Qutb 1998: 110). بەهەمانشێوە قەرەزاوی ئەوان بە قسەهەڵبەستو خۆگونجێنیان (تەلفیقیو تەوفیقی) دادەنێ (القرضاوی ١٩٨٨: ١٠٧). بۆیە ئێمەش تا ئەوشوێنەی پەیوەندی بە کاریگەریی ئەم فەیلەسوفانە لەسەر بیری سیاسیی ئیسلامییەکان هەیە، بەتایبەتیش پەیوەندییان بە بیری ئیسلامییە نوێکان خۆمان لە سوودوەرگرتن لە بیرۆکەکانیانو بەراودکردنی بیرو بۆچوونیان لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئیسلامییە نوێکان وەدوور گرتوە.

## ناوەڕۆكو تەوەرەکانی توێژینەوەکە

تەوەری هەرە سەرەکیی ئەم ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئیسلام (وەك ئاین) لەگەڵ سیاسەت. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین تاوتوێی ئەوە بکەین کە ئایا ئیسلام هەر لە سەرەتاوە ئایینێکی سیاسیی بووە واتە هەر لە دابەزینیەوە، یان ئەو ئایینە لە پرۆسەیەکی مێژوویی—سیاسیی—ئابورییدا بە سیاسییکراوە. تاڕادەیەك باسو لێکۆڵینەوەی زۆر لەلایەن شارەزایانو ئەکادیمییەکان لەسەر ئیسلام بەگشتیو دیاردەی ئیسلامیزم بەتایبەتی کراوە. لە راستیدا، ئیسلامییەکان پێیانوایە کە قورئانو سوننەت (کارو کردەوەو فەرمودەکانی پێغەمبەر) زۆر بەچاکیو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە چۆنیەتیو شێوەی حوکمکردنو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە بواری سیاسیدا دەکەن. ئەو بانگێشانەی ئیسلامییەکان لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بەوردی تاوتوێ دەکرێن. بەهەردوو سەرچاوە سەرەکییەکەی

ئیسلام (قورئانو سوننەت) دادەچینو بەوردی دەیانخوێنینەوە، بە پشتبەستن بەم خوێندنەوانە بانگەشەکانی ئیسلامیەکانو دژەبانگەشەکانی بیریارە نوێخوازەکان بەراورد دەکەینو هەڵیاندەسەنگێنین. کە باس لە ئیسلامو سەرچاوە سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام دەکەین پرسیارێك خۆی ڕاپێش دەکا ئەویش ئەوەیە: ئایا ئیسلام چیە؟ ئایا ئیسلام واتە قورئان؟ واتە سوننەت؟ یان فیقهی ئیسلامی؟ ئەوانە تائێستا بە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام ناسراون، بەڵام کامیان نوێنەرایەتیی ئیسلام دەکا؟ یان ئەگەر گومان لەوەدا هەبێت کە هەر کام لەم سەرچاوانە نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات، ئەوکات دەبێ وەڵامی ئەوە بدەینەوە، بۆ؟ بۆیە پێشئەوەی بە سەرچاوە سەرەکیەکانی ئیسلامدا بچینەوە هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانەو کۆمەڵێك پرسیاری دیکە لە بەشی دووەم بدەینەوە.

پاش پێداچوونەوە بە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلامو یەکلاکردنەوەی ئەوەی کامیان لە هەموویان زیاتر نوێنەرایەتیی ئیسلام دەکاو هەڵسەنگاندنی بانگەشەی ئەوەی کە ئیسلام ئایینێکی سیاسییە وەك ئەوەی ئیسلامییەکان پێی لەسەر دادەگرن، لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە ئەو چەمکە سیاسییانەی کە ئیسلامییە کۆنو نوێکان پشتی پێدەبەستن دیاریدەکرێنو لە بنچو بنەوانیان دەکۆڵدرێتەوە. تیۆری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو ئەوانەی ئێستاش بنەمای لەسەر کۆمەڵێك چەمك داناوە، لەوانە: شورا، خەلیفە، پەیمان (الحلف)، زیمە (ذمة)، جیهاد، ئەنفالو ئاینو دەوڵەت. ئەم چەمکانە هەر هەموویان لەلایەن ئیسلامییەکان لە قالبی سیاسیی دراونو بەرگی ئیسلامییان لەبەرکراوە. بەشێکی

سەرەکی توێژینەوەکە تەرخاندەکەین بۆ گەڕان بە دوای ڕەسەنیەتیی ئەو بانگەشەیەی کە گوایە ئەو چەمکانە چەمکی سیاسیین، لەوەش دەکۆڵینەوە ئەگەر چەمکی سیاسیین، ئایا بنەچەی ئیسلامییان هەیە یان لە پرۆسەیەکی مێژوویی–سیاسیی تێکەڵ بە ئیسلام کراون. پاش ئەوەی گومان دەخرێتە سەر بە ئیسلامبوونی ئەو چەمکانەی ئاماژەمان پێکردن لە هۆو هۆکارە سەرەکییەکانی بە سیاسیکردنی ئیسلام لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئیسلامو سەرەتاکانی داڕشتنی تیوری سیاسی ئیسلامییەکانو پرۆسەی گەشکردنی تیۆرەکە دەدوێینو دەستنیشانیان دەکەین.

زۆربەی هەر زۆری توێژەرانی بواری ئیسلامیزم باس لە دیاردەی ئیسلامیزم وەك دیاردەیەکی نوێ دەکەنو، بیری سیاسیی ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش وەك دیاردەیەکی جیا لە ئیسلامیزمی نوێ دەبینن. واچاکە ئەوە بڵێین کە دێکمیجیان (Dekmejian 1994) لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە لە دیاردەی سوڕی بەرەنگاربوونەوەی (cyclic response) توندڕەویی ئیسلامیی کۆڵیوەتەوە، بەڵام توێژینەوەکەی هەموو باڵەکانی ئیسلامیزم ناگرێتەوەو تەنیا باس لە فۆرمە توندڕەوییەکەی ئیسلامیزم دەکا. بەهەمانشێوە بلاك (Black 2001) تەرکیزیکردۆتە سەر مێژووی بیری سیاسیی ئیسلامییەکان، بەڵام خۆی لە قەرەی پەیوەندیی نێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانی سەرەتای ئیسلامو سەدەکانی ناوەڕاستو ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمانەی ئێستاکەمان نەداوە. بە کوردیش، کاك عەلی ڕەزا بۆچوونێکی لە قەوارەی کتێبێکی بچوك لەمەڕ بەسیاسییکردنی ئیسلام بۆ گفتوگۆ خستۆتەپێش، ئەم کتێبەش نەچۆتە قوڵایی

مێژووی بەسیاسیکردنی ئیسلام، بەڵکو تەنیا تەرکیزی لەسەر دیاردەی ئیسلامیزمی نویێ کردوە. تا ئەو رادەیەی ئێمە ئاگاداربین دەتوانین بڵێین بێجگە لەم دوو سێ پەڕتوکە بەنرخە، کەمن ئەوانەی لە ڕوانگەی گەشەکردنی مێژووییەوە لە دیاردەی ئیسلامیزم نزیککەوتبنەوە. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە دەیەوێت ئەو پەیوەندییە فکرییانە دەستنیشان بکات کە لەنێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان هەیە. بۆ دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەش پەنامان بردۆتە بەر ئەو چەمکە سیاسییانەی کە هەردوولا پشتیانپێبەستوە بۆ بە سیاسیکردنی ئیسلام. هەرلەوێدا ئەوەی کە لەهەمووان گرنگترە ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە لە بنجو بنەوانی ئەو چەمکە سیاسییانە دەکۆڵێتەوە کە ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بەکاریاندێنن بۆ بە سیاسییکردنی ئیسلام، دەمانەوێ بزانین ئەو چەمکە سیاسییانە چەمکی سیاسیی ئیسلامین یان چەمکانێکن کە هی کۆمەڵگە هاوزەمانەکانی سەردەمی بڵاوبوونەوەو گەشەکردنی ئیسلامن.

هەروەك پێشتر ئاماژەمانپێکرد پەیوەندیی نێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە نوێکانو بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکان بەدەگمەن لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، دەتوانین بڵێین جارجار ئاماژەیەك بەوەکراوە کە توندڕەوە ئیسلامییەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەریی فلان ئیمام یان فلانە زانای ئایینی، بەڵام نەخشی پەیوەندیی نێوان هەردوولایەن دیارینەکراوە. ئەم توێژینەوەیە بەبنەما لەسەر ئەو چەمکانەی هەردوولا پشتی پێدەبەستن هەوڵدەدا نەخشی پەیوەندیی نێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بخاتەڕوو.

بەشی پێنجەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ قسەوباسکردن لەسەر گونجانو نەگونجانی ئیسلام وەك ئاینو ئیسلامیزم وەك بیری سیاسیی ئیسلامییەکان لەگەڵ دیموکراسی. دیارە ئەم بەشە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی توێژینەوەکە نیە، چونکە بەشەکانی دیکە تەرکیزییان لەسەر پرۆسەی بە سیاسییکردنی ئیسلامو بیری سیاسیی ئیسلامییەکان کردوە. سەرەڕای ئەمەش، لەبەرئەوەی یەکێك لەو بیرۆکانەی کە ئیسلامییەکان زۆر گفتوگۆی لەسەر دەکەن، دیموکراسیەتە. لەولاشەوە، دیموکراتخوازەکان زۆریان فەرهەنگی ئیسلامی یان ئیسلامیزم بە رێگرێك لە پێش گەشەی دیموکراسی دەبینن. بۆیە لەو بەشەدا لە پەیوەندی نێوان ئیسلامو ئیسلامیزمو دیموکراسی قوڵدەبینەوە، هەروەها باس لە هۆکارەکانی گەشەنەکردنی دیموکراسی لە دنیای ئیسلامدا دەکەینو پێشنیازی ئەو خاڵانەش دەکەین کە بۆ گەشەی دیموکراسی پێویستن لە دنیای ئیسلام.

بە خوێندنەوەیەکی وردو تێڕامان لە، یەکەم: سەرچاوە سەرکییەکانی ئیسلام بەتایبەتی قورئان، دووەم: وانە هەڵهێنجان لەو خوێندنەوە نوێیانەی بۆ دەق دەکرێ بەتایبەتی دەقی کۆن وەك قورئان، سێیەم: بە سودوەرگرتن لەو پەرتوكو توێژینەوانەی لە بواری ئیسلامو ئیسلامیزمدا نوسراون، هەوڵدەدەین پێشنیازی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ قورئان بکەین کە توێژینەوەکەی پێ کۆتایی دێنینو هەندێك پێشنیازو رێنماییو ئەنجام دەخەینە روو. دواتر داوای پرۆسەی

**شێرکۆ کرمانج**

داماڵینی سیاسەت لە ئاینی ئیسلام دەکەین وەك پێداوێستیەکی مێژوویی بۆ ئێستاو بۆ دواڕۆژ.

# بەشی دووەم

## سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلامو سیاسەت

یەکێك لە کێشە هەرە سەرەکییەکان کە دوابەدوای مردنی پێغەمبەری (د) موسڵمانان ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی ئیسلامی بووەوە مەسەلەی دیاریکردنی جێنشین بوو، کە دواتر لەناو موسڵمانان بە (خەلافەت) ناویدەرکرد. موسڵمانە عەرەبەکانی ئەوکات لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیان کە پێش هاتنی ئیسلامو لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیدابوونی ئیسلام کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەت بوو، بەومانایەی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هیچ دامودەزگایەکی فەرمی بوونی نەبوو. کاتێك پێغەمبەر (د) مرد ئایینی ئیسلام بەشی هەرە زۆری نیمچە دوورگەی عەرەبی گرتبۆوە، ئەو بەربڵاوییە بارودۆخێکی دیکەی هێناکایەوەو پێویستیی خۆڕێکخستن لەژێر سێبەری قەوارەیەکی سیاسیی هاتەپێش. یان بە واتایەکی دیکە بۆ موسڵمانان

پێویستیی ئەوە هاتەپێش کە بیر لە جۆرێك لە جۆرەکانی خۆبەڕێوەبردن بکەنەوە.

لەم بەشەدا خوێندنەوەیەکی وردی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام، قورئان، سوننەتو فیقهی ئیسلامیی دەکەین. لە بەر ڕۆشنایی خوێندنەوەکەش پەیوەندیی نێوان ئیسلام وەك ئایینێك لەگەڵ سیاسەت هەڵدەسەنگێنین. وەك پێشتریش باسمانکرد ئەکادیمیو شارەزایانو زانا ئایینیەکانو فوقەهاکان لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان ئیسلامو سیاسەتدا دەکرێ بەسەر دوو گروپدا بەشبکرێن. گروپێکیان پێیانوایە کە ئیسلام وەك ئایین لەدوای مردنی پێغەمبەر (د) لە پرۆسەیەکی مێژوویی—سیاسی—ئابوریی تێکەڵ بە سیاسەت کراوو بەرگی سیاسەتی لەبەرکرا، ئێمە لەو توێژینەوەیە ئەو پرۆسەیە بە بەسیاسییکردنی ئیسلام (politicisation of Islam) ناودەبەین. کەسانی وەك عەلی عەبدولرازق، ئەبوزەید، ئەیوبیو تیبی سەر بە گروپی یەکەمنو ئێمە بە نوێخوازەکان (modernist) ناویان دەبەین. گروپی دووەم پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئایینی ئیسلام لە پرۆسەیەکی مێژووییدا تێکەڵ بە سیاسەت نەکراوە بەڵکو ئیسلامو سیاسەت دوو چەمکی لێکجیانەکراوەن. کەسانی سەر بەم گروپە چ زانایانی ئایینیو فوقەهاکان بن چ شارەزایانی بواری ئیسلام بن لەم توێژینەوەیە بە ئیسلامییەکانیان ناودەبەین، لەوانەش مەودودی (١٩٠٣–١٩٧٩)، حەسەن بەننا (١٩٠٦–١٩٤٩)، سەید قوتب (١٩٠٦–١٩٦٦)، یوسف قەرەزاوی، عەبدولکەریم زێدان، موقتەدر خان. جا ئەو زاناو فوقەهایانە لە ڕۆژگارەکانی سەرەتاو سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلام ژیابن یان ئەوانەی ئەم سەردەمانە. ئێمە زاناو

فوقەهاکانی سەرەتای ئیسلامو سەدەکانی ناوەڕاست بە ئیسلامییە کۆنەکانو ئەوانەی ئەم سەردەمە بە ئیسلامییە نوێکان ناودەبەین. پێشئەوەی باس لە ئەنجامەکانی خوێندنەوەکەمان بۆ سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام بکەین، پێمان باشە هەندێك لەو راوبۆچوونانە بخەینە روو کە تا ئێستا لەلایەن ئیسلامییەکانو نوێخوازەکان لەسەر پرۆسەی بەسیاسییکرنی ئیسلام گفتوگۆی لەسەر کراوە.

## بەسیاسییکردنی ئیسلام، ئیسلامییەکانو نوێخوازەکان[1]

یەکێك لە کەسایەتیە ناسراوەکانی گروپی نوێخوازەکان نەزیە ئەیوبی (Nazih Ayubi)یە، ئەو پێیوایە "بە تیوریکردنی سیاسەت لە ئیسلامدا زۆر بە دواکەوتو زۆربەی ئەو ئەدەبیاتە سیاسییەی ئیسلامیەکان، کە لەبەردەستدان لەو کاتانەدا دەرکەوتن کە ویستیان چارەی ئەو راستییە (حقائق) سیاسیانە بکەن کە بێچارە مابوونەوە" (Ayubi 1991: 3). فراوانبوونی قەڵەمڕەوی ئیسلامو گەشەو بڵاوبوونەوەی ئایینەکە، بەتایبەتی لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب (ف. ٦٣٤–٦٤٤)و دواتر، بەناو خاكو نیشتمانی غەیرەعەرەب لەلایەکو، زیادبوونی ژمارەی ئەو عەرەبانەی هاتنە سەر ئایینی ئیسلام لەلایەکی دیکە.[٢] ئەمانە

---

[1] ئەم برِگەیە لە باسێکدا لەژێر ناوی ئیسلامیی سیاسیی یان بەسیاسییکردنی ئیسلام لە گۆڤاری *ئایندە* ژمارە٥٧ بڵاوبۆتەوە، هەروەها لە گۆڤاری *سردم العربي* ژمارە ٦ (تەرجەمەی جەمال غەمبار) بڵاوبۆتەوە. لێرەدا هەندێك دەستکاری کراوە.

[2] کورتکراوەی م. بەرامبەر 'مردوە'، ف. 'فەرمانڕەواییکردن' بەکارهاتون، چونکە زۆر لەو کەسایەتییانە ساڵی لەدایکبوونیان دیارنیە بەڵام ساڵی مردن یان فەرمانڕەوایکردنیان زانراوە.

هەمووی بەسەریەکەوە وایان لە فەرمانڕەوایانی ئەوکات کرد نەك هەر تووشی کێشەی ئاسایشو نیزام ببن، بەڵکو وەك ئەیوبی دەڵێ، ڕووبەڕووی قەیرانی ئابوریش هاتن. هاوکات لەگەڵ ئەمانە، هەوڵی بەردەوامی خەواریجەکان (الخوارج)و شیعەکان بە بەکارهێنانی ئارگیومێنتی (argument) ناوەڕۆك ئایینیی بۆ گومان خستنە سەر ڕەوایی (شەرعیەتی) دەسەڵاتی فەرمانڕەوا سونییەکانی ئەوکاتی ئیسلام، هۆیەکی دیکەیە.[3] هەر ڕاست لەو کاتانەدابوو بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی خەواریجەکانو شیعەکان تیوری قەزایی (شەریعەت) ڕەسمیی دەوڵەت خۆی ڕاپێشکرد (Ayubi 1991: 4).

تیوری خەلافەت لە تیوری قەزاییش نوێترە، ئەیوبی دەیگێڕێتەوە بۆ ئەو بارە ئاڵۆزیو سەرلێشێواویانەی کە لە سەردەمی عەباسییەکان ڕووبەڕووی خەلیفە ببوونەوە، وەك پەیدابوونی خەلیفەی سەربەخۆ لە زۆربەی شارو ویلایەتە ئیسلامیەکان، هەروەها بەهێزبوونی یان گەشەکردنی بزوتنەوە بەرهەڵستکارییەکانی وەك خەواریج، شیعە، موعتەزیلەو ئیخوان ئەلسەفاو چەندانی دیکە بە دژی فەرمانڕەوایانی سوننی لە بەغدا. لە بەر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخەی سەرەوە، ئەیوبی پێیوایە، تیوری سیاسیی ئیسلامیی کاردانەوەیەك بوو بۆ بەگژداچوونەوەی (challenge) یاخیبووانی نێوخۆیی (ئەوانەی سەرەوە)و هێرشە دەرەکییەکان (مەغۆلەکانو خاچپەرستان). بە واتایەکی دیکە "تیورەکە هەوڵدانێك بوو بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگەی ئیسلامیی لەو چارەنووسە تاڵەی کە

[3] دەستەواژەی ئارگیومێنت (الجدل) لەبەرابەر بیرۆکەیەك کە کەسێك پێی لەسەر دابگرێت بەکاردێنین، لە کوردی زاراوەیەکی شیاوم پێنەدۆزرایەوە.

تووشی هاتبوو، بە زەقکردنەوەی خسڵەتە ئایینیەکان" (Ayubi 1991: 17). لەبەرئەوە بەبۆچوونی ئەیوبی تێکهەڵکێشکردنی دەوڵەتو ئایین لەوەناچێت بنەمایەکی ئایینی پتەوی هەبووبێت، چونکە قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەر (د) زۆر بەکەمی باسی سیاسەتو دەوڵەتیان کردوە. بەهەمان ئاراستە، عەلی عەبدولرازق (١٨٨٨–١٩٦٦)، زانایەکی ئایینیی میسریی بوو، دوای شەنو کەوکردنی قورئانو سوننەت بەو ئاکامە گەیشتوە، "دەقەکان بە هیچ شێوەیەك نە ڕێنماییەك نە تێخوێندنەوەیەکیان (ئیستقرایەکیان) بۆ موسڵمانان تێدا نیە لەسەر ئەو نیزامە سیاسییەی کە دەبێ پەیڕەوی بکەن. ئەوەی بەدیدەکرێ تەنها چەند پێشنیازێکن لەسەر ڕەوشت بەشێوەیەکی گشتی نەك بنەمای ژیانی سیاسی. بۆنمونە دەقەکان داوا لە خەڵك دەکەن کە گوێڕایەڵی لە دەسەڵات بکەنو پێشنیازی شوراشی کردوە لەنێو موسڵماناندا" (و.ل. Filali-Ansari 1999: 125).[٤]

ڕاست بەپێچەوانەی ئەوەی لەسەرەوە باسیلێکرا، ئیسلامییەکان بۆچوونو تێڕوانینو تیورەکانیان لەسەر پرنسیپی حاکمیەتی ڕەهای (موتڵەقی) خوایی دەخولێننەوە. لە سەروی هەموویانەوە ئەبوئەعلای مەودودی (١٩٠٣–١٩٧٩)، رابەرو دامەزرێنەری جەماعەی ئیسلامیی پاکستان. ئەو هەوڵدەدات گفتوگۆکەی بەهێنانەوەی چەند ئایەتێکی قورئان پشتئەستور بکات، مەودودی دەڵێ "کەس مافی ئەوەی نیە یاسا دابڕێژێ، کەسیش مەجبور نیە ملکەچی جۆرە یاسایەکی

[4] کورتکراوەی و.ل. بەرامبەر 'وەرگیراوە لە' بەکارهاتوە، بەو مانایەی کە دەقەکە یان تێگەیشتن لە دەقەکە ڕاستەوخۆ لە چاوگی یەکەمەوە وەرنەگیراوە.

لەم شێوەیە بێت. تەنیا خوا مافی یاسادانانی هەیە" (Mawdudi 1976: 270).[5] بۆ سەلماندنی راستی ئارگیومێنتەکانی، مەودودی چەند ئایەتێکی قورئان بە نمونە دەهێنێتەوە، وەك: "فەرمانیش هەر هی خوایە هەر ئەویش فەرمانی داوە کە غەیرەز ئەو مەپەرستن" (قورئان ١٢: ٤٠).[6] یان "دەیانگوت: ئاخۆ لەم کارە چن بۆ دەکرێ؟ بێژە: گش کار بەدەست خوان" (قورئان ٣: ١٥٤). یان "بە درۆ زمانو نەگەڕێ کە ئەم ڕەواو ئەم ناڕەواس" (قورئان ١٦: ١١٦). یان "ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانە — کە لە خواوە هاتوە — فەرمان بدەن، غەدرێ دەکەنو ناهەقن" (قورئان ٥: ٤٥). بەبنەما لەسەر ئەم ئایەتانەی سەرەوە، مەودودی موکڕ دەبێ لەسەر ئەوەی کە سەروەریی (السيادة) بەس بۆ خوایەو ئەو تاکە یاسادانەرە. بێجگە لە خوا موسڵمانان ناتوانن بەتەواوی پشت بە ڕێسایەکی دیکەی سەربەخۆ ببەستنو ناشتوانن دەسکاری هیچ یاسایەك بکەن کە خوا

---

[5] ناوی مەودودی لە ئینگلیزی بە دوو شێوە سپێڵ کراوە، یەکێکیان Mawdudi کە ئێمە بەکارمانهێناوە ئەوی دیکەش Maududi کە هەندێك کەسانی دیکە بەکاریانهێناوە.

[6] تەرجەمەی ئایەتەکانی قورئان لەو قورئانە وەرگیراوە کە هەژار وەریگێڕاوەتە سەر کوردی (بڕوانە سەرچاوەکان). بەگشتی کورد تا ئێستا کاتێك وەك لێوەرگرتن (citation) ئایەتەکانی قورئان دەنووسنەوە دەقە عەرەبییەکە دەنووسنەوە، تەنانەت هەندێجار نە تەرجەمە نە تەفسیرەکەشی نانووسن. ئێمە لەم توێژینەوەیە دەقی ئایەتەکان بەس بە کوردی دەخەینە ڕوو لەبەر ئەم هۆیانە، یەکەم: تا ماوەیەك پێش ئێستا قورئان تەرجەمە نەکرابووە سەر کوردی بەڵام ئێستا خۆشحاڵانە مامۆستا هەژار ئەو ئەرکە گەورەیەی بە کارامەیی بەجێهێناوە. دووەم: قورئان بە عەرەبییەکی زۆر کۆن نوسراوە کە نەك هەر کورد بەڵکو عەرەبەکانیش ئێستاکانە بۆیان زەحمەتە ڕاستەوخۆ لە دەقەکان بگەن، ئەوە چ جای کۆمەڵانێکی زۆری کوردان عەرەبی هەرنازانن. سێیەم: من دەمەوێ ئەو تەوقە یان دیاردە باوە بشکێنم کە بەشێکی پەیوەندی بە خۆکەمزانینی کورد خۆیو زمانەکەی هەیە لەبەرامبەر زمانی عەرەبی، من پێموایە مامۆستا هەژار لە تەرجەمەکەیدا هیچ گومانی بۆ ئەوە نەهێشتوە کە زمانی کوردی زمانێکی هاوشانی زمانە زیندوکانی ئەم ناوچەیەیە. چوارەم: کوردان زۆربەیان موسڵمانن، کەوایە ئەدی بۆ دەبێ بە زمانێکی دیکە سەرچاوە هەرە سەرەکییەکەی ئایینەکەیان بخوێننەوە، کە زۆرجار دەبێتە مایەی تێنەگەیشتن لێیان.

دایناوە. مەودودی تا ئەو ڕادەیەش دەڕوا کە بڵێ "تەنها ئەو حکومەتەی کە وڵاتەکەی وەك قەوارەیەکی سیاسیی بەپێی یاساکانی خوا بەڕێوەدەبات شایستەی ملکەچ بۆکردنە. ئەگەر گوێ بەو یاسایانە نەدات — حکومەتەکە — کە خوا ناردونی، ئەوە فەرمانەکانی بۆ موسڵمانان پابەند نین" (Mawdudi 1976: 271).

یەکێکی دیکە لە بیریارە ئیسلامییە نوێکان 'خومەینی'یە (١٩٠٢–١٩٨٩)، ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. خومەینی لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە، ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە خوای مەزن لەگەڵ ناردنی یاسا سەرەکییەکان بەشێوەی وەحی، چوارچێوەیەکی تایبەتیشی بۆ حکومەتی ئیسلامی دیاریکردوە بە دەزگاکانی ڕاپەڕاندنیشەوە (Khomeini 1981: 251). خومەینی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی پشتی بە هیچ ئایەتێك نەبەستوە. ئەو پێشیوایە سوننەتی پێغەمبەر (د) پێویستیی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی دەسەلمێنن. خومەینی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە "پێغەمبەر (د) حکومەتی دامەزراند... لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی... هەموو ئەرکەکانی حکومەتیشی پڕکردەوە... پێغەمبەر (د) کەسێکیشی دیاریکرد کە دوای مردنی جێگای بگرێتەوە — ببێتە خەلیفە — بەپێی فەرمانی خواوەند... بە دەستنیشانکردنی خەلیفە، پێغەمبەر (د) بە تەواویی، پێویستیی دامەزراندنی حکومەتی دیاریکرد" (Khomeini 1981: 252). ئەوەی ڕاستی بێت ئەوە شیعەکانن کە پێیانوایە پێغەمبەر (د) جێنشینی بۆ خۆی دیاریکرد، موسڵمانە سوننەکان ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە.

دواتر، خومەینی هەوڵدەدات بنەمای بۆچوونەکانی لەسەر چەند هۆکارێکی ئابووریی دابنێت. ئەو دەڵێ "ئەو باجەی کە ئیسلام دایناوە لەگەڵ شێوەی بەکارهێنانەکەی تەنیا بۆ یارمەتیدانی هەژارو نانپێدانی کەسوکاری پێغەمبەر (د) نەبووە، بەڵکو نیازی کارئاسانکردن بووە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی مەزنو زامنکردنی خەرجییە سەرەکییەکانی" (Khomeini 1981: 255). بۆنمونە، ئەو پێیوایە پێنج یەك (الخُمسْ) چاوگێکی گەورەی دەرامەتە کە بۆ ژمێریار کۆدەکرێتەوەو تەنها یەك یەکەی داراییە. ئەو پەنجە بۆ زەکاتو خێرو سەدەقەش درێژدەکا کە گوایە هەر یەکێکیان بۆ مەبەستێکی تایبەتیی تەرخانکراون، ئەوە بێجگە لە 'جزیە' کە لە غەیرەموسڵمانان وەردەگیرێتو 'خەرەج' کە باجی زەویوزارە. پاشان خومەینی دێتە سەر ئەوەی بڵێ "جیبایەی سەپێنراوی ئیسلام خاڵێکی دیکەی پێویستیی دامەزراندنی حکومەت دەستنیشان دەکات" (Khomeini 1981: 255).

هەندێك لە ئیسلامییەکانی کوردستانیش تێڕوانینەکانیان زۆر نزیکن لەوانەی لەسەرەوە باسمانکردن. بۆنمونە، مەلا کرێکار (ئەمیری پێشوی ئەنسارولئیسلام) جەخت لەسەر جیانەکردنەوەی ئیسلامو سیاسەت دەکاو دەڵێ ئێمە ناتوانین بڵێین "ئیسلامی سیاسییو ئیسلامی ئابورییو ئیسلامی عیبادەت... ئیسلام یەك ئیسلامە، جوانیی ئیسلام لە تەکامولو تەواوی خۆیەتی... هیچ پێویستی بەوەش نیە یەکێکی دیکە بۆمان تەکمیلە بکات" (محەمەد ٢٠٠٢: ٣).

وەك لەسەرەوە بۆمان دەرکەوت ئیسلامییەکانو نوێخوازەکان پشت بە هۆکاری جیاجیا دەبەستن بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێڕوانینەکانیان. بۆنمونە، ئەیوبی لە ڕوانگەیەکی مارکسیانە تەماشای پرۆسەی بەسیاسییکردنی ئیسلام دەکاو هۆکارە ئابورییەکان بە هۆکاری سەرەکی دادەنێ. کەچی، عەلی عەبدولرازق بە پشتبەستن بە ئایەتەکانی قورئانو کردەوەو فەرمودەکانی پێغەمبەر (د) دەیەوێ بیسەلمێنێ کە ئیسلام ئایینێکی سیاسیی نیەو بگرە وەك هەر ئایینێکی دیکەی ئاسمانیی پەیامێکی ڕۆحییە نەك سیاسی. لەلایەکی دیکەوە ئیسلامییەکانیش پشت بە هۆکاری جیاجیا دەبەستن. بۆنمونە، خومەینی لایەنو هۆکارە ئابورییەکان زەق دەکاتەوە، کەچی مەودودی پشت بە ئایەتەکانی قورئان دەبەستێتو بە بنەما لەسەر ئایەتەکان هەوڵدەدات ئەو ڕاوبۆچوونە پشتڕاستبکا کە دەڵێ ئیسلام سروشتێکی هەمەلایەنەی هەیەو ئایینێکی سەرتاپاگیرەو باس لە هەموو لایەنەکانی ژیان دەکا بە حوکمکردنو سیاسەتیشەوە. پاش خستنەڕووی ئەم دوو ڕوانگەیە هەوڵدەدەین بە قوڵبوونەوە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام گفتوگۆیەك لەسەر پەیوەندیی نێوان ئیسلامو سیاسەت بکەین، واچاکە پێش ئەوەی قسەو باسەکەمان دەستپێبکەین پێناسەیەکی ئیسلام بکەین.

## ئیسلام چیە؟

پێکهاتن لەسەر پێناسەیەکی کورتو گشتگیر بۆ ئیسلام کارێکی ئاسان نیە، چونکە یەکەم: هەندێك پێیانوایە کە ئیسلام وەك دەق (النص) لانیکەم سێ

سەرچاوەی هەیە، قورئان، سوننەت (فەرمودەو کارو کردەوەکانی پێغەمبەر) لەگەڵ فیقهی ئیسلامیی. لەلایەکی دیکەوە وەك مێژوو، ئیسلام سەقفێکی زەمەنی نزیك بە چواردە سەدەی هەیەو موسڵمانانو ئایینەکەیان لەم سەقفە زەمەنییەدا هەزاران هەورازو نشێویان دیوە کە کاریگەری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی لەسەر موسڵمانانو ئایینەکەیانو فەرهەنگو شارستانیەکەیان داناوەو گۆڕانکاری بەسەریانداهێناوە. محەمەد ئارگۆن راستدەکا کە دەڵێ "قاتیوپاتیکردنی ئیسلام وەك ئایینێك لەگەڵ ئیسلام وەك چوارچێوەیەکی مێژوویی بۆ گەشەکردنی کلتورو شارستانی هەر لەسەرتاوە تا ئەمڕۆ درێژەی هەبووەو تێکەڵوپێکەڵ کراوە"(Arkoun 1999: 127). بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین سێ جۆر ئیسلام دەستنیشان بکەین. یەکەم: ئیسلامی سەرچاوە بنەڕەتییەکان، کە ئێمە تەنیا قورئانو سوننەت بە سەرچاوەی بنەڕەتی دەزانینو پێشمانوایە دەرگای تەفسیرکردنیان زۆرئاوەڵەیەو هەموو ئایەتەکانو فەرمودەکان دەکرێ بەپێی کاتو بارودۆخو تێگەیشتنی فەردیی تەفسیربکرێن. دووەم: فیقهی ئیسلامیی، ئەویش بریتییە لە تێگەیشتنی فوقەهاکانو زانایانی ئیسلام کە بوو بە مایەی بەرهەمهێنانی ئەوەی کە پێیدەگوترێ شەریعەتی ئیسلامی. دیارە ئەمەیان بە درێژایی مێژوو لەلایەن زانایانی ئایینیەوە شتی خراوەتەسەر، بەڵام بەگشتی لەو ڕێسایانە دەرنەچوون کە چوار ئیمامەکەی سوننە، حەنەفی (٦٩٩–٧٦٧)، مالیکی (٧١٦–٧٩٥)، شافیعی (٧٦٩–٨٢٠)و حەنبەلی (٧٨٠–٨٥٥).[٧] سێیەم: ئیسلامی مێژوویی، ئەویش مێژووو بەسەرهاتو هەڵسوکەوتی موسڵمانانو فەرمانڕەوایانی موسڵمانانە لەگەڵ

[7] ئەمانە بە چوار فوقەها بەناوبانگەکەی سوننە ناسراون.

یەکدیو پەیوەندیو بەرخوردیان لەگەڵ گەلانی دیکەی ناموسڵمان چ ئەوانەی لەژێر دەستیاندا بوون چ ئەوانەی دراوسێیان بوون.

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەم توێژینەوەیە هەیە، ئێمە پێمانوایە تەنیا جۆری یەکەم، ئیسلامی سەرچاوە بنەڕەتیەکان، بە گونجاو دەبینینو دەکرێ بە سەرچاوەی سەرەکی ئایینی ئیسلام دابنرێنو دەشتوانین بڵێین نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن. ئێمە فیقهی ئیسلامی وادەبینین کە بریتیی بێت لە تێگەیشتنو تەفسیرکردنی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام لەلایەن هەندێك لە موسڵمانان لە کاتێکی دیاریکراوی مێژووییدا. بۆیە پێمانوانیە تێگەیشتنو تەفسیرکردنی کەسێك لە دەقێك ناشێت بکرێت بە بەشێك لە دەقەکە یان وەك دەقە سەرەکییەکە پیرۆز بکرێت. دیارە ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ هەندێك لە ئیسلامییەکان بکەی نکوڵی لەوە دەکەن کە تەفسیری ئیمامەکان تەقدیسکراوە، بەڵام کە باس دێتە سەر تاوتوێکردنی ئایەتێك زۆرجار دەڵێن ئەمە ئیمام فلان ئاوای تەفسیرکردوەو ئەو یاوەری پێغەمبەر (د) بووە یان لە سەردەمێکی نزیك لە پێغەمبەر (د) ژیاوەو ئەوان چێتر لە ئێمە لەو دەقانە گەیشتونو، دەبێ ئێمە تەفسیرەکانیان قەبوڵ بکەین. ئەو تەفسیرانە لەوانەیە بۆ ئەو بارودۆخانەی کە پێیداتێپەڕیونو بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە تەفسیرێکی گونجاو بووبن، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر گونجانیەتی بۆ ئێستاکانەو تەقدیسکردنیەتی، نەك ڕاستبوونی یان ناراستبوونی بۆ کاتی خۆی. لەبەرئەوە فیقهی ئیسلامیی بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی ئیسلام نابینین، هەموو تەفسیرێك لە دەقە بنەڕەتییەکان وەك هەر دەقێکی ئاسایی مرۆڤ تەماشادەکەین. سەبارەت بە ئیسلامیی مێژوویشەوە، دەڵێین سەرەڕای ئەوەش

که مێژووی موسڵمانان جێپەنجەی خۆی لەسەر ئیسلام بەجێهێشتووەو کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئیسلام کەچی ئێمە ئیسلامی مێژوویی وەك ئیسلام سەیر ناکەین، چونکە نازانین، بۆنمونە، تەماشای عەدالەتی عومەر بن عەبدولعەزیز یان جەبەروتی ئەبو عەباسی سەفاح بکەین وەك ئیسلام، ئێمە پێمانوایە ئەوانە هەر یەکێکیان نوێنەرایەتی فەرمانڕەوایەکی موسڵمانان دەکەن لەوەی نوێنەرایەتی ئیسلام بکەن. بۆیە ئێمە تەنها قورئانو سوننەت وەك سەرچاوەی بنەڕەتیو کرۆکی ئیسلام دادەنێینو لە پەیوەند لەگەڵ سیاسەتدا بە وردی لێیان ورد دەبینەوەو هەڵیاندەسەنگێنین. دیارە ئیسلامییەکان قورئانو سوننەتیان بەکارهێناوە بۆ هەڵهێنجانی بیرۆکەی سیاسییو پشتئەستورکردنی بیرو بۆچوونە سیاسییەکانیان، لەبەرئەوە لەم چەند برگە (section) یەی خوارەوە بە وردبوونەوە لە دەقە بنەڕەتیەکانی ئیسلام بانگەشەکانیان شیدەکەینەوە.[8]

## قورئانو سیاسەت

ئیسلامییەکان بەبنەما لەسەر چەندان سیمای جیاجیای قورئانەوە دەیانەوێ بانگەشەی ئەوە بکەن کە قورئان پەیامێکی بەخسڵەت سیاسیی تێدایە. هەندێك لە بانگەشەکانیان پشتئەستور دەکەن بە وشەو زاراوەکانی ناو قورئان وەك حوکم، هەندێکیان بە ئایەتێك یان ئایەتگەلێك، یان ئەوەتا لە کۆی گشتی پەیامەکەی قورئان وەك ئەوەی بەخۆیان ناویان ناوە سەرتاپاگیریی (شمولیەتی)

[8] وشەی 'برگە، لەبەرابەر سێکشنی (section) ئینگلیزی بەکارهێناوە، بەمانای بەشێك لە بەشێکی توێژینەوەکە.

قورئان. ئەو قسەو باسانەی کە لە خوارەوە لەگەڵ ئیسلامییەکان دەیکەین بنەمای لەسەر خوێندنەوەیەکی وردی قورئان داناوە.

## ئایەتەکانی قورئانو مەسەلەی حاکمیەت

زۆربەی ئیسلامییەکان هەندێك لە ئایەتەکانی قورئانیان بەکارهێناوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانیان لەمەڕ پەیوەندیی نێوان ئیسلامو سیاسەت. دیارە زۆر وریایانە ئایەتەکانیان بژارکردوەو تەفسیری دەقاودەقیان (حەرفیان) بۆ کردوون. لەو ئایەتانەی کە هەمیشە لەسەر زاری ئیسلامییەکانە، ئەوە ئایەتەکانی ٤٤-٤٧ی سورەتی مائیدەیە، ئەوان بە 'ئایەتەکانی حاکمییەت' ناویاندەبەن (Mawdudi 1969: 208، قطب <بدون تاریخ>ا: ٢٠، القرضاوی ١٩٩٦: ١٠١). ئایەتی ٤٥ دەڵێ: "لە تەوراتدا بۆ ئەوانە بڕیارماندا، کە گیانێك لەباتی گیانێك، چاو بە چاوو کەپۆ بە کەپۆ، گوێ بە گوێو ددان لە باتی ددانەو زەخمەکانیش تۆڵەیەکیان هەس، کێ لە تۆڵە — بەخێری خۆی — وازبهێنێ، گوناهی پێهەڵدەوەرێ. ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانانە — کە لە خواوە هاتوە — فەرمان بدەن (یحکم)، غەدرێ دەکەنو ناهەقن " (قورئان ٥: ٤٥). ئەوەی پێش هەموو شتێك دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە ئەم ئایەتە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەیەکی پەیوەندار بە دوو کەسی جولەکە دابەزیوە. کاتێك مەسەلەی دوو کابرا جولەکەکە دەخرێتە پێش پێغەمبەر (د)، ئەو پرسیاریان لێدەکا ئایا تەورات لەم بوارە دەڵێ چی؟ خەڵکەکەش گوتیان تەورات ئاوا دەڵێ... پێغەمبەریش (د) دەڵێ دەکەوایە من بەپێی ئەوەی لە تەوراتدا هاتوە

مەسڵەتیان دەکەم، ئەو کات ئەم ئایەتانە دابەزیون (An-Naisaburi 1999: 110). بەگوێرەی تەفسیری نیشاپوریو وردبوونەوە لە ئایەتەکان بەئاشکرا دیارە کە ئایەتەکانی ٤٤، ٤٥ و ٤٦ ڕوو لە لە جولەکان دابەزیونو ئایەتی ٤٧ یش ڕوو لە مەسیحییان دابەزیوە (بڕوانە پاشبەندی ١). خاڵێکی گرنگی دیکەش کە پێویستە هەڵوەستەیەکی لا بکەین ئەوەیە کاتێك ئیسلامییەکان ئەو ئایەتانە بەنمونە دێننەوە هەرگیز باسی هۆی دابەزینیان ناکەنو هەمووجارێش دەیانقرتێننو تەنها بەشی کۆتایی ئایەتەکان دەخەنە بەردەست کە وشەی 'یحکم'ی عەرەبی تێدایە وەك ئەوەی بڵێن ئەوە نیە وشەی حوکمکردن لە قورئاندا هاتوە، بەبێ ئەوەی ئەوە نیشانبدەن کە مەبەست لە حوکم لەم سەمتە (سیاقە) چیە. ئەوەی لە ئایەتەکان وردبێتەوە دوو شتی دیکەشی بۆ ڕوندەبێتەوە، یەکەم: لە ئایەتەکان مەبەست لە 'یحکم' حوکمکردن بەسەریانەوە نیە بەڵکو حوکمکردنە لە نێوانیان (بڕوانە قورئان ٥: ٤٨). نێوانکردن یان مەسڵەتیی لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان، ڕۆڵێك بووە زۆربەی  پیاوماقوڵو ریشسپیانی ئەو کات بەشێوەیەك لە شێوەکان بینیویانە چ جای کەسێکی وەك پێغەمبەر (د) کە بە ڕاستگۆییو دەستپاکییو دادوەریی (عادلی) ناوبانگی دەرکردبووو، ببوە جێگای باوەڕو متمانەی کۆمەڵگەی ئەوکاتی مەدینە. دووەم: ئاشکرایە کە پێغەمبەر (د) دەسەڵاتی ئەوەی پێنەدراوە کە وەك دەسەڵاتدارێك حوکم لەسەر خەڵك  بکا، چونکە ئەگەر خەڵکانێك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر (د) نەبن ئەوە لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە خوا لێیوەرگێڕاون، وەك خوا لە درێژەی ئایەتەکانی سورەتی مائیدە دەڵێ "ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا، سابزانە کە خوا نیازی وایە لە بەرانبەر بازێك لە گوناهەکانیان تۆڵەیان لێبکاتەوە، زۆربەی زۆریش لەو مەردمە لە ڕێ دەرچوون"

(قورئان ٥: ٤٩). قەرەزاوی کە بە یەکێك لە بەناوبانگترین بانگەشەکاری ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە دەژمێردرێ، سەرەڕای ئەوەی ئەو خۆی بە میانڕەو دادەنێ کەچی بۆچوونەکانی توندڕەوییەکی ئاشکرایان پێوەدیارە. قەرەزاوی لە وەڵامی ئەو کەسانەی دەڵێن ئایەتەکانی سورەتی مائیدە ڕوو لە غەیرەموسڵمانانە دەڵێ: "عیبرەت لە عمومی ئەلفازەکانە نەك هۆی دابەزینی ئایەتەکە" (القرضاوی ١٩٩٦: ١٠٨). بابزانین قەرەزاوی تا چ ڕادەیەك باوەڕی بەو ڕێچکە تەفسیرکردنەی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتن لە دەقە ئەسڵیەکانی قورئانو سوننەت. لەهەمان پەڕتوك قەرەزاوی بەدژی کەسێکی دیکە (وادیارە لەخۆی توندڕەوترە) قسە لەسەر مەسەلەی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسەتو بەڕێوەبردن دەکا. بەگوێرەی قسەکانی قەرەزاوی هەندێك لە ئیسلامییە توندڕەوەکان فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د) بەنمونە دێننەوە بۆ پێشگرتن لە بەشداری ژنان لە بوون بە ئەندام لە پەرلەمان یان وەرگرتنی پۆستی بەرز لە حکومەتدا. توندڕەوەکان سەربردەیەکیان (ریوایەتێکیان) هەیە، گوایە کاتێك بە پێغەمبەریان گوتوە پاش مردنی کیسرا فارسەکان ژنێکیان لەسەر تەختی شانشینی داناوەو ئەویش گوتویەتی "سەرکەوتونابێ ئەو میللەتەی کاروباری دەکەوێتە دەست ژنان".[9] قەرەزاوی لە دژی ئەو بۆچوونەی توندڕەوەکان دەوەستێتەوەو دەڵێ "چما دەکرێ فەرمودەکە وەك شتێکی عمومی وەربگیردرێ یان دەبێ لەسەر هۆی باسکردنی ڕابوەستین؟" (القرضاوی ١٩٩٦: ١٧٤). تەفسیری قەرەزاوی بۆ ئەم "فەرمودەیە" ڕاست پێچەوانەی تەفسیرکردنی

[9] قەرەزاوی ئەم فەرمودەیەی لەسەر زاری بوخاری گێڕاوەتەوە، بەڵام ئاماژەی بەوە نەکردوە کە فەرمودەیەکی سەحیحە یان نا.

ئایەتەکانی سورەتی مائیدەیە، چونکە ئەو بۆ تەفسیرکردنی ئایەتەکان پێیوایە دەبێ عیبرەت لە 'عمومی ئەلفازەکان' وەربگرین نەك لە هۆی دابەزینی ئایەتەکە بکۆڵینەوە، کەچی کە دێتە سەر فەرمودەکەی پێغەمبەر (د) دەڵێ سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی زانایانی ئیسلام گوتویانە عیبرەت لە 'عمومی ئەلفازە' بەڵام ئەمە ئیجماعی لەسەر نیە (القرضاوی ١٩٩٦: ١٧٥). ئەوە یەکێك لەو ئیشکالیەتانەیە کە ئیسلامییەکان لە کاتی تەفسیرکردنو هەڵبژاردنی ئایەتو فەرمودەکان تێیکەوتون. ئەوان بە پێیگونجانو بەرژوەندیی خۆیان تەفسیرەکان دادەتاشنو ئایەتو فەرمودەکان هەڵداوێرن. ئەو ئیشکالیەتە لە تێنەگەیشتنی ئیسلامییەکانە بۆ دیالێکتیکی کاتو شوێن. ئەوان کاتێك توشی ئەو کێشەیە دێن کە دەقە ئایینیەکان لە ناوەڕۆکی (کۆنتێستی) خۆیان دەردێننو دەیانەوێ بێگوێدانە رەهەندە مێژووییەکان لێکیانبدەنەوەو تێیانبگەن. واچاکە لێرەدا ئەوەش بەبیرخۆمان بێنینەوە کە قورئان ناوەناوە هاتۆتەخوارو بیستو سێ ساڵی پێچوە تا تەواو بووە، دابەزینیشی بە شایەدیی هەموو زانایانی ئایینیو فوقەهاکان بەپێی بارودۆخو مەرجە تایبەتیەکانی قۆناغی دابەزین بووە، ئایەتەکان هەوڵیانداوە مامەڵە لەگەڵ کێشەو پێشهاتەکانی رۆژگاری خۆیاندا بکەن، هەروەك چۆن لە قورئان هاتووە "قورئانێکە بە جیاجیا ناردومانە، تا بە ئارامی بۆ مەردمی بخوێنیەوەو بەرانبەر بە پێویستی ڕۆژ بەڕێمان کرد" (قورئان ١٧: ١٠٦).

چەند ئایەتێکی دیکەی قورئان کە ئیسلامییەکان بەکاریاندێنن بۆ هەڵهێنجانی تیورە سیاسییەکانیان، دوو ئایەتن لە سورەتی 'نیساء'. ئایەتی یەکەمیان دەڵێ

"خوا فەرمانو پێدەدا، هەرچیماڵی ئامانەتە بیاندەنەوە بە خاوەنیان، هەرگایەکیش بەکاری مەردم ڕادەگەن، بێلاگری‌و بەیەکسانی پێڕابگەن. خوا زۆرباش ئامۆژگاریتان دەکا. خوا هەموو شتێك دەبیسێ‌و هەموو شتێکیش دەبینێ" (قورئان ٤: ٥٨). بە بنەما لەسەر ئەم ئایەتە قەرەزاوی بانگەشەی ئەوەدەکا کە خوا داوای دامەزراندنی نیزامێکی ئیسلامیی دەکا (القرضاوی ١٩٩٦: ١٥). بەڕاستی بۆ من رون نیە کە قەرەزاوی لەکوێی ئەو ئایەتە ئەو بانگەشەیەی هەڵهێنجاوە، بۆیە ئێمە دەمانەوێ تۆزێك وردتر لەم ئایەتە بڕوانین. یەکەم شت کە بەرچاو دەکەوێ لەو ئایەتە سروشتی ئامۆژیکەرانەی قورئانە هەروەك ئەوەی کە عەلی عەبدولرازق پێی لەسەر دادەگرت‌و پێشتریش ئاماژەمانپێکرد، ئەم ئایەتە ڕێنمایی‌و پێشنیاز پێشکەشدەکا بەوەی کە خوا داواتان لێدەکا ئەگەر ماڵی ئامانەتتان کەوتە لا ئەوە بیگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان. چەمکێکی دیکەش کە لەم ئایەتە پەنجەی لەسەر دانراوە چەمکی یەکسانیە (عەدالەتە)، لە مامەڵەکردنیش لەگەڵ یەکسانیدا هەمیشە جێبەجێکردنەکەی گرنگترە لەوەی کە بە چ ڕێگایەك یان بە بنەما لەسەر چ تێگەیشتنێك جێبەجێدەکرێ. مەبەستمان ئەوەیە لەوانەیە یاسایەکی یەکسانیئامێز لە وڵاتێکی نا ئیسلامیی کە پەیڕەو لە شەریعەتی ئیسلامی ناکا زۆر عادیلانەتر ئەنجامەکەی بپێکێ لەوەی کە لە وڵاتێکی ئیسلامیی‌و بەناوی شەریعەتەوە جێبەجێدەکرێ. لێرەدا دووخاڵی دیکەش دەکرێ ڕونبکرێنەوە. یەکەم، یەکسانیی وەك چەمك شتێکی نەگۆڕنیەو تێگەیشتنیش بۆ یەکسانیی لەگۆڕانێکی بەردەوامدایەو بەپێی کات‌و بارودۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردادێت. ئەوە بەو مانایەی ئەوەی دوێنێ بە یەکسانیی لەقەڵەمدەدرا لەوانەیە بەپێی پێوەرەکانی ئەم سەردەمە زۆر نایەکسانانە بێت. بۆنمونە،

کوشتنی کچانو ژنان لەسەر شەرەف کە تا دوێنێ لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دنیا ڕەوا دەبیندرا ئێستا بەکارێکی دژ بە مرۆڤ دەزاندرێت، مەگەر لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکانی رۆژهەلاَت نەبێت کە دینەمۆی گۆڕان زۆر بەکزی کاردەکات. خاڵی دووەم کە پێویستە باسیبکەین ئەوەیە کە مانای یەکسانی لە ئیسلامدا هەمان ئەو مانا هاوچەرخەی ئەمڕۆی نیە، یەکسانی لە ئیسلامدا زیاتر لایەنی چاکەو خێرخوازیی (ئیحسان) دەگرێتەوە، وەك یارمەتیدانی هەژارانو هەتیوان. کەچی چەمکی یەکسانیی ئەمڕۆ زیاتر لە دەوری مافەکانی مرۆڤ و یەکسانییە کۆمەلاَیەتییەکان دەخولێتەوە، وەك مافی خوێندنو کارو یەکسانیی ژنو پیاو. بۆ زیاتر رونکردنەوەی مەبەستەکەمانو گرنگی فاکتەری کاتو بارودۆخ لە دیاریکردنی ڕەواو ناڕەوا، یەکسانو نایەکسان، دەڵێین، سەرەڕای ئەوەی کە ئیسلام داوای یەکسانی کردوە کەچی نەیتوانی، بۆنمونە، کۆیلایەتی بنبڕبکا. کۆیلایەتی پێش ئیسلامو دوای هاتنی ئیسلام پراکتیزە دەکرا، بەلاَم بە پێوەرەکانی ئەم سەردەمە کۆیلایەتی کارێکی ناڕەوایەو ناکرێ بەرگری لە پراکتیزەکردنی بکرێ بەناوی ئەوەی کە ئیسلام بەناڕەوای نەبینیوە.

سەبارەت بە ئایەتەکەی دیکەی سورەتی ' نیساء'، لەوانەیە لە ڕاستی دوور نەبێ ئەگەر بلێین هەر هەموو ئیسلامییەکان وەك بەردی بناغەی پەیوەندیی نێوان ئیسلامو سیاسەت بەکاریانهێناوەو بەبەردەوامی دووبارەو چەندبارە دەکرێتەوە بۆ گرێدانی ئیسلام بە سیاسەتەوە. ئایەتەکە دەڵێ "ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەرفەرمانی خواو پێغەمبەری خواو کاربەدەستانی خۆتان بن. هەرکاتێکیش لەسەر شتێ لەنێو خۆدا پێکنەهاتن، ئەگەر بڕواتان بە خواو بە

ڕۆژی قیامەتێ هەیە، کێشەی خۆتان حەواڵەی خواو پێغەمبەری خوا بکەن. ئەم کارە بۆتان باشترەو ئاکامی چاکتری هەیە" (قورئان ٤: ٥٩). ئەگەر بەوردی تەماشای ئەم ئایەتە بکەین ئەوە چەند شتێکمان بۆ روندەبێتەوە، لەپێش هەموویانەوە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی کە خۆی لە خواو پێغەمبەر (د) دەبینێتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی دنیایی کە خۆی لە 'کاربەدەستانی خۆتان' دەبینێتەوە. بەشی دووەمی ئایەتەکە بە ئاشکرا ناوی کاربەدەستانی لە دەستێوەردان لە کاروبارەکان سڕیوەتەوە، لەبەرئەوە لەوەدەچێت مەبەستی ئایەتەکە چارەسەرکردنی کێشە ئایینییەکان بێت دەنا بۆ ئایەتەکە دەڵێ "هەرکاتێکیش لەسەر شتێ لەنێو خۆدا پێکنەهاتن، ئەگەر بڕواتان بە خواو بە ڕۆژی قیامەتێ هەیە، کێشەی خۆتان حەواڵەی خواو پێغەمبەری خوا بکەن"و هیچ ئاماژەیەك بە 'کاربەدەستانی خۆتان' نەکراوە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئایەتێکی مەدینەیی هەیە کە بێجگە لە ڕاگەیاندن هیچ دەسەڵاتێکی دیکە بۆ پێغەمبەر (د) ناهێڵێتەوەو هەموو حیسابو کتابێك بۆ خوا بەجێدەهێڵێ، ئایەتەکە دەڵێ "تۆ (پێغەمبەر) هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕاگەیێنیو بە حیساب ڕاگەیشتنیش لە عۆدەی مە (خوا)" (قورئان ١٣: ٤٠).[10] دیارە ئەو حیسابەش کە لەو ئایەتە ئاماژەی بۆکراوە مەبەستی لێپێچینەوەی ئایینییەو کە لەم دنیایە

[10] بۆ ریزبەندی ئایەتەکان بەپێی کاتی دابەزینیان پشتم بە ریزبەندی سێ سەرچاوە بەستوە. یەکەم، *القرآن الكريم وترجمة معانيه وتفسيره إلى اللغة الإنكليزية*، تنقيح وإعداد الرئاسة العامة لإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد، مجمع خادم الحرمين الشريفين الملك فهد لطباعة المصحف الشريف <بێمێژوو>، مەدینەی منەوەرە. دووەم، پێشەکیەکەی ئەبو ئەعلای مەودودی بۆ تەرجمەی ئایەتەکانی قورئان بۆ زمانی ئینگلیزی لەسەر ماڵپەڕی ئیسلام ئۆنلاین http://www.islamonline.net/surah/english/quran1.shtml . سێیەم، *قورئانی پیرۆز*، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، نشر احسان.

ناکرێ بەڵکو لە ڕۆژی قیامەت، وەك چۆن قورئان دەڵێ "ئەگەر کێشەشیان پێکردی، بێژە: خوا ئاگادارترە لەوکارەی ئێوە دەیکەن. خوا لە ڕۆژی قیامەتا، ئەو شتانەو بۆ یەکالا دەکاتەوە کە لەسەریان کێشەتان هەبوو" (قورئان ٢٢: ٦٨-٦٩). بێجگە لەمە، خوا لە سورەتی 'نور' لە ئایەتێك هاوشێوەی ئایەتی ٥٤ی سورەتی 'نساو' پاش ئەوەی کە باس لە بەرفەرمانی خواو بەرفەرمانی پێغەمبەر بن دەکا، دەڵێ: "جا کە هەر خۆشیان وەپاشدا، ئەو (پێغەمبەر) هەر ئەرکی خۆی لەسەرەو ئێوەش ئەرکی خۆتان هەیە. خۆ ئەگەر بە قسەی ئەو بکەن، شارەزاییەکە بۆخۆتان. پێغەمبەریش لە ڕاگەیاندن بەولاوە هیچیتری لەسەر نیە" (قورئان ٢٤: ٥٤). ئەم ئایەتە دووبارە دەیسەلمێنی کە پێغەمبەر دەسەلاتێکی ڕاپەڕاندنی سەپێنەری (تەنفیزی ئیلزامی) پێنەدراوە بەغەیرەز ڕاگەیاندنی پەیامێکی ئایینی کە زیاتر لە خولگەی بوونی خواو ڕۆژی ئاخیرەت خولاوەتەوە. خاڵێکی دیکەی گرنگ کە پێویستە پەنجەی لەسەر دانێین ئەوەیە کاتێك پێغەمبەر (د) زیندوبوو دەکرا باس لەوە بکرێ کە کێشەکان لە ڕێگەی ئەوەوە حەواڵەی خوا بکرێن بەڵام خۆ ئێستا ئەو پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤ و خوادا نەماوە. لەوانەیە ئیسلامییەکان بڵێن ڕاستە پێغەمبەر (د) مردوە بەڵام پەیوەندییەکە لە ڕێگای قورئانەوە هەر بەردەوامە. وەڵامی ئەوان بە قسەیەکی ئیمام عەلی دەدەینەوە کە دەڵێ "قورئان لە خۆیەوە نادوێ بەڵکو لە ڕێگەی بنیادەمەکانەوە دەدوێ" (و.ل. Abu Zaid 2002). ئەوەش ڕاست ئەوە دەگەێنێ کە ئەوەی موسڵمانێك لە ئایەتێکی قورئانەوە هەڵیدەهێنجێ لەوانەیە تەواو جیا بێت لەوەی موسڵمانێکی دیکە لەهەمان ئایەت هەڵیدەهێنجێ، بۆیە پێمانوایە

تێگەیشتنەکان لە قورئان هیچ پیرۆزییەکی ئایینییان نیەو بگرە وەك هەر تێگەیشتنێکی دیکەی دنیایی (وەزعی) پێویستە تەماشابکرێن.

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە حاکمیەتەوە هەیە ئیسلامییەکان ئەو چەند ئایەتەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن وەك بنەمایەك دێننەوە بۆ لێکدانی ئایین‌و سیاسەت. ئێمە پێمانوایە، کاتێك قورئان باس لە حوکم دەکا زیاتر مەبەستی حوکمکردنە لە ڕۆژی حەشرا (قیامەت) نەك حوکمکردن لەسەر زەوی وەك لەم ئایەتە بە ئاشکرا دەردەکەوێ "دیارە خوا بەمە تاقیودەکاتەوە، تا لە ڕۆژی قیامەتێشدا بۆتانی ڕۆشن بکاتەوە لەسەر چی پێکنەدەهاتن" (قورئان ١٦: ٩٢، هەروەها بڕوانە قورئان ٤٥: ١٧). ئەوانە هەموو بەلایەك، بەڵام کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کاتێ قورئان باس لە تەحکیمکردن دەکا مەبەستی یەکلاکردنەوەی کێشە ئایینییەکانی ئەوکاتی نیمچە دوورگەی عەرەبە نەك کێشەو ململانێ ئایدیۆلۆجی‌و سیاسییەکان. ئەگەر تەماشایەکی وردی قورئان‌و مێژووی سەردەمی دابەزینی وەحی بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەر کات لە قورئان باس لە تەحکیمکردن کراوە هەمیشە بە ڕۆژی حەشرەوە بەستراوەتەوە. دیارە کۆمەڵێك کێشە هەبوون کە خەڵکانی ئەو کات گفتوگۆو ململانێیان لەسەر هەبووو هەر هەمووشیان ناوەڕۆك ئایینیی بوون. بۆنمونە، یەکەم کێشە مەسەلەی تاکخوایی (التوحید) بووە، ئەوە کێشەیەك بوو کە ململانێ‌و گفتوگۆی ڕۆژانەی لەسەردەکرا لەنێوان ئەو عەرەبە موسڵمانانەی باوەڕیان بەتاکخوایی هەبوو لەگەڵ عەرەبە ناموسڵمانەکان کە باوەڕیان بە چەندخوایی هەبووو تاکخواییان ڕەتدەکردەوە. کێشەی دووەم ئەوەبوو، ئایا پێغەمبەر (د) بەڕاستی پەیامبەرێکی خوایە وەك

ئەوەی کە خۆیو ئەو موسڵمانانەی باوەڕیان پێیهێنابوو بانگەشەیان بۆ دەکرد یان محەمەد بە ساختە خۆی کردۆتە پێغەمبەر وەك ئەوەی عەرەبە ناموسڵمانەکان پێیان لەسەردادەگرت، ئەوان نەك هەر پێغەمبەرێیەتیەکەیان قەبولێ نەبوو، بگرە پەیامەکەشیان رەتدەکردەوە. سێیەم: ئایا ئیسلام ئایینێکی ئاسمانییە وەك ئەوەی پێغەمبەر (د)و موسڵمانەکان ڕایانگەیاندبوو یان ئایینێکی دەستکردە وەك ئەوەی هەندێك لە مەسیحیو جوولەکەکانی مەککەو مەدینە بانگەشەیان بۆ دەکرد. ئەوانە کۆمەڵێك لەو کێشە ئایینییانە بوون کە قورئان ویستی مامەڵەیان لەگەڵدا بکا، ئەو کێشانەش نە لە نزیك نە لە دوور پەیوەندییان نە بە حوکمکردنەوە هەیە نە بە سیاسەت بەڵکو پرسی تەواو ئایینین.

کە باس لەوەدەکەین قورئان باسی لە فۆرمو شێوازی حوکمکردن نەکردوە بەو مانایە نیە کە پێویستی بوونی دەسەڵات رەتکەینەوە، چونکە پێموایە کێشەی نێوان کەسەکانی کۆمەڵگەو دامودەزگاکان پێویستیان بە دەسەڵاتێك هەیە کە پارسەنگەکان رابگرێو مافەکانی خەڵك بپارێزێ. کەسیش باس لەوە ناکات کاتێك بەنێوانی خەڵك ڕادەگەی بە یەکسانیو رەوایانە پێیڕانەگەی (وەك ئەوەی لە ئایەتەکەی سەرەوە باسکراوە) یان گوێرایەڵی (ئیتاعە) لە دەسەڵات یان کاربەدەستانی نەکرێ، دیارە ئەوەیان سنوری هەیە. کەچی ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە بەبنەما لەسەر ئەو ئامۆژگارییانە ناکرێ بگوترێ قورئان پەیامێکی سیاسیی پێیە یان قورئان باس لە سیستەمێکی دیاریکراوی حوکمکردن دەکا یان بڵێی پێغەمبەر (د) سەرۆکی حکومەتێك بووە وەك ئەوەی

ئیسلامییەکان بانگەوازی بۆ دەکەن (Mawdudi 1969: 223، القرضاوی ١٩٩٦: ٩ و زیدان ١٩٩٠: ١٤).

## سروشتی سەرتاپاگیریی قورئان

سروشتی سەرتاپاگیریی قورئان یەکێکی دیکەیە لەو ئارگیومێنتانەی کە ئیسلامییەکان بەکاریدێنن بۆ پێدانی مۆرکێکی سیاسیی بە ئایینی ئیسلام. ئیسلامییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قورئان باس لە هەموو لایەنەکانی ژیان دەکا بە سیاسەتیشەوە (القرضاوی ١٩٨٧: ٨١). ئەو بانگەشەیەیان بنەمای لەسەر ئەو ئایەتەی قورئان گرتوە کە دەڵێ "ئەم کتێبەشمان بۆ ناردوی، هەموو شت روندەکاتەوەو ڕێنوێنیی‌و دلۆڤانی‌و مژدەیە بۆ موسڵمانان" (قورئان ١٦: ٨٩)، لەگەڵ "ئێمە لەناو ئەم کتێبە هیچ شتمان هەڵنەبواردوە" (قورئان ٦: ٣٨) . واچاکە راستی‌و دروستی ئەو بانگەشەیە تاوتوێ بکەین. بەپێی ڕیزبەندیی دابەزینی ئایەتەکانی قورئان ئەم دوو ئایەتە هەردووکیان لەو ئایەتانەن کە لە دواقۆناغەکانی مەککە پێش کۆچی پێغەمبەر (د) بۆ مەدینە دابەزیون. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئیسلامییەکان بۆ رەنگکردنی سیاسییانەی ئیسلام بەگشتی پشت بەو ئایەتانە دەبەستن کە لە مەدینە دابەزیون نەك ئەوانەی مەککە، چونکە ئەوان قۆناغی مەدینە بە قۆناغی دامەزراندنی 'ئوممەتی باوەڕداران' دادەنێن (قطب ١٩٨٣: ٨٠–٩١). لەپاڵئەمەش، شەریعەت بەگشتی لەو ئایەتانە داڕێژراوە کە لە مەدینە دابەزیون. لەبەرئەوە، ئەگەر گریمانی ئەوەش بکرێ کە قورئان باسی لە هەموو شتێك کردوە ئەوە زۆر لە ڕاستی دوورە کە لەو قۆناغە سەرەتاییەی،

کە ئەو دوو ئایەتەی سەرەوەی تێ دابەزیوە، قورئان پەی بە هەموو شتێك بردبێت. خاڵێکی دیکەی گرنگی پەیوەندار بەم ئایەتە ئەوەیە کە زانا ئایینیو فوقەهاکانی ئیسلام، لە پەیوەند بە دارِشتنی شەریعەتدا، قورئانیان بەسەر سێ دەڤەردا دابەشکردوە. ئەوانیش دەڤەرەکانی دڵنیایی (قەتعی)و نادڵنیایی (زەننی)و دەڤەری ئازادە. هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەڤەری دڵنیایی (قەتعی) لە هەموو دەڤەرەکان دیاریکراوترە، بەگوێرەی لێکدانەوەکانی قەرەزاوی لە دە دەڤەر تێپەرِناکەن. جگە لەمە، قورئان کە لە ٦٢٣٦ ئایەت پێکهاتوە تەنها هەشتا ئایەتی باس لە مەسەلە شەرعییەکان دەکا، ئەگەر مانای شەریعەت وەك ئیسلامییەکان لێیتێگەیشتون، قەبوڵبکەین، ئەوانیش ئەو مەسەلانەن کە رِۆژانە دەهاتنەپێش کۆمەڵگەی مەدینە (بروانە Amin 1985: 9). دەنا بەشی هەرەزۆری ئایەتەکان باس لە مەسەلە پەیوەندارەکان بە رەوشت، ویژدان، خێزان، میرات، پاكوخاوێنیو غوسڵ لەخۆدەرکردن، بێنوێژی، خواردنی حەلالو حەرام، سێکسو ژنهێنان دەکەن. بەشێوەیەکی گشتیش لە قالبی رِێنماییو ئامۆژگارییەوە هاتوون، وەك چۆن لەو ئایەتەی کە ئیسلامییەکان بۆ سەرتاپاگیریی سروشتی قورئان بەکاریانهێناوە ئەوە هەر هەمان ئایەت ناوەرِۆکی رِێنوێنیکەرانەی قورئان دەسەلمێنێ نەك سروشتی سیاسییو سەرتاپاگیریانەی. دەڤەری دووەم دەڤەری نادڵنیاییە کە بەتەواوی پەیوەستە بە لێتێگەیشتنو تەفسیرکردنی کەسەکانو گومانەکانیانەوە. بۆیە شتە نوسراوەکانی ئەم دەڤەرە هەرچەند زۆربن شتێك ناخەنە سەر سەرتاپاگیریی سروشتی قورئان، چونکە نوسراوەکان بە بەرهەمی کەسەکان دەژمێردرێن نەك دەقی قورئان. دەڤەری ئازادیش ئەوە خۆی ناوەکەی بەخۆوەیە پێویست بە قسەوباس ناکا. لەبەرئەوە

بەگوێرەی ریزبەندیی کاتی دابەزینی ئەو دوو ئایەتە کە لە مەککە دابەزیون‌و بەشێکی زۆری قورئان هێشتان دانەبەزیبوو، لەهەمانکاتدا دیاریکراوی ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە زاناکان لەسەر سروشتی دڵنیایی کۆکن، ناکرێ بەبنەما لەسەر ئەو دوو ئایەتە ئەوە بگوترێ کە ئەوەتا قورئان بەخۆی دەڵێ هیچ شتێکمان هەڵنەبواردوە. دواتر، باشە ئەگەر قورئان باسی لە هەموو شت کردوە ئەدی ئەو هەموو شەرح‌و تەفسیرەی بۆ چیە؟ بۆیە دەکرێ بڵێین بانگەشەی سەرتاپاگیریی قورئان بانگەشەیەکی بێبنەمایە.

بنەمایەکی دیکە بۆ بەسیاسییکردنی ئیسلام ئەوەیە کە ئیسلامییەکان پێیانوایە پێغەمبەر (د) سەرۆکی یەکەمین حکومەتی ئیسلامیی بووە، لە بڕگەی داهاتوو لەمەڕ ئەم قسەیە گفتوگۆیەك دەکەین.

## پێغەمبەر (د) لە قورئان دا

ئیسلامییەکان، پێغەمبەر (د) بە سەرۆکی یەکەمین حکومەتی ئیسلامی دادەنێن. بۆنمونە، قەرەزاوی دەڵێ حاکم لە ئیسلامدا 'بریکار' (وەکیل)ـە لەسەر ئوممەتی موسڵمانان (القرضاوی ١٩٩٦: ٣٥). ئەو بانگەشەیەی قەرەزاوی کە حاکم وەکیلە لەسەر موسڵمانان‌و بانگەشەکەی پێشتریان کە گوایە پێغەمبەر (د) سەرۆکی یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی بووە بەتەواوی لەگەڵ چەندان ئایەتی قورئان ڕاستەوخۆ دژایەتی دەکەن. لە قورئاندا خوا لە زۆر شوێن ئاگاداری پێغەمبەری (د) کردۆتەوەو دەڵێ "ئێمە تۆمان نەکردۆتە پاسەوان (وەکیل) بەسەریانەوەو

نەبویتە هەمەكارەیان" (قورئان ٦: ١٠٧)، هەروەها "بێژە، خەڵكینە! وا ڕاستیو لەلایەن پەروەرندەتانەوە بۆهات. هەر كێ ڕێگەی ڕاست بەدیكا، شارەزابوون بۆ خۆیەسی، هەر كەسێكیش گومڕا ببێ، گومڕایی دژی خۆیەسی. من (پێغەمبەر) بریكاری كەستان نیم." (قورئان ١٠: ١٠٨) یان "هۆزەكەی تۆ ئەم قورئانی وا ڕاستیشیان پێ درۆیە. بێژە خۆ من نەبوومە هەمەكارەتان (وەكیلتان)" (قورئان ٦: ٦٦). زیاتر لە پەنجا ئایەت لە قورئان، تا ئەو ڕادەیەی من ئاگادار بم، پێغەمبەریان وەك 'شاهید'، 'مژدەبەر'،'پەیامبەر'، 'گەێنەری پەیام'، 'ڕێنیشاندەر'، 'ئاگادارکەرەوە' یان 'وەبیرهێنەرەوە' ناوبردوە. لە ڕاستیدا، لە هیچ شوێنێكیش وەك حاكم یان وەكیل ناوزەدنەكراوە. تەماشایەكی وردی قورئان بكەین دەزانین كە خوا لە قورئان چ ئەركێكی بۆ پێغەمبەر (د) دیاریكردوە: لە قورئان هاتوە كە پێغەمبەر "شاهیدێك بێت بەسەرتانەوە" (٦: ١٤٣)، "تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕابگەیێنی" (٣: ٢٠)، "محەممەد پێغەمبەرێكەو چیتر نیە" (٣: ١٤٤)، "تۆ هەرتەنیا ترسێنەرێكی (ئاگاداركەرەوەێكی)و هیچیتر" (١٣: ٧)، "تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕاگەیێنیو بە حیساب ڕاگەیشتنیش لە عۆدەی مە" (١٣: ٤٠)، تۆ مژدەدەرێكیو "وەكیل نی بەسەریانەوە" (٤٢: ٦)، "تۆمان نەكردۆتە پاسەوان بەسەریانەوەو نەبویتە هەمەكارەیان (وەكیلیان)" (٦: ١٠٧)، ئێمە (خوا) "تۆمان بۆیە نەنارد لەسەر ئەوان پاسدار بی" (٤٢: ٤٨)، "تۆ زۆردارێك نی لەسەریان" (٥٠: ٤٥)و "ئەتۆ هەر تەنیا ئامۆژگاركەری، تۆ لەسەریان نەبوویە خاوەندەسەڵات" (٨٨: ٢١-٢٢). لە زمانی عەرەبیو هەموو زمانەكان دووبارەكردنەوە نیشانەی جەختكردنە بۆیە بۆئەوەی بزانین كە مەسەلەی ڕۆڵی پێغەمبەر (د) وەك ئەوەی لە قورئان

دەستنیشانکراوە چەندە جەختی لەسەرکراوە بەپێویستمانزانی کە هەر هەموو ئەو ئایەتانەی ئاماژەیان بە ڕۆڵی پێغەمبەر (د) کردوە لە پاشبەندێك بنووسینەوە وەك خۆی. بۆ درێژەی ئەو ئایەتانەو هەموو ئایەتەکانی دیکەش تەماشای پاشبەندی ٢ بکە کە نزیکەی پەنجا ئایەت لەخۆدەگرن.

بەگەڕانەوە بۆسەر ئەو ئایەتانەی سەرەوە چەند خاڵێکی دیکە هەن کە باسکردنیان لەوانەیە گفتوگۆکە لەگەڵ ئیسلامیەکانو بانگەشەکانیان قوڵترکاتەوەو ببێتە مایەی هەرچی زیاتر رونکردنەوەی مەبەستەکەمان. خاڵێکیان ئەوەیە کە هەندێك لەو ئایەتانەی ئاماژەیان بە ڕۆڵی پێغەمبەر (د) لە پەیامە خواییەکەی ناو قورئان کردوە لە کاتێکدا دابەزیون کە غەیرەموسڵمانەکان، مەسیحیەکانو جوولەکەکان پێغەمبەریان بەوە تاوانبار دەکرد کە خواستو مەبەستی سیاسیی هەیەو چاوی بڕیوەتە کورسیو مەقامی دەسەڵات. ئەو ئایەتانە بەرپەرچدانەوەی ئەو قسەو قسەڵۆکانە بوون کە بۆ پێغەمبەریان هەڵدەبەستا، کەچی تازە ئیسلامییەکان باس لە مەقامی سیاسیی پێغەمبەر (د) دەکەنو بە یەکەمین سەرۆکی حکومەتی ئیسلامیی دادەنێن. هەربۆیەش لە زۆربەی هەرە زۆری ئایەتەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە پێغەمبەر (د) تەنیا 'مژدەدەر'و 'ترسێنەرە'.[11] خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەو ئایەتانە لە مەدینە دابەزیون، ئەو قۆناغەی کە ئیسلامییەکان پێیانوایە پێغەمبەر (د) بەرگی سیاسی لەبەرکردو ببووە سەرۆکی حکومەت، ئەو حکومەتەی کە تا

[11] مامۆستا هەژار لە قورئانە کوردییەکە وشەی "ترسێنەر" لە بەرانبەر وشەی "نذیر"ی عەرەبی بەکارهێناوە، کە دەکرێ بە مانای ئاگادارکەرەوەش بەکاربێ.

ئێستا له هیچ کتێبێکی مێژوویی ئاماژه به ناوهکهی نهکراوه، کهچی حکومهتهکانی دیکهی موسڵمانان هەموو ناویان هەیه وهك: دهوڵهتی ئهمهوی، عهباسی، فاتیمی ...هتد. بهبنهما لهسهر ئهو گفتوگۆو بهڵگانهی سهرهوهو بهپێی ئهوهی له قورئان هاتوه دهتوانین بڵێین پێغهمبهر (د) هیچ ڕۆڵێکی دنیایی – سیاسی له قورئاندا بۆ دیارینهکراوه، پێغهمبهر (د) وهك ههر پهیامبهرێکی دیکهی خوا کاری ئهوه بووه که پهیامێکی ئایینی ئاسمانیی بگهیهنێ وهك چۆن له قورئان هاتوه "محهممهد پێغهمبهرێکهو چیتر نیه، لهپێش ئهویش زۆر پێغهمبهر هاتون" (۳: ۱٤٤)، "پێغهمبهر جگه له پێڕاگهیاندن هیچی تری لهسهر نیه" (٥: ۹۲). ئهگهر بشپرسین ئایا ئهو پهیامه ئایینییه خواییه چی بووه که له ڕێگهی پێغهمبهرهوه ویستراوه بگهیندرێ؟ ئهوه ئهگهر چی ئهم پرسیاره لهوانهیه له کرۆکی ئهو توێژینهوهیه دوورمانخاتهوه، بهڵام بهکورتی له وهڵامدا دهتوانین بڵێین پهیامهکه، پهیامی بوونو یهکخواییه، پهرستنی ئهو خوایهش بهشی سهرهکی ئهو پهیامهیه، وهك ئهوهی قورئان دهڵێ "وێڕای خواش هیچ شتی تر مهپهرستن، ئهو بهمنی سپاردوه، بهئاشکرا ترسی ئهوتان وهبهر بێنم" (٥١: ٥٠–٥١). پێغهمبهر (د) ڕاسپێردراوه ئهو پهیامه بگهێنێ بهڵام له جێبهجێکردنیدا هیچ دهسهڵاتێکی جێبهجێکهری پێنهدراوه وهك چۆن لهم ئایهته هاتوه "مهر ئهو کهسهی ڕوو وهرگێڕێو نهیهوێ خوا بناسێ. ئهوسا خوا به جهزرهبهیێ گهورهتر سزای ئهدا. بێگومانه که ههموویان ههر بۆ لای ئێمه دێنهوه. لهدواییدا خۆمان بهکاریان ڕادهگهین (۸۸: ۲۱–۲٦). واته حیسابوکیتاب ههموو ئهرکی خوایه نهك پێغهمبهر (د) جا چ جای کهسانی دی.

لەبارەی ڕۆڵی سیاسیی پێغەمبەر (د) لەناو کۆمەڵگەکەی، بەدەر لەوەی لە قورئان بۆی دیاریکرابوو، پێغەمبەر (د) هەوڵیداوە کۆمەڵگەی موسڵمانان، تاڕادەیەك، بەشێوەیەکی نوێ ڕێکبخا. ئەو ویستی کۆمەڵگەی مەدینە لە ڕێکخستن لەسەر بنەما خێڵەکییە باوەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب دەربێنێو بەرەو ڕێکخستن لەسەر بنەمایەکی تۆزێك ئاڵۆزتر، کە چەقەکەی ئایین بێت، ڕێکبخات. لەهەمانکاتدا، کۆمەڵگەکە ڕیشەیەکی قوڵی هەبێت لەناو دابو نەریتو کلتوری کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام. پێغەمبەر (د) توانی لە ڕێگای ڕێوڕەسمی ئایینیو دابو نەریتێك کە تێکەڵەیەك بوو لە دابو نەریتە باوەکانی ئەوکاتی عەرەبەکانو هەندێك دابو نەریتو ڕێوڕەسمی نوێی ئیسلامی پەیوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەکە ڕابگرێ، کە دواتر هەندێك لەمانە بوونە بەردی بناغەی فەرهەنگو کلتورو شارستانییەتی ئیسلامیی. لەبەرئەوەی بەهاکانی ئەو کلتورە نوێیە بنەمای لەسەر دابو نەریتە گشتیەکانی ئەوسای عەرەبەکانو موسڵمانەکان دانابوو بۆیە کۆمەڵگەی ئیسلامی لە رووی بەها گشتیەکانەوە بەهێز بوو کەچی دارِشتەو پایە سیاسییەکانی بێهێزبوون (Black 2001: 13-14). ئەو بێهێزییە درێژەی کێشا تا عەرەبە—موسڵمانەکان تێکەڵ بە خەڵکانی ئەو کۆمەڵگەیانە بوون کە دامودەزگاکانی دەوڵەتو پێکهاتە سیاسیەکانییان گەشەکردوتر بوون، وەك ئێرانییەکانو بێزەنتینییەکان.

بەو لێکدانەوەیەی سەرەوەو ئەو خوێندنەوە وردەی بۆ قورئانمان کرد دەردەکەوێ کە قورئان وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئیسلام ڕاگوزارییو ڕوکەشانە نەبێت بە هیچ شێوەیەك باسی لە سیاسەتو حوکمکردنو بەڕێوەبردنی

كۆمەڵگە نەكردوە. ڕۆڵی پێغەمبەریش لە قورئان وەك مژدەدەرو پەیامبەرێك جەختی لەسەر كراوە نەك وەك سیاسەتمەدارێك. لە بڕگەی داهاتووشدا تاوتوێی پەیوەندیی نێوان سوننەتو سیاسەت دەكەین.

## سوننەت و سیاسەت

سوننەت كە دەكاتە فەرمودەو كارو كردەوەكانی پێغەمبەر (د) بە یەكێك لە سەرچاوە سەرەكیەكانی ئیسلام دادەنرێت. پێشئەوەی باس لە پەیوەندیی سوننەتو سیاسەت بكەین، وا چاكە پرسی دانانی سوننەت وەك سەرچاوەیەكی سەرەكیی ئیسلام بخەینە بەرباسو لێكۆڵینەوە. لەسەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین كە فەرمودەكانی پێغەمبەر (د) پێش نووسینەوەیان زاربەزاریان كردبوو، لەبەرئەوە فەرمودەكان دووچاری دیالێكتیكی گواستنەوەی زارەكی بوون، ئەو جۆرە دەقانەش لاوازیی لە دڵنیابوون لە ڕەسەنییەتیان لەخۆنیشاندەدەن. بێجگە لەمە، ڕاستیو دروستی دەقی زارەكی دەكەونە خانەی ئەگەرو گومانەوە، لەهەمانكاتیش دەكەونە ژێر كاریگەری دیالەكتیكی گومبوونی ڕاستییەكان. دەبێ ئەوەش بگوترێ كە هەرچی پەندو حیكمەتی زارەكیی عەرەبیو غەیرەعەرەبی سەردەمی پێش ئیسلامو دوای ئیسلام هەبوون ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزێندرانە ناو ڕیزی فەرمودەكانی پێغەمبەرەوە. كێشەی هەرە گەورەش لێرەدا ئەوەیە كە ئەو فەرمودانە پاش ئەو هەموو ئاڵوگۆڕییو تێكهەڵكێشكردنە بوونە بەردی بناغەی ئەوەی ئیسلامییەكان پێیدەڵێن شەریعەتی خوا. لەپاڵ ئەمانەشەوە، "فەرمودەكان" دوای دوو تا سێ سەدساڵ لە مردنی پێغەمبەر (د)

دەست بە کۆکردنەوەیان کرا. کاتی کۆکردنەوەی فەرمودەکانیش هاوکات بوو لەگەڵ بەکارهێنانی فەرمودەکان لەلایەن سوننیەکانو شیعەکانو خەواریجەکان (سێ ئایینزا سەرەکییەکەی سەرەتای ئیسلام) وەك ئامرازێك بۆ ڕەواییدان بە ڕەوتی سیاسییو ئایدیۆلۆجیی هەر یەکێك لەو لایەنانە. ئەو قۆناغە دەکرێ بە قۆناغی داهێنانی هەزاران فەرمودە کە نە لە نزیك نە لە دوور پەیوەندییان بە پێغەمبەرەوە نیە، دابڕێژدرێن. هەموو لایەنە دژ بەیەکەکان تا بۆیانکرا خۆیان نەپاراست لە بەکارهێنانی فەرمودەکانی پێغەمبەر (د) بۆ پشتیوانیکردن لە ئارگیومێنتەکانیانو لەم پرۆسەیەدا هەزاران فەرمودەی ناوەڕۆك سیاسییان داهێنا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بیرکردنەوەو ڕێبازو بیرۆکە سیاسییەکانیان. لەلایەکی دیکەوە عەباسییەکان چەندان گێڕانەوەی داهێندراویان تێکەڵ بە فەرمودەکانی پێغەمبەر (د) کرد بۆ ئەوەی شەرعیەت بدەن بە لەسەر تەخت لادانی ئەمەوییەکانو دانانی دەسەڵاتی خۆیان لەجێی ئەوان. لەوانەیە ئەوەندە بەس بێت کە بڵێین بوخاری (ناودارترین کۆکەرەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر) لە کۆی شەش سەد هەزار "فەرمودە" کە تا ئەوکات کۆکرابوونەوە توانی ڕەسەنیەتی کەمتر لە هەفت هەزار فەرمودە پشتڕاستکاتەوە. پاشتر، سوننەت وەك قەرەزاوی باسیدەکا،تەنها دەلالەت لە "ڕێگەپێدانو ڕەواییپێدان (المشروعية والإباحة) دەکەن، واتە ناکرێ بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دابندرێ. دیارە ئێمە لەبەر ئەو هۆیە نیە کە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دانانێین، بەڵکو لەبەر ئەو هۆیانەی لە پێشتر هێمامان بۆ کردن. هەرواتر، لە نەوەدو سێ بوار کە بوخاری فەرمودەکانی بەسەردا دابەشکردون هیچ بوارێکی تێدانیە کە باس لە حوکمکردنو سیاسەت بکات، ئەو بوارانەی کە کرۆکی توێژینەوەکەی ئێمە

پێکدێنن. لەپاڵئەوەش، تاکە یەك فەرمودەی قودسی (الأحاديث القدسية) نیە کە باس لە سیاسەتکردن یان حوکمکردن بکات.[12] لەبەر ئەم هۆیانە لەم توێژینەوەیە هەتا بۆمانبکرێت خۆ وەدووردەگرین لە بەکارهێنانی فەرمودەکانی پێغەمبەر (د). چونکە، بەکورتی زۆرکەم باسیان لە سیاسەتو حوکمکردن کردوە، هەروابێتەوە پشتڕاستکرنەوەی ڕەسەنییەتی فەرمودەکان نەکارێکی ئاسانەو نە جێگای دڵنیاییە. لەبەرئەوە بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندی نێوان سوننەتو سیاسەت جەخت دەکەینە سەر لایەنەکانی دیکەی ژیانی پێغەمبەر (د)، وەك کێشە پەیوەندیدارەکان بە مردنیو پرسی خەلافەت هەروەها ئەو کاروکردەوە سەرەکیانەی کە سیمای سیاسییان هەبووە لە ژیانی پێغەمبەردا.

## فەرمودەکان و سیاسەت

سەرەڕای ئەو شتانەی کە لەسەرەوە باسمانکردنو گوتمان کە فەرمودەکانی پێغەمبەر (د) باس لە سیاسەتو سیاسەتکردنو حوکمکردن ناکەنو گەیشتن بە ڕەسەنییەتی فەرمودەکان بەتایبەتی ئەوانەی گوایە باس لەو شتانە دەکەن کە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەیە، کەچی بەباشمانزانی چاوێك بە هەندێك لەو "فەرمودانە" بخشێنین کە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بەکاردێن بۆ ڕوکەشکردنی سیاسییانەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (د). ئیسلامییەکان پێیانوایە کە پێغەمبەر (د) سەرۆکی یەکەمین حکومەتی ئیسلامی بووە، کەچی نەیانتوانیوە نمونەیەکی

[12] بڕوانە *Divine Narratives* , Translated by Dr. Abdul Khaliq Kazi and Dr. Alan B. Day, USA: Dar Al Kitab Al Arabi.

باوەڕپێکراو یان بەڵگەیەکی ڕەها بێننەوە بۆ پاساودانی ئارگیومێنتەکەیان (بڕوانە Al-Banna 1999: 143-144 و القرضاوی ١٩٩٦: ٩ و ٩٩). قەرەزاوی دەڵێت دەیان فەرمودە هەن کە باس لە خەلافەت، ئیمارەت، دادگا، ئیمامو سیفاتەکانیانو مافەکانیان دەکەن، بەڵام لەو دەیان فەرمودەیە تەنیا ئاماژەی بە یەك فەرمودە کردوە. ئەو دەڵێ پێغەمبەر (د) فەرمویەتی "ئەگەر کەسێك مردو بەیعەتێکی لە ئەستۆدا نەبوو ئەوە مردنێکی جاهلیانە مردوە".[13] دەشڵێ گومان لەوەدا نیە کە موسڵمان نابێ بەیعە بداتە هیچ حاکمێك کە ئیلتیزام بە ئیسلامەوە ناکات، ئەوەش، بەبڕوای قەرەزاوی، تەنیا لەژێر حوکمێکی ئیسلامی مەیسەر دەبێ، کەواتە 'بەلەجیاتیدانان' ئەوە هاوارێکە بۆ دامەزراندنی حوکمێکی ئیسلامیی (القرضاوی ١٩٩٦: ١٥-١٦).[14] لەبەرئەوە، بەپێی ئەوە قەرەزاوی دەڵێ موسڵمانان تەنیا ملکەچی حکومەتێك دەبن کە لەسەر بنەمای شەریعەت دامەزراوەو جێبەجێشی دەکاو لەلایەن حاکمێکی موسڵمانیشەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێ. دەبێ ئەوە بگوترێ کە ئەو فەرمودەیەی قەرەزاوی بەنمونە هێناوییەوە یەکێك لە فەرمودە ڕەسەنەکان نیە، لەوانەی کە بوخاری بە ڕەسەنیان دادەنێ. پشتبەستن بە چاوگو ئەو فەرمودانەی کە گومانیان لەسەرە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو پراکتیزەکراوەو دەکرێ، بەتایبەتی لە

---

[13] قەرەزاوی ئەم "فەرمودە"یەی لە کتێبی *الإمارة* (ئیمارە) وەرگرتوە، فەرمودەی ژمارە ١٨٥١، ئاماژەی بەوەنەکردوە کە فەرمودەیەکی سەحیحە یان نا، ئیجماعی لەسەرە یان نا!

[14] البیعة وشەیەکی عەرەبییە لە بایعَ وەرگیراوە بەمانای پەیماندان دێت، پیاوماقوڵانی خێڵە عەرەبییەکان لەکاتی دانانی سەرۆکێکی نوێ بۆ خێڵەکەیان پەیمانیان پێیدەدا، هەندێجار پەیماندەدرا بە سەرکردەیەکی سەربازی لەکاتی هێرش یان بەرگریکردن دا. ئەوە نەرێتێکی عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب بوو، دوای هاتنی ئیسلام ئەو پەیمانە لەجیاتی سەرۆکی خێڵ دەدرا بە خەلیفەی هەڵبژێردراو یان دەستنیشانکراو. لە چوارچێوەی کلتوری عەرەبی–ئیسلامی بەیعە واتە قەبوڵکردنو گوێڕایەڵیکردن لە فەرمانی سەرۆك خێڵ یان خەلیفە.

بواری سیاسەتدا. ئەوان کاتێك کە ناتوانن بە بنەما لەسەر قورئانو سوننەت ئارگیومێنتەکانیان پشتڕاستکەنەوە یەکسەر پازدەدەن بۆ چاوگە ناسەرەکییو ناڕەسەنەکانو نوسراوەکانی دەستی دووەم. ئەو نوسراوانەی لەلایەن ئیسلامییە کۆنەکان نوسراونو دەیانخەنە ڕیزی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام (بڕوانە القرضاوی ١٩٨٧، ١٩٨٨ و زیدان ١٩٩٠).

کاتێك کە باس لە بەراوردکردنی ئیسلام بە ئایینە سەرەکییەکانی دیکە دەکرێ بەتایبەتی لەگەڵ مەسیحیو جوو، ئیسلامییەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە ئیسلام تاکە ئایینە مامەڵەی لەگەڵ هەموو پرسو کێشەکانی ژیان کردووەو ئیسلام شێوازێکی ژیانە (بڕوانە بڕگەی سروشتی سەرتاپاگیریی قورئان). دەیانەوێش ئیسلام لە ئایینەکانی دیکە، بۆنمونە مەسیحی، جیابکەنەوە لە پەیوەند لەگەڵ ئەوەی کە لە مەسیحییەتدا هەر لە بنەماوە بوارەکانی سیاسەتو ئایین لێکجوداکراونەتەوە. ئەوان بەبەردەوامی سەرنجمان بۆ ئایەتێك لە ئایەتەکانی ئینجیل ڕادەکێشن، ئایەتەکەی ئینجیل دەڵێ "شتەکانی سیزار بدە بە سیزارو شتە خواییەکانیش بۆ خوا" (*EB* Vol. 4: 590). ئیسلامییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە لە دنیای ڕۆژئاوا، کڵێساو دەوڵەت بەبنەما لەسەر تێگەیشتنەکانی ئەم ئایەتە لێکجوداکرانەوە، دەشڵێن لە ئیسلامدا ئەوە قابیلی مەیسەرکردن نیە (القرضاوی ٢٠٠٣). ئەو ئارگیومێنتەی ئیسلامییەکان تەواو پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (د) کە لەسەر زاری هەموو موسڵمانێکە، پێغەمبەر (د) دەفەرموێ "ئێوە لە کاروباری دنیادا شارەزاترن"، هەروەها فەرمودەیەکی دیکە کە گوایە پێغەمبەر (د) فەرمویەتی "ئەوەی

پەیوەند بە کاروباری ئایینەکەتانەوەیە بۆ منی لێگەڕێن، ئەوەی پەیوەندی بە کاروباری دنیاشتانەوە هەیە ئەوە بۆخۆتان شارەزاترن". ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە کە قەرەزاوی بەخۆی ئەم دوو فەرمودەیەی لە کتێبی *الإسلام والعلمانية* (ئیسلامو علمانیەت) بەنمونە هێناوەتە، ئەوەی یەکەمیانی لەسەر زاری 'مسلم' وەرگرتوەو دووەمیش لە زاری 'ئەحمەد' دەگێڕێتەوە (القرضاوی ١٩٨٧: ١٣٧). ئەگەر بتوانین گریمانی ئەوە بکەین کە ئەم دوو گوتەیە بە ڕاستی هی پێغەمبەرن، ئەوکات ئەو فەرمودانە بۆخۆیان بەرپەرچدانەوەیەکی ڕاستەوخۆن بۆ ئەو ئارگیومێنتەی کە ئیسلامییەکان دەیکەنو دەڵێن ئیسلام کاروباری ئایینیو دنیایی لێکناکاتەوە. دەشتوانین بڵێین کە ئەم دوو 'فەرمودەیە' دەکرێ بکرێن بە بنەما بۆ لێکجوداکردنەوەی ئایینو مزگەوت یان ئایینو سیاسەت. چونکە، بەپێی ئەو فەرمودانە لێکجوداکردنەوەیان جێبەجێکردنی فەرمایشتێکی پێغەمبەرە. بەڵام ئیسلامییەکان لە بەکارهێنانو سوودوەرگرتن نەك هەر لە فەرمودەکانی پێغەمبەر (د) بەڵکو ئایەتەکانی قورئانیش زۆر هەڵاوێردەرن (ئینتیقائی)، چۆنیان بە قازانج بێتەوە ئاوا بەکاریاندێنن.

## پەیمانی مەدینە

ئەوەی لە هەموو کردارێك لەو کردارانەی کە پێغەمبەر (د) بەشداریتێداکردوە، بۆتە وێردی سەرزمانی ئیسلامییەکانیش، بۆ بە سیاسیکردنی ئیسلام، پەیمانی مەدینەیە (بڕوانە پاشبەندی ٢). پەیمانی مەدینە یان ئەوەی ئیسلامییەکان بە

دەستوری مەدینەی ناودەبەن پێکهاتنێك بوو لەنێوان موهاجیرەکان (ئەو موسڵمانانەی لە مەککەوە کۆچیانکردبوو بۆ مەدینە)و ئەنسارەکان (موسڵمانەکانی مەدینە)و جولەکەکانی مەدینە. لەسەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە تا ئێستا هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نیە کە بیسەلمێنێ پەیمانەکە نووسراو بووبێت. زیاتر مەزەندەی ئەوە دەکرێ کە پەیمانێکی زارەکی بووبێ لەبەر سێ هۆ: یەکەم، ئەگەر قورئان کە بە پیرۆزترینو گرینگترین دەقی ئیسلامیی دادەنرێ تا ئەوکات نەنوسرابێتەوە ئەوە ڕێیتێناچێ کە پەیمانی مەدینە نوسرابێتەوە. دووەم: پەیمانی زارەکیو دەست لەناو دەستی یەکترنان وەك نەریتێکی عەرەبی ئەوکات شێوازێکی باو بوو. سێیەم، پێغەمبەر (د) بەخۆی کەسێکی نەخوێندەوار بووە لەبەرئەوە لەوانەیە نووسینەوەی پەیمانەکە هیچ گرنگیەکی نەبووبێت. بۆیە ئێمە پێمانوانییە کە پەیمانی مەدینە پەیمانێکی زارەکی بووبێت، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ڕەسەنێتیی دەقی برگەکانی پەیمانەکە دەخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە چونکە زارەوزار گوێزراونەتەوە، بۆیەشە بەدەگمەن دوو دەقی هاوتای پەیمانەکە دەستدەکەون، هەندێك سەرچاوە بە ٤٧ بەندو هەندێکی دیکە بە ٥٧ بەندیان داناوە، زمانی نووسینیشیان جیاوازی هەیە، مەبەستمان توندیو نەرمی زمانەکەیە. دیارە دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆربەی بەندەکان دووبارەو چەندبارە بوونەتەوە.

ئیسلامییەکان پێیانوایە پایەی کۆمەڵایەتیی پێغەمبەر (د) شەرعییەتی لە پێغەمبەرایەتیو پەیمانی مەدینە وەرگرتوە، بەبنەما لەسەر پەیمانەکە وەك ڕابەرێکی سیاسیی تەماشایدەکەن نەك پێشەوایێکی ئایینی (زیدان ١٩٩٠،

القرضاوی ۱۹۹٦ و Khan 2001a). لەم برگەیە گفتوگۆیەك لەسەر ئەوە دەكەین كە ئایا پەیمانی ناوبراو دەكرێ وەك دەستوری یەكەم دەوڵەتی ئیسلامیی چاویلێبكرێ، وەك ئەوەی ئیسلامییەكان بانگەشەی بۆ دەكەن، یان پەیمانەكە جۆرێك لە پێكهاتن بوو لەنێوان هۆزو تیرە جیاجیاكانی مەدینە بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارە خێڵەكیو ئایینیەكانی كۆمەڵگەی ئەوسای مەدینە.

پێش هەموو شتێك ئەوە وەبیردێنینەوە كە خەڵكی مەدینە لە ساڵی ٦٢٢ ز لەسەر پەیمانەكە پێكهاتن، ئەوە دەكاتە نزیكەی دە ساڵ پێش گەشەكردنی ئیسلامو ڕزگاركردنی مەككە كە بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ئیسلامدا دادەنرێت. پاش گرتنی مەككە، بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەر (د) گەیشتە ترۆپكی، كەچی پەیمانێكی دیكەی هاوشێوە لە قۆناغی پاش ڕزگاركردنی مەككە بەرچاو ناكەوێو مێژوونوسان باس لە شتێكی هاوتای پەیمانی مەدینە بۆ ڕێكخستنو بەڕێوەبردنی كاروباری موسڵمانان لەو قۆناغە ناكەن. دەنا ئەوە ڕێیتێناچێ كۆمەڵگەی ساوای مەدینە پێویستی بە دەستور بووبێت بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی كەچی كۆمەڵگە بەربڵاوو هەمەڕگەزو فرەخێڵەكەی موسڵمانان دوای گرتنی مەككە پێویستی بە دەستورێكی هاوشێوە نەبووبێت.

زاراوەی *أُمة* (ئوممەت) كە لە پەیمانەكەدا هاتوە لەلایەن ئیسلامییەكان خراوەتە ژێر زەرەبینو گەورەكراوەو دەیان شتی لەسەر نوسراوە بەمەبەستی بەسیاسییكردنی ناوەڕۆكی پەیمانەكە. پێشئەوەی لە گرنگی زاراوەی ئوممەت

وەك ئەوەی لە پەیمانەکەدا هاتوە بدوێین واچاکە بزانین ئەو زاراوەیە لە قورئان بە چ مانایەك هاتوە. زاراوەی ئوممەت ٤٩ جار، تا ئەو ڕادەی من ئاگادار بم، لە قورئاندا هاتوە، لەوانە ٤٣ جار لە ئایەتە مەککییەکانو ٦ جاریش لە ئایەتەکانی مەدینە هاتوە. لە ئایەتەکانی مەککە زیاتر بە ئاماژە بۆ ئوممەتە کافرەکان هاتووە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەو لەوانەشە لە ڕاستی بە دوورنەبێت زارەوەی ئوممەت بە نزیك لە ١٠ مانای جیاجیا لە قورئاندا هاتوە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکەن کە مەبەست لە ئوممەت لە قورئاندا موریدەکانی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکانی خوان، وەك "هەر تیرەیەك (ئوممەتێك) لە بنیادەم پێغەمبەری خۆیان هەبوو" (قورئان ٤٧: ١٠). بەمانای کۆمەڵە خەڵکێکی دیارینەکراویش هاتوە، وەك "کە (موسا) هاتە سەر ئاوی مەدیەن، کۆمەڵێ لە خەڵکەکەی (ئوممەتەکەی) دیت ئاو هەڵدێنجن (قورئان ٢٨: ٢٣). بەمانای ئایین، وەك ئێژن: "بابو کاڵمان لەسەر ئایینێك (ئوممەتێك) ڕۆیشتون، ئێمەش پەیڕەوی ئەوانین" (قورئان ٤٣: ٢٢–٢٣)، بەمانای ئیمام، وەك "ئیبراهیم پێشەوایەکی (ئوممەتێکی) بەرەو هەق چوگو بەرفەرمانی خوا بوو" (قورئان ١٦: ١٢٠)، بەمانای باوەڕدارانی ئایینێك (ئوممەتێك)، وەك "ئەگەر خوا مەیلی لێبا، هەمووی دەکردنە یەك ئوممەت" (قورئان ٥: ٤٨)، بەمانای گروپێکی بچوك لەناو گروپێکی گەورە، وەك "ئەهلی کتێب گش وەك یەك نین، کۆمەڵی (ئوممەتی) وایان تێدایە کە ڕووبە خوا دەوەستن" (قورئان ٣: ١١٣)، کۆمەڵێك خەڵکی لادەر، وەك "ئەوێ ڕۆژێ مە لەناو هەر تیرەیەك (ئوممەتێك)، تاقمێك لەو کەسانەی وا باوەڕیان بە نیشانانمان نەدەهێنا کۆدەکەینەوە" (قورئان ٢٧: ٨٣)، بەمانای ماوەیەك، وەك "ئەگەر بۆ ماوەیێ (ئوممەتێ) کەمیش ئازاریان

لێوەدواخەین، ئێژن: چی ڕێ پێنەداوە" (قورئان ١١: ٨) یان کۆمەڵێك زیندەوەر، وەك "هەر زیندەوەرێ لە عەرزا تەڤگەڕیەتیو هەر مەلێ بە باڵان دەفڕێ، هەموویان کۆمەلانێکن (ئوممەتێکن) وەکو ئێوە" (قورئان ٦: ٣٨). لەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە زاراوەی ئوممەت لە قورئان بە چەندین مانا هاتوە وەك تیرە، کۆمەڵێك خەڵك، موریدەکانی پێغەمبەرێك، ئایین، خەڵکانی سەر بە ئایینێك تەنانەت ماوەو کۆمەڵێ باڵندەش.

زاراوەی ئوممەت لە پەیمانی مەدینە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە زۆر جەختی لەسەرکراوە بەمەستی بەخشینی سیمایەکی سیاسیی بە پەیمانەکە. دەبێ ئەوە بگوترێ کە هەر پەیمانێك لەلایەن دوو لایەنەوە بەسترابێت ئەستەمە خاڵی بێت لە سیمای سیاسیی، بەڵام بوونی سیمای سیاسیی لە پەیمانێك یان هەر پرۆژەیەکی دوولایەنی یان چەند لایەنی ناکرێ بکرێتە دەستورو پەیڕەوو پرۆگرامی حوکمکردنو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەك. لەپاڵئەمەش پەیمانەکە زیاتر خسڵەتی بەیاننامە (statement)ی هەیە وەك لەوەی پەیمانی نێوان دوو یان چەند لایەنێك بێت.

ئەگەر بە وردی تەماشای بەندی ١ و ٢ ی پەیمانەکە بکەین (بڕوانە پاشبەندی ٢)، دەبینین موسڵمانە موهاجیرەکانی مەککەو ئەنسارە موسڵمانەکانی مەدینەو جوولەکەکانی مەدینە بە یەك ئوممەت دانراون، ئەمەش جێگای سەرنجو هەڵوەستەکردنە، لەبەرئەوە بە پێویستیی دەزانین ئەم دوو خاڵە ڕونبکەینەوە. یەکەم: لە قورئان زۆرجار کۆمەڵگەکان لەسەر بنەمای ئایینیی لێکجیاکراونەتەوە،

بۆنمونە، "... هەر تیرەیەك (أُمة) لە بنیادەم پێغەمبەری خۆیان هەبوو" (قورئان ١٠: ٤٧). دانانی موسڵمانانو جولەکەکان بە یەك ئوممەت دژایەتی لەگەڵ دەقی ئەو ئایەتەی سەرەوە دەکا. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین زاراوەی ئوممەت لە پەیمانەکە بایەخێکی ئایینیی هەیە. لێرە مەبەستمان بەرپەرچدانەوەی ئەو بانگەشەیەیە کە ئیسلامییەکان دەیکەنو زاراوەی ئوممەت هەمیشە بە ئوممەتی ئیسلامییەوە گرێدەدەن. دووەم: سەرەڕای ئەوەی بەپێی پەیمانی مەدینە کۆمەڵگە جیاجیاکانی مەدینە وەك یەك ئوممەت دانراون کەچی دەسەڵاتێکی مەرکەزی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئوممەتەکە دیارینەکراوە، بۆ سەلماندنی ئەم ئارگیومێنتە واچاکە تەماشایەکی بەندی ٣-١١ بکەین. بەپێی ئەم بەندانە، هەر تیرەیەك یان خێڵێك (تەنانەت کەسانی ناو خێڵەکانیش، موسڵمانو جوولەکەکان) ڕاستەوخۆ بەخۆیان بەرپرسن لە دانی "بەدەل خوێن"، لەوەش گرنگتر، "بەگوێرەی دابو نەریتی خۆیان" نەك یاساو ڕێسایەکی دیاریکراو بەپێی پەیمانەکە! خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە، بەندەکان بە هیچ شێوەیەك باس لە مەسەلە ئاڵۆزە سیاسییەکان ناکەن، بەڵکو ئاماژە بە کێشە کەسایەتییو خێڵەکییەکانی وەك 'بەدەل خوێن'و 'مامەڵەکردن لەگەڵ دیل' دەکەن (بڕوانە بەندی ٣-١١).

لە بەندی ١٧ ی پەیمانەکە هاتوە "ئاشتیی باوەڕداران یەکە"، ئەم دەستەواژەیە هەندێك سیمای سیاسیی پێوەدیارە، بەڵام مەرجدار کراوە بەوەی تەنیا "لە کاتی شەڕ لەپێناوی خوا باوەڕدار ئاشتی تاکلایەنە لەگەڵ بێباوەڕناکا". دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەم بەندە تەنیا ڕووی لە باوەڕداران کردوە نەك هەموو لایەنە

پەیوەندیدارەکان. بەهەمانشێوە، بەندی ١٩ دەڵێ "باوەڕداران تۆڵەی ڕژانی خوێنی یەکدی، لە ڕێگای خوا، دەکەنەوە"، بەڵام دیسان پەنجەی بۆ هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکەر درێژنەکردوە. لەڕاستیدا ناوەڕۆکی ئەم بەندە شتێکی نویٚو بە دەر لە نەریتی خێڵە عەرەبەکان تێدانیە. تۆڵەسەندنەوە ڕەوشتێکی کلتوری عەرەبییەو کۆڵەکەی ڕاگرتنی یەکێتیی خێڵە عەرەبەکانی پێکدەهێناو، بنەمای لەسەر چەمکی 'چاو بە چاوو ددان بەرابەر بە ددان" داناوە، ئەم چەمکە دواتر ئیسلام پشتیوانی خۆی لێراگەیاند. بەندی ٢١ باس لە تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی موسڵمانان دەکا، کەچی دیسان دەسەڵاتی ڕاپەڕێنەر هیچ ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام داوا لە موسڵمانان دەکا یەکدەست بن لە دژی تاوانبار ئەمەش نەریتێکی دیکەی خێڵەکییە، چونکە ئاسایشو تەناهی خێڵە عەرەبەکان لەسەر یەکدەستبوونیان، لە دژی هێرشو هەڕەشەی خێڵەکانی دیکە، ڕاوەستابوو.

لەسەرەوە تیشکمان خستە سەر ئەوەی کە پەیمانی مەدینە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆ ڕاپەڕاندنو جێبەجێکردنی کاروباری کۆمەڵگەکانی مەدینە دیارینەکردوە. لەڕاستیدا، تەنانەت پێغەمبەر (د) لەناو کۆمەڵگەی موسڵمانانیش ئەو ڕۆڵەی پێنەدراوە، بەندی ٢٢ پێشنیازی ئەوە دەکا ئەگەر باوەڕدارێك داڵدەی خراپکارێك بدا، ئەوە لێپرسینەوەکەی حەواڵەی خوا کراوە بەوەی کە "غەزەبو نەفرەتی خوای لە ڕۆژی حەشر لەسەر دەبێ". واچاکە لێرە ئاماژە بەوە بکەین کە بەندی ٢٣ (تاڕادەیەك بەندی ٣٦ و ٤٢ ش) داوای حەواڵەکردنی مەسەلەکان لەپاڵ خوا بۆ پێغەمبەریش دەکەن. لەگەڵئەوەی ئەم بەندە لەگەڵ بەندەکەی پێش خۆی دژایەتیان هەیە، کەچی دەکرێ وا لێکبدرێتەوە کە حەواڵەکردنی

مەسەلەکان بۆ پێغەمبەر (د) حەواڵەکردنیانە لەڕێگەی ئەوەوە بۆ خوا ، چونکە پێغەمبەر (د)، بۆ موسڵمانان، ئەڵقەی گرێدانی خواو عەبدەکانی بووە. بۆئەوەی بزانین کە داخوا پێغەمبەر (د) دەسەڵاتی خۆی بەکارهێناوە یان نا، واچاکە ئاوڕێك لەو ڕووداوە بدەینەوە کە لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی پێغەمبەر (د) دەیگێڕنەوە. گوایە لە پەلاماری تەبوك (غزوة تبوك)، پێغەمبەر مکوڕبوو لەسەر بەشداریکردنی هەموو ئەو موسڵمانانەی لە توانایاندایە. سێ کەسی لەوانەی دەرنەچوونو بیانوەکانیان نابەجێبوو (غیر مشروع)، لەلایەن پێغەمبەر (د) وە سزادران. بەهاتنە خواری ئایەتێکی قورئان سزاکە لەسەر سێ کەسەکە لابردرا (بڕوانە قورئان ٩: ١١٨). ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەر (د) هەندێك کاروباری موسڵمانانی بەڕێوەدەبرد، کەچی ئەو دەسەڵاتی ڕەها نەبوو.

زۆربەی هەرە زۆری بەندەکانی دیکەی پەیمانەکە لە دەوری مەسەلەی بەرگریکردن لە شاری مەدینە دەخولێنەوە، کە دەکرێ بە هۆی هەرە سەرەکی بەستنی پێکهاتنەکەی مەدینە دابنرێت. پاش کۆچی پێغەمبەر (د) بۆ مەدینە، پێغەمبەرو (د) یاوەرەکانی لەگەڵ خێڵە نیشتەجێکانی مەدینە هەستیان بە هەڕەشەیەکی بەردەوام لەلایەن قوڕەیشەکانەوە دەکرد. ترسی کۆمەڵگەکانی مەدینە ڕێیتێدەچوو، چونکە قوڕەیشییەکان نیازی لەناوبردنو ڕیشەکێشکردنی موسڵمانانو داڵدەدەرو پشتیوانانیان لە مەدینە هەبوو (بڕوانە بەندی ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٣ و ٤٤). لەبەرئەوە خەڵکی مەدینە بەغەیرەز گردبوونەوە لە دەوری یەکدی لەبەرابەر هەڕەشەکانی قوڕەیش چارەیەکی دیکەیان بەدەستەوە نەمابوو. بۆیە،

لایەنە جیاجیاکانی مەدینە کۆوەبوونو بەڵێنی پشتیوانیکردنیان بەیەکدی دا. سیمای گشتی پێکهاتنەکە یان هەندێك لە بەندەکانی لەلایەن ئیسلامییەکان بە سیاسیی بینراوە. بەڵام، ئێمە پێمانوایە، ئیسلام شتێکی وای نەخستۆتە سەر نەریتێکی باوو پراکتیزەکراو لە نیمچە دوورگەی عەرەبی. پێکهاتنی چەند خێڵێك یان تیرەیەکو پەیماندانیان بەیەکدی لەدژی یان لە ترسی خێڵە دراوسێکان شتێکی زۆر ئاسایی بوو، چونکە هێرشو بەسەرردادان پیشەیەکی باو بوو لەناو عەرەبان (بڕوانە بەشی سێ). لەبەرئەوە ناکرێ پێکهاتنی مەدینە لە فێدراسیونی چەند خێڵێك لەبەرابەر هێرشێکی چاوەنوارکراو، بە زیاتر، دابنرێ. ئەوەی پێغەمبەر (د) لە مەدینە دایمەزراند دەکرێ بە سوپەر—خێڵ ناوزەدبکرێ نەك دەوڵەتی ئیسلامیی، سیمای سیاسیی چالاکییەکانی پێغەمبەریش پەیوەندییەکی تۆکمەی بە ئایینی ئیسلامەوە نەبوو، بەڵکو، زیاتر پەیوەندی بە ئامانجو مەبەستەکانی خەڵکی مەدینەو کەسانی دەوروبەریەوە هەبووو پەیوەستبوو بەو پێشبڕکێ شارچێتیو خێڵەکییەی خەڵکی مەدینە لە دژی خەڵکی مەککە دەیانکرد (Watt 1968: 13-14).

## مردنی پێغەمبەر (د) و پرسی خەلافەت

سەبارەت بەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە ڕێوشوێنو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەوە هەیە هیچ بەڵگەیەکی ڕەها بەدەستەوە نیە کە پێغەمبەر (د) بە بایەخەوە بیری لەوە کردبێتەوە ئەگەر مرد چ بکرێ بۆ ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی موسڵمانان. دیارە شیعەکان ئەو بۆچوونەی سەرەوە

ڕەتدەکەنەوەو ئەوان پێیانوایە کە پێغەمبەر (د) پێش ئەوەی بمرێ ئیمامی عەلی وەك جێنشینی خۆی هەڵبژاردوە (Khomeini 2000: 252). پرۆسەی بە سیاسییکردنی ئیسلامو ململانێ سیاسییەکان لەناو موسڵمانان لەگەڵ مردنی پێغەمبەر (د) دەستیپێکرد. جێگای سەرسوڕمانە کە حەسەن بەننا (دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئیخوانی موسلمین)و قەرەزاوی باس لەوە دەکەن کە یاوەرانی (ئەسحابەکان) پێغەمبەر، دەستنیشانکردنی خەلیفەیان لە ناشتنی تەرمی پێغەمبەر (د) پێگرنگتر بوو، بۆیە تا خەلیفەیان دیارینەکرد پێغەمبەریان نەناشت (Al-Banna 1999: 207، القرضاوي ١٩٩٦: ١٧). قەبوڵکردنی ئەو گوتەیەی حەسەن بەناو قەرەزاوی، بۆ هەر کەسێك کە تۆزێك شارەزای ڕێوڕەسمو دابونەرێتی ناشتنی تەرمی مردوو لەلای موسڵمانان بێت، شتێکی مەحاڵە. بەپێی نەرێتی ئەوساو ئێستای موسڵمانان، کە پێغەمبەر (د) بەخۆی ڕۆڵی هەرە سەرەکی هەبوو لە پێشنیازکردنی، لاشەی مردو دەبێ بە زووترین کات بنێژرێ. لەناو موسڵمانان دانانی تەرمی مردووو تەماشاکردنی پەسند نیە، هۆیەکەی وەك دکتۆر ئەبو ئەمینە باسی دەکا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تاوەکو خەموپەژارە دەستبەسەر تەواوی عەقڵی خاوەنتازییەدا نەگرێ، چونکە هەتا زووتر بشاردرێتەوە کەسوکاری مردوەکە خێراتر دەتوانن ژیانی ئاساییان دەستپێبکەنەوە.[15] هەندێك سەرچاوە پێیانوایە ناشتنی تەرمی پێغەمبەر (د) شەوو ڕۆژێکی پێچوە هەندێکی دیکە بە دوو شەوو دوو ڕۆژی دەزانن.[16] ئەگەر ناشتنی تەرمی مردو بەپێی

---

[15] بڕوانە ماڵپەڕی دکتۆر ئەبو ئەمینە بیلال فیلیپس، خزمەتی ئینتەرنێت، ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٢٣ دابەزێندراوە، لەسەر ماڵپەڕی
http://www.bilalphilips.com/qa/d_000002.htm

[16] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە إبن کثیر، *البداية والنهاية*، جلد ٥،و *سیرة ابن هاشم*، جلد ٤.

نەریتی ئیسلام وا دەخوازێ بەزووترین کات بنێژرێ، ئەی بۆچی تەرمی خۆشەویسترین کەس لەلای موسڵمانان ئاوا دواخرا؟

پێش مردنی پێغەمبەر (د) کۆمەڵگەی موسڵمانان گەشەیەکی بەرفراوانی بەخۆوە دیبوو، چ وەك ژمارە چ وەك قەڵەمڕەوی، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی نیمچە دوورگەی عەرەب ببوونە موسڵمان. پێغەمبەر (د) بەخۆی لە بنەماڵەی هاشمی خێڵی قوڕەیش بوو کە بەهێزترینو گەورەترین خێڵی مەککە بوو. کە دەشڵێین زۆربەی خێڵو تیرە عەرەبییەکان ببوونە موسڵمان ئەوە وادەگەیێنێ کە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەسەڵاتی قوڕەیشیان قبوڵکردبوو، چونکە پاش گرتنی مەککە خێڵو تیرە عەرەبییەکان ترسیان لە گەورەیی دەسەڵاتی موسڵمانانو قوڕەیش لێنیشتو هەڵپەی هاتنە ژێرباری ئیسلامیان دەکرد. ئەوە بۆ قوڕەیشییەکان بارودۆخێکی تازەو بێوێنە بوو لە مێژوویاندا. لەبەرئەوە، پاراستنی ئەو ڕەوشە هەنوکەییە (الوضع الراهن) بۆ قوڕەیشو پیاوماقوڵانیان (أعيان) گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. ئەوان دەیانزانی ڕاگرتنی ئەو بارە تەنیا بە هەڵبژاردنی یەکێك لەناوخۆیان وەك خەلیفەی پێغەمبەر (د) بەردەوامی پێدەدرێ. بۆیە کە مقۆمقۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە ئەنسارەکان خەریکی دانانی کەسێکن بە خەلیفەی پێغەمبەر (د)، پیاوەناودارەکانی قوڕەیش بە هەڵەداوان کەوتنەخۆو هاواریان گەیاندە ئەبو بەکرو عومەری بن خەتاب. پرسی چۆنو کێ بە خەلیفەی پێغەمبەر (د) دانێن باڵی بەسەر هەموو شتێکی ئەوسای مەدینەدا کێشا، بە ناشتنی تەرمی پێغەمبەریشەوە. پرۆسەی هەڵبژاردنی خەلیفە کێشمەکێشێکی ئەوەندەی لێکەوتەوە کە بە تێپەڕبوونی زەمەن بووە مایەی دابەشبوونی

موسڵمانان بەسەر شیعەو سوننەدا. سوننەکان ئەوانەن کە دانانی ئەبوبەکر (ف. ٦٣٢-٦٣٤) وەك یەکەم خەلیفەی موسڵمانان قەبوڵدەکەن‌و پرۆسەکە بە ڕەوا دەزانن، هەرچی شیعەکانن ئەوە ڕەتدەکەنەوەو پێیانوایە کە پێغەمبەر (د) عەلی بن ئەبی تالیبی وەك جێنشین دیاریکرد کەچی یاوەرانی پێغەمبەر (د) ئەو وەسیەتەی ئەویان بەجێنەگەیاند. ئەوە بێجگە لەوەی یەکەم کێشمەکێش لە سەر خەلیفە لەنێوان قورەیشییەکان‌و ئەنسارەکان بوو نەك بنەماڵەکانی ناو قورەیش. بۆیە دەکرێ بگوترێ کە پرۆسەی دانانی خەلیفە ئەوەندە سوكوسانا نەبوو وەك ئەوەی ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بەڵکو گرفتی هێندە ئاڵۆزی لێکەوتەوە کە موسڵمانانی لەسەر خەتی تایفی، ئایدیۆلۆجی‌و سیاسیی بەشبەش کرد.

با بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەمان، دواخستی ناشتنی تەرمی پێغەمبەر (د). ئەوەی ڕاستی بێت بە تێڕامان لەو ڕووداوە مێژووییانەی لە ئانوساتی مردنی پێغەمبەر (د) بەتایبەتی ئەوانەی لە مەدینە هاتنەپێش ئەوە دەردەکەوێ کە دواخستنەکە پەیوەندی بە چەند هۆیەکەوە هەبوو. یەکەم: لاوازی چاوگە سەرەکییەکانی ئیسلام لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرسی حوکمکردن‌و بەڕێوەبردن‌و جێنشین دیاریکردن. نە قورئان نەسوننەت لە دوور یان لە نزیك باس لە پرۆسەی حوکمکردن یان ئەوەی لەوکاتەوە بە خەلافەت ناویدەرکرد، ناکەن. دیارە لەوانەیە هۆی سەرەکی ئەوەش بگەڕێتەوە بۆئەوەی قورئان بۆ کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەت دابەزی‌و حوکمکردنی فەرمی لەناو کۆمەڵگە خێڵەکییەکەی ئەوکاتی عەرەبان باوی نەبوو. پێغەمبەریش سەرەڕای ئەوەی کە

بە گۆتەی شیعەکان لە حەجی ماڵئاوایی فەرمویەتی "من کُنتُ مولاه فهذا علي مولاه" واتە: "ئەو کەسەی من مەولای بووم، ئەوە عەلی مەولایەتی" (و.ل. دەشتی ١٩٩٩: ٢٢٦). ئەوان ئەو "فەرمودەیە" بەوە لێکدەدەنەوە کە پێغەمبەر (د) عەلی وەك خەلیفەی خۆی دیاریکردوە. لەلایەکی دیکەشەوە سوننەکان بۆ پاڵپشتی لە دانانی ئەبوبەکر ئەو ڕووداوە بە نمونە دێنەوە کە جارێك پێغەمبەر (د) زۆر نەخۆش دەبێتو ناتوانێت پێشنوێژی موسڵمانان بکات، بۆیە ئەبوبەکر دەنێرێ بۆ پێشنوێژی. ئەوەی یەکەم لەلایەن سوننەکان ڕەتکراوەتەوەو ئەوەی دووەمیش تەنانەت سوننەکان بەخۆشیان وەك بەڵگەیەکی ڕەها بۆ دانانی خەلیفە وەریاننەگرتوە بەڵکو تەنها بۆ بەهێزکردنی کەیسی ئەبوبەکر بۆ خەلافەت پشتیپێدەبەستن. ئیبن خەلدون (1332-1406) لەوباوەڕەدایە پێغەمبەر (د) قەت باسی لەوە نەکردوە کێ جێگەی دەگرێتەوە چونکە پێیوابووە ئەوە شتێکی "بێنرخو ئیمتیازێکی بێباوەڕانە" (Ibn Khaldun 1967: 161-162). ئەوە بەڵگەیەکی دیکەی ئەوەیە کە پێغەمبەر (د) زۆر بایەخی بە مەسەلە دنیاییەکان، لە چوارچێوەی ڕۆڵی وەك پێغەمبەرێك، نەداوە. هۆی دووەمیش: سەرقاڵبوونی موسڵمانان بە کێشمەکێشی نێوان موهاجیرەکان بەسەرکردایەتی ئەبوبەکرو عومەری بن خەتاب لەلایەكو ئەنسارەکان بەسەرکردایەتی سەعد بن ئەبی عوبەیدە لەلایەکەی دیو، هەروەها کێشەی بنەماڵەی بەنی هاشم بە سەرکردایەتی عەلی بن ئەبی تالیب لەلایەك لەگەڵ بنەماڵەکانی دیکەی خێڵی قوڕەیش دیسان بە سەرکردایەتی ئەبوبەکرو عومەر لەسەر دیاریکردنی خەلیفە بوو. هەراوهۆریا بە دانانی سەعد بن ئەبی عوبەیدە وەك جێنشینی پێغەمبەر (د) دەستیپێکردو بە بەرەنگاربوونەوەی قوڕەیشییەکان گەیشتە ترۆپك. لایەنە

سەرەکییەکان لە سەقیفەی بەنی ساعیدە، کە وەك هۆڵێکی گەورەی کۆبوونەوە وابوو، کۆبوونەوەو دەستەویەخەی یەکدی بوون، دواتر لە مێژووی موسڵمانان بە کێشەی سەقیفە ناویدەرکرد. بەگوێرەی گێڕانەوەکەی تەبەری (یەکێك لە بەناوبانگترین مێژوونوسانی سەرەتای ئیسلام) لە *تاریخ الطبری* (مێژووی تەبەری) کار گەیشتە ئەوەی هاواری "ئەمیرێك لە ئێمەو ئەمیرێکیش لە ئێوە" بەرزبێتەوە (الطبری ١٩٩٨: ج ٣، ٢٥٦). گفتوگۆیەکانی ناو سەقیفە لەسەر خەلیفە ململانێیەکی ئایینی نەبوون بەڵکو ناوەڕۆك سیاسیی بوون. مەبەست لەو ڕاکێش ڕاکێشکردنەش وەرگرتنی دەسەڵاتو زاڵبوونی سیاسییانە بوو، ئەوەبوو لەجیاتی ئایین، گەیشتن بە دەسەڵات بوو بە تەوەری سەرەکی ململانێکان (بڕوانە بڕگەی شوراو خیلافەت لە بەشی سێیەم).

لە ڕاستیدا پێغەمبەر (د) بە کەسێکی تەگبیرکەرو لێهاتوو شارەزا ناسرابوو، کەچی پرسیار ئەوەیە ئەدی بۆچی درکی ئەوەی نەکرد کە تەگبیرێكو ڕێوشوێنێك بۆ موسڵمانان پێش مردنی پێشنیاز بکات لەسەر مەسەلەی جێنشین. دیارە ئیسلامییەکان پێیانوایە پێغەمبەر (د) ئەو ئەرکەی بۆ موسڵمانان جێهێشت، بەڵام ئەوە بەمەزەندەی من لە ڕاستی دوورە. هۆی سەرەکی ئەم ئاماژەپێنەکردنە ئەوەیە کە لەسەردەمی پێغەمبەر (د) شتێك نەبوو بەناوی دەوڵەتو پرۆسەیەکی فەرمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت نەچەسپی بوو، کۆمەڵگەی موسڵمانان لەسەر بنەمایەکی خێڵەکی بەڕێوەدەچوو، بەها ئیسلامییە نوێکانو خێڵەکییە کۆنەکان گرێبەستی کۆمەڵگەکە بوون.

کێشمەکێشی نێو موسڵمانان لەسەر چۆنییەتی‌و شێوازی بەڕێوەچوون بووە مایەی بەرهەمهێنانی سەرچاوەیەکی دیکە لە ئیسلام کە بە فیقهی ئیسلامیی ناسراوە. کەمترین شت کە لە فیقهی ئیسلامیی باسکرابێت فیقهی سیاسیی ئیسلامییە، وەك پێشتریش گوتمان فیقهی ئیسلامیی تێگەیشتنێکی تاکەکەسیی (فەردیی) موسڵمانانە لە سەرچاوە سەرەکییەکان. بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیە بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئیسلامی دانانێین. سەرەڕای ئەوەش لە بڕگەی داهاتودا چاوێك بە فیقهی ئیسلامیی لە پەیوەند لەگەڵ سیاسەتدا دەخشێنیین.

## فیقهی سیاسیی

لەوکاتەی پێغەمبەر (د) زیندوبوو شتێك نەبوو بە فەرمیی (ڕەسمیی) پێیبگوترێ شەریعەت. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو مشتومڕانەی دوای مردنی پێغەمبەریش هاتنەگۆڕێ لەسەرەتا شتێکیان وەبەرهەمنەهێنا کە بە شەریعەت ناوببرێ، کەچی دوای کوژرانی خەلیفەی سێیەم عوسمان بن عەفان (ف. ٦٤٤–٦٥٦)و ئەو شەڕو ئاژاوەی کە لە ئاکامی کوشتنەکەی کەوتەوە بووە هۆی بەکارهێنانی ئارگیومێنتی ئایینیی–سیاسیی لەنێوان موسڵماناندا. بۆ عەرەبە–موسڵمانەکانی ئەوکات گفتوگۆکردن لەسەر شتێك مەحاڵ بوو بتوانێ لە چوارچێوەی چەمك‌و زاراوە ئایینییەکاندا دەربچێت، چونکە ئەو بەهایانەی کە لە قورئاندا باسیانلێکرابوو لەگەڵ ئەوانەی پێغەمبەر (د) پەیڕەوی لێدەکردن، تائەوکات، ڕەگوڕیشەیان لەناو خەڵکیدا داکوتابووو بەتەواوی بەسەر شێوازی بیرکردنەوەو بیرو بۆچوون‌و کردارو جیهانبینی خەڵکەکە زاڵببوون (Watt 1968: 64). ئا لەو

کاتوساتانە بوو فیقهی سیاسیی یان بەکارهێنانی ئایین بۆ پشتڕاستکرنەوەی لێکدانەوە سیاسییەکان چەکەرەیکرد.

ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان هەردوولا دانبەوەدادەنێن کە فیقهی ئیسلامیی زۆرکەم خۆی لە قەرەی کێشەو پرسە سیاسییەکانو حوکمکردن داوە. ئیبن قەییم (١٢٩٢–١٣٥٠)، کە بە یەکێك لە پێشەنگانی بیری سیاسیی ئیسلامییەکان دادەنرێ، گازاندەی لە زانایانی ئایینیو فوقەهاکانی سەردەمی خۆیکردوە لەوەی کە بێدەنگو کپ بوونو خۆیان لە نووسین لە بواری فیقهی سیاسیی بواردوە. ئەو پێشیوایە ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە حوکمڕانەکانی ئیسلام یاساو ڕێسای نوێو دوور لە ڕێوشوێنەکانی شەریعەت دابهێننو بیسەپێنن، ئەوەی ڕاستی بێت ئیبن قەییم لەسەر زارای ئیبن عوقەیل ئەلحەنبەلی، زانایەکی دیکەی ئیسلام، دەگێڕێتەوە کە شەریعەت "نە پێغەمبەر نە وەحی" دایانەناوە (إبن قيم ١٩٩٩: ١٣). قەرەزاوی، ئیسلامییەکی ئەم سەردەمە، گلەیی لە موسڵمانانی ئەم ئێستا دەکا لەوەی کە ئەوانیش وەك کۆنەکان هەقی خۆیان نەداوەتێو زیاتر بەدوای فیقهی عیبادات کەوتوون (القرضاوي ١٩٩٦: ٧). داهێنانی تیورو یاسای نوێ لە کپیی فوقەها موسڵمانەکانەوە سەرینەگرتوە بەڵکو لە لاوازیی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام لە بواری سیاسەت بنەمای گرتوە. بۆنمونە، بۆ بواری سزادان ئەوەی لە ئیسلام بە 'حدود' ناویدەبردرێ، قورئان تەنیا باس لە دە سزا دەکات. ئێمە کاتێك دەتوانین لە نەخشی گەشەی بیری سیاسیی لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیی بگەین کە وەك کۆمەڵگەیەکی پۆست–خێڵەکی وێنای بکەین، کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی بەڵام سنوورەکەی دەیان بگرە سەدان خێڵی دەبڕی.

ئەوە یارمەتیماندەدا لەوە بگەین کە بۆچی ئەم کۆمەڵگەیە لە قۆناغە سەرەتاییەکان شێوازێکی فەرمی دەوڵەتی بەخۆوەنەگرت یان دەستورێکی وەبەرهەمنەهێنا (Black 2001: 13). لەپاڵئەمە، وەك گوتیشمان، زۆربەی عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی هیچ ئەزمونێك یان قەوارەیەکی سیاسییان بەخۆوە نەدیبوو بەغەیرەز خێڵ. دوابەدوای هێرشە یەك لە دوای یەکەکانیان بۆ سەر دەرودراوسێکانیانو بەرفراوانبوونی سەرزەوییەکەیان، وەك پێویستییەك بۆ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی–ئابورییانەی بەسەر کۆمەڵگەکەیان داهات، زانا ئایینیو فوقەهاکان چاوێکی دیکەیان بە قورئانو سوننەتدا خشاندەوە بۆ هەڵهێنجانی یاساو ڕێسایەکی وا کە وەڵامدەرەوەی واقیعە نوێیەکە بێتو بکرێت لە بەر ڕۆشناییان کۆمەڵگەکە بەڕێوەبچێت. سەرەڕای ئەوەش کە قورئان بەزۆری باس لە پرسە ئایینیو ئەخلاقییەکان دەکا کەچی ئەوەی تێدا بەدیدەکرێ کە دەستیتێوەردرێ بۆ هەڵهێنجانی شتی دیکە، ئەوەی کە زانایانو فوقەهاکان بەجێیانگەیاند.

فوقەها موسڵمانەکان قورئانیان بەسەر سێ دەقەردا دابەشکردوە، دەقەرەکانی دڵنیایی (قەتعی)و نادڵنیایی (زەننی)و دەقەری ئازاد، وەك پرۆسەیەك بۆ دارِشتنی شەریعەت. لێرەدا ئیشکالییەت لەوەدایە، بە قسەی ئیسلامییەکان، هیچ زانایەك، کۆنفرانسێك یان دەسەڵاتێك هەر چییەك بێت مافی ئەوەی نیە دەستکاری یان گۆڕانکاری لە بەشێك یان بەشەکانی هیچ یاسایەك بکا کە لە دەقەری دڵنیاییە (قەتعیاتە) (القرضاوی ١٩٨٧: ١٥٤). ئەم ئارگیومێنتەی قەرەزاوی بنەمای لەسەر تێگەیشتنی ئیمامە دامەزرێنەرەکانی چوار قوتابخانە

شەرعیەتەکەی ئیسلام داناوە. ئەو چوار ئیمامە هەر یەکەیان قوتابخانەیەکی بەناوکراوە کە حەنەفی (٦٩٩–٧٦٧)، مالیکی (٧١٦–٧٩٥)، شافیعی (٧٦٩–٨٢٠)و حەنبەلی (٧٨٠–٨٥٥) ین، دیارە کەسانی دیکەش هەن کە لەدوای ئەوانە هاتونو تێگەیشتنی خۆیان خستۆتە سەر یەکێك یان چەندانێك لە تێگەیشتنەکانی ئەم قوتابخانانە، بەڵام بەتەنێ تێگەیشتنەکانی ئەوانە کە تا ئێستاش بە چاوگی سەرەکی دەژمێردرێنو زانایانو ئیسلامییەکان بە بنەمایان دادەنێن بۆ تێگەیشتن لە قورئان.

ئەو چوار ئیمامە کە بە دامەزرێنەرانی شەریعەتی ئیسلامی دادەنرێن (بۆ موسڵمانە سوننییەکان) لە سەرەتای سەدەی دووەمی هیجرەوە دەستیان بە کارەکانیان کرد، واتە دوای زیاتر لە سەد ساڵ لە مردنی پێغەمبەر (د). هێڵە سەرەکییەکانی شەریعەت تا ساڵی ٨٥٠ زایینی دارێژرانو بەردەوام بوون تا سەدەی چوارەمی هیجری. وەك چۆن ئیسلامییەکان بەخۆشیان دانیپێدادەنێن شەریعەت بەمەبەستی بەڕێوەبەردنو ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەربڵاوەکەی ئیسلام لە دەقە ئایینییەکانی ئیسلام هەڵهێنجران (بڕوانە Mawdudi 2002: 42). دەبێ ئەوەش بگوترێ شەریعەت لە میانی پرۆسەیەکی نافەرمیی (نارەسمیی)و کەسیی (فەردیی) تێکەڵ بە کاروباری ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی ئیسلامیی کرا. لە سەرەتا پشتی بە گواستنەوەی زارەکی بەستبووو بەشێوەیەکی نافەرمیش جێبەجێدەکرا، چونکە لەسەرەتا دامودەزگایەکی ڕێکخراوی دەوڵەتیی لە ئیسلامدا نەبوو بۆ یاسادانان (تەشریع)و جێبەجێکردن (Black 2001: 12). نەنووسینەوەی قورئانو سوننەت بەڵگەی پشتیوانین بۆ ئەو ڕاستییەی سەرەوە،

ئەوەش وەك پێشتر باسیلێکرا چونکە کۆمەڵگەی ئیسلامیی، لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا، لەسەر شێوازو بنچینەی خێڵەکی بەڕێوەدەچووو هیچ دامودەزگایەکی فەرمیی یاسادانانو ڕاپەڕاندنی نەبوو. دوابەدوای گەشەکردنی ئیسلامو داگیرکردنی خاكو وڵاتانی دەوروبەر، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفەی دووەم عومەری بن خەتاب (ف. ٦٣٤–٦٤٤)، هەروەها بۆ پاراستنی ئاسایشو سەقامگیریی وڵاتو نەهێشتنی ئاژاوە ناوخۆییەکان (شەڕی نێوان لایەنە سوننیو شیعییو خەواریجەکان) پێویستیی دامەزراندنی دەوڵەتو دامودەزگاکانی هاتنەپێش. بۆئەمەش زانا ئایینییەکانو فوقەهاکان داوای ملکەچیی (إطاعة) بێقەیدوشەرتی کۆمەڵانی خەڵکیان بۆ ئەمیر (حاکم) کردو بە ئەرکێکی ئایینییشیان بە خەڵك ناساند. لەبەرئەوەی خەڵکانی ئەو کات ملکەچیی ئایینییان لە هەموو شت لا پیرۆزتر بوو بۆیە وا بەپێویست زانراو دۆخەکە وای خواست ئەم ملکەچییە لە قالبی ئایینیی پێناسبکرێتو بە زاراوە ئایینییەکان بڕازێندرێتەوە. بۆیە ملکەچکردن بەپێی ئەم ئایەتە پاساوی پێدرا " ئەی گەلی خاوەنباوەڕان! بەرفەرمانی خواو پێغەمبەری خواو کاربەدەستانی خۆتان بن "(قورئان ٤: ٥٩). ئا لەوکاتانەدا بوو تیوری سیاسیی ئیسلامیی (فیقهی سیاسیی ئیسلامیی) خۆی ڕاپێشکرد. بۆنمونە، ماوردی (٩٧٤–١٠٥٨) لە کتێبە بەناوبانگەکەی *الأحكام السلطانية* (ئەحکامە سوڵتانییەکان)، یەکێك لە بەناوبانگترین ئەو کتێبانەیە کە لەبواری فیقهی سیاسیی نوسراوە، دەڵێ "ملکەچی بۆ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، لەلایەن خواوە، وەك ئەرکێك بەسەرماندا فەرزکراوە" (و.ل. Lambton 1981: 86). غەزالی (١٠٥٨–١١١١)، یەکێکی دیکە لە ئیسلامییە کۆنەکان، دەڵێ خوا دوو گروپی لە پیاوان جیاکردۆتەوەو لە خەڵکانی دیکەی بەرزتر ڕاگرتون: گروپی یەکەم

پێغەمبەرەکانو گروپی دووەم شاکان (ملوك)... خوا پایەی بەرزی بە شاکان بەخشیوە (و.ل. Black 2001: 94-95). بەمەبەستی دانی پلەوپایەیەکی پیرۆز بە حاکمو هەموو ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، زانایانی ئایینیو فوقەهاکان هەوڵیانداوە ڕۆڵی ئەوان وەك یان هاوتای ڕۆڵی پێغەمبەران چاولێبکرێن، وەك ئەوەی کە گوایە ئەوانیش لەلایەن خواوە ئەو ڕۆڵەیان پێدراوە. غەزالی دەڵێ "خوا پێغەمبەران بۆ بەندەکانی دەنێرێ تا بەرەو خۆی (خوا) ڕێگەیان پێشانبدرێ... خوا بە حیکمەتی خۆشی شاکانیش هەڵدەبژێرێ تا بە خێروخۆشی بەندەکانی ئەو ڕابگەن"، غەزالی موکوڕە لەسەرئەوەی کە پلەوپایەی "شایەتیی (kingship) خواپێدراوییە" (و.ل. Lambton 1981: 120). ئیبن تەیمیە (١٢٦٣–١٣٢٨)، یەکێك لە ناودارترین ئیسلامییە کۆنەکان، باوەڕی بە ڕەبانییەتی دەسەڵات هەیە. ئەو لە کتێبی *السیاسة الشرعیة* نووسیویەتی "هەموو ئەوانەی کە دەسەڵاتیان (ولاة) پێبەخشراوە نوێنەری (نوابة) خوان لەسەر مەخلوقاتەکانی خواو لەهەمانکاتیش جێگری (وکالة)ی خوان (و.ل. Lambton 1981: 150).

پەیوەندی نێوان حاکمو مەحکوم بەتایبەتی ئەوەی کە وەك هەندێك لە ئیسلامییەکان پێیانوایە حاکم وەکیلی خوایە یان لەلایەن ئەوەوە پلەوپایەیەی پێبەخشراوە لەسەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام بەدیناکرێ، بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەو بانگەشەیە تێهەڵهێنجانێکی فەقێیانەیەو بارودۆخی زەمانە هێنایەپێشو دواتریش کرا بە تیور. هەربۆیەش جێبەجێکردنی شەریعەت بەتایبەتی فیقهی سیاسیی، وەك ئەوەی ئیسلامییەکان کردویانە بە داخوازییەکی سەرەکی، بەهیچ شێوەیەك ناگەڕێتەوە بۆ قورئان. ئەوەی ڕاستی بێت شەریعەت لەلایەن زانا

ئایینیی‌و فوقەهاکانەوە بە تێهەڵهێنجان لە قورئان‌و بە خۆبەستن بە لێکدانەوەی حەرفی زاراوەو وشەکانی ناو قورئان داڕێژراوە. بۆیە وەك حەشماوی (١٩٨٣) باسیلێدەکا جێبەجێکردن (تەتبیقکردن)ی شەریعەت جێبەجێکردنی بیری کۆمەڵایەتی–سیاسی ئیسلامییەکانە نەك ئەوەی پێیدەگوترێ یاسا ئاسمانییەکان. بێجگە لەمە، شەریعەت زۆر بە قورسی پشتی بە سوننەت بەستوە لەکاتێکدا ئاشکرایە لە ئیسلامدا تەنیا قورئان لە ئاسمانەوە دابەزیوە. لەبەرئەم هۆیانە، چۆن سەردار (بڕیارێکی ناسراوی پاکستانییە) پێشنیازیکردوە، شەریعەت لە پرۆسەیەکی مێژوییدا لە سەردەمی عەباسییەکان کۆمەڵایەتیانە داڕێژراوە (socially constructed)، لەبەرئەوە داڕشتنی شەریعەت بوو بە بەشێك لە دینامیکییەتی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییانەی موسڵمانان‌و بگرە بووە تەواوکەری ئەو دینامیکییەتە (Sardar 2003).

## کورتەو سەرئەنجامەکانی بەشی دووەم

یەکەم پرسیار کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەی دا، ئەوە بوو، ئایا سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام (قورئان‌و سوننەت) هیچ ڕێنماییەك دەربارەی سیاسەت‌و حوکمکردن لەخۆدەگرن؟ یان بە شێوازێکی دیکە ئایا ئیسلام چوارچێوەی دەوڵەت‌و دامودەزگاکانی دیاریدەکا؟ لە توێژینەوەکەدا بایەخێکی تایبەتیمان بە دەقە قورئانییەکانداو خۆمان لە بەکارهێنان‌و هەڵسەنگاندنی فەرمودەکانی پێغەمبەریش (د)، تاڕادەیەك، وەدوورگرت، چونکە، فەرموودەکان پاش زیاتر لە دوو سەد ساڵ لە مردنی پێغەمبەر (د) کۆکراونەتەوەو سەلماندنی

ڕەسەنییەتی فەرمودەكان كارێكی سەختە. بەپشتبەستن بەو خوێندنەوە وردەی بۆ قورئانمان كرد، لەگەڵ لێكۆڵینەوە لە هەندێك لە كاروكردەوەكانی پێغەمبەرو ڕووداوە گرنگەكانی یەكەمین قۆناغی مێژووی ئیسلام، بەو ئەنجامە گەیشتین، كە سەرچاوە سەرەكییەكانی ئیسلام بەدەگمەن ئاماژەیان بۆ سیاسەتو حوكمكردن كردوە. لەگەڵئەوەشدا، لەوباوەڕەداین، بڕیاردان لەسەرئەوەی كە ئیسلام هیچ خسڵەتێكی سیاسیی نیە، بڕیارێكی سەرپێییو دوورە لە وردبوونەوەیەكی ئەكادیمیی. لەهەمانكات، پێداگرتن لەسەرئەوەی، ئیسلام ئاینو سیاسەتەو شتە ڕۆحییو دنیاییەكان لەخۆدەگرێ، بەو مانایەی ئیسلام ڕێگای سەرتاپای ژیانە، ئارگیومێنتێكی بێبنەمایە. ئێمە پێمانوایە، ئیسلام هەندێك باوەڕ (عقیدة)و بەها (قیم)و ئاكاری وا لەخۆدەگرێ كە بایەخو سیمای سیاسییان هەیە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئەو دەرسانەی پوخت ئایینین، ڕەنگە، لە ڕایەڵێكدا پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەبێتو بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیش پەیوەندیی نزیكی ئاینو سیاسەت شتێكی ئاسایی بووە. لەوەش زیاتر، زۆرئاستەمە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتیی ببینینەوە كە تێكەڵ بە خسڵەتە سیاسییەكان نەكرابێت یان لەخۆیاننەگرێت (Gailan 2000: 19). ئەوە بەو مانایە نیە كە ئیسلام ئایینێكی سیاسییە یان خاوەن ئایدۆلۆجییایەكی سیاسییە. چونكە، یەكێك لە خسڵەتە بنەڕەتییەكانی هەر ئایدیۆلۆجییایەكی سیاسیی ئەوەیە كە هەوڵی چارەسەری (address) مەسەلەی حكومەتو پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو جەماوەر بداو بنەمای پرۆگرامێكی كۆمەڵایەتی–سیاسییش لەخۆبگرێ (بڕوانە Sargent 1999: 222-229). سەرچاوە سەرەكییەكانی ئیسلام بەدڵنیاییەوە چارەسەرو پرۆگرامێكی لەمجۆرە لەخۆناگرن.

ئیسلامییەکان پێغەمبەریان بە دامەزرێنەرو سەرۆکی یەکەمین حکومەتی ئیسلامیی داناوە. ئێمە پێمانوایە، سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەر (د) ڕۆڵێکی ڕابەرایەتی لە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام هەبووو سەرکردەیەکی لێهاتووی ئایینیو کۆمەڵگە عەرەبییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بوو. بەڵام، ڕۆڵە ڕابەرایەتییەکەی تەنیا لە چوارچێوەی پراکتیزە کەلتورییەکانی عەرەبان دەکرێ ئیستیعاب بکرێ. ڕەنگە، باشترین وەسف بۆ ڕۆڵی پێغەمبەر لەناو کۆمەڵگەکەیدا ناوزەدکردنی بێ بە سەرۆکی فیدراسیۆنی چەند خێڵێك، نەك سەرۆکی دەوڵەت. لێرەدا واچاکە دیسان ئاماژە بەوە بکەینەوە کە پێغەمبەر (د) لە زیاتر لە ٥٠ ئایەت لە قورئان فەرمانی پێکراوە یان وەبیریهێنراوەتەوە کە تۆ (پێغەمبەر) تەنیا 'مژدەدەر'، 'ترسێنەر'و 'پەیامبەر'یتو نەکراویت بە 'وەکیل' بەسەر خەڵکەوە (بڕوانە پاشبەندی ١). ئەگەر پێغەمبەر (د) ڕۆڵی سیاسییشی دیبێت نابێت لەگەڵ ڕۆڵی پێغەمبەرایەتییەکەی (دور النبوة) تێکەڵبکرێت.

تێگەیشتنی ئێمە بۆ پەیمانی مەدینە ئەوەیە کە هاوپەیمانییەتێك بوو لەنێوان چەند خێڵێکی مەدینە، بانگەشەی ئەوەی پەیمانی مەدینە دەستوری یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامیی بوو لە ڕاستیی دوورەو بانگەشەیەکی بنکۆڵە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ئەوە نادات بڵێ پێغەمبەر (د) هیچ ڕۆڵی سیاسیی نەبووە یان نەبینیوە، چونکە، پێغەمبەر (د) تەنانەت ژن هێنانەکانیشی هاندەرو مەغزای سیاسیی لە پشت بوون. پێغەمبەر (د) ژنەکانی بەشێوەیك هەڵبژاردون تا بتوانی یەکێتیی کۆمەڵگەی موسڵمانان بپارێزێ. بەڵام، بانگەشەی ئەوەی کە پێغەمبەر

(د) نیازی دامەزراندنی دەوڵەتی هەبووبێت یان سەرۆکی یەکەمین حکومەتی ئیسلامیی بووبێت، بنەمایەکی تۆکمەی نیە.

لەم بەشەدا پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە ئیسلام، بەتایبەتی قورئانو سوننەت، باسیان نە لە سیاسەت نە لە شێوازێکی دیاریکراوی حوکمکردن نەکردوە. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام زیاتر باسو مامەڵەیان لەگەڵ پرسو کێشە ئایینییەکان، ئەخلاقییەکانو بەهاکانی کۆمەڵگەیەکی گەشەنەکردو لە نیمچە دوورگەی عەرەبی کردوە. ئەوەی لە هەمووانیش ئاشکراترە ئەوەیە کە سەرچاوە ئیسلامییەکان تیۆرێکی سیاسیی وا ناخەنەپێش کە بتواندرێ ببێتە بنەمایەك بۆ شێوازێکی حوکمکردن. هەرئەوەشە بەرەو ئەو پرسیارانەمان دەبات، ئەگەر سەرچاوە ئیسلامییەکان بنەمای تیورێکی سیاسییو هەروەها چەمکگەلێکی سیاسیی وا بۆ بەڕێوەبردن لەخۆنیشاننادەنو ناخەنەڕوو، ئەدی تیوری سیاسیی ئیسلامیی بنەمای لەسەر چ چەمکگەلێك داناوە؟ چین کامانەن؟ چۆنو کەی هاتنە ناو ئیسلام؟ بەشی داهاتووی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ گفتوگۆکردنو مامەڵکردن لەگەڵ ئەو پرسیارانەی سەرەوەو هەوڵدەدەین بچینە بنجو بنەوانی چەمکەکانو لە ڕەسەنێتیان بکۆڵینەوە.

# بەشی سێیەم

## بنجو بنەوانی چەمکە سیاسییەکانی ئیسلام[17]

ئیسلامییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە هەموو چەمك، رەفتار، بیرۆکە، یاسا، رێنمایی، بەها، پراکتیز، دابو نەرێتو پێوەرەکانی ئیسلام لە چاوگە سەرەکییەکانی ئیسلامەوە سەرچاوەدەگرن (قطب ١٩٨٠: ٨). بۆیە لەم بەشەدا ئەو بانگەشەیەی سەرەوە دەخەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە بەتایبەتیش جەختدەکەینە سەر چەمكو پراکتیزە سیاسییەکان. کۆمەڵێك چەمکی سیاسیی هەن، وەك شورا، خەلافەت، پەیمان (الحلف)، زیمە (ذِمْە)، جیهاد، ئەنفالو ئایینو دەوڵەت، کە ئیسلامییەکان بە چەمکگەلی ئیسلامییان دادەنێنو لە پرۆسەی بەسیاسییکردنی ئیسلام کەڵکیان لێوەردەگرن. بەمەبەستی گەڕانو گەیشتن بە بنجو بنەوانیان چەمکەکان لەژێر دوو گروپدا پۆلیندەکەین، چەمکەکانی پێش ئیسلام (Pre-Islamic concepts)، ئەوانەی بەڕەسەن دەگەڕێنەوە

[17] دیارە ڕاستترە بڵێین چەمکە سیاسییەکانی ئیسلامییەکان نەك چەمکە سیاسییەکانی ئیسلام، بەڵام، ملمان بە ناوە باوەکە دا.

بۆ دابونەرێتو بەهاو پراکتیزە خێڵەکییە عەرەبییەکان پێش هاتنی ئیسلام. هەروەها چەمکە نائیسلامییەکان (Non-Islamic concepts)، ئەوانەش ئەو چەمکانەن کە لە بیرۆکەو نەرێتو پراکتیزە کۆمەڵایەتیی–سیاسییەکانی ئێرانییەکانو بێزەنتییەکان سەرچاوەیانگرتوە. ئیسلامییەکان باوەڕیانوایە کە چەمکو بەها ئیسلامییەکان چەمکگەلێکی ئاسمانینو بەمەبەستی لە ڕیشە دەرکێشانی بیرۆکەو چەمکەکانی پێش ئیسلام دابەزیون. ڕەنگە ئەو بانگەشەیە لە پەیوەند لەگەڵ بیرۆکەی باوی چەندخوایی عەرەبەکانی پێش ئیسلام تاڕادەیەك ڕێیتێبچێ، چونکە ئیسلام برەوی بە بیرۆکەی یەکخوایی (monotheism) دا. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بیرۆکەی یەکخوایی شتێکی نامۆ نەبوو لای عەرەب، چونکە زەمانێك بوو جولەکەکانو مەسیحییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب باوەڕیان بە یەکخوایی هێنابووو بانگەشەشیان بۆ دەکرد، دوای هاتنی ئیسلامیش هەر بەردەوام بوونو زۆریان هەر لەسەر ئایینەکەی خۆیان مانەوە. ڕاستە عەرەبەکان بەگشتی بتپەرست بوون، بەڵام بە چاکی لە بیرۆکەی یەکتاخوایی ئاگاداربوون. بانگەشەی ئەوەی کە چەمکو بەهاو دابونەرێتی عەرەبە وەرگەڕاوەکانی سەر ئیسلام لەگەڵ هاتنی ئیسلام گۆڕانکاری بنەڕەتییان بەسەردا هات، بانگەشەیەکی ئایینییەو واقیعبینانە نیە (Teipen 2002).

لە بەشی دووەم گوتمان سەرچاوەکانی ئیسلام ڕێوشوێنی حوکمکردن دیارینەکراوەنو خۆیان لە قەرەی پرسو کێشە سیاسییەکان نەداوە، کەچی ئیسلامییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چەمکگەلێکی سیاسیی ئیسلامیی هەن، هەم پێغەمبەر (د) هەم فەرمانڕەوا موسڵمانەکان بەکارییانهێناونو

سوودیان لێوەرگرتوون، دەشڵێن ئەو چەمکانە لە ئیسلامەوە سەرچاوەدەگرن. بەگشتی ئایینەکان، بە ئیسلامیشەوە، چەمکی سیاسیی لە خۆناگرن. ئایینەکان هەندێکجار لایەنگری لە چەمکگەلی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن کە تێیدا لە دایك دەبن و/یان تێیدا گەشەدەکەن. لە حاڵەتی ئیسلامدا، چەمکەکان ئەوانە بوون کە لەلای خێڵە عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام باوبوون لەگەڵ ئەوانەش کە لەلایەن ئێرانییەکانو بێزەنتییەکان، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی خاکەکانیان، پراکتیزەدەکران. لە خوارەوە هەوڵدەدەین باس لەو چەمکانە بکەینو بنجو بنەوانیان دەستنیشان بکەین.

## چەمکە سیاسییەکانی پێش ئیسلام

دابڕانو (discontinuity) درێژنەبوونەوە لەنێوان چەمکە ئیسلامییەکانو نەرێتو بەهاو پراکتیزەکانی پێش ئیسلام بانگەشەیەکی تیورییانەی ناوەڕۆك ئایینییە، چونکە ئیسلام لە چوارچێوەی دابو نەرێتو کلتوری عەرەبی لە دایکبووو فەرهەنگی عەرەبی، بە مانا گشتییەکەی، بووە بناغەی شارستانییەتی ئیسلام، دیارە ئەوەش هەر ڕاستە ئەگەر بڵێی شارستانییەتی عەرەبی لە کورەی ئیسلام خەملی. بەکورتی، هەردووکیان کارتێکەرو کارلێکراوو تەواوکەری یەکدین، هەربۆیەش باشترین ناو بۆ فەرهەنگی عەرەبی دوای لە دایکبوونی ئیسلام فەرهەنگی عەرەبی–ئیسلامییە. بۆیە، دەتوانین بڵێین زۆربەی پراکتیزو شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە تازە لە دایکبووەکەی ئیسلام ڕیشەی قوڵی لە دابو نەرێتو کلتوری خێڵەکی عەرەبی داکوتاوە. ئەوە بە ئاشکرا لە شێوازی

بەڕێوەچوونی کۆمەڵگەی ئیسلامیی، لە قۆناغە بەراییەکانیو تەنانەت دوای دامەزراندنی دەوڵەتیش لە سەردەمی ئەمەوییەکانو عەباسییەکانەوە، دیارە. لە چەند بڕگەی داهاتودا بە پشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان چەمکە سیاسییە بەناو ئیسلامییەکان بەسەردەکەینەوەو لە بنجو بنەوانیان دەکۆڵینەوە.

## چەمکگەلی شورا و خەلافەت

لە مێژووی ئیسلامدا شورا پەیوەستە بە گفتوگۆکردنو ڕاوێژکردن لەنێوان سەرداران‌و پیاوماقوڵانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی، زۆرجار کەسانی ڕاوێژکەر بە خەڵکانی هەڵوەشێنەرو لێکگرێدەر (أهل الحل والعقد) ناوزەدکراون، ئێمە لەم توێژینەوەیە هەر ئەهلی حەلو عەقد بەکاردێنین. گەورەترینو گرنگترین ئەرکی ئەهلی حەلو عەقد دەستنیشانکردنی خەلیفەو بەڵێن (البیعة) پێدان بووە بە خەلیفەی هەڵبژێردراو یان خەلیفەی دەستنیشانکراو (المُعَین). لەبەرئەوە، هەردوو چەمکی شوراو خەلافەت پەیوەندییەکی تۆکمەیان بەیەکەوە هەیە، هەربۆیەش بەیەکەوە تاوتوێیان دەکەین.

شورا زاراوەیەکی عەرەبییە بەمانای تەگبیر یان ڕاوێژ دێت، لە دوو ئایەتی قورئانیش ئاماژەی پێکراوە. ئایەتی یەکەم دەڵێ "لە بەزەیی خواڕایە کە تۆ (پێغەمبەر) هێندە نەرمونیانی لەگەڵیان، ئەگەر یەکێ دڵڕەقو توندو تۆسن بای، بڵاوەیان لێدەکردی. تۆ بیانبورەو لەلای خوا داوای بوردنیان بۆ بکەو لە کار تەگبیر (شورا) یان پێبکە. وەختێ لێبڕای کارێ بکەی، هەر بەتەمای خوا

تێکەوە، خوا ئەوانەی خۆشدەوێ کە خۆیان هەر بەوی دەسپێرن" (قورئان ٣: ١٥٩)، دووەمیش "ئەو کەسانەش کە بە دەنگی پەروەرێنیانەوە چوونو نوێژدەکەنو کارگەلیشیان بە ڕاوێژە (شورا)و لەو بژیوەی پێمانبەخشیون، دەبەخشن" (قورئان ٤٢: ٣٨).

ئیسلامییەکان چەمکی شورایان کردوە بە بناغە بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی. قەرەزاوی دەڵێ ئیسلام شورای بە بناغەی شێوازی ژیانی ئیسلامییو شەریعەت داناوە (القرضاوی ١٩٩٦: ١٣٤–١٣٦). لەلایەکی دیکەوە، دانانی خەلیفەش بە گۆتەی ئیسلامییەکان، بۆنمونە ئیبن خەلدون (١٣٣٢–١٤٠٦)، بنەمای لەسەر کۆبڕیار (إجماع) داناوە لەبەرئەوە وەك بەشێك لە شەریعەت ناسێندراوە. ئەو دەشڵێ ئەبوبەکر عومەری بە ئامادەبوونی یاوەرانی پێغەمبەر (د) وەك خەلیفە لە دوای خۆی دانا (Ibn Khaldun 1989: 167). **هەروەها**، مەودودی باوەڕیوایە، سیستەمی سیاسیی ئیسلامیی بناغەی لەسەر سێ پرینسیپی سەرەکی داناوە: یەکخوایی (التوحید)، پەیام (الرسالة)و خەلافەت (**الخلافة**) (Mawdudi 1948).

بەڵام، تێڕامانێکی مێژووییانەی ورد لە شێوازو چۆنییەتی خۆبەڕێوەبردنی خێڵە عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب دروست ئەوەمان بۆ دەردەخا کە شورا نەریتێکی باو بووە بۆ پرسو ڕاوەرگرتن لەنێو پیاوماقوڵانی خێڵە عەرەبەکانی پێش ئیسلام. ڕاوێژکردن لە ڕیشسپیو پیاوە دیارەکانی تیرەیەك یان خێڵێك کارێکی پراکتیزەکراوبوو لەناو عەرەبەکان (Tibi 2002: 30 and 174). ئەیوبیش

پشتیوانی لەو لێکدانەوەیەی سەرەوە دەکاو لە ڕەوشی پراکتیزە عەرەبییەکاندا شورا بە بەشێك لە "گیانی یەکسانیی کۆچەریی (البدوي)" پێناسکردوە (Ayubi 1991: 32). پرسیار لێرە ئەوەیە، بۆچی ئەو دابو نەریتە لە عەرەبەکانی پێش ئیسلامەوە درێژکرانەوە یان گوێزرانەوە بۆ موسڵمانەکان. وەڵامی درێژکردنەوەی دابو نەریتەکانو پراکتیزەکان بۆ قۆناغی دوای هاتنی ئیسلام لە قوڵبوونەوەی ڕیشەی عەرەبان لەو باوەڕەی کە پێیوایە ئاسایشو بوونیان تەنیا بە ڕۆیشتنی دەقاودەق لەسەر ڕێچکەی بابو باپیرانیانەوە دابیندەکرێت (Watt 1968: 37). ڕەنگە ئەو پرینسیپەی سەرەوە بۆ هەموو ئەو کۆمەڵگەو نەتەوانە ڕاستبێت کە کلتورو فەرهەنگەکانیان بە دەوری مێژوویاندا دەخولێتەوە. باشترین وەسفیش بۆ ئەو جۆرە فەرهەنگانە ناونانیانە بە فەرهەنگی ڕەنگدانەوە (reflective culture) پێچەوانەی فەرهەنگی چالاك (active culture). مەبەستمان لە فەرهەنگی ڕەنگدانەوە ئەو فەرهەنگانەیە کە بۆ هەموو شتێك، بگرە بۆ خۆ نوێکردنەوەش دەگەڕێنەوە بۆ کلتور. زۆربەی گفتوگۆکانی خەڵکانی سەر بەو فەرهەنگانە باس لە ڕابردوو دەکەنو بیرو بۆچوونەکانیان پشت بە پەندو گێڕانەوەو وانە مێژووییەکان دەبەستێت. ئەوەش ڕاست پێچەوانەی خەڵکانی سەر بە فەرهەنگانی چالاکن کە هەمیشە خۆیانو فەرهەنگەکەیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانو پێشهاتەکانەوە نوێدەکەنەوەو چالاکانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەنو، باسی سەرەکی سەر مێزەکانیشان ئێستاو داهاتوە نەك ڕابردوو. دەتوانم بڵێم زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان دەکرێ بخرێنە خانەی گروپی فەرهەنگی ڕەنگدانەوەوە. هەربۆیەش بۆ چارەسەری هەموو کێشەکانیان دەست بۆ کلتورو مێژوو دەبەن.

بابگەڕێینەوە سەر مەسەلەی هەڵبژاردنی خەلیفەو پەیوەندی بە کلتوری باوی عەرەبەکانی پێش ئیسلام. هەڵبژاردنی جێنشین بۆ سەرۆك خێڵ (شیخ العشیرة) پراکتیزێکی باوی بابو باپیرانی خێڵە عەرەبەکان بوو. بەگشتی پیاوماقوڵانی خێڵ بەرپرسبوون لە هەڵبژاردنی سەرۆك خێڵ، بڕیارەکەش لە ڕێگەی کۆبوونەوەیەکی گشتی پیاوماقوڵانی خێڵەکە دەدرا. ئێمە پێمانوایە دوای مردنی پێغەمبەر (د) عەرەبە موسڵمانەکان لەسەر هەمان ڕێچکەی بابو باپیرانیان ویستیان جێنشینێك بۆ پێغەمبەر (د) دابنێن. لە پرۆسەی دانانی جێنشین بۆ پێغەمبەر (د) چەند جیاوازییەکی سەرەکی بەرچاودەکەون، لەوانە: ناوی گروپی بەرپرس لە پیاوماقوڵانی خێڵەوە کرا بە ئەهلی حەلو عەقدو سەرۆکی خێڵیش کرا بە خەلیفەی موسڵمانانو پرۆسەی هەڵبژاردنەکەش ناونرا شورا.

پێشئەوەی باس لە هۆکانی ئەو وردە دەستکارییانە بکەین با چەند قسەیەك لە سەر زاراوەی خەلیفە بکەین. زاراوەی خەلیفە لە چەندان شوێن لە قورئان هاتوە بەڵام بە مانای جیاجیا. بە گشتی بەمانای بریکار، جێنشینو جێگر هاتووە، هەروەها بەمانای جێگرتنەوەی خێڵێك یان خەڵکانێك لە جێی خەڵکانێکی دیکە کە پێشتر لەسەر خاکێك ژیابن هاتوە. هەروەها، بەمانای شا لە ئاماژەکردن بۆ داود پێغەمبەر هاتوە. زاراوەی خەلیفە وەك جێنشینی پێغەمبەر یەکەمجار بەسەر چوار خەلیفەکەی یەکەمی ئیسلام، کە دواتر بە خەلیفەکانی ڕاشدین ناسران، بڕدرا. هەندێك لە خەلیفە ئەمەوییەکانو عەباسییەکانیش بەهەمان مانا سوودیان لێوەرگرت، کەچی هەندێکی دیکەیان وەك خەلیفەی خوا یان سێبەری

خوا لەسەر زەوی بەکاریانهێنا. ئەمە وەك زاراوە، بەڵام تیوری خەلافەت یەکەمجار لەسەردەمی عەباسییەکان فۆرمەلەکرا.

وەك ئاماژەمانپێکرد، نەریتی دانانی جێنشین هەندێ دەستکاریی تێداکرا، لەو باوەڕەدام هۆیە سەرەکییەکانی ئەو دەستکارییانە ئەمانەبن: دەسەڵاتو ناوو ڕێزی پێغەمبەر (د) سنووری یەك خێڵی، لەم حالەتەدا قورەیش، بەزاندبوو. دووەم، زاراوەی خەلیفە بۆ موسڵمانەکان زیاتر ئایینی دەهاتە پێشچاو لە زاراوەی سەرۆکی خێڵ. لەهەمانکاتدا بۆ کپکردنی دەنگی ناڕەزایی خێڵە عەرەبەکانی دیکە، بەتایبەتی خێڵەکانی مەدینە، بەکارهات. دەبێ ئەوەش بگوترێ زاراوەی خەلیفە لە قورئان هیچ مانایەکی ئایینیی نیە.

یەکەمین خەلیفەکانی موسڵمانان نە تەنیا لەبەر گرنگیی ڕۆڵی ئایینییان هەڵبژێردران، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوە بوو کە کەسانی ناودارو خاوەنپایەی کۆمەڵایەتی بوون لەناو خێڵی قورەیش. ئەگەر بێتو لەو گفتوگۆیانەی کە لەناو سەقیفەی ئەبو عوبەیدە لە ڕۆژی مردنی پێغەمبەر (د) لەنێوان نوێنەرانی قورەیش بە سەرکردایەتی ئەبوبەکرو عومەر لەلایەكو سەعد بن عوبەیدە کە بەناوی ئەنسارەکانەوە قسەی دەکرد وردبینەوە، ئەوە ڕاستیی ئەو قسانەی سەرەوەمان بۆ دەردەکەوێت. کێشمەکێشەکە لەسەر ئەوە نەبوو کە کێ لەناو موسڵمانان لە هەمووان شایستەترە بۆ جێنشینیی بەڵکو ململانێکە لەسەر ئەوەبوو دەبێ جێنشێن لە چ بنەماڵەیەك، خێڵێك یان شارێك بێت. پەیوەندییو وابەستەیی خێڵەکیو خزمایەتیی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان لایەنەکان بوو.

قورەیشییەکان دەیانگوت بە غەیرەز قورەیش قەبوڵناکەین خەلیفە لە هیچ خێڵێکی دیکە بێت، دەشیانگوت تەنیا قورەیشییەکان دەتوانن یەکێتیی کۆمەڵگەی ئیسلامیی بپارێزن. هەرچی ئەنسارەکان بوون پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە پێغەمبەر (د) لە دەست قورەیشییەکان ڕایکردو پەنای بۆ مەدینە بردو هەر ئەوانیش بوون داڵدەیانداو ڕێزی پێویستیان لێگرت بۆیە دەبێ خەلیفە لەوان بێت (الطبری ج٣: ٢٥٥-٢٦٩ و الدینوری ١٩٩٠: ١٧-٢٧).[١٨] لەلایەکی دیکە بنەماڵەی هاشمییەکان (بنەماڵەی پێغەمبەر) باوەڕیان بە نەسلی چاکو نەسلی خراپ هەبوو، ئەوەش نەریتێکی عەرەبی بوو کە بنەماڵەو خێڵەکانی لەسەر بنەمای نەسل لێکجودا دەکردەوە. ئەوان پێیانوابوو خەلیفە دەبێ لە باشترین بنەماڵە (هاشمی)و چاکترین خێڵ (قورەیش) بێت، بێجگە لەوە دەشیانگوت پێغەمبەر (د) پێش مردنی، ئیمامی عەلی وەك جێنشین دیاریکردوە. ئەوە یەکێك لەو هۆیانە بوو کە وای لە موسڵمانانکرد بە کەسێکی قورەیش ڕازی بن، ئەندامبوون لە قورەیش کرا بە مەرجێك بۆ بوون بە خەلیفەو تا پەرەسەندنی دەسەڵاتی تورکە سەلجوقییەکانو لاوازبوونی دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەباسی لە بەغدا درێژەیپێدرا. هەر چوار خەلیفەی ڕاشدین (ئەبوبەکری سدیق، عومەری بن خەتاب، عوسمانی بن عەفانو عەلی بن ئەبی تالیب)و هەموو خەلیفەکانی ئەمەوییەکانو زۆربەی خەلیفە عەباسییەکان لە خێڵی قورەیش بوون.

---

[18] ئەبو جەعفەر محەمەد بن جەریر ئەلتەبەری (٨٣٩-٩٢٣) مێژوونووسێکی موسڵمان بوو. بە یەکێك لە ناودارترین مێژوونووسی مێژووی سەدەکانی یەکەمی ئیسلام دادەنرێت. ئبن قوتەیبەی دینوری (٨٢٨-٨٨٩) بە یەکێکی دیکە لە بیریارو مێژوونووسانی قۆناغە سەرەتاییەکانی ئیسلام دادەنرێت.

بۆ دانانی خەلیفە شێوازێکی دیکەی باو لەنێو موسڵمانان هەبوو، ئەویش دیاریکردنی خەلیفە لەلایەن خەلیفەی حاکمەوە بوو. خەلیفەی دیاریکراو مەرج نەبوو کوڕی خەلیفەی حاکم یان کەسێکی زۆر نزیکی خۆی بێت، چونکە خێڵ (پێش هاتنی ئیسلام) یان کۆمەڵگەی ئیسلامیی (دوای هاتنی ئیسلام) بەپێی دابو نەریتی عەرەبی پێویستی بە باشترین کەسی ئەو خێڵە بوو بۆ ئەو کارە (Armstrong 1991: 60, Rosenthal 1958: 33-34). هەربۆیەش ئەبوبەکر، عومەری وەك خەلیفەی دوای خۆی دیاریکرد. لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی خەلیفەکانی ڕاشدین ئەم شێوازە وەلانراو شێوازی پشتاوپشتی هاتەگۆڕێو دواتر ڕەگی داکوتا. دیارە ئەم شێوازە لەناو خێڵەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب باوی نەبوو، کەچی موسڵمانان لە ئێرانییەکانو بێزەنتییەکانیان وەرگرت.

بە پشتبەستن بەو ڕونکردنەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی خەلیفە، وەك ئەوەی خەلیفەکانی ڕاشدینی پێدیاریکرا، هەروەها دانانی خەلیفە، وەك ئەوەی ئەمەوییەکانو عەباسییەکان گرتیانەبەر، بنەمایەکی ئیسلامیی نیە. ئەوەی یەکەمیان نەریتێکی خێڵەکی عەرەبی باوی عەرەبەکانی پێش ئیسلام بوو بە دەستکارییەکی کەمو ڕووکەشانە تێکەڵ بە ئیسلام کرا. شێوازەکەی دواتریش نەریتێکی ئێرانیو بێزەنتی بووو لەگەڵ تێکەڵبوونی موسڵمانان لەگەڵیاندا لێیانوەرگرتنو بە ئیسلامییانکرد. هەندێك لە ئیسلامییە کۆنەکان لەوانە ماوردی (٩٧٤–١٠٥٨)و بەغدادی (٩٨٠–١٠٣٧) پشتیوانیی خۆیان لەم شێوازە دەربڕیوە. بە دڵنیاییەوەش دەتوانین بڵێین سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام، قورئانو سوننەت، هیچ ئاماژەیەکیان نە بە خەلیفە وەك پێشەوای موسڵمانان، نە

خەلافەت وەك دەزگای ڕێکخەرو بەڕێوەبەری کاروباری موسڵمانان نەکردوە. پێغەمبەر (د) تەنیا یەکجار داوا لە ئەبوبەکر دەکا پێشنوێژی موسڵمانان بکا، ئەوەش دیارە لە چوارچێوەی ڕۆڵی ئایینی بووە نەك سیاسیی.

## چەمکی پەیمان

ئەوەی دەمانەوێ لە پەیوەند لەگەڵ چەمکی پەیمان لێیبکۆڵینەوە، پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنو بەراوردکردنی پەیمانی مەدینە (بڕوانە بەشی دووەم) لەگەڵ پراکتیزو پەیمانبەستنی باو لەناو عەرەبو موسڵمانان لە نیمچە دوورگەی عەرەب. پەیمانبەستنو پێکهاتن لەسەر خاڵێك یان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتێك نەریتێکی باو بوو لەناو عەرەبەکانی پێش ئیسلام. مەبەستی سەرەکی پەیمانەکان کۆکبوون بوو لەنێوان دوو یان چەند خێڵێك (یان چەند تیرەیەك) بۆ بەرانگاربوونەوەی شەڕانگێزیو هەڕەشەی پێشهات یان چاوەڕوانکراو (Watt 1968: 8). هەندێجار پەیمان لەنێوان دوولایەنی ناهاوتا لە هێز یان ژمارە دەبەسترا، لەوکاتانەدا خێڵە بەهێزەکە خێڵەکەی دیکەی دەخستە ژێرباڵی خۆیو دەیپاراست. پەیمانی مەدینە  کە پێغەمبەر (د) وەك پێشەوای ئایینی باوەڕداران بەشداریتێداکردو پەیمانی فزول (حلف الفضول) کە پێش هاتنی ئیسلام بەسترا، هەردووکیان دەکرێ بخرێنە ریزی ئەو پەیمانانەی کە لەلایەن عەرەبەکانەوە لە پێش هاتنی ئیسلام پراکتیزە دەکران (*EI* 1971 Vol. 2: 389).

پەیمانی فزول پێکهاتنێکی چەندلایەنەی خێڵو تیرەکانی مەککە بوو بۆ پشتیوانی لەو کەسانەی خراپەکارییان لەدژ دەکرێو ڕاگرتنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵیانو چاولێکردنیان. هۆی سەرەکی گرێدانی پەیمانی فزول، غەدرلێکردن بوو لە بازرگانێکی یەمەنی لەلایەن قورەیشییەکانەوە، لەڕاستیدا تیرەیەك لە قورەیش دەستیان بەسەر سەروسامانی یەمەنییەك داگرت. کابرای یەمەنی بەناچاری پەنای بۆ پیاوماقوڵانی قورەیش برد. بنەماڵەی بەنی هاشم، بنەماڵەی پێغەمبەر، پاش ئەوەی کە گوێبیست بوون، داوای کۆبوونەوەیەکیان کردو ئاکامی کۆبونەوەکە بەستنی پەیمانی فزوڵی لێکەوتەوە. ئامادەبووان سوێندیان خوارد کە هەرکاتێ ناڕەواییەك ببینن لەبەرابەری ڕادەوەستن. محەمەد (کە هێشتا نەببوە پێغەمبەر) لە کۆبونەوەکە ئامادەبوو. لە پێغەمبەر (د) دەگێڕنەوە کە گوتویەتی ئەگەر لە ئیسلامدا داوای بەشداربوونی پەیمانێکی لەو چەشنەی لێبکرێ بێدوودڵی بەشداری تێدادەکا، پێغەمبەر (د) هەرئەوکات پشتیوانی خۆی لە هەر چاکەیەك کە لە سەردەمی 'جاهلیەت' (سەردەمی پێش ئیسلام) کرابێت، کردوە (Ghannouchi 1998: 93).

پەیمانی مەدینە، کە لە بەشی دووەم باسیلێکرا، وەك پەیمانی فزول پێکهاتنێکی خێڵەکی بوو، یەکەمیان لەنێوان خێڵەکانی مەدینەو ئەوەی دیکەش لەنێوان خێڵەکانی مەککە بەسترا. لە ڕاستیدا هەردوو پەیمان هیچ گرنگییەکی ئایینی–ئاسمانیی وا لەخۆ نیشانانادەن کە بکرێ ناویلێبندرێ دەستوری دەوڵەتی ئیسلامیی، وەك ئەوەی ئیسلامییەکان لە کەیسی پەیمانی مەدینە بانگەشەی بۆ دەکەن. خاڵێکی دیکەی زۆرگرنگ پەیوەست بەو ڕووداوە مێژووییانە ئەوەیە تا

ئێستا هیچ ئیسلامییەك پەیمانی فزولی بە دەستوری مەككە ناوزەد نەكردوە. ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە كە پەیمانی فزول دەستوری مەككە بووبێت، بەڵكو ئەوەیە، باشە بۆ دەبێ دووپەیمانی هاوشێوە یەكێك وەك دەستوری كۆمەڵگەی ئیسلامیی ناوبرێتو، ئەوەی دیكەش مەگەر جارجار بۆ گێڕانەوەی ئەو گوتەیەی پێغەمبەر (د) كە لەپێشەوە باسكرا، دەنا نە لە نزیك نە لە دوور ئاماژەی بۆ ناكرێ؟ ئەوە یەكێكە لەو هەڵاواردنانەی ئیسلامییەكان دەیكەن بۆ ڕووداوو گێڕانەوە مێژووییەكانی عەرەبو ئیسلام.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیەی سەرەوەو ئەو قسەوباسەی لە بەشی دووەم لەسەر پەیمانی مەدینە كردمان، دەگەینە ئەو بڕوایەی كە بڵێین پەیمانی مەدینە پێكهاتنێكی ئاساییو سادەی خۆڕێكخستنی خێڵەكیانەی كاروبارو بەرانگاربوونەی پێشهاتەكان بوو لە چوارچێوەیەكی مێژوویی كاتوساتی خۆی. ئەو جۆرە پێكهاتنانە لە پێش هاتنی ئیسلامو دوای هاتنی ئیسلامیش لەو ناوچەیە پراكتیزە دەكران. بۆیە بڕوامانوایە كە پەیمانی مەدینە وەك چەمكێك بۆ ڕێكخستنی كاروباری خەڵكی مەدینە چەمكێكی پێش ئیسلامییەو لەلایەن موسڵمانانو خەڵكانی دیكەی مەدینە سودیان لێوەرگیرا. لەبەرئەوە ناونانی پێكهاتنێكی لەو چەشنە، هەروەك چۆن پەیمانی فزول ناونەنرا، بە دەستوری مەدینە، هەڵپەكردنە لە بڕیاردانو، چەواشەكردنی ڕووداوە مێژووییەكانە بە مەبەستی ڕەنگكردنی سیاسییانەی ڕۆژگارەكانی سەردەمی پێغەمبەر (د).

شێرکۆ کرمانج

## چەمکی زیمە

بایەخدانی ئێمە بەو چەمکە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئیسلامییەکان تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئەم چەمکە کردوە بە بنەما بۆ ڕێکخستنو دارشتنی پەیوەندیی نێوان موسڵمانانو غەیرەموسڵمانان لە دنیای ئەمڕۆدا. تەنانەت دەیانەوێ وەك بناغەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتە ئیسلامییەکانو دەوڵەتانی دیکەی دابنێن، بەکورتی دەیانەوێ بیکەن بە بنەمایەك بۆ پەیوەندیو یاسا نێونەتەوەییەکان.

زاراوەی زیمە (ذِمّة) بە مانای 'کەوتنە ژێرچاودێری' یان 'ئەستۆ'ی کەسێکی دیکە دێ. بۆنمونە، کە دەگوترێت ئەو شتە لە زیمەی تۆدایە، وەك ئەوەیە بڵێی ئەو شتە لە ئەستۆی تۆدایە. 'زیمی' (ذِمّي) یش ئەو کەسەیە کە پاراستنی سەلامەتیی لە ئەستۆی کەسێکی دیکە دایە. لە ئیسلامدا بەو کەسانە گوتراوە کە موسڵمان نینو لە وڵاتی ئیسلامدا لەگەڵ موسڵمانان ژیاونو بەپێی قورئان باجێکیان لێستێندراوە کە پێیدەگوترێ جزیە (بڕوانە قورئان ٩: ٢٩). لەسەرەتا ناوەکەو باجەکە تەنها بەسەر خەڵکانی جوولەکەو مەسیحیدا، کە بە (أهل الکتاب) ناودەبران، بڕابوو. بەڵام دوای پەرەسەندنی ئیسلام زەردەشتیو هیندۆسیشی گرتەوە. لە مێژووی موسڵمانان ڕێکەوتننامەیەك (المیثاق) هەیە بەناوی ڕێکەوتننامەی عومەر کە لەم بارەیەوە وردەکاری زیاتری تێدا نوسراوە.

مانا ئیسلامییەکەی زاراوەی زیمە لەو چەمكو پرینسیپە خێڵەکییە عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتوە کە خێڵێکی بەهێز خێڵێك یان تیرەیەکی بێهێز دەپارێزێ، بەو واتایەی چاودێریلێکردنی دەخاتە ئەستۆی (زیمەی) خۆیو تا ئەوکاتەی لە زیمەی ئەودابێت پاراستنی ئاسایشو بوونی خێڵە لاوازەکە لە زیمەی خێڵە بەهێزەکە دایە. بۆ لایەنە بەهێزەکە پاراستنی لایەنە بێهێزەکەو نیشاندانی توانای پارێزگاریلێکردنی مەسەلەیەکە بۆ عەرەبان پەیوەندی بە شەرەفو کەرامەتەوە هەبووەو هەیە. نەدەبوو لایەنە بەهێزەکە هیچ پەلامارێك بکاتە سەر لایەنی لە ئەستۆگیراو (زیمی کراو) چونکە ئیدی وەك هاوپەیمان تەماشادەکرا ( Armstrong .(2003: 16

پراکتیزەکردنی ئەو نەرێتە عەرەبییە دوای هاتنی ئیسلامیش درێژەپێدراو لەگەڵ پەرەسەندنی ئیسلامیش هەندێك گۆڕانکاری بەخۆیەوە دی. زیمە لە پارێزگاریکردنی خێڵو تیرە لاوازەکان لەلایەن خێڵە دەسەڵاتدارەکانەوە گۆڕدرا بە پاراستنی کەمینە ئایینییەکان، وەك جولەکەو مەسیحی، لەلایەن موسڵمانانەوە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لەناو موسڵمانان زیاتر قوڕەیش بوو کە ئەم ئەرکەی ڕادەپەڕاند. بە شایەدیی هەندێك لە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا، بۆنمونە وات (Watt)، مەسیحییەکانی میسرو شام دوای داگیرکردنی ئەو وڵاتانە لەلایەن موسڵمانانەوە وەك کەمینەیەك لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا باشتر پارێزگارییان لێدەکرا لەوکاتەی کە لەژێر دەسەڵاتی بێزەنتییە یۆنانییەکان بوون. وات، هۆکەی دەگێڕێتەوە بۆئەوەی پاراستنی کەمینەیەك یان دەخالەتهێنێك بۆ عەرەبە موسڵمانەکانو دیتنی چالاکانەی پارێزگاریلێکردن، مەسەلەی شەرەفو کەرامەت

بوو بۆیانو نەریتێکی خێڵەکی عەرەبی بوو بە میرات بۆ موسڵمانەکان بەجێمابوو (Watt 1968: 49-51).

لە سۆنگەی ئەمەشەوە، ئێمە وایتێدەگەین کە زیمە چەمکێکی کۆمەڵایەتی عەرەبی پێش ئیسلام بووو موسڵمانان وەك شانازییەك بەو دابو نەریتە عەرەبییە درێژەیانپێداو مانایەکی ناوەڕۆك ئایینییان پێبەخشی. بۆیە زیمە سەرەڕای ئەوەش کە لە قورئان ئاماژەی پێکراوە بەڵام وەك چەمکێکی سیاسیی ناکرێ بە چەمکێکی تەواو ئیسلامیی دابنرێو وەك ئەوەی ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەنو بکرێتە بنەمای داڕشتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەو واتایەی کە غەیرەموسڵمانان هەمیشە وەك برا بچوك تەماشابکرێنو کەمبکرێنەوە (ئیستیسغار بکرێن).

## چەمکگەلی جیهاد و ئەنفال

هەردوو چەمکگەلی جیهادو ئەنفال بەسەریەکەوە باسدەکەین چونکە لە قورئانو لە سەرەتای ئیسلامدا هەمیشە بەیەکەوە باسیانلێکراوەو پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەبووە. سەرچاوەی سەرەکی ژیان بۆ عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب مەڕومالآت، کشتوکاڵ، بازرگانیو غەزوە (بەسەرردادان یان پەلاماردان) بوو. غەزوە بەشێك بوو لە هێرشو ڕاوڕووتی نێوان خێڵەکان، بەڵام ڕێوشوێنو یاساو ڕێسای زۆر توندی هەبوو. غەزوە (غزوة) وشەیەکی عەرەبییە چاووگەکەی (غَزا)یە، واتە (سار الى قتالهم وانتهابهم في ديارهم) چوو بۆ

شەڕیانو تاڵانکردنیان لەماڵی خۆیان (*المنجد* ۱۹۹۸: ٥٥٠). غەزوە وەك نەریتێکی بەربڵاو لەناو عەرەبەکان پیادەدەکرا. ئامانجی سەرەکیی غەزوە دەستبەسەرداگرتنو بەتاڵانبردنی ئاژەڵو ماڵاتی وەك: حوشتر، مەڕ، چێڵ، مانگاو کەلوپەلی گوزەرانو ژن کۆیلەی نێر بوو لە خێڵێکی دیکە یان کاروانچیانی ئەو ناوە کە زۆرجار بەچاوی دوژمن سەیردەکران. خۆدوورخستنەوە لە کوشتو کوشتار یەکێك لە ڕێسا هەرە توندەکانی غەزوە بوو (Esposito 1998: 3).

دوای ئەوەی قورەیشییەکانی مەککە تەنگیان بە پێغەمبەر (د) هەڵچنیو ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئیسلامیان لێتەنگکرد، پێغەمبەر (د) بەناچاریی بەرەو مەدینە کۆچیکرد. دواتریش موسڵمانان تاکتاکو بەکۆمەڵ وردەوردە بەرەو مەدینە کۆڵیان بەشاندادا. پاش زیادبوونی ژمارەی موسڵمانان لە مەدینە (بەتایبەتی کۆچکردوەکان)و نەبوونی سەرچاوەیەك بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیانو خێزانەکانیان، پەنایانبردە بەر نەرێتە باوەکە، غەزوە. عەرەب وەك یارییەك (sport) خوویان بە غەزوە گرتبوو، لەناوچەیەکی بێبەرەکەتی وەك بیابانەکانی عەرەبان، غەزوە سەرچاوەیەکی هەمیشە ئامادەی ژیانو دابەشکردنی سەروسامان بوو. غەزوەکاران (تیرە یان خێڵەکان) هەتا بۆیانکرابا لە کوشتوبڕ خۆیاندەپاراست بەڵام لە هیچ هەلێکی پێشهاتیش بۆ دەستبەسەرداگرتنو ئەنفالکردن (بەتاڵانبردن)ی ئاژەڵو سەروسامان نەدەسڵەمینەوە، بە هێرشکردنو پەلاماردانی کاروانچیانو بنکەو هەواری خێڵەکانی دیکە (Armstrong 2003: 16).

ئەوە سەبارەت بە غەزوە، وشەی ئەنفال (أنفال) وشەیەكی عەرەبییە لە شێوازی كۆ (جمع)دا، چاوگەكەی (نَفَلَ) یە، ئەنفال واتە دەستكەوت، (الهبة) بەخشین (*المنجد* ١٩٩٨: ٨٢٨). هەردوو چەمكی 'غەزوە'و 'ئەنفال' پەرەیانپێدراو گۆڕدرانو بەرگی ئاینییان لەبەركرا. لەڕاستی بەدوور نیە ئەگەر بڵێین زۆربەی ئەو موسڵمانانەی بەشدارییان لە غەزوەكان دەكرد دەشێ زیاتر بۆ گرتنی دەسكەوت (ئەنفال) چووبن نەك بۆ شەڕ لەپێناو ئیسلام. ئەوە لە هۆو ئەنجامی یەكەمین پێكدادانەكانی نێوان موسڵمانانو قورەیشییەكان بەئاشكرا دیارە. بۆنمونە، شەڕی بەدر (٢ھ/٦٢٤ز)و ئوحد (٣ھ/٦٢٥ز)، گەورەترینو سەرەكیترین شەڕەكانی نێوان موسڵمانانو قورەیشییەكان. موسڵمانە موهاجیرەكان پاش دەرپەڕاندنیان لە مەككە بۆ مەدینە بەغەیرەز ئەو دەستكەوتانەی كە لەو غەزوانەی لە دژی كاروانچیانی قورەیشو خێڵەكانی دی ئەنجامیاندەدا دەرامەتێكی دیكەیان نەبوو. ئەو غەزوە بچوكانە بۆ ماوەی دووساڵ درێژەیان كێشا تا ئاداری ٦٢٤. كاتێك موسڵمانان بیستیان كاروانێكی گەورەی قورەیش لە شامەوە بەڕێكەوتووەو وا دەگەڕێتەوە بۆ مەككە، یەكسەر پێغەمبەریان لێئاگاداركردەوە. پێغەمبەر (د) یاوەرەكانی كۆكردەوەو بەوە هانیدان بۆ پەلاماردانی كاروانەكەی قورەیش كە سەروسامانێكی زۆروزەبەندیان پێیەو ژمارەشیان كەمە (الطبري ١٩٩٨ ج.٣: ١٩). موسڵمانەكان بە ڕابەرایەتی پێغەمبەر (د) چوون لە نزیك ئاوی بەدر بۆسەیەكیان بۆ قورەیشییەكان نایەوە، سەرەڕای ئەوەی قورەیشییەكان بە ژمارە زۆرتربوون كەچی موسڵمانان توانیان زەبرێكی چاكیان لێبوەشێننو دەستبەسەر كاروانەكە دابگرنو دەستكەوتێكی چاك وەگیربێنن. هێشتان هەندێك لە موسڵمانان لە ڕاونانی قورەیشییەكان

نەگەڕابوونەوە ململانێی دابەشکردنی دەستکەوتەکان دەستیپێکرد، کێشمەکێشەکە لەگەڵ گەڕانەوەی سوارچاکەکان گەیشتە ترۆپك، بەڕادەیەك کە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان ئایەتی ئەنفال دابەزی. سورەتی ئەنفال ناوەکەی لە یەکەمین ئایەتیەوە وەرگرتوە لە دوای شەڕی بەدر هاتەخوارەوە.[19] لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی سەرەوە بۆماندەردەکەوێ، یەکەم: هۆی سەرەکی پەلامارەکەی بەدر دەستبەسەرداگرتنی بارە پڕبەهاکەی قورەیش بوو نەك بە ئیسلامکردنی قورەیشییەکان. دووەم: کێشەو ململانێیەکی ترسناك لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕی بەدر هاتەگۆڕێ. بۆیە دەتوانین بڵێین شەڕی بەدر درێژکراوەی ئەو غەزوانە بوو کە موسڵمانەکان وەك نەریتێکی عەرەبی بۆ دابینکردنی ژیانیان ئەنجامیاندەدا.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە هۆی سەرەکی تێکشکانی موسڵمانان لە شەڕی ئوحد، وەك چۆن لە قورئان وەسفکراوە، بەجێهێشتنی شوێنە ستراتیجییەکانی خۆیان لە شەڕەکەداو پڕتانپڕتانی موسڵمانەکان بوو بۆ ڕفاندنو دەستبەسەرداگرتنی هەرچی زیاتری دەستکەوتەکان. خوا لە سورەتی ئالی عیمران ئاوا وەسفی پڕتانپڕتانی موسڵمانانی کردوە "خوا بەڵێنی بە ئێوەداو بەجێیهێنا: ئەوسا کە بە دەستوری خوا دەتانکوشتن، تا ئەوکاتەی ئەو تاڵانەی بەتەمای بوون هاتەبەرچاو، ئیتر کێشەو لەناو خۆتان لێپەیدابوو، لە فەرمان سەرپێچیتانکرد. ئی وا هەبوو حەزی لەماڵی دنیا بوو، ئیواش هەبوون خۆشی

---

19 بڕوانە ئەو پێشەکییەی ئەبو ئەعلای مەودودی بۆ سورەتی ئەنفال نووسیویەتی لەسەر ماڵپەڕی ئیسلام ئۆنلاین (خزمەتگوزاری ئینتەرنێت) لە ٢٠٠٤/٠٥/١٠ دابەزێندراوە لە : http://www.islamonline.net/surah/english/viewSurah.asp?hSurahID=18

ئەو دنیایان دەویست. پاشان هەرتا بتان ئەزموێ، لە شەڕیانی گێڕانەوە. وا ئەو هەلەش لێتانخۆشبوو. خوا خاوەنی چاکەیە لەسەر خاوەن باوەڕان. ئەوکاتەی کە ڕاتاندەکردو ئاوڕتان وەسەر هیچ کەس نەدەداوە، پێغەمبەریش لە دواوە گازی دەکردن، جا خوا جەزای خەمی هەر بە خەم دانەوە. نەکا لەبەرئەوەی وا لە دەستانچووەو ئەوەی کەوا تووشتانبووە خەفەتبخۆن. خوا لەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە" (قورئان ٣: ١٥٢-١٥٣). ئەبو ئەعلای مەودودیش پێیوایە چاوچنۆکی ئەو تیرئاوێژانەی ڕێگەکەیان دەپاراستو چۆلکردنی شوێنەکانیانو شۆڕبوونەوە بۆ گلدانەوەی دەستکەوتەکان هۆی سەرەکی دۆڕاندنی شەڕەکە بوو.[٢٠] ئەزمونی شەڕی ئوحدیش وەك شەڕی بەدر دەیسەلمێنێ کە هاندەری سەرەکی موسڵمانان بۆ شەڕ دەستکەوتی ماڵیو دنیایی بووە، بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەك ئەوە ناگەیەنێ کە موسڵمانان هەر هەموویان تەنیا بۆ دەستکەوتە دنیاییو ماددییەکان دەجەنگان. لە ڕاستیدا کەسانی وا هەبوون کە پێیانوابوو ئەگەر لە پێناوی خواو ئایینی ئیسلام گیانیان لەدەستدا ئەوە شەهیدنو دەچن بۆ بەهەشت، لەم ڕێگایەش لە هیچ شتێك سڵیان نەدەکردەوە. ئالێرەدا دەتوانین بڵێین هەندێجار بەرژەوەندییە ئایینییەکانو دنیاییەکان لە خاڵێکدا یەکدی دەگرنو پشتیوانی لێکدەکەن.

بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لەسەرەوە خستمانەڕوو، وادەردەکەوێ کە غەزوەو ئەنفال، لە پێش هاتنو دوای هاتنی ئیسلام، چاوگی سەرەکی دەرامەتی

---

[20] بڕوانە ئەو پێشەکییەی ئەبو ئەعلای مەودودی بۆ سورەتی ئالی عیمران نووسیویەتی لەسەر ماڵپەڕی ئیسلام ئۆنلاین (خزمەتگوزاری ئینتەرنێت)، لە ٢٠٠٤/٠٥/١٠ دابەزێندراوە: http://www.islamonline.net/surah/english/viewSurah.asp?hSurahID=1

خێڵەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب بووە. لەوەش زیاتر، بۆ عەرەب دزینی کەلوپەل مەگەر لە خزمو دۆست بێت دەنا بە کارێکی بێئەخلاقی نەزاندراوە، بگرە دزی لە چوارچێوەی غەزوە بە شانازییەوە باسیلێکراوەو بەشێك بووە لە کاری ڕۆژانەیان (Armstrong 1991: 60). بۆ دابینکردنی دەرامەتو ئاسایش، ئەو نەریتو کردەوانە بوون بە بەشێکی تەواوکەری کۆمەڵگەی ئیسلامیی لە قۆناغە بەراییەکەیدا، تەنانەت ئەنفال هەتا ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیش ماندەری هەرە سەرەکی هێرشەکانی موسڵمانان بوو بۆ سەریەکدیو دەرودراوسێکان. جیهاد وەك وشەیەکی هاوتای غەزوە، شەڕو پەلامار درێژکراوەی نەرێتە پراکتیزەکراوەکانی عەرەبەکانی پێش ئیسلامەو گوێزراوەتەوە بۆ ناو دابو نەریتی موسڵمانان. دەتوانم بڵێم زۆربەی مێژوونووسە موسڵمانەکان هەموو پێکدادانو شەڕوشۆڕەکانی موسڵمانانو غەیرەموسڵمانانیان بە غەزوە ناوبردوە نەك جیهاد، ناوبردنی ئەو پێکدادانانە بە جیهاد زاراوەیەکی تاڕادەیەك نوێیە لە نووسینە مێژووییەکاندا (بڕوانە *الطبري*، ج. ٣). بۆیە دەکرێ بڵێین جیهاد لە چوارچێوەی مێژووی بەرایی موسڵماناندا چەمکێکە جێگرەوەی (مورادیفی) چەمکی غەزوەیە، بەڵام جیهاد بەمانا ئایینییەکەی "خەباتە لە دژی خۆ".[21] واتە هەوڵدانێکی خودی (زاتی)، تا ئەوپەڕی توانا، بۆ کۆنترۆڵکردنی هەستو حەزو ئارەزوە خراپەکانی مرۆڤ، هەروەها بەمانای خۆنزیککردنەوە لە خوا لە ڕێگەی خۆنەناسکردن (إنكار الذات)و خێرو خێرخوازی، ئەو شێوە جیهادە زیاتر لە تێگەیشتنو پراکتیزەی سۆفییەکان بۆ ئیسلام دەچێت، وەك ئەوەی بە

---

[21] حدیث ١٧٢١ – فضائل الجهاد – سنن الترمذی. دەقە عەرەبییەکەی دەڵێ "**الْمُجَاهِدُ مَنْ جَاهَدَ نَفْسَهُ**"

پاکردنەوەی رۆحی هارو شەڕانگێز یان شەهوانی (carnal soul) ناسراوە. دەگێڕنەوە جارێکیان پێغەمبەر (د)و یاوەرەکانی لە شەڕێکدا دەگەڕێنەوە، پێغەمبەر (د) دەفەرموێ ئەوە لە جیهادی گچکەوە دەگەڕێینەوە بۆ جیهادی گەورە، کە لێی دەپرسن جیهادی گەورە چیە؟ دەفەرموێ 'خۆ پاککردنەوەیە' (بڕوانە Euben 2002: 12، Lang 2003: 11).

بێجگە لەمانە، پێنجیەك (الخُمس) کە لە قورئان وەك بەشی پێغەمبەر (د) لە دەستکەوتەکانی شەڕ (ئەنفال) دیاریکراوە نەریتێکی عەرەبی پێش ئیسلام بووە. لە قورئان هاتوە "...دەبێ ئەوەندەش تێبگەن هەر تالآنێكو دەستکەوت، پێنجیەکێکی بەشی خواو پێغەمبەرەو بۆ خزمانو هەتیوانو هەژارانو رێبوارانە" (قورئان ٨: ٤١). ئەوە زۆر لەو نەرێتە نزیکە کە لەناو عەرەبان باوبووە، بەپێی دابە باوەکەی عەرەبان شێخ (سەرۆك عەشیرەت) چارەگ یان پێنجیەکی لە دەستکەوتەکانی شەڕ یان غەزوە لەگەڵ هەر شتێك کە دڵی بۆیچووبا بۆخۆی دەبردن (Lambton 1981: 215 و Watt 1968: 22).

ئیسلامییەکان بەشداربوونی پێغەمبەر (د) لە شەڕوشۆڕەکانی قۆناغی مەدینە وەك نمونەی مێژوویی دێننەوە بۆئەوەی بەکورتی بڵێن جیهاد بەشێکی لێکجیانەکراوەی ئیسلامە لە دەستێوەردان لە کاروباری سیاسییدا، بەو مانایەی کە جیهاد ئەرکێکی سیاسیی–ئایینیی موسڵمانانە. ئێمە لەو باوەڕەداین، بەشداربوونی پێغەمبەر (د) لە شەڕو غەزوەکان تەنیا لە چوارچێوەی (context) بارودۆخی کۆمەڵایەتیی–ئابوریی‌و چوارچێوەی دابو نەرێتە پراکتیزکراوەکانی

ئەو ڕۆژگاری عەرەبە خێڵەکییەکان هەرسدەکرێ، نەك لە کۆنتێستی ڕۆڵە ئایینیو پێغەمبەرایەتییەکەیدا. بۆیە چەمکی جیهاد، وەك جێگرەوەی چەمکی غەزوە، ناکرێ وەك چەمکێکی سیاسیی ئیسلامیی پوخت (بەحت) تەماشابکرێو بۆ پاساودان بە بەسیاسییکردنی ئیسلام بەکاربهێندرێت. لەلایەکی دیکە، لە ئایەتە پەیوەندارەکان بە دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕو غەزوە دیارە کە ناکرێ قورئان لە دەرەوە یان بەبێ تێگەیشتن لە ڕەهەندە مێژوویيو چوارچێوە فەرهەنگییەکانی عەرەبەکانی پێشو دوای ئیسلام تەفسیرو لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

## چەمکگەلە نا ئیسلامییەکان

لە چەند برگەی پێشتر تاوتوێی ئەو چەمکانەمان کرد کە بنجو بنەمایان دەگەڕێتەوە بۆ چەمکو بەهاو پراکتیزو دابو نەرێتی عەرەبەکانی پێش ئیسلامو بە چەمکگەلی سیاسیی پێش ئیسلامیی ناوزەدمانکردن. لە دوو برگەی داهاتوو باس لەو چەمکو بەهاو نەرێتو پراکتیزانە دەکەین، کە بەمەزەندەی من، ڕەگو ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ چەمکو پراکتیزە سیاسییەکانی ئێرانییەکانو بێزەنتییەکان. ئەو چەمکگەلەی لە پێشەوە باسمانکردن ئەوانە بوون کە موسڵمانان لە قۆناغەکانی بەرایی مێژووی ئیسلامدا کەڵکیان لێوەرگرتبوون، بەڵام ئەوانەی کە لێرە بەدواوە باسیان لێوەدەکەین ئەوانەن کە پاش پەرەسەندنو تەشەنەی دەسەڵاتی ئیسلامیی لەلایەن دەسەڵاتدارانو زانایانو فوقەهاکانەوە سوودیان لێوەرگیردرا.

## ئایینو دەوڵەت

چەمکی ئایینو دەوڵەت کە زۆرجار وەك ئایینو سیاسەتیش ناودەبردرێ، تا ئەو جێگەی پەیوەندی بەم توێژینەوەیە هەیە، ئێمە جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوانیان بەدی ناکەین. پێشئەوەی بچینە بنجو بنەوانی تێکهەڵکێشکردنی ئایینو دەوڵەت (سیاسەت)، پێویستە ئاورێك لە دیدی ئیسلامییە کۆنەکان بۆ پەیوەندی نێوان ئایینو دەوڵەتو هەوڵەکانیان بۆ بەئیسلامیکردنی ئەم پەیوەندییە بدەینەوە. بۆنمونە، ئیمام غەزالی (١٠٥٨–١١١١)، یەکێك لەو ئیسلامییانەی لەبواری سیاسەتدا شتی زۆر نووسیوە، لە *إحياء علوم الدين* (زیندوکردنەوەی زانستی ئایین) دەڵێ "شاهنشایەتی (Kingship)و ئایین جمکن، ئایین ئەسڵەو سوڵتانیش پاسەوان، هەرشتێك ئەسڵی نەبێ ڕوخاوە، هەر شتێکیش پاسەوانی نەبێ بزرە" (و.ل. Black 2001: 100، القرضاوی ١٩٩٦: ١٩). ئیبن تەیمیە (١٢٦٣–١٣٢٨)، کە ئیسلامییە نوێکان بە شێخو ڕابەری خۆیان دادەنێن، پێیوابووە کە ئایینو دەوڵەت دوو شتی لێکجیانەکراوەن. ئەو لە *السياسة الشرعية* (سیاسەتی شەرعیی)، گرنگترین کتێبی لەبواری سیاسەت، دەڵێ ئەگەر ئایینو دەوڵەت لێککرانەوە ئاژاوەو بێنیزامی دێنەگۆڕێ (و.ل. Lambton 1981: 145).

بەکورتی، ئیسلامییەکان بانگەشەی مەحاڵبوونی لێکجیاکردنەوەی ئایینو دەوڵەت/سیاسەت دەکەن. ئەو چەمکە لە دوو ڕێگەوە یان هەوڵەوە تێکەڵ بە دنیاو بیری ئیسلامیی کرا، یەکێکان خواستو بەرژەوەندی فەرمانڕەوایانی

ئیسلام بوو، ئەویدیکەیان پشتیوانی زانایانو فوقەهاکانی ئیسلام بوو بۆ ئەو چەمکە بە هێنانەوەی پاساوی ناوەڕۆك ئیسلامیی. هەردوولا، فەرمانڕەواکانو فوقەهاکان کەوتبوونە ژێر کاریگەری بیرۆکە، دابو نەرێتو پراکتیزە سیاسییەکانی ئێرانییەکانو بێزەنتییەکان.

لەبوارەکانی حوکمڕانیو بەڕێوەبردنەوە کاریگەری ئێرانییەکان (ساسانییەکان) لە سالآنی کۆتایی حوکمی ئەمەوییەکان وردە وردە بەهێزدەبوو. دواتریش لە سەردەمی عەباسییەکان کاریگەرییەکان زەقتر دەهاتنە بەرچاوو تۆکمەبوون. هۆکانی دەگەڕێنەوە بۆ، یەکەم: دوابەدوای بەرفراوانبوونی سەرزەوی ئیسلام باوەڕی دامەزراندنی 'ئیمپراتۆرییەکی جیهانی سەرتاپاگیر' لەناو موسڵمانان قەبوڵکرا (Lambton 1981: 45). دووەم: دیدی ساسانییەکان بۆ شاهنشاهییەت لەمیانی پەیماننامەی ئەردەشیر (Testament of Ardashir)، یەکێك لە شاکانی ساسانی، گوێزرایەوە بۆ ناو ئیسلام. پەیماننامەکە ئەو دەقە بەناوبانگەی لە ئامێزگرتبوو کە دەڵێ "شاهنشاهییەتو ئایین جمکن... ئایین بناغەی شاهنشاهییەتەو شاهنشاهییەتیش پاسەوانی ئایینە... ئەوەی بێبناغەیە دەڕمێ، ئەوەی پاسەوانیشی نیە گومدەبێ" (و.ل. Black 2001: 21 و45 :Lambton 1981 ). ئەوە بوو بە پرینسیپی هەرە سەرەکی ئەوەی ئێستا بە تیوری سیاسیی ئیسلامیی ناسراوە. ئەو دەقەی کە غەزالی بە بنەمای پەیوەندی نێوان ئایینو دەوڵەتی دانابوو وشە بە وشە ئەو دەقەیە کە لە پەیماننامەکەی ئەردەشیر هاتوە. وابزانم ئێستا تۆزێك ڕوونترە کە غەزالیو ئیبن تەیمیە وەك ئیسلامییانی کۆن ئەو تێگەیشتنەیان لە چ بیرێك هەڵهێنجاوە. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە،

**ئەو چەمك‌و بیرۆکانە چۆن خزێنرانە ناو ئیسلام‌و کران بە بناغەی بیری سیاسیی ئیسلامیی؟**

شاگردێکی موسڵمان بەناوی ئیبن موقەففەع (٧٢٠–٧٥٩) ڕۆڵێکی مەزنی لە تێکهەڵکێشکردن‌و لێکدرونی نەریتە ئێرانیی‌و عەرەبی–ئیسلامییەکان بینی، ئەویش لە ڕێگەی وەرگێڕانی زنجیرەیەك کتێبی فارسی بۆسەر عەرەبی. کەلیلەودیمنە بە ناودارتریینی ئەو کتێبە وەرگێردراوانە دادەندرێت، ئیبن موقەففەع لەوێدا هەرچی پەندو حیکمەی کۆنی ئێرانی هەیە، هەندێکیان ناوەڕۆك‌و خسڵەتی سیاسییان هەبوو، بە موسڵمانانی ئاشناکردو خزاندییە ناو ئەدەبییاتی موسڵمانانەوە. ئیبن موقەففەع هەردوو پەیماننامە سیاسییە بەناوبانگەکەی ئێرانیانیشی وەرگێڕایە سەر عەرەبی، یەکەمیان ’پەیماننامەی ئەردەشیر‘، ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، دووەمیش ’نامەکەی تەنزار‘ (the Letter of Tansar).[٢٢] بێجگە لە وەرگێڕان، دوو کتێبیشی نووسیوە لەسەر ژیان‌و بەسەرهاتی شاکانی ئێران، بەناوی ’ژیانی شاکانی ئێران‘و ’کتێبی تاج‘، ئەوەی دووەمییان باس لە ژیانی شا ئەنوشیروان دەکا. لە نوسراوەکانی ئیبن موقەففەع دیارە کە ویستویەتی ڕوویەکی گەش‌و ڕازاوەی ’هونەری حوکمکردن‘و ’دەستکەوتە مەزنەکانی‘ شاکانی ئێران نیشانبدا (Watt 1968: 81-82). ئیبن

---

[22] نامەیەك بووە سەرۆك وەزیرانی ئەردەشیر، هێربارد تەنزار، بۆ شای تەبەرستانی نووسیوە. هەندێك دوودڵی‌و نیگەرانی هەبووە لە ئەردەشیر (بڕوانە: M. Inostranzev, et al, *Iranian Influence on Moslem Literature*, Part I, translated by G. K. Nariman, (خزمەتگوزاری ئینەرنێت)، ڕۆژی ٢٠٠٥/٠١/١٠ دابەزێندراوە، لە *http://www.blackmask.com/thatway/books161c/irmusdex.htm*

موقەففەع بە ئەسڵ فارس بووەو بە گەورەیی بۆتە موسڵمانو هەر زووش لەسەر نووسینەکانی بەدەستی ئەبو جەعفەری مەنسور، خەلیفەیەکی عەباسیی، کوژراوە.

کاریگەریی نووسینو وەرگێڕانەکانی ئیبن موقەففەع بە ئاشکرا بەسەر بیریارو فوقەها موسڵمانەکانی دوای خۆی دیارە. بێجگە لە کاریگەری ڕاستەوخۆ هاندەرێکیش بووە بۆئەوەی کەسانی دیکەش دەست بۆ نوسراوەو ئەدەبیاتی ئێرانی درێژبکەن، بەتایبەتی چونکە کتێبخانەی عەرەبە موسڵمانەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکان هێشتا ساوا بوو. بۆنمونە، غەزالی کە بەخۆشی فارسی زمان بووە، لە کتێبی *نصیحة الملوك* (ئامۆژگاریی شاکان)، بە فارسی لە ١١٠٥–١١١١ نووسراوە، دەڵێ "ئەگەر سوڵتان دادپەروەر بێت دنیا ئاوەداندەبێتو ڕەعیەتیش هەست بە ئاسایش دەکا، وەك سەردەمانی ئەردەشێرو ئەفرەیدونو بەهرام کورو ئەنوشیروان. ئەگەر سوڵتان زۆرداربێت دنیا کاولدەبێت وەك سەردەمانی زوحاك، ئەفراسیاو یەزدیگرد" (الغزالی، *نصیحة الملوك*).[٢٣] ئەو شاهانەی غەزالی ناوی هێناون هەموویان شای ئێرانیین، بەبنەما لەسەر ئەو قسانە غەزالی دەگاتە ئەو باوەڕەی بڵێ "ئایین بە شاوە بەندە" (الغزالی، *نصیحة الملوك*). لەوەی پێشەوە دوو خاڵی سەرنجڕاکێش بەدیدەکرێن. یەکەم: غەزالی لەناوهێنانی حوکمڕانە دادپەروەرو زۆردارەکان، بەگشتی، ناوی شا ئێرانییەکان دێنێ، لەکاتێکدا کە ئێرانییەکان بەگشتی لە ئەدەبیاتی ئیسلامییدا بە ئاگرپەرست (مەجوس)

[23] ساڵو لاپەڕە نەنووسراوە چونکە ئەم دەقە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە. (خزمەتگوزاری ئینتەرنێت)، ڕۆژی ٢٠٠٥/٠١/٢٠ دابەزێندراوە لە:
*http://www.ghazali.org/works/tiber.htm*

ناسێنراون. دووەم، پێداگرتنی لەسەر ئەوەی "ئایین بە شاوە بەندە" لەوەدەچێت بنەمای لەسەر ئەو چەمکە ئێرانییەی کە دەڵێ "ئایین لەسەر شاهنشاهییەت ڕاوەستاوە" دانابێت کە لە پەیماننامە ئێرانییەکانی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن هاتوە. لێرە پرسیارێکی گرنگ خۆی ڕاپێشدەکا، بۆچی ئیسلامییە کۆنەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا ئایینو سیاسەت/دەوڵەت لێکگرێدەن. وەڵامی ئەو پرسیارە لە یەکێك لە کتێبەکانی ئیبن موقەففەع دەبینرێتەوە. ئیبن موقەففەع لە کتێبی *الرسالة* (نامە) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ "دەسەڵاتی پشتبەستوو بە ئایین کە ئەرکی ڕاعیو ڕەعییەت وەك یەك دیاریدەکا سەقامگیرتر دەبێت لە دەسەڵاتێك کە پشت بە ملکەچکردنو زۆرداری دەبەستێ" (و.ل. Black 2001: 22).

لە بەر تیشکی ئەو ڕونکردنەوانەی پێشەوەو نووسینەکانی ئیبن موقەففەعو ئیمام غەزالی، بۆمان دەردەکەوێ کە بنجو بنەوانی چەمکی ئایینو دەوڵەت بەبنەما لەسەر چەمکی ئایینو شاهنشاهیەتی ئێرانیی لەلایەن بیریارو فوقەهاو زانایانی ئایینی تێهەڵکێش بە ئیسلام کرانو بوو بە یەکێك لە پایەکانی ئەدەبیاتی سیاسیی ئیسلامیی. هۆی هەرە سەرەکی ئەمەش ئەو گریمانەیە کە ئایین بە باشترینو گونجاوترین ئامرازو کەتیرەی لێکدانو ڕاگرتنی پایەکانی کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبینێ. ڕاستی ئەمە لە هێنانە پێشچاوی ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی عەرەبیی ئەوکات باڵی کێشابوو بەسەر زۆربەی نەتەوە غەیرەعەرەبییەکانی (وەك کورد، فارس تورك، ئوردو، هتد...) ناوچەکەو هەموویانی وەرگێڕابووە سەر ئیسلامو ئایینیش بە تاکە هۆکاری هاوبەش

لەنێوانیاندا دەبینرا. بۆیە ئایین وەك کەتیرە بۆ ڕاگرتنی یەکێتییە سەپێنراوەکە بوو بە پێداویستییەکی مێژوویی. هۆیەکی دیکە بۆ خزاندنی نەرێتو پراکتیزە ئێرانییەکان بۆ ناو ئیسلام، ڕەنگە، ئەوە بێت کە شێوازی حوکمکردنو بەڕێوەبردنە خێڵەکییەکەی سالآنی بەرایی ئیسلام نەگونجاوو کەمتوانا بووبێت بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆرییەتێکی بەرفراوانی وا کە تخوبەکانی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە دەکشان بۆ ئیسپانیا. وەك پێشتریش باسمانکرد سەرچاوە ئیسلامییەکان لەبواری حوکمکردن کورتدێننو عەرەبەکانیش بێجگە لە بەڕێوەبردنی خێڵ ئەزمونێکی دیکەیان نەبوو. لەبەرئەم هۆیانە، لەو بڕوایەداین، عەرەبە موسڵمانەکان بێجگە لە دەستبردن بۆ شێوازی حوکمکردنو چەمکە سیاسییە ئێرانیو بێزەنتییەکان ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەستدا نەبوو بێت.

## دابو نەرێت و پراکتیزە پاشایەتییەکان

بە گوتەی هەندێك لە ئیسلامییەکان دەوڵەتانی ئیسلام لەسەر بنەمای گواستنەوەی دەسەڵات بە پشتاوپشت دانەمەزراون (القرضاوی ١٩٩٦: ٣٥). ئەگەر قسە لەسەر ڕۆژگارانی بەرایی ئیسلام بێت لەوانەیە ئەم گوتەیە ڕاست بێت، بەڵام نابێ ئەوە لەبیرکەین، بەپێی زۆربەی پێوەرەکان ڕۆژگارانی سەرەتای ئیسلام سیستەمێکی ئاوای لەخۆنەگرتبوو کە بە دەوڵەت ناوببردرێ. بەپێچەوانەوە مێژووی ئیسلام، لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەوییەوە، شایەدی بەدژی گوتەکەی قەرەزاوی دەدا. لێرەدا وا چاکە ئەوە لەبیر نەکەین کە ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئیسلامو مێژووی ئیسلام (موسڵمانان)مان لێکجیاکردەوە، ئێمە قسەمان لەسەر

ئەوە نیە کە ئایا ئیسلام ڕێگەی بە شێوازی گواستنەوەی پشتاوپشت داوە یان نا؟ چونکە بە ئاسانی دەڵێین نەخێر، نەك لەبەرئەوەی ئیسلام شێوازێکی دیکەی دیاریکردبێت بەڵکو لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتدا ئیسلام پەنجە بۆ هیچ شێوازێك درێژناکاو، لەناو خێڵە عەرەبییەکانیش، کە بەهاو نەریتەکانیان بوونە کورەی قاڵبوونی پراکتیزە ئیسلامییەکان، ئەو ڕێبازە باو نەبووە. قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە ئەدی نەریتی پشتاوپشت لەکوێڕا خزێنرایە ناو ئیسلام. دیارە لەسەرتاوە دەڵێین ئەوە ڕاست نیە لەسەر ئەم نەریتە سەرکۆنەی ئیسلام بکرێت، بگرە عەرەبەکان باشترین جوامێری خێڵەکەی خۆیان بە شێخ (سەرۆك خێڵ) شایست دەبینی، بەڵام بە هیچ شێوەیەك قەبوڵیان نەبوو لە دەرەوەی خێڵەکەیان بێت. هەر بۆیەش ئەو نەریتە کە لە سەردەمی ئەمەوییو عەباسییەکان بوو بە پشتاوپشتیش کەچی تخوبی خێڵی قورەیشی نەبڕی.

نەریتی حوکمکردنی پشتاوپشت لەناو موسڵمانان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری پراکتیزەکانی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتیو ساسانی. موسڵمانان بیرۆکە پادشاییەکانیان لەدوای داگیرکردنی خاکی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی ناوبراو وەرگرتو لەگەڵ شێوازە عەرەبییە باوەکان چینران. یەکمجار لەلایەن ئەمەوییەکانەوە جێبەجێکرا، لەوانەیە هۆکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەعاویە بن ئەبوسوفیان (ف. ٦٦١–٦٨٠)، یەکەمین خەلیفەی ئەمەوییەکان پێشئەوەی ببێتە خەلیفە لە دیمەشق والی شام بووو (دواتر پایتەختیشی گوێزایەوە بۆ ئەوێ) بەهۆی تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بێزەنتییەکان کە شێوازی گواستنەوەی حوکمی پشتاوپشت لەناویان باو بوو، ئەو نەریتەی لەوان وەرگرتوو ئەوانەی دوای

ئەویش لە ژێر هەمان کاریگەری بە عەباسییەکانیشەوە کە زیاتر کەوتبوونە ژێر کاریگەری فەرهەنگی ئێرانییەکان، کە لەوێشدا ئەو شێوازە هەر باو بوو، درێژەیان بەو فۆرمەی حوکمدا. بەمشێوەیە شێوازی پشاوپشتی پاشایەتی ئێرانییو ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتییەکان لە قەوارەی خەلافەتی پشتاوپشتیی خۆی دەرخست.

کاریگەریی دابونەریتو کلتوری ئێرانییەکان سنوری چەمکە سیاسییەکانی، وەك ئایینو دەوڵەتو شێوازی پشتاوپشتیی حوکمکردن، شکاندو گەیشتە کاروکردەوەکانی ڕۆژانە. ئیبن خەلدون دەڵێ سڵاوکردن لە خەلیفە بە ماچکردنی عەردی ژێر پێی خەلیفە یان ماچکردنی دەستو قاچی یان لچکی کەوای خەلیفە، چەندان نەریتی ئێرانیی بوونو هێنرانە ناو ئیسلام (Ibn Khaldun 1967: 167). بۆیە دەتوانین بڵێین دامەزراندنی خەلافەتی ئەمەوی لە شامو سەرهەڵدانی عەباسییەکان لە خوراسان، لە ناوجەرگەی وڵاتی ئێرانییەکان، کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر هێنانی نەریتی حوکمی پشتاوپشت بۆ ناو ئیسلام هەبوو. ئەو نەریتەی کە دواتر بوو بە پایەیەکی سەرەکی تیوری خەلافەت، بۆیە خەلافەت وەك تیورێك کە لەلایەن ماوردیو غەزالیو ئیبن تەیمیەو چەندان ئیسلامیی کۆنی دیکە داڕێژرا، پشتئەستور بوو بە دابو نەریتو بیرۆکە ئێرانییو بێزەنتییەکان.

تا ئێستا باسمان لە ناڕەسەنییەتی چەمکەکانی بیری سیاسیی ئیسلامیی کردو بنجو بنەوانەکانیانمان گێڕایەوە بۆ چەمکە خێڵەکییە عەرەبییەکانی پێش ئیسلامو چەمكو نەریتو پراکتیزەکانی ئێرانییەکانو بێزەنتییەکان. دیارە

هەندێك خۆمان لە قەرەی هۆکانی ئەو تێکهەڵکێشکردانە دا، لێرە بەدواوە زیاتر جەخت لە هۆکانی بەسیاسییکردنی ئیسلامو وەرگرتنی چەمکە ئاماژەپێکراوەکان دەکەینو هەوڵدەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بۆ ئەو پرۆسەیە بووە شتێکی حەتمی لە مێژووی موسڵمانان؟

## هۆیە بەراییەکانی بەسیاسییکردنی ئیسلام

لەم چەند بڕگانەی داهاتودا تاوتوێی ئەو هۆو هۆکارانە دەکەین کە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ بەسیاسییکردنی ئیسلام. جەخت لەسەر هۆیە بەراییەکانی دەکەین چونکە پێموانییە بەسیاسییکردنی ئیسلام دیاردەیەکی نوێ بێتو پەیوەندی تەنیا بە دیاردەی ئیسلامیزمی ئەم سەردەمەوە بێت. بەدڵنیاییەوە هۆوهۆکارەکانی بەسیاسییکرنی ئیسلام لە قۆناغە بەراییەکانو ئێستاکانێ جیاوازییان هەیە، بەڵام لە زۆر شتدا بەتایبەتی بوارە تیورییەکەی لەسەر چەندان هۆی هاوبەش کۆوەدەبن.

## بڵاوبوونەوەو تەشەنەی ئیسلام، پێویستبوونی دەوڵەت

هەروەك پێشتر گوتمان، لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی عومەری بن خەتاب (ف. ٦٣٤-٦٤٤) سەرزەوی ئیسلام گەشەیەکی بێوێنەی بەخۆوە دیتو ژمارەی ئەو کەسانەی، عەرەبو غەیرەعەرەب، بەخۆشی یان بەزۆر هاتنەسەر ئایینی ئیسلام

یەکجار زۆر زیادیکرد. ئەو پێشهاتە بارودۆخێکی ئابوری–کۆمەڵایەتی–سیاسیی لەگەڵ خۆی هێناگۆڕێو وای لە فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارانی ئیسلام کرد ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی نەك هەر ئەمنیو ئاسایشی بگرە داراییش ببنەوە (Ayubi 1991: 4). سەرداره (أمیر) سەربازییەکانی موسڵمانان بە سەرداری باوەڕدارانیشەوە (أمیر المؤمنین) لە شەڕوشۆڕو هێرشەکانیاندا دەسکەوتی زۆریان بەدەستدەهێناو سەروسامانیان لە ژمار دەرچوو. بەگوتەی ئیبن خەلدون دەستکەوتەکان گەیشتنە ئەو ڕادەیەی سەرداری واهەبوو تەنیا لە یەك شەڕدا دەستی بەسەر ٣٠٠٠ لیرەی زێڕ دادەگرت. ئیبن خەلدون لە زاری مەسعودی (مێژوونوسێکی بەناوبانگی ئیسلام) دەگێڕێتەوەو دەڵێ لە ڕۆژگاری عوسمان بن عەفان (ف. ٦٤٤–٦٥٦) خەلیفەی سێیەم:

"یاوەرانی پێغەمبەر (د) ببوونە خاوەنی مڵكو پارەیەکی زۆر. عوسمان کە کوژرا ١٥٠٠٠٠ دینارو یەك ملیۆن درهەم لە دەست ژمێریارەکەیەوە بوو. بەهای ئەو موڵکانەی لە وادی قورا (وادی القری)و حونەیبیا هەیبوو دەگەیشتە ٢٠٠٠٠٠ دینار، ئەو چەندان حوشترو ئەسپیشی لەدوابەجێما.[٢٤] هەشتیەکی (٨\١) موڵکی زوبێر پاش مردنی عوسمان دەگەیشتە ٥٠٠٠٠ دینار. ئەو دوای مردنیشی ١٠٠٠ ئەسپو ١٠٠٠ جارییەی ژنی لەدوابەجێما. داهاتی تەلحە لە عێراق لە ڕۆژێکدا ١٠٠٠ دینار بووو لە ناوچەی ئەلشەرەحیش لەوە زیاتر بوو. تەویلەکەی عەبدولرەحمان بن عەوف ١٠٠٠ ئەسپو ١٠٠٠ حوشترو ١٠٠٠٠ مەڕی تێدابوو. دوای مردنی تەنیا چواریەکی موڵکی دەگەیشتە ٨٤٠٠٠ دینار. زەید بن سابت، بێجگە

[24] بۆ زانین بەهای دیناری ئەوکات زۆر لەو دینارەی ئەمڕۆ زیاتر بووە.

> له موڵك، هێندەی پارچە زێڕو زیو لەدوای خۆی بەجێهێشت کە بەهاکەی دەگەیشتە ۱۰۰۰۰۰ دینار. زوبێر خانوی نیشتەنیی (إقامة) لە بەسرە، میسر، کوفەو ئەسکەندەریە دروستکردبوو. تەلحە دانەیەکی لە کوفە دروستکردو خانوە کۆنەکەی مەدینەشی بە بەکارهێنانی پلاستەرو کەرپوچو دارساج چاکترکرد. سەعد بن ئەبی وەقاس خانوێکی لە ئەلئەقیق (گەڕەکێکی مەدینە) دروستکرد. بەبەکارهێنانی کاریتە لەسەرەوە خانوەکەی زۆر بەرزو فراوان کردبوو. میقداد خانوەکی لە مەدینە دروستکرد دەرەوەو ناوەوەی لە پلاستەر بوو. یەعلا بن مونەییە ۵۰۰۰۰ دینارو بای ۳۰۰۰۰۰ درهەم موڵکی لەدوابەجێما" (و.ل. Ibn Khaldun 1967: 162-163).

ئەو هەموو دەستکەوتە زۆرو زەبەندە، خەلیفەو سەردارانی موسڵمانی ناچارکرد بەدوای ڕێگەچارەیەك بۆ چاولێکردنو بەڕێوەبردنی ئەو سامانە لەژمارنەهاتووە بکەنەوە. ئا لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەبکەین لەو قۆناغدا وەك ئیبن خەلدون دەڵێ نەخوێندەواری زەقترین سیفەتی ناسینەوەی عەرەبەکان بوو، نەك هەر ئەوە عەرەبەکان لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا زۆر سادەبوون. بۆنمونە ئەبو موسا، موسڵمانێکی دیاری سەردەمی تەشەنەکردنی ئیسلام، خواردنی مریشکی ڕەتکردۆتەوە چونکە عەرەبەکان قەت مریشکیان نەدیتبوو. عەرەبەکان گەنمیان بە 'قڵچغ'ـەوە دەخوارد چونکە بێژینگیان هەر نەبوو (Ibn Khaldun 1967: 162). لەبەرئەوە پێویستیان بە بەهاناهاتنو یارمەتی غەیرەعەرەبەکان بوو تاکو کاروبارەکانیان بۆ جۆرکەنو ئەو دامودەزگایانەشیان بۆ بەڕێوەبەرن کە پێداویستییەکانی ڕۆژ ڕۆژانە دەیهێنانەپێش. دەبێ ئەوەش بگوترێ بۆ

سەرکوتکردنی ئەو یاخیبوانەی هەر لەگەڵ مردنی پێغەمبەر (د) سەریانبزوت پێویستیی دەسەڵاتو دەزگای سەربازی (المؤسسة العسکریة) لەپێش هەموو دامودەزگا دەوڵەتیەکانی دیکە هات. ڕاستی ئەمە لە گۆڕینی نازناوی عومەری بن خەتاب لە خەلیفەوە بۆ سەرداری باوەڕداران دەردەکەوێ. چونکە ڕابەری هێزە سەربازییەکان (military missions) لەناو عەرەبان بە سەردار (أمیر) ناودەبردرا (بڕوانە Ibn Khaldun 1967: 170-180).

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئیسلام هیچ بەڵگەیەکی وا لەبەردەستدا نیە کە نیشانەی بوونی فۆرمێکی سیستیماتیکی باجکۆکردنەوەو نامەو نامەگۆڕینەوە هەبوو بێت، تەنانەت پرۆسەی بەڕێوەچوونی کاروبارێکی سیاسیی ئەوتۆش بەدیناکرێ کە پێویستیی بە بوونی ڕازگر (secretaries) بووبێت. مەبەستمان لە ڕازگر ئەو کەسو دەزگایانەن کە کارئاسانیان بۆ خەلیفە کردبێت، ئەویش چونکە لە سەرەتا خەلیفە سەرقاڵی کاروبارە ئایینییەکان بوو زیاتر لە کاروبارە سیاسییەکان (Ibn Khaldun 1967: 191-192). دیارە ئەوانە ناکرێ بە تاکە هۆ دابنرێن، چونکە هۆیەکی دیکەی گرنگ ئەوەیە عەرەبەکان لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینو قۆناغە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی ئەمەوی هێشتان تاڕادەیەکی چاك بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتە ساواکەیان پابەندی فۆرمو نەریتو چەمكو پراکتیزە خێڵەکییە باوەکانیان بوون. لەگەڵ تەشەنەو بڵاوبوونەوەی ئیسلام، چەمكو فۆرمو پراکتیزە عەرەبییەکان ناکامڵیو کەمتواناییان بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆرییەتە ڕۆژبەڕۆژ فراوانبووەکەی ئیسلامی لەخۆیاننیشاندەدا. لەبەرئەوە سوودوەرگرتن لە فۆرمی باڵاو گەشەکردوی

(sophisticated) بەڕێوەبردن بوو بە پێویستی ڕۆژ. پێویستبوونی دامودەزگای فەرمی دەوڵەت پێش هەموو شتێك لە دامەزراندنی 'دیوان' خۆی نیشاندا. دیوان وشەیەکە ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك (هیندیو ئێرانی) بەمانای تۆمارکردن یان بەشی دارایی دێت (*EB*, Vol. III: 581). ئیبن خەلدون لە *المقدمة* (پێشەکی) ئاماژە بەوەدەکا کە دیوان لە ئەسڵا نە عەرەبیەو نە ئیسلامییو تەنها لەو وڵاتانە هەیە کە دەسەڵاتی دنیایی زاڵە (Ibn Khaldun 1967: 198). دیوان بوو بە دەزگای کۆکردنەوەی باجو سەرانەکانو بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی هێزی سەربازییو پێداویستییە لۆجیستیکەکانی دیکەی شەڕوشۆڕەکان، لەوانە هێرشەکان بۆ فراوانکردنی سەرزەوی ئیسلام لەگەڵ ئەو هێرشانەش کە دەکرانە سەر یاخیبوانی وەك زەندیقەکان. عومەری بن خەتاب لەناو موسڵمانان بە یەکەم دامەزرێنەری دیوان دادەنرێ، ئەو دیوانی لەسەر پێشنیازێکی خالید بن وەلید (سەرداری بەرەی شامی هێزی موسڵمانان) دانا. گوایە خالید بە عومەری گوتوە "من دیومە فەرمانڕەوایانی شام دیوانیان هەیە"و عومەریش پێشنیازەکەی قبوڵکردوە. هەندێکی دیکە دەڵێن ئەلهورموزان (سەرداری بەرەی ئەهوازی هێزی موسڵمانان) بیرۆکەی دیوانی خستۆتە پێش عومەر بەمەبەستی ڕێگرتن لە دزینی پارەو خۆدزینەوە لە لەشکری موسڵمانان (Ibn Khaldun 1967: 198-199). ئەوەی ڕاستی بێت تا سەردەمی عەبدولمەلیك بن مەروان (ف. ٦٨٥–٧٠٥)، خەلیفەیەکی ئەمەوی، زمانی سەرەکی لە دیوان، نووسین بەتایبەتی، لە هەرێمەکانی عێراق فارسیو لە شام یۆنانی بووە.

نووسینگەی وەزیر (دەزگای ڕاپەڕاندنی کارەکان) وەك دەزگایەك لە قۆناغە سەرەتاییەکانی حوکمی عەباسییەکان دەستبەکاربوو کە بە میرات لە ئێرانییەکانەوە بۆیان بەجێمابوو (Ibn Khaldun 1967: 191-199). دەبێ ئەوەش بگوترێ کە وەزیر وشەیەکی ئێرانی پەهلەوییە بەمانای دادوەر (قازی) دێت (*EB*, Vol. X: 477).

سەبارەت بە دادگاشەوە، دیسان، عومەر یەکەمین کەس بوو کە دادوەر (قازی) دابمەزرێنێ. پێویستیی دانانی دادوەر لە ئاکامی زیاد لە پێویست سەرقاڵبوونی عومەر بوو بە کاروباری موسڵمانانەوە بە کێشە دادوەرییەکانیشەوە، بۆیە بۆ کەمکردنەوەی ئەرکەکانی سەرشانی خۆی‌و پێڕانەگەیشتنی بە یەکلاکردنەوەی هەموو ئەو کێشانەی کە دەخرانە پێشی، ئەو بڕیاریدا دەسەڵاتی دادوەری بدرێت بە کەسانێکی دیکە (*EB* 2002: Qadi). سەرەڕای ئەوەش یەکەمین نووسینگەی فەرمی دادگا لەسەردەمی ئەمەوییەکان دامەزرا. لەسەرەتا دادوەرەکان هەرکەس لەلای خۆی‌و بەپێی تێگەیشتنی خۆی بە کێشەکان ڕادەگەیشت چونکە تائەوکاتەی شەریعەت لەلایەن چوار ئیمامە بەناوبانگەکەی سوننان دانەڕێژرا، سەرچاوەیەکی بنچینەیی بۆ گەڕانەوە سەری بوونی نەبوو.

لەوەی پێشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە تەشەنەو بەرفراوانبوونی سەرزەوی ئیسلام بووە مایەی هێنانەگۆڕێی بارودۆخێکی نوێی وا کە پێویستیی لەدایکبوونی دامودەزگاکانی دەوڵەتی حەتمی کرد، بەڵام لەبەرئەوەی ئەزموونی عەرەبە–موسڵمانەکان لەم بوارەدا زۆر لاواز بوو بۆیە هەر زوو پەنابرایە بەر بۆ

ئەزمونو پراکتیزە ئێرانیو بێزەنتییەکان لە بواری فەرمانڕەوایی. ئەمەش لە دامەزراندنی دیوانو نووسینگەی وەزیر بەئاشکرا دەبیندرێن. واچاکە ئەوەش وەبیربێنینەوە کە گواستنەوەی پایتەختی موسڵمانان لە مەدینەوە بۆ دیمەشقو دواتریش بۆ بەغدا، کاریگەری نەریتو پراکتیزە ئێرانیو بێزەنتییەکانی بەسەر موسڵمانان زیاترو کاریگەرتر کرد.

## ململانێی دەسەڵات، ئارگیومێنتە سیاسیی–ئایینییەکان

بێجگە لە تەشەنەکردنو بەرفراوانبوونی سەرزەوی ئیسلام، ململانێ ناوخۆییو تیرەگەرییو ئایینزاییەکان (مەزهەبییەکان) لەسەر دەسەڵات بەگشتیو بەکارهێنانی ئارگیومێنتی ناوەڕۆك سیاسیی لەبەرگی ئایینییدا بەتایبەتی، دەکرێ بەهۆیەکی دیکەی گرنگی بەسیاسییکردنی ئایینی ئیسلام دابندرێت. یەکەمین بەکارهێنانی سیاسییانەی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ یان لە ئاکامی ئەو بانگەشەو دژە–بانگەشانەوە بوو کە موسڵمانانی بەرایی سەر بە گروپە جیاجیاکانی وەك سوننە، شیعەو خەواریجەکان بەکاریاندەهێناو پشتیانپێدەبەستا. دوابەدوای کوژرانی خەلیفەی سێیەم عوسمان بن عەفان (ف. ٦٤٤–٦٥٦) عەلی بن ئەبی تالیب (٦٥٦–٦٦١) بوو بە جێنشینی وەك خەلیفەی چوارەم. مەعاویە بن ئەبوسوفیان، کە ئەوکات والی شام بوو هەڵپەی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمانی دەکرد، چونکە خۆی بە نزیکترین خزمی عوسمان دەزانیو تۆڵەسەندنەوەش وەك نەریتێکی کۆنی عەرەبی لێخۆشبوونی نەبوو. شەڕ لە پێناو دەسەڵات بەبیانوی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان

لەنێوان لەشکری خەلیفەی موسڵمانان بەسەرکردایەتی عەلیو لەشکری والی موسڵمانان لە شام بە ڕابەرایەتی مەعاویە بەرپابوو. لەوشەڕەدا مەعاوییە داوای لە هێزەکەی خۆی کرد کە قورئان بخەنە سەر نێزەی شمشێرەکانیانو بەرزییکەنەوەو داوای یەکلاکردنەوەی (تەحکیمکردن) کێشەکانی بەبنەما لەسەر قورئان کرد. لەسەرەتا عەلی بن ئەبی تالیب باوەڕی بە نیازەکانی مەعاوییە نەدەکردو دەیگوت من مەعاوییەم بە منداڵیی ناسیوەو بەگەورەییش دەیناسم ئەو هەمیشە لە هەموو کەس شەڕانگێزتربوو (الطبري ١٩٨٨: ج ٦، ٣). ئیمام عەلی، دوای ئەوەی لەو شەڕەی کە بەناوی سەفین (٦٥٧) ناسراوە، نەیتوانی لەڕێگای شەڕدا کێشەکان یەکلاکاتەوە ڕازیبوو بەوەی کە کەسانێك ناوبژییان بکەن. ئەو دانواندنەی ئیمام عەلی بۆ مەعاوییە خەڵکانێکی زۆری لە پشتیوانانی ئیمام عەلی توڕەکردو دروشمی "فەرمان (حوکم) هەر فەرمانی خوایە" بەرزکردەوە (قورئان ٦: ٥٧)، دەشیانگوت ناوبژیکردن هەردەبێ بەپێی ئەو ئایەتەی قورئان بێت کە دەڵێ "ئەگەر لەناو باوەڕداران دوو گرۆ دژیەك ڕاچوون، ئێوە ئاشتیان بکەنەوە، ئەگەر یەکیان گەرەکی بوو ناهەقی لەویدی بکا، ئێوە دەگژ ئەوەڕاچن کە هەر دەیەوێ شەڕبکا، هەتا بۆ فەرمانی خوا ملکەچدەکا" (قورئان ٤٩: ٩) (بڕوانە *EB* 2002: Kharijite). دیارە لایەنگرانی ئیمام عەلی هەموو پێیانوابوو مەعاویە لادەرە، بەڵام گروپێکیان بەپێی تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئەم ئایەتەی سەرەوە موکڕبوون لەسەر درێژەدان بەشەڕ تا لادەران ملکەچدەکەن بۆ فەرمانی خوا، کە دیارە ئەو گروپە بەرەی ئیمام عەلیان بە جێبەجێکەری فەرمانی خوا دەزانیو مەعاوییەش بە لادەر، بۆیە کاتێك ئیمام عەلی شەڕی ڕاگرتو ناوبژیکردنی قەبوڵکرد ئەوان

ناڕەزاییان دەربڕیو شمشێریان لە ئیمام عەلیو بەرەکەی هەڵبڕی، ئەو گروپە دواتر بە خەواریج ناسران.

لە پرۆسەیەکی مێژوویی وەك ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەپێکرا، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە قورئانو دەقەکانی بۆ پاساودانو پشتڕاستکردنەوەی بانگەشە سیاسییو ئایینیەکان، هەرسێ لایەنە سەرەکییەکەی ئەوکاتی موسڵمانان سوننەو شیعەو خەواریج، ململانێکانیان لەسەر دەسەڵاتو کێشمەکێشە سیاسیی–ئایینی–کۆمەڵایەتییەکانیان گواستەوە بۆ مشتومڕێکی ئایدیۆلۆجی لەناو دەقە ئایینییەکانی ئیسلام لەسەروی هەمووشیانەوە دەقەکانی قورئان. ئەوەش بووە مایەی خراپکەڵکلێوەرگرتنو تەعەداکردن لە دەقە ئایینییەکان.

چەند سەدەیەك دواتر لەبەر کەم شەرعییەتی دەسەڵات، ئەمەوییەکانو عەباسییەکان دەستیاندایە پرۆسەیەك لە فۆرمێکی نوێ بەبەکارهێنانی ئیسلام وەك ئامرازێك بۆ پاساودان بە شەرعییەتی حوکمەکانیان. پاساودانەکان، دیسانو بەگشتی، لە چوارچێوەی دژایەتیکردنو بانگەشەو دژەبانگەشەکانی سوننەو شیعەدا دەخولانەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە رۆژبەڕۆژ زانا ئایینیو فوقەهاکان رۆڵی بەرچاوتریان لە گۆڕانکارییەکانو دیاریکردنی ئاراستەکانی حوکمو خەڵك دەبینی. بۆنمونە، غەزالی کتێبێکی بەناوی *المستظهر* نووسی کە بەتایبەتی تەرخانکرابوو بۆ پشتیوانیکردن لە شەرعیەتی بیستو هەشتەمین خەلیفەی عەباسییەکان ئەلموستەزهیر (ف. ١٠٩٤–١٠٩٥). تەوەری هەرە سەرەکی کتێبەکەی بانگەشەیەك بوو لە دژی باتنییەکان (الباطنيون)، کە بەشێکی

ئایینزای شیعە بوونو بەیەکێك لە ئاراستە فکرییە بەهێزەکانی دژ بە سوننە لەوکاتیدا دادەنرێن (Lambton 1981: 110).[25] ئیبن تەیمیەش، کە بە دوژمنێکی سەرسەختی شیعە ناسراوە، بەهەمانشێوە کتێبێکی بەناوی *منهاج السنة* (پەیڕەوو پڕۆگرامی سوننە) کە لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەیەکی ئاشکرای شیعەگەراییەو بەس. لەپاڵئەمانەش، دامەزراندنی مەدرەسە لەلایەن سوڵتانی ناوداری سەلجوقییەکان نیزاملمولك (نظام المُلك) (١٠١٨–١٠٩٢) دەکرێ بە نمونەیەکی دیکەی شەڕی ئایدیۆلۆجی سوننەو شیعە دابندرێ. مەبەستی سەرەکی لە دانانی مەدرەسە ڕاهێنانو پەروەردەکردنی شاگردو فەقێ بوو تا بتوانن بەرانگژی پڕوپاگەندەو بانگەشەی ئیسماعیلییەکان، بەشێکی ئایینزای شیعەبوون، ببنەوە. نیزاملمولك پارەوپولو مامۆستایەکی زۆری بۆ مەدرەسەکان تەرخانکرد، غەزالی یەکێك لەو مامۆستایانەبوو کە لەلایەن خودی سوڵتانەوە ئەرکی مامۆستایی یەکێك لە مەدرەسەکانی پێئەسپێردرا (Black 2001: 91).

ئەو بەکارهێنانەی ئیسلام وەك ئامرازێك لەلایەن ئاراستە فکرییەکانی موسڵمانان بەدژی دوژمنانی ناوخۆو دەرەوە تا ئێستاش هەر باوە. سەید قوتب، پێشەنگی بیری رادیکالی ئیسلامییە نوێکان، دەڵێ ئەم ئایینە (ئیسلام) بوو بۆیەکمجار ئوممەتی ئیسلامی دامەزراند، هەرکاتێکیش بمانەوێ ئوممەتی ئیسلامی

---

[25] باتنییەکان خەتێکی فیکری ئایینیی بوون لەناو شیعەکان، ئەوان پێیانوابوو لەپەنای هەر مانایەکی دیار (زاهیری) بۆ دەقێك دەکرێ لێکدانەوەیەکی (تەئویل) نادیار (باتینی) بۆ بکرێ. سوننەکان بۆچوونی باتینییەکانیان رەتدەکردوەو پێیانوابوو لێکدانەوەکانیان زیاتر سەرلێشێواوی لێدەبێتەوە، چونکە دەبێتە مایەی دانی چەندان مانا بە هەر دەقێك (*EB* Vol. I: 876).

دامەزرێنینەوە ئەوە تەنهاوتەنها بەو (ئیسلام) دادەمەزرێتەوە (قطب ١٩٨٣: ٤٣-٤٤). فەهمی هوەیدی، ئیسلامییەكی دیكەی میسر، لەوەش تێپەڕدەكاو دەڵێ "ئێمە چەكێكمان لەژێردەستدابووو بۆ سەركەوتن بەكارمانهێنا، لەوكاتەوەش ئەو چەكەمان فڕێداوە كەوتوینەتە سەر ڕێگای دۆڕانو فەوتان"، هەروەها دەڵێ "كاتێك قورئان پشتگوێدەخەین ئوممەتی ئێمە دەبێتە پاشكۆ" (هویدی ١٩٨٢: ١٨-١٩). ئیسلامییەكان پێیانوایە كە ئیسلام چاكترینو پڕتواناترین ئوممەتی لەسەردەمی خۆیدا بەرهەمهێناو ئیسلام تاكە چەكی هەڵگێڕانەوەی مێژووە. ئەوان پێ لەسەر ئەوەش دادەگرن كە هیچ هۆیەك نیە ڕێگربێت لەپێش ئەركێك ئیسلام كاتیخۆی توانیبێتی ئەنجامیبدا كەچی ئیمڕۆ نەتوانێ (Al-Banna 1999: 206). مەودودی لە بەسیاسییكردنی ئیسلامدا ئەوانەی لە پێشەوە پەنجەمان بۆ ڕاكێشان دەبەزێنێو پەیامی ئیسلامیی لە نیازو مەبەستی ئایینی دادەشۆرێو دەیكا بە پەیامێكی تەواو ناوەڕۆك سیاسیی. ئەو بە چەند وشەیەكی زەق دەڵێ ئەركی پێغەمبەران "خەباتكردنبووە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بە هەر ڕێگایەك بۆیانكرابێت" (Mawdudi 2002: 19).[٢٦]

لەو گفتوگۆیەی پێشەوە بەچاكی ئاشكرایە كە ململانێ فیكریو ئایدیۆلۆجییەكان لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات بویتە یەكێك لەهۆكارە هەرە سەرەكییەكانی بەسیاسییكردنی ئیسلام. بەتێهەڵهێنجان لە ئیسلامو پیرۆزكردنی ئەو یاسایانەی داڕێژران لەو تێهەڵهێنجانە، موسڵمانان لەقۆناغێك لە قۆناغەكانی ژیانیان توانیان

---

[26] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەركاكانی پێغەمبەر لە ڕوانگەی مەودودییەوە بڕوانە (Mawdudi 2002).

چەندان ئیمپراتۆرییەتی وا دروستبکەن کە باڵی بەسەر ناوچەیەکی گەورەی دنیا داکێشا. موسڵمانان ئێستاش لەو باوەڕەدان ئەو ئامرازەی کاتی خۆی ئەو موعجیزەی بۆ بەرهەمهێنان جارێکی دیکەش لەم قۆناغە دەتوانێ هەمانشت وەبەرهەمبێنێ. بۆیە بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی ئیسلام وەك ئامرازێك لەلایەن موسڵمانانەوە بۆ مەبەستە ئایدۆلۆجییەکان دیاردەیەکی نوێ نیەو مەبەستی سەرەکیش لەو کەڵکوەرگرتنە گەیشتنە بەدەسەڵات لەقۆناغی خەباتو شەرعیەتدانو پیرۆزکردنییەتی لەوکاتانەی لە حوکمدان.

## تیوری خەلافەت

یەکێکی دیکە لەو سیما سیاسییانەی  لە مێژووی بەرایی موسڵمانان بە ئیسلام دراوە تیۆری خەلافەتە. دوای مردنی پێغەمبەر (د) ئەبو بەکری سدیق (ف. ٦٣٢-٦٣٤) بە جێنشینی ئەو دەستنیشانکرا، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لەسەردەمی عومەری بن خەتاب (٦٣٤-٦٤٤) بوو کە نازناوی خەلیفە بەتەواوی جێگەی خۆی گرتو تیۆریزەکردن لەسەر خەلافەت دوای زیاتر لە سەدەیەك لە حوکمی عەباسییەکان دەستیپێکرد. ئەو دواخستنەش لەوەدەچێ بۆئەوە بگەڕێتەوە چونکە ئەدەبیاتی سیاسیی ئیسلامیی لەوکاتانە خۆی ڕاپێشکرد کە واقیعی سیاسیی موسڵمانانو ئیمپراتۆرەکەیان دووچاری قەیرانی سیاسیی ببۆوەو دەسەڵاتی خەلیفە وەك ڕابەری موسڵمانان لەکزی دەدا (Ayubi 1991: 3). لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی خەلیفە بەهێزەکانی وەك هارونە ڕەشیدو کوڕەکانی، مەئمونو موعتەسمو، هاتنە سەرتەختی هەندێك خەلیفەی بێتوانای وەك

ئەلموستەزهیر لەلایەكو بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئەمیرو سوڵتانانی بوەییهیی‌و فاتمیی شیعەگەرا لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو توركە سەلجوقییە سوننەگەراكانی باكور لەلایەكی دیكە، هەمووی بەسەریەكەوە ئاكامی قەتیسمانی دەسەڵاتی خەلیفەی تەنیا لە بەغداو دەوروبەی لێكەوتەوە.

بۆیە زانا ئایینی‌و فوقەها سوننەكان بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی خەلیفە وەك سونبلی سەرەكی موسڵمانان دەستبەكاربوون بۆ تیۆریزەكردنی بیرۆكەی جیاكردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی خەلیفەو دەسەڵاتی دنیایی ئەمیرو سوڵتانەكان. غەزالی‌و ماوردی لەو بوارەدا ڕۆڵی كاریگەریان بینی، غەزالی پێشنیازی ئەوەی كرد كە "خەلیفە (دەسەڵاتی ئایینی) ئەو كەسەیە كە سوڵتان (دەسەڵاتی سیاسیی یان سەربازی) هاوپەیمانی خۆی پێدەدا" (و.ل. Black 2001: 104). بەو گوتەیە غەزالی دەیویست لانیكەم پارێزگاری سیستەم‌و ژیانی كۆمەڵگەی موسڵمانان بە پاراستنی خەلیفە وەك سونبلی ئیسلام بكاو سازانێكی عەمەلیش بێت لەنێوان سوڵتان‌و خەلیفە، لەهەمانكاتیش خسڵەتو سیمای ئایینی‌و عەقیدەیی دەوڵەتی ئیسلامی بپارێزن‌و ڕاگرن.

لێرە دەمەوێ ئەو خاڵە وەبیربێنمەوە كە ئیسلامییەكان لە داڕشتنی هەر تیورێكی سیاسییدا كە نەیانتوانیوە لە سەرچاوە سەرەكییەكانی ئیسلامەوە دایتاشن بەناچارییەوە هەوڵیانداوەو هەوڵدەدەن تەباییەك لەنێوان بارودۆخی مێژوویی‌و شەریعەتی داڕێژراو لەلایەن فوقەهاكانەوە دروستبكەن. هەربۆیەش دەبینین كە تیوری خەلافەتی ئیسلامییەكان ڕەنگدانەوەیەكی ڕاستەوخۆی ئەو

بارودۆخە مێژووییەیە کە ئیسلامییەکان وەك بڕیارو، خەلافەت وەك دەزگای حوکم، پێیداتێپەڕیون. لەبەرئەوە لەوکاتەی کە دەسەڵاتی خەلیفە لەکزیدابوو سوڵتانە تورکەکان بەگاڵتەجاڕییەوە هێزەکانی خۆیان بەناو بەغدا تێپەڕدەکرد، غەزالی چەمکی سازشی کردبووە بنەما بۆ تیۆری خەلافەت، کەچی لەسەردەمی ئیبن تەیمیە کە دەسەڵاتی عەباسییەکان نەمابوو خودی خۆشی کەوتبوە بەرەی بەرهەڵستکاریو دەسەڵاتی ئەو کاتی مەغۆلییەکانی بە ناشەرعی دادەنا هەربۆیە رووی قسەکانی لە خەڵك بوو نەك دەسەڵات. بەواتایەکی دیکە چەقی کێشی تیۆرەکەی لە خەلیفەو فەرمانڕەوا گواستەوە بۆ کۆمەڵگە. بەپێی قسەکانی ئیبن تەیمیە، ئەو کۆمەڵگەیەی ژیانی دەبێ بەگوێرەی ئەحکامەکانی شەریعەتەوە بەڕێوەبچێ (Rosenthal 1958: 52). بۆیە دەتوانین بڵێین تیوری خەلیفە وەڵامێکی کاردانەوەیی بوو بەو هێرشو پەلامارە فکرییو سەربازییە ناوخۆو دەرەکییانەی کە بەرانگژی خەلافەتی عەباسیی ببوونەوە.

لە سۆنگەی ئەو وردەکارییانەی پێشەوە دەکرێ بێژین بیری سیاسیی ئیسلامیی دەرئاوێشتی رووبەڕوو بوونەوەی ئەو پرینسیپو بەهایانەیە کە لە قورئاندا هاتون بۆ رێنماییکردنی کۆمەڵگەی باوەڕداران لەگەڵ ئەو واقیعە مێژووییو سیاسییەی کە دەوڵەتو دەسەڵاتە ئیسلامییەکان لە قۆناغەکانی تەشەنەکردن پێیداتێپەڕین. هەروەها دەرەنجامی ململانێ ناوخۆییەکانی سەر دەسەڵاتو ئەو مشتومڕە ئایدۆلۆجییایانەیە کە بەمەبەستی پیرۆزکردنو پشتڕاستکردنەوەی بانگەشەی لایەنە دژبەیەکەکان لەناو دەقە ئیسلامییەکاندا کردیان. ئاکامی ئەو رووبەڕووییەك بوونەوانە بیرێکی سیاسیی ئیسلامیی بوو کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی،

تێکەڵەیەك بوو لە پراکتیزو دابو نەریتو چەمکە عەرەبییە خێڵەکییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی کە تاموچێژی ئیسلامیان پێوەکرابوو. لە قۆناغی گەشەی ئیسلامیشدا تێکهەڵکێشکران بە چەمكو پراکتیزە ئێرانییو بێزەنتییەکان.

## کورتەو سەرئەنجامەکانی بەشی سێیەم

تیوری سیاسیی ئیسلامییەکان بنەمای لەسەر چەندان چەمكو پراکتیز داناوە، لەوانە: شوراو خەلافەت، پەیمان، زیمە، جیهادو ئایینو دەوڵەت. ئەم توێژینەوەیە بە چاوخشانێکی ڕەخنەگرانەو ورد بە مێژووو چەمكو پراکتیزە عەرەبییەکانی پێش هاتنی ئیسلامو ساڵانی بەرایی ئیسلام، لە بنجو بنەوانی ئەم چەمکانەی کۆڵییەوەو بۆی دەرکەوت کە شوراو خەلافەت، پەیمان، زیمە، جیهادو ئەنفال چەمکگەلێکن بەشێك بوون لە دابو نەریتە خێڵەکییە عەرەبییەکانی پێش ئیسلام. چەمکی ئایینو دەوڵەتیش چەمکێکی غەیرە ئیسلامییەو لە قۆناغی گەشەسەندنی ئیسلام، موسڵمانەکان لە ئێرانییو بێزەنتییەکانیان وەرگرتو، لە میانی پێکەوەژیان چەمکەکان تێهەڵکێشی ئیسلام کران. زانا ئایینیو فوقەهاکانو فەرمانڕەواکان ڕۆڵی کاریگەریان لە گونجاندنی ئەم چەمکانە لەگەڵ ئیسلام بینی. هۆیە سەرەکیەکانی بەکارهێنانی چەمکە عەرەبییەکانی پێش ئیسلامو دەستبردن بۆ چەمکە غەیرە ئیسلامییەکان، دەکرێ لەم چەند خاڵە کۆوەبکرێن: یەکەم، سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام لە ئاماژەکردنو سودوەرگرتن لە چەمکە سیاسییەکان کورتی هێناوە. دووەم، ئیسلام وەك ئایین لەناو کلتورو فەرهەنگی عەرەبیی لە دایکبووو گەورەبوو، ئایینیش پەیڕەو

(تەبەنی) چەمکە کۆمەڵایەتییو سیاسییاکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکا کە تێیدا دێتەکایەوەو پەروەردەدەبێ. ئەوەی کە عەرەبەکان ئەزمونی قەوارەیەکی گەشەسەندوی سیاسییان نەبوو، دەکرێ بە هۆیەکی دیکەی دەستبردنی موسڵمانان بۆ چەمکە غەیرە ئیسلامییەکان دابنرێ، بەتایبەتی لە بواری ڕۆڵی دەسەڵاتو دامودەزگاکانی دەوڵەت. لە ئاکامی ئاوێتەکردنی چەمكو پراکتیزە عەرەبییو غەیرە ئیسلامییەکان لەگەڵ بەهاو پرنسیپە ئیسلامییەکان تیوری سیاسیی ئیسلامیی وەبەرهەمهێنرا. تیورەکە ئەوکاتو ئێستاش چەقی لەسەر ئیسلام بەستوە، چونکە، ئیسلام بە فاکتەری هاوبەش لەنێو موسڵمانان دەبینراو دەبینرێ، کۆمەڵگەی ئیسلامییش کۆمەڵگەیەکی ئایینییە. کۆمەڵگە ئایینییەکانیش لە چاوی ئایینەوە تەماشای هەموو شتەکانی دەوروبەریان دەکەن، واتە ئایین دەبێتە ڕوانگەی جیهانبینیان (worldveiw). لەپاڵئەمە، موسڵمانان، بەگشتیو بەردەوام وابەستەی ڕابردوون، ئەو ڕابردووەی کە "سەرکەوتنە مەزنەکانیان تێدا تۆمارکرد". بیرکردنەوەو سەرنجدان لە ڕووداوو سەربردە کۆنەکان بەشێکی گرنگی فەرهەنگی عەرەبی–ئیسلامیی پێکدەهێنێت. گفتۆگۆی ڕۆژانەی موسڵمانان زیاتر لە خولگەی ڕابردوو (چ دوور چ نزیك) دەخولێتەوە نەك ئێستاو ئایندە. گەڕانەوە بۆ "قۆناغە زێڕینەکان" خەونێکی بەردەوامی عەرەبو موسڵمانانە.

دەکرێ دارشتنی شەریعەت بە یەکێك لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەسیاسییکردنی ئیسلام دابنرێت. لەبەرئەوە، شەریعەت هەمیشە کرۆکی سەرەکیی زۆربەی ئەو گفتوگۆیانە پێکدێنێ کە لە نێوان ئیسلامییەکانو

نوێخوازەکان دەکرێ. ئیسلامییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە شەریعەت کۆمەڵێك یاسایەو لە ئاسمانەوە دابەزیون. ڕاستە قورئان خۆی لە قەرەی هەندێك پرسو نیگەرانییەکانی کۆمەڵگە داوە، کە دەکرێ بە مەسەلەکانی قەزاوەت (المسائل القضائية) دابنرێن. سەرەڕای ئەوە، ئێمە پێمانوایە، قورئان تەنیا چارەسەرێکی کاتیانەی (time-bounded) هەندێك پرسو کێشەی تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدینە لە ئانوساتی خۆیدا کرد. ئەو مەسەلانەی قورئان هەوڵی مامەڵەکردنی لەگەڵ دان ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکاو بەگشتی پەیوەندییان بە پرسەکانی خێزان، میرات، غوسل، بێنوێژی، خواردن، سێکسو ژنهێنانەوە هەبوو. لەکاتێکدا ئەو شەریعەتەی لەلایەن فوقەهاکانەوە داڕێژرا، کەم بوار هەیە پەی پێنەبردبێ‌و هەمووشی لەسەر بنەمای قیاس (analogy) داڕێژراوە.[27] بەپێچەوانەی ئیسلامییەکان، ئێمە وەك ئاکامێکی ئەم توێژینەوەیە پێمانوایە، شەریعەت کۆمەڵایەتیانە (socially) لە پرۆسەیەکی مێژوویی لەلایەن فوقەهاکانی ئیسلام داڕێژرا (constructed). لەبەرئەوە، شەریعەت وەك هەر یاسایەکی مرۆڤانەی دیکە، ناکرێ لە هەستو ویژدانی مرۆڤانە خالی بێتو نە داڕشتنی، نە جێبەجێکردنی، ناکرێت لایەنگرانە نەبێت. لە سۆنگەی ئەمەوە، هەر بانگەشەیەك بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت ناکرێت لەهەمبەر (بمثابة) جێبەجێکردنی 'یاسا ئاسمانییەکان' دابنرێتو، قەڵغانی خوایی لەبەربکرێتو مۆرکی پیرۆزیی خوایەتی لێبدرێت. لە ئاکامدا، دەڵێین بانگەشەی قودسییەتیی

---

[27] قیاس وەك بنەمایەك بۆ داڕشتنی شەریعەت لەلایەن فوقەهاو زانا ئایینییەکانی ئیسلام بەکارهاتووەو بەکاردێتو، بریتییە لە پرۆسەی بەراوردکردن. بۆنمونە: کە دەگوترێ، شەرابی ترێ حەرامە، لەبەرئەوەیە مرۆڤ مەستو بێهۆشدەکا، لەسەر ئەم 'قیاس'ـە شەرابی هەر میوەیەکی دیکە مرۆڤ سەرخۆش بکات حەرامە.

شەریعەت، کە ئیسلامییەکان دەیکەن، بانگەشەیەکی سیاسییە نەك ئایینیی. هاواری ئێمەش، داماڵینی ئەو بەرگە سیاسییەیە کە ئیسلامییەکان بە باڵای ئیسلامیان دابڕیوە، هاوارەکەش بە پرۆسەی بەناسیاسییکردنی ئیسلام (de-politicisation of Islam) ناوزەد دەکەین، کە بەتەواوی پێچەوانەی پرۆسەی بەسیاسییکردنی ئیسلامە.

لەڕاستیدا پرۆسەی بەسیاسییکردنی ئیسلامو دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەوڵەت دوای مردنی پێغەمبەر (د) دەستیپێکرد. سەرەتاکانی بەسیاسییکردنی ئیسلامو شەڕی دەسەڵات ڕاست لە ڕۆژی مردنی پێغەمبەر (د) سەریهەڵداو عومەری بن خەتاب بە دامەزراندنی هەندێك دامودەزگای دەوڵەت، وەك، دیوان، هەنگاوێکی چاك پرۆسەکەی بردەپێش. بەڵام، شەڕی ئایدیۆلۆجیی لەناو دەقەکانی قورئانو سوننەت لەگەڵ فیتنەی یەکەم (شەڕی نێوان ئیمام عەلیو مەعاویە) گەشەی پێدرا. لەهەمانکاتدا، خەواریجەکان ئایەتەکانی قورئانیان بۆ مۆرکردنی ئارگیومێنتەکانیان لە دژی ئیمام عەلی بەکاردەهێنا. سەربردەو گێڕانەوە جیاجیاکانی ئەو ڕووداوانەی لەو قۆناغە مێژووییەدا ڕوویاندا بەردی بناغەیان بۆ بیرۆکە سیاسییەکانی موسڵمانان داناو شەکلو شێوەیەکی نوێی بۆ ناسنامەی، نەك هەر نەوەی یەکەمی موسڵمانان بەڵکو نەوەکانی دواترو ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، داڕشت. ململانێ ناوخۆییەکان، کۆمەڵگەی موسڵمانانی بەسەر ئاراستە فکریی‌و ئایدیۆلۆجییەکان دابەشکرد. لە ئاکامدا هەموو لایەنەکان، ئیسلامیان وەك ئامرازێك بۆ گومان خستنە سەر ئارگیومێنتەکانی لایەنە دژەکانو بریقەدارترکردنو پیرۆزکردنی بانگەشەکانی خۆیان، بەکارهێنا. لەلایەکی دیکە،

تەشەنەکردنی ئیسلامو گەشەسەندنی قەڵمڕەوی ئیسلامیی، پێداویستیی دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی کرد بە حەتمیەتێکی مێژوویی. لەگەڵ بەرفراوانبوونی سەرزەوی ئیسلام، بارودۆخێکی نوێ هاتەکایەوەو کۆمەڵێك کێشەی ئاسایشو تەناهیو بەڕێوەبردنی لەگەڵ خۆی هێناو، فەرمانڕەوایانو بیریارانی ئیسلامی ناچار بە داڕشتنی تیورێکی سیاسیی واکرد کە بنەما لەسەر ئایین بگرێت، چونکە بە خاڵی هاوبەشی نەتەوە جیاجیاکانی ئەو کاتی دنیای ئیسلام دەهاتەبەرچاو.

لەو دوو بەشەی پێشەوە باسمان لە سەرەتاکانو پرۆسەی تیۆریزەکردنی بیری سیاسیی ئیسلامیی کردو هەندێجار بەجیاو جارناجاریش پێکەوە باس لە بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان کرا. لە بەشی داهاتودا تاوتوێی کاریگەری بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکان لەسەر ئیسلامییەکانی سەدەکانی ئەم دواییە دەکەینو هەوڵدەدەین لە میانی ئەو چەمکانەی لەلایەن هەردوولادا بەکارهاتوە بۆ بەسیاسییکردنی ئیسلام نەخشێکی هاوبەشو پەیوەندییەك لەنێوان بیری سیاسیی هەردوولادا دەستنیشان بکەین.

# بەشی چوارەم

## پەیوەندیی نێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان

پەیوەندیی لەنێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو ئیسلامییە نوێکان یەکێك لەو بوارانەیە بەدەگمەن توێژینەوەی لەسەر کراوە، بەتایبەتی لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا. هۆی هەرە سەرەکی پشتگوێخستنی ئەو لایەنە گرنگە لە پرۆسەی گەشەی بیری سیاسیی ئیسلامیی ئەو تێگەیشتنەیە یان باوەڕەیە کە 'ئیسلامیزم'ی ئەم سەردەمە بە دیاردەیەكو بزوتنەوەیەکی نوێ دادەنێو پێیوایە 'ئیسلامیزم' تەنیا کاردانەوەی ڕاستەوخۆی دیاردە بەرچاوو گۆڕانخوازەکانی ئەم سەردەمەیە، وەك: نوێخوازیی (modernisation)و جیهانگیریی (globalisation)، هەروەها ناشەرعیبوونی دەسەڵاتی سیاسییو دۆڕانە کارەساتبارە یەك لە دوای یەکەکانی عەرەبەکانە لە شەڕیان لەگەڵ ئیسرائیل بەتایبەتی شەڕی شەش ڕۆژەی حوزەیرانی ١٩٦٧ (Esposito 1994). لەپاڵئەمانەش، سەرنەکەوتنی پەروەردەی سێکولارانە (علمانی)ی حکومەتە ناسیونالیستەکانی دنیای عەرەبیو ئیسلامیی لە گەشەپێدان بە کلتورو چەمکی

سێکولاریزم (علمانییەت) بەتایبەتی‌و گەشەی کۆمەڵایەتی بە گشتی (Ali 2000). ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئیسلامیزمی نوێ‌و پرۆسەی بەسیاسییکردنی ئیسلام ڕەگ‌و ڕیشەیەکی قوڵی لەناو سەرهەڵدان‌و گەشەکردنی بیرۆکەو بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکاندا هەیە، بەهەردوو شێوازە دەربڕاوەکەی میانڕەوانەو توندڕەوانە. ئەم بەشەی توێژینەوەکە تەرخاندەکەین بۆ گەڕان بەدواو دیاریکردنی ڕیشەی پەیوەندیی نێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە نوێکان‌و کۆنەکان، بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکان، پشتدەبەستین بەو چەمك‌و پراکتیزانەی کە هەردوولا بناغەی بیرۆکەو تێڕوانیینە سیاسییەکانیان‌و نزیکبوونەوەیان لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دادەنێن. دواتر لە کاریگەریی مێژووییانەی داگیرکردن‌و هەژمونی فەرهەنگی بێگانە لەلایەك‌و چەوساندنەوەی بڕیارە ئیسلامییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆوە لەلایەکی دیکە لەسەر گەشەو سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی (extremism) ئیسلامیی دەکۆڵینەوە.

وەك لەسەرەوە پەنجەمان بۆ ڕاکێشا، زۆربەی ئەو ئەکادیمییانەی لە ئیسلامیزمیان کۆڵیوەتەوە، بە هەموو فۆرمەکانیەوە، چ وەك بیرۆکەیەك‌و بزوتنەوەیەکی سیاسیی یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، کە زیاتر بە سەرهەڵدان یان ڕابوونی ئیسلامیی ناسراوە، وایبۆدەچن کە ئیسلامیزم دیاردەیەکە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە سەریهەڵداوە. هەندێکیان وەك دەرئاوێشتەیەکی قۆناغی پیشەسازی‌و مۆدێرنازەیشن‌و پێشڕەفتە تەکنۆلۆجییەکانی دەبینن. بۆنمونە ئێسپۆزیتۆ وەك ئاکامێکی مۆدێرنازەیشنی دەبینێ، چونکە ئەو پێیوایە ئیسلامییەکان مۆدێرنازەیشن وەك فۆرمێکی نوێی کۆلۆنیالیزم وێنادەکەن

(Esposito 2000: 50). هەندێکی دیکە پێیانوایە ئیسلامیزم بەرهەمی نشوستی حکومەتە ناسیونالیستە ئۆتۆریتارییەکان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیی–سیاسییەکانو ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتی–ئابورییەی کۆمەڵگەی جیهانییە بەسەر داراو نەداردا، کە وەك دەرئەنجامێکی داسەپێندراوی دیاردەی جیهانگیری هاتۆتەگۆڕێ (Turner 2003: 140). دیاردەیەك، جیهانگیری، لەیەککاتدا خۆشگوزەرانیی بۆ هەزارانو نەهامەتیشی بۆ ملیۆنانی دیکە لەگەڵخۆیداهێناوە. هەندێك ئەکادیمیی هەن هۆکاری ئابوری، لەباریەکچوونی کۆمەڵایەتی (social dislocation)، ئۆتۆریتاریانییەت (التسلط)و بەپەراوێزکردنی خەڵك لە پشت سەرهەڵدانی ئیسلامیزمەوە دەبینن. کەسانێکیش هەن بەڕۆژئاواییکردنو هەژمونی فەرهەنگی بە هۆی سەرەکی دادەنێن، هەشن دۆڕان لە شەڕەکانو قەیرانی (ئەزمەی) ناسنامەی نەتەوەییو پرسی ڕەسەنییەتی نەتەوەییو شەرعییەتی دەسەڵات بە سەرچاوەی سەرەکی ئیسلامیزم دادەنێن. بێجگە لەمانە ململانێی نێوان هێزە سێکولارەکانو ئەو لایەنانەی ئایینو دەوڵەت لێکناکەنەوە بە هۆکارێکی دیکە دەزانرێن (Moaddel 2002: 370).

ئەوەی ڕاستی بێت، دەتوانین بڵێین ئەو هۆیانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، بە شێوەیەك لە شێوەکان، هەر هەموویان بەشدارییو کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر بەرهەمهێنانی ئیسلامیزم. مۆدێرنازەیشنو جیهانگیریو ڕەوشی سیاسیی دنیای ئیسلامیی بەگشتی زیاتر زەمینەخۆشکەر بوون بۆ گەشەو پەرەسەندنی ئیسلامیزم وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی–سیاسیی. بەڵام، ئیسلامیزم وەك چەمكو بیرۆکەیەکی سیاسیی بنچو بنەوانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکە

سیاسییانەی کە ئیسلامییە کۆنەکان لە قۆناغەکانی سەرەتاو ناوەڕاستی مێژووی موسڵمانان دایانڕشت، چونکە، وەك پێشتریش ڕونمانکردەوە، بەسیاسییکردنی ئیسلام پرۆسەیەکی نوێ نیە لە مێژووی ئیسلامدا. ئیسلامیزم وەك دیاردەیەکی ئەم سەردەمە سیمای نوێو جیای هەیەو ئامرازی نوێ لە بواری فیکریو پراکتیزدا لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵاتو بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی بەرجەستەدەکا. سەرەڕای ئەوە، ئیسلامیزمی نوێ بەقوڵایی ئیسلامیزمی کۆندا چۆتەخوارو زۆرجار بیریارە ئیسلامییە نوێکان هەمان ئەو چەمكو نزیکبوونەوانە بەکاردێنن کە پێشتر ئیسلامییە کۆنەکان بنەمای فکرییان لەسەر داناوە. دەکرێ بڵێین بنەمای ئەو ئارگیومێنتە ڕێك لەو چەمکە 'لینین'ییە دەچێ کە دەڵێ 'هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسیی بەبێ تیوری سیاسیی نابێ'.

لێرە دەمانەوێ بۆچوونی هەندێك ئەکادیمیی دنیای ئیسلام بەسەربکەینەوە، کە وەك ئەوانەی ڕۆژئاوا، پێیانوایە ئیسلامیزم دیاردەیەکی ئەم قۆناغەیە، مەبەست لە ئەکادیمییەکانی دنیای ئیسلام، ئیسلامییەکان نیە. ئەیوبی پێیوایە ناکرێ ئیسلامیزم بگێڕینەوە بۆ هیچ بارودۆخێك یان تیورێکی فۆرمەلەکراو لە ڕابردوودا. بەکورتی، ئەو لەوباوەڕەدایە ئیسلامیزم "داهێنانێکی نوێیە" (Ayubi 1991: 3).[٢٨] سەمیر ئەمین، ئەکادیمییەکی دیکەی عەرەبی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئیسلامییە نوێکان بایەخ بە **فیقه** (theology) نادەنو، بۆ بیرۆکەکانیان، **هەرگیز ناگەڕێنەوە سەر فوقەها** (theologian) **کلاسیکییەکانی ئیسلام** (Amin 2001).

---

[28] ئەیوبی وەك زۆر لە ئەکادیمییەکانی دیکە زاراوەی ئیسلامیی سیاسیی لە جیاتی ئیسلامیزم، کە ئێمە بەکاریدێنین، بەکاردێنێ.

بەهەمانشێوە، بەسام تیبی لەوباوەڕەدایە 'دەوڵەتی ئیسلامیی‌و، 'حاکمییەتی ئیلاهیی' ئیزافاتی نوێن بۆ بیری ئیسلامیی (Tibi 2002: 77). لەم بەشەدا بەوردی تەماشایەکی نووسینەکانی ئیسلامییە کۆنەکان دەکەین‌و بە بنەما لەسەر ئەو چەمك‌و پراکتیزانەی لە قۆناغە بەراییەکان بیری ئیسلامیی لەسەر داڕێژراو دواتر لەلایەن ئیسلامییە نوێکان سودیان لێوەرگیراو درێژەپێدرا، قسەوباسێك بە ئاراستەی پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە دەخەینەڕوو. ئێمە وایبۆدەچین کە چەمکگەلی 'سەلەفییەت'، 'حاکمییەتی ئیلاهیی'، 'سەرتاپاگیری (comprehensiveness)و گەردونگەرایی (universality) ئیسلام'، 'پێویستیی حکومەتی ئیسلامیی'، 'جیهادو تەکفیر'، ' ئایین‌و دەوڵەت' هەر هەموویان لەلایەن ئیسلامییە کۆنەکان بەکارهاتون‌و ئیسلامییە نوێکانیش بەهەمانشێوە هەوڵی زیندوکردنەوەیان داون، بەڵام، وەك گوتمان بەدەستکارییەکی ڕووکەشانە بەمەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ ڕەوش‌و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم سەردەمە. بەوردبوونەوە لەو چەمکانەو چۆنییەتی کەڵکلێوەرگرتنیان لەلایەن ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکان دەگەڕێین بەدوای سەرەگوریسی پەیوەندییەکانی نێوان بیری سیاسیی هەردوولا. بەدیاریکردنی پەیوەندییەکان لەمیانی چەمکە بەکارهاتووەکان ئەو بانگەشەیە ڕەتدەکەینەوە کە پێیوایە ئیسلامیزم دیاردەیەکی نوێیەو ناگەڕێتەوە بۆ سەر بیری سیاسیی ئیسلامیی کلاسیك.

دواتر تەماشایەکی ئەو ئەزمونانە دەکەین کە ئیسلامییە توندڕەوەکان پێیدا تێپەڕبوون لەگەڵ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی–سیاسییەی کە تێیدا ژیاون. چاوخشانێکی مێژووییانە بە ئەزموونی ئیسلامییە توندڕەوە کۆنەکان‌و نوێکان،

چەوسانەوەیەکی بێبەزەییانەی ئیسلامییەکان لەلایەن دەسەڵاتداران لەخۆنیشاندەدا. لەلایەکی دیکە زۆربەی هەرە زۆری ئیسلامییە توندڕەوەکان ئەزمونیان لەگەڵ هێزێکی داگیرکەری سیاسیی—سەربازی یان فەرهەنگی هەبووە. لەکۆتایی ئەم بەشەدا لە کاریگەری چەوساندنەوەو هەژمونی فەرهەنگیو سیاسیی لەسەر بیری توندڕەویی ئیسلامیی دەکۆڵینەوە.

دەبێ ئەوە بڵێین کە دێکمێجیان (Dekmejian 1994) نەخشی گەشەی بیری توندڕەویی ئیسلامیی وەك کاردانەوەیەك لەبەرابەر هێرشی داگیرکەران نیشانکردوە. بەڵام، ئەم توێژینەوەیە لەوە تێپەڕدەکاو هەوڵدەدا دەستنیشانی هەموو نەخشەکانو پەیوەندییەکانو لێکچووەکان لەنێوان بیری ئیسلامیی کۆنو نوێ بکا. هەروەك گوتمان بۆ ئەم مەبەستە بنەمای ئارگیومێنتەکەمان لەسەر ئەو چەمکگەلە دادەنێین کە هەردوولا کەڵکیان لێوەرگرتون.

## سەلەفیەت

سەلەفیەت، وەك چەمکێك لە چوارچێوەی بیری ئیسلامییدا، هاوارێکە بۆ 'گەڕانەوە بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە' ئەو ئیسلامەی لەلایەن موسڵمانەکانی بەرایی پراکتیزەدەکرا. ئەوانەی بانگەشەی سەلەفییەت دەکەن لەوباوەڕەدان کە تەنیا بە گەڕانەوە بۆ ئیسلامە ڕاستەقینەکەی ئەژدادیان (السلف) دەتوانن شەڕی تەشەنەکردنی بێئەخلاقیو بڵاوبونەوەی بەهاو پراکتیزە بیانییەکانو زاڵی

دەسەڵاتی بێگانە بکەن (Kamal et al 2001: 175).[٢٩] ئیسلامییە نوێکانو کۆنەکان گریمانی ئەوە دەکەن یان پێیانوایە ڕێگەچارەکانی رابردوو دەکرێ لە رۆژگارەکانی دوای سەردەمی بەرایی ئیسلامیش وەك کاتی خۆی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان مامەڵەیان لەگەڵبکرێو جێبەجێبکرێن. زۆرجار لەوەش تێپەڕدەکاو پراکتیزو دەقە نوسراوەکانی سەلەف، لەلایەن ئەوانەی بانگەشەی سەلەفییەت دەکەن، پیرۆزدەکرێنو وەك دەقە سەرەکییەکانی ئیسلام تەماشادەکرێن.

لە برگەکانی ئەم بەشەدا، بەمەبەستی خستنەڕووی بیرو بۆچوونی هەردوولایەن لە ئیسلامییەکان، نوێکانو کۆنەکان، لەسەر ئەو چەمكو پراکتیزانەی ئاماژەمان پێکردنو لەلای ئەوانەوە کراون بە بنەما بۆ دارشتنی تیوری سیاسیی ئیسلامیی، تێڕوانینەکانیان بە جیا دەخەینەڕوو. دواتریش هەوڵدەدەین بەراوردێك لەنێوان تێڕوانینەکانیان بکەین بۆ دیاریکردنی نەخش (pattern)و پەیوەندی فیکری لەنێوانیان، بە چەمکی سەلەفییەتیش دەستپێدەکەین.

**<u>ئیسلامییە کۆنەکان:</u>** غەزالی (١٠٥٨–١١١١) پێیوایە خەلافەت دەزگایەکە لە ژیانی موسڵمانان بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداربوونی بۆ نیە، چونکە لەسەر داوای کۆبڕیاری (ئیجماع)ی نەوەی یەکەمی کۆمەڵگەی موسڵمانان دامەزراوە (Rosenthal 1958: 39). بەهەمانشێوە، ئیبن خەلدون (١٣٣٢–١٤٠٦) خەلافەت بە

---

[29] لە سەرچاوە نووسیندا et al کورتکراوەی ئەوەیە کە ئەم سەرچاوەیە زیاتر لە یەك نووسەری هەیە.

پێویستیی دادەنێ، چونکە یاوەرانی پێغەمبەر (د)و نەوەی دووەم لە موسڵمانان بە پێویستیان زانیوە (Ibn Khaldun 1989: 156). ئیبن تەیمیە (١٢٦٣–١٣٢٨) یەکێکی دیکە لە ئیسلامییە کۆنەکان، کە بە باوکی ڕۆحی ئیسلامییە نوێکان ناسراوە، لە کتێبی *السیاسة الشرعیة* (سیاسەتی شەرعی) سورە لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەت، ناویشی لە شەریعەت ناوە 'پڕۆژەی ئیسلام'. ئەو پێیوایە مادامەکی کاتی خۆی لەلایەن سەلەف (خەلیفەکانی ڕاشدیین) بەرجەستەکراوە ئەوا ئەمڕۆش دەکرێ بەرجەستەبکرێ، بەڵام پێویستیی بە ئامرازی دیکە هەیە بۆ جێبەجێکردنی (Black 2001: 155).

**ئیسلامییە نوێکان:** مەودودی (١٩٠٣–١٩٧٩)، دەکرێ بە باوکی ئیسلامییە نوێکان دابندرێ‌و یەکێکە لەوانەی کە لە پێش هەموو ئیسلامییە نوێکان هاواری دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی لێبەرزبۆوەو دامەزرێنەری ڕێکخراوی جەماعەی ئیسلامیی پاکستانییە کە لەگەڵ ئیخوان موسلمینی حەسەن بەننا بە دایکی هەموو ڕێکخراوو بزوتنەوە ئیسلامییەکان دادەنرێن. مەودودی داوادەکا نابێ هیچ موجتەهیدێك (المجتهد) ڕێنماییەکانی چوار فوقەهاکەی ئیسلام (مالیك، شافعی، حەنەفی‌و حەنبەلی) لێونبێ یان سەربەخۆیانە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەر ڕێنماییەکانی ئەوان ئیجتیهاد بکات (Mawdudi 2002: 43). سەید قوتب (١٩٠٦–١٩٦٦)، کە بە ڕابەرێکی فکریی ئیخوان موسلمین‌و هەموو ڕەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکان ناسراوە، بەهەمانشێوە، پێیوایە ئەگەر ئێمە شوێنپێی نەوەی یەکەمی موسڵمانان، ئەو نەوەیەی خوا پەیڕەو پڕۆگرامی ئیلاهی بۆ ناردن، نەکەوین هەرگیز نابین بە خاوەنی خۆمان (قطب ١٩٨٣: ٢٢–٢٣). یەکێك لە

بەرچاوترین ئیسلامییەکانی ئەم ڕۆژگارە، قەرەزاوی، لەسەرهەمان ڕەوتی مەودودی دەڵێ ئێمە ناتوانین لەخۆمانەوە قورئان تەفسیربکەین، چونکە تەفسیر بنەچە (اصول)و بناغەی هەیە کە لەلایەن ئیمامەکانی موسڵمانان دانراون‌و دەبێ پەیڕەویان لێبکەین (القرضاوی ١٩٨٨: ٩٠).

بە تێڕوانین‌و وردبوونەوە لەوەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەتوانین بڵێین کە ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکان وەك یەك تەماشای کاروکردەوەو دەقەکانی سەلەفیان کردوە، جا سەلەفەکان یاوەران‌و نەوەی یەکەم‌و دووەمی موسڵمانان بووبن یان ئیمام‌و فوقەهای ئیسلام. لەلایەن هەردوولاوە دەق‌و پراکتیزەکان پیرۆزکراون‌و بە سەرچاوەیەکی دیکەی ئیسلام دانراون. لەوەش زیاتر کاروکردەوەکانی نەوەکانی بەرایی وەك نمونەی بێهاوتاو میسالی لە مێژووی موسڵمانان ناسێندراون، لەکاتێکدا نابێ ئەوە لەبیربکەین کە ئەزموونی نەوەی یەکەم‌و دووەمی موسڵمانان خوێناوی‌و پڕناعەدالەتیی‌و فیتنەو ئاژاوەو دوور لە میسالیەت بووە.

ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکان کۆکن لەسەر ئەوەی دەزگای خەلافەت پێویستییەك بووە بۆ موسڵمانان تەنیا لەبەرئەوەی نەوەی یەکەم (سەلەف) پێیان باشبووەو پراکتیزیانکردوە. ئەو شەریعەتەی کە خەتە گشتییەکانی لەلایەن چوار ئیمامە سوننەکە داڕێژرا، لەلایەن هەردوو گروپ پیرۆزکراوەو کراوەتە سەرچاوەیەك کە بەبێ ئەو ناکرێ دەست بۆ تەفسیرکردنی قورئان ببردرێ، هەر لەبەرئەوەی ئەوان لە قۆناغێکی نزیکتر لە قۆناغی وەحی ژیاون‌و پێیانوایە ئەوەش دەستەبەرو

بەسە بۆئەوەی تێگەیشتنەکانی ئەوان بۆ قورئان گومان هەڵنەگرن‌و دروستتربن. بەهەمانشێوە موکوڕن لەسەر ئەوەی مادامەکی شەریعە کاتی خۆی لەسەر دەستی سەلەف بە "سەرکەوتویی" جێبەجێکرا کەواتە لە ڕۆژگارەکانی دوای سەلەفیش هەر دەبێ سەرکەوتوبێ.

پرسیارێك لەم کاتە خۆی ڕاپێشدەکا، بۆچی، لە کلتوری ئایینیدا، پەیڕەوکردنی دابونەرێتی سەلەفەکان ئاوا بایەخی پێدراوەو، هاواری شوێنپێکەوتنی سەلەف ئاوا بۆ باوەڕداران گرنگی هەبووەو هەیە؟ جۆن هۆلی (John Hawley) وەڵامێکی ڕێکوپێکی ئەم پرسیارەی داوەتەوە، ئەو پێیوایە، لەناو هەر ئایینێك، جەستەیەکی بەهێزو پڕتوانای کلتور (tradition) هەیە کە جەختدەکاتە سەر چیرۆك‌و سەربردەو ژیانی کەسایەتییە ئایینییەکان لەبری ڕێساو پرینسیپ‌و ئەدەبیاتەکانی ئایینەکە (بڕوانە Hurvitz 2003: 990). هەردوو گروپ، ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکان کەڵکیان لەم جەستە بەهێزو پڕتوانایە وەرگرتوە بۆ ڕازاندنەوەی بیرۆکەکانیان بە سەربردەو چیرۆکی سەرنجڕاکێش‌و هەندێجار خەیاڵئامێز. بۆ موسڵمانانیش چیرۆك‌و سەربردەی نەوەی یەکەم‌و دووەمی موسڵمانەکان لە هەموو گێڕانەوەیەك هەستبزوێنترن. بۆیە سەلەفییەت لەلایەن ئیسلامییەکانەوە کراوە بە بەردێکی بناغەی تیورو بۆچوونە سیاسییەکانیان.

## سەروەریی و دەسەڵات

سەروەریی (السیادة) چەمکێکی سیاسییە، لە پرۆسەی بڕیاردان لە دەوڵەتدا پەیوەستە بە بەرزترین دەسەڵات، واتە دەسەڵاتی بڕیاردەر یان یەکلاکەرەوە. بەواتایەکی دیکە سەروەریی دەسەڵاتێکە کە یاسا دادەڕێژێو توانای دەستکاریکردنی یاساکانیشی هەیە. لەبواری یاسا نێونەتەوەییەکانیش سەروەریی مانای ئازادیی دەوڵەتە لەبەرابەر دەسەڵاتە دەرەکییەکان ( *EB* Vol. IX: 387). سەرەوەری وەك چەمکێکی سیاسیی مۆدێرن زیاتر بە سەروەریی جەماوەریی (Popular Sovereignty) ناسراوە. چەمکی سەروەریی جەماوەریی یەکمجار لەلایەن رابەرانی قوتابخانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی (social contract) تۆماس هۆبز (١٥٨٨–١٦٧٩)و جۆن لۆك (١٦٣٢–١٧٠٤)و جان جاك ڕۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨) خرایەڕوو. نۆشنی (notion) سەروەریی جەماوەریی واتە هیچ یاساو ڕێسایەك شەرعییەتی نیە ئەگەر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەزامەندی کەسە پەیوەندارەکانی لەسەر نەبێ (Knutsen 2004). بەڵام، ئیسلامییەکان بۆچوونی جیایان هەیە بۆ چەمکی سەروەریی، لەم برگەیە لێکچوونی تێڕوانینی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بۆ چەمکی سەروەریی دەخەینەڕووو بەراوردیان دەکەین بەمەبەستی گەیشتن بە سەرەداوێکی دیکە لە پەیوەندیی نێوان بیری ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان. پێش بەراوردەکە دەبێ ئەوە بڵێین کە چەمکی سەروەریی لەلایەن ئیسلامییە نوێکان زۆرجار بە حاکمیەتی ئیلاهی (الحاکمیة الإلهیة) یان خوایەتیی (الربوبیة) ناویهاتوە. هاواری حاکمیەتی ئیلاهی، لەلایەن ئیسلامییە نوێکان، یەکەمجار لە ئاکامی پێکدادانی نوێنەرانو ئەندامانی ڕێکخراوی جەماعەی

ئیسلامیی پاکستانیو ئیخوان موسلمینی میسری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی پاکستانو میسر بەرزبۆوە.[30] واباوە کە مەودودی یەکەم کەس بووە داوای حاکمیەتی ئیلاهی کردوەو دواتریش سەید قوتب درێژەی بەو ڕەوتە داوە، کەچی ئێمە لەوباوەڕەداین کە زاراوەی حاکمیەتی ئیلاهی زاراوەیەکی نوێ نیە لە قاموسی ئیسلامییەکانو مێژووی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی داڕشتنی بیری سیاسیی ئیسلامیی لەلایەن ئیسلامییە کۆنەکان.

**ئیسلامییە کۆنەکان:** پاش داڕشتنی فیقهی ئیسلامیی لەلایەن فوقەهاکانەوە، فیقه بوو بە کۆڵەگەیەکی سەرەکی ڕاگرتنی نیزامو عەدالەت، دیارە ئایین بناغەی ئەو کۆڵەگەیە بوو، لەڕاستیشدا فیقه لە خولگەی دۆگمای عیلمی کەلام (الکلام) دەخولایەوە. بۆ جێبەجێکردنی فیقه، غەزالی پێیوایە، تەنیا لە ژێر سایەی حاکمیەتی (الربوبیة) ڕەهایی خواوە دەبێت، ئەو حاکمیەتی ڕەهایی خوایی لە یەکخوایی (التوحید) پێگرنگتر بوو (Lambton 1981: 109). لەناو ئیسلامییە کۆنەکان، غەزالی تەنها کەس نەبوو کە چەمکی حاکمیەتی ئیلاهیی بەکارهێنابێ، ئیبن تەیمیە یەکێکی دیکە بوو لەوان. پاش ڕوخانی خەلافەی عەباسی لەسەر دەستی مەغۆلەکان، چیدیکە بۆ ئیسلامییەکانی وەك ئیبن تەیمیە مومکین نەبوو جەخت لەسەر بیرۆکەی خەیاڵئامێزی زەرورەتی خەلافەت وەك دەزگایەکی ئایینی گەردونگەرا (universal) بکرێ، وەك ئەوانەی پێشتر کردیان. لەبەرئەوە

[30] ئیخوانی موسلمین یەکەمین بزوتنەوەی ئیسلامیی ئەم سەردەمەیە لە ساڵی ١٩٢٧ لەلایەن حەسەن بەننا دامەزرێندرا. جەماعەی ئیسلامیی پاکستانیش ڕێکخراوێکی هاوچەشنی ئیخوانی موسلمینە لە ساڵی ١٩٤١ لەلایەن ئەبو ئەعلای مەودودی لە نیمچە کیشوەری هیندستان دامەزرێندرا.

لەجیاتی زەرورەتی خەلافەت، ئیبن تەیمیە بەدوای بناغەیەکی نویّ بۆ دەوڵەت گەڕاو بنەماکەی لەسەر چەمکی حاکمیەتی ڕەهایی خوایی دانا (Lambton 1981: 145).

<u>**ئیسلامییە نوێکان:**</u> مەودودی لەوباوەڕەدایە خوا تاکە حاکمە بەسەر مەخلوقەکانی (Mawdudi 1969: 204). گوایە سەید قوتب بیرۆکەی حاکمیەتی ئیلاهیی لە مەودودییەوە وەرگرتوە، ڕەنگە ئەوە لە ڕاستی دوور نەبێت، چونکە ئەویش موکرە لەسەر ئەوەی "حاکمیەت بەس بۆ خوایە، هیچ شەریعەتێکیش نیە غەیرەز ئەوەی لە خواوە هاتوە، کەسیش سوڵتان نیە لەسەر کەس، چونکە هەر خوا سوڵتانە" (قطب ۱۹۸۳: ۲۹). دیارە مەودودیو قوتب هەردووکیان دوو بیریاری ئیسلامیی سوننین، بەڵام تەنیا ئیسلامییە سوننەکان نین کە بیرۆکەی حاکمیەتی ئیلاهیی پێشنیازدەکەن، بەڵکو شیعەکانیش بەهەمانشێوە ئەو بیرۆکەیە بەکاردێنن. ڕابەرانی شیعە لە ئێران ئەو چەمکەیان خزاندۆتە ناو دەستوری ئێران، بەگوێرەی دەستوری ئێرانی "خوا تاکە حاکمی ڕەهای خەڵکو ئەم جیهانەیە" (*Const. of IR Iran*: Article 56).

بە چاوخشانێك بەو دەقانەی لە سەرەوە خستمانەڕوو، لێکچوونی تێڕوانینی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بۆ چەمکی سەروەریی (حاکمیەت) بەئاشکرا دەردەکەوێت. لەپاڵئەمانەش هەردوولا لەسەر مەسەلەی شەریعەتو جێبەجێکردنی، وەك بەشێکی دانەبڕاو لە چەمکی حاکمیەتی ئیلاهیی، کۆکن. بۆنمونە، ئیبن موقەففەع (۷۲۰-۷۵۹) پێیوایە ئەگەر حکومەتێك ئەو پێویستیی‌و

مەرجانەی لە قورئانو سوننە هاتون جێبەجێنەكرد ئەوە شایستەی ملكەچ بۆكردن نیە (Lambton 1981: 53). هەروەها، لەئاكامی ئەو قەیرانەی لە گفتۆگۆكانی نێوان موعتەزیلەكانو تەقلیدییەكان (حەنبەلیەكان) كەوتەوە، وایان لە ئیبن حەنبەل (٧٨٠–٨٥٥) كرد بڵێ خەڵك "دەبێ تەنیا گوێڕایەڵی لە حاكمێك بكەن كە پەیڕەو لە یاسا ئایینییەكان دەكا" (و.ل. Black 2001: 37). بەهەمان ئاراستە، ئیبن خەلدون پێیوایە دەوڵەتی ئایینیی، ئەگەر بەگوێرەی یاساكانی شەریعەت هەڵسوكەوت نەكا، ئەوە خەڵك دەربەستی ئەوە نین پەیمان بە حكومەتێكی لەو چەشنە بدەن (Ibn Khaldun 1989: 154-160). پاش زیاتر لە ١٣٠٠ ساڵ، مەودودی هەمان بانگەشە لە دژی دەسەڵاتی سیاسیی لە نیمچە كیشوەری هیندستان دەكا. ئەو داوای لە موسڵمانانی هیندستان (ئەو كات هێشتا پاكستان لە هیندستان جیانەببوەوە) كرد، مل بۆ هیچ یاسایەك شۆڕنەكەن كە لە خواوە نەهاتوە، دەشیگوت خوا تاكە یاسادانەرە (Mawdudi 2000: 270-271).

لەوەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت چەمكی حاكمیەت لەلایەن مەودودیو قوتب دانەهێنراوە، بەڵكو ئیسلامییە كۆنەكانی وەك غەزالیو ئیبن تەیمیەو ئیبن موقەففەع بەشێوەیەك لە شێوەكان بەكاریانهێناوەو كردویانە بە پاساوی ئەوەی بە غەیرەز خوا كەس بۆی نیە یاسا دابنێ. هەردوولاشیان كۆكن لەسەرئەوەی كە شەریعەت یاسای خواییەو بێجگە لە شەریعەت دەوڵەت نابێ پەیڕەو لە هیچ یاسایەكی دیكە بكات. بە بنەما لەسەر ئەم ئەم ڕاستیانە دەكرێ چەمكی حاكمیەتو جێبەجێكردنی شەریعەت بە خاڵێكی دیكەی پەیوەندی نێوان ئیسلامییە كۆنەكانو نوێكان دابندرێت. لەوەش زیاتر، چەمكی حاكمیەت لەلای

قوتب بنەمای لەسەر ئایەتی "لا إله إلا الله" (واتە: هیچ خوایەك نیە بە غەیرەز خوا) داناوە، ئەوەش هەمان ئەو دروشمەیە کە خەواریجەکان لەشەڕ لە دژی ئیمام عەلی بەرزیان کردبۆوەو مەبەستیان ئەوە بوو هەموو حوکمێك دەبێ بنەما لەسەر ئەحکامی خوا دابنێ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە داواکەی قوتب هەمان ئەو داوایەیە کە خەواریجەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد.

## سەرتاپاگیریی و گەردونگەرایی، بەرزگەرایی ئیسلام

گەردونگەرایی (Universalism) لە بواری ئایینیدا باوەڕێکی فقهییە (theological) کە گوایە مرۆڤایەتیی لە ئاخیردا ڕزگاریدەبێتو زۆربەی خاوەن ئایینەکانیش پێیانوایە ئەو ڕزگارییە لەسەردەستی ئایینەکەی ئەوانەوە دێتەدی، هەندێك موسڵمانو زۆربەی ئیسلامییەکان لەوباوەڕەدان ئیسلام ئەو ڕزگارکەرەیە. ئیسلامییەکان ئەو باوەڕەیان لە باوەڕ بە سروشتی سەرتاپاگیریی (comprehensive) ئایینی ئیسلامەوە هەڵقوڵاوە (بڕوانە بەشی دووەم). ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان هەوڵیانداوە هەردوو چەمکی سەرتاپاگیریو گەردونگەرایی بکەن بە سیمایەکی دیکەی سیاسیی ئایینی ئیسلام بۆ شەرعیەتدان بە بەرزگەرایی (superiority) ئیسلامو خستنی خەڵکانی دیکە بە ژێر ڕکێفی ئیسلامەوە. لێرە، مەبەست لە بەرزگەرایی (إستعلاء) دانانی ئایینی ئیسلامە بە پلەیەیەکی بەرزتر لە ئایینەکانی دیکە. ئەم هەوڵانە دەکەین بە بنەمایەك بۆ دیاریکردنی پەیوەندیەکی دیکە لەنێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان.

**ئیسلامییه کۆنەکان:** ئیبن تەیمیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە مەقامی ئیسلام بەرزترە (superior) لە هەردوو ئایینە نێردراوەکەی دیکە، مەسیحیو جوو، ئەو دەڵێ ڕاستە دوو ئایینەکەی دیکەش بانگەشەی ئایین دەکەن، بەڵام بەبێ هەوڵدان بۆ دابینکردنی مەرجە پێویستییەکانی مانەوەیان، وەك: دەسەڵات، جیهادو سەرچاوە مادییەکان (و.ل. Black 2001: 155). لەپاڵئەمەش، ئیبن تەیمیە پێیوایە سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگەی موسڵمانان "بەرزترە لە هەموو سیستەمەکانی دیکە" (و.ل. Rosenthal 1958: 55). ئیبن خەلدون وەك ئیبن تەیمیە، باوەڕی بە بەرزگەرایی ئیسلام بەسەر ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەدا هەیە. ئەو لەکتێبەناسراوەکەی *المقدمة* (پێشەکی)دا دەڵێ:

> "لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا، جیهاد ئەرکێکی ئایینییە، چونکە ئایینی ئیسلام سروشتێکی گەردونگەرایی (universalism) هەیەو ئەرکی ئەوەی کەوتۆتە سەر کە هەموو کەسێك وەرگێڕێتە سەر ئیسلام چ بە ڕازیکردن چ بە زۆر بێت... خەڵکانی سەر بە ئایینەکانی دیکە ئەو ئەرکە گەردونگەراییەیان نەکەوتۆتە ئەستۆو، جیهاد ئەرکێکی ئایینی نیە لەسەریانو بەس مافی بەرگریکردن لەخۆیان هەیە. ئەوان (ئایینەکانی دیکە) تەنیا ئەوەیان لەسەرە ئایین لەناو خەڵکانی سەر بە خۆیان بڵاوکەنەوە" (Ibn Khaldun 1989: 183).

بێجگە لەمە، ئیبن خەلدون شەریعەت لەسەرەوەی هەر جۆر یاسایێکی دیکە دادەنێ، چونکە ئەو پێیوایە شەریعەت سەرتاپاگیرەو کاروبارە ئایینیو دنیاییەکان دەگرێتەخۆ (Ibn Khaldun 1989: 155).

<u>ئیسلامییە نوێکان:</u> بەگوێرەی ئەوەی مەودودی باسیدەکا، ئیسلام مافە گەردونگەراییە سەرەکییەکانی نەك هەر بۆ موسڵمانان بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتیی، بەگشتی، داناوە. لەوەدەچێ بیرکردنەوە بەمجۆرە وای لە مەودودی کردبێ کە داوا لە هەموو ئیسلامییەکان بکا دەستپێشخەری بزوتنەوەی گەردونگەرایی بکەن. ئەو پێیوایە ئەمجۆرە بزوتنەوانە دەبێ ئامانجی ئەوەیان هەبێت ئیسلام بکەن بە زلهێزێكو خاوەن هێزێکی هەژمونگەری کلتوری ( cultural hegemonic force) تا بتوانێ ڕابەرایەتی سیاسییو ئاکاریی مرۆڤایەتی بکات (Mawdudi 1948 and 2002: 31). ئیسلامییە نوێکان، بەگشتی، پێیانوایە ئیسلام ئایینێکی سەرتاپاگیرەو دەڕوانێتە هەموو کێشەکانی مرۆڤایەتییو چارەی وردودرشتیانی پێیە. ئەوان لەوباوەڕەدان، سیستەمی ئیسلام دەستی بۆ هەموو کونو کەلەبەرێکی ژیان درێژکردوە، باس لە هەموو کاروبارە گچکەو گەورەکان دەکا، ژیانی مرۆڤ ڕێکدەخاو، ئیسلامیان پێ نەك هەر سەرتاپاگیرو کامڵە (perfect) بەڵکو واقیعبینو بنیاتنەریشە (بڕوانە Mawdudi 2002: 16، قطب ١٩٨٨: ٣٦، القرضاوی ١٩٨٨: ٦٨).

پێشنیازکردنی ئەوەی کە ئیسلام سیماو خسڵەتێکی گەردونگەراییو سەرتاپاگیریی هەیە وای لە ئیسلامییەکان کردوە کە بانگەشە یان باوەڕ بە

بەرزگەرایی (superiority) ئیسلام بکەن لەبەرابەر ئایینەکانی دیکە. ئەو باوەڕە وای لە کەسێکی وەك قوتب کردوە بڵێ "هەموو مرۆڤایەتی پێویستیی بە ئێمە، بە باوەڕەکانی (عقیدتنا) ئێمە، بە پرینسیپەکانی (مەبادیئەکانی) ئێمە، بە شەریعەتو سیستەمی کۆمەڵایەتی ئێمە هەیە (قطب <بدون تاريخ>ب: ١٢). سەید قوتب، تەفروتوناکردنی هەموو سیستەمەکانی دیکەی دنیا بە ئەرکێکی ئیسلام دەزانێ. چونکە ئەو پێیوایە ئیسلام هەوڵی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی دەداو سیستەمەکانی دیکەش نەك هەر کۆسپن لە ڕێگەی بەڵکو توانای خۆڕێکخستنی خۆشیان نیە (قطب ١٩٨٣: ٨٩–٩٠). بۆچوونی هاوشێوەی ئەمانەی پێشەوە لەلایەن بیریارە شیعییەکانیش ڕاپێشکراوە. بۆنمونە 'ئایەتوالله موتەهەری'یش ئیسلام بە بەرزگەراتر لە ئایینەکانی دیکە دادەنێ، ئەو پێیوایە مەسیحییەت بێجگە لە کۆمەڵێك وانەی ئەخلاقیی شتێکی دیکەی تێدانیە، کەچی ئیسلام "ئایینێکە دامەزراندنی دەوڵەت بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ، ئیسلام بۆ چاککردنی (إصلاح) کۆمەڵگەو فۆرمولەکردنی (تشکیل) ئوممەتو حکومەت هاتووە" (Mutahhari 1985). بەکورتی ئیسلامییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئیسلام بە تەنێ ئایین نیە، بەڵکو سیستەمێکی سەرتاپاگیری ژیانە (Yasin 2003).

بەراوردێك لەنێوان بۆچوونی هەردوولا وەك ئەوەی لەسەرەوە خستمانەڕوو گومان لەوەدا ناهێڵێ کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان نزیکبوونەوەی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان لە هەردوو چەمکی گەردونگەرایی‌و سەرتاپاگیریی هەیە. ئەمەش دەکرێ بە پەیوەندییەکی دیکەی فیکری نێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان دابندرێ.

## پێویستیی حکومەتی ئیسلامیی

پێشئەوەی بگەڕێین بەدوای پەیوندیی نێوان بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان لەپەیوەند لەگەڵ پێویستیی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامیی، وای بە چاکدەزانین ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین. یەکەم، پەیوندی فیکری نێوان هەردوو گروپ لەسەر پێویستیی حکومەتی ئیسلامیی خاڵێکی زۆرگرنگە، چونکە هەردوولا کردویانە بە بناغەی بەسیاسییکرنی ئیسلام. دووەم، دەبێ ئاگاداربین کە لەم بوارەدا تاڕادەیەك زاراوەی جیاجیا لەلایەن هەردوو گروپ بەکارهاتوە. بۆنمونە، ئیسلامییە کۆنەکان خەلافەتو ئیمامەت بە گرنگترین دامودەزگای ئایینیو سیاسیی دەوڵەتی ئیسلامیی دادەنێن، کەچی ئیسلامییە نوێکان کەڵکیان لە زاراوەکانی ئەم سەردەمە وەرگرتوە، وەك: دەوڵەت، پەرلەمانو حکومەت. بەپشتبەستن بە نزیکبوونەی هەردوولا لە پرسی پێویستیی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی، هەوڵدەدەین پەیوەندییەکی دیکەی فیکری لەنێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان دەستنیشانبکەین.

<u>**ئیسلامییە کۆنەکان:**</u> ماوردی (٩٧٤-١٠٥٨) دەڵێ "خوا بەسەر ئوممەتدا سەرکردەیەك فەرزدەکا کە ببێتە جێنشینی پێغەمبەرو لەمیانی ئەو سەرکردەیە خوا پارێزگاری لە ئوممەت دەکا... دەسەڵاتیشی پێدەبەخشێ تاوەکو کاروباری ئوممەت لەسەر بنەمای ئایینی هەق ڕێکبخا" (و.ل. Lambton 1981: 85). ئەوە مانای ئەوەیە کە دیاریکردنی فەرمانڕەواو دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەوڵەت

ئەکێکی خواییەو پێویستیی حکومەتیی ئیسلامیی دێنێتەپێش. لەسەر پرسی پێویستیی دەوڵەت، ئیبن تەیمیە، لەوباوەڕەدایە بەڕێوەبردنی کاروباری ئوممەتی موسڵمانان پێویستییەکی ئایینییە، چونکە بەبێ حکومەت تەمەنی ئایین درێژنابێت. هەروەها پێیوایە فەرمانڕەوایکردن وەزیفەیەکی ئایینییە (Rosenthal 1958: 53-54). هۆیەکی دیکە کە ئیبن تەیمیە دەیهێنێتەوە بۆ پێویستیی حکومەتی ئیسلامیی داسەپاندنی شەریعەتە، ئەو پێیوایە بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی ئیسلامیی ناکرێ شەریعەت جێبەجێبکرێ. بنەمای ئەو ئارگیومێنتەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەو ئایەتەی چەندانجار لە قورئان دووبارەبۆتەوە کە دەڵێ "فەرمان بە چاکە بدەنو ڕێ لە خراپە ببەستن" (قورئان ٣: ١٠٤).[31] ئیبن تەیمیە دەڵێ "خەڵك پێویستییان بە کتابێکی ڕێنیشاندەرو شمشێرێکی سەرکەوتوهێنە، کتێبەکە نیشانەی عەدالەتو شمشێرەکەش نیشانەی هێزە، ژیانی مرۆڤیش پشت بە هەردووکیان دەبەستێ" (و.ل. Black 2001: 155). یەکێکی دیکە لە ئیسلامییە کۆنەکان، ئیبن قەییم (١٢٩٢–١٣٥٠)، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە سیاسەت بەشێکە لە ئایینو بریتیشە لە عەدالەتی خواو پێغەمبەر (د) (إبن قيم ١٩٩٩: ٣٩–٤٠).

<u>ئیسلامییە نوێکان:</u> ترسی فەوتانی بەها ئیسلامییەکانو جێبەجێکردنی شەریعەت، بۆ ئیسلامییە نوێکان، بۆتە هۆی هەرە سەرەکی بانگەشەیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینیی. بەبێ بوونی دەسەڵات، سەید قوتب دەڵێ، هەموو

[31] بە جیاوازییەکی کەم لە داڕشتەی نووسینی لە چەند ئایەتێکی دیکەش هەمان چەمك هاتوە (بڕوانە قورئان ٢: ١١٠و ٢٢: ٤١).

بەهاکانو ئەو ئاکارانەی پشتیان پێدەبەستن لەرزۆك دەبن. (قطب ١٩٨٣: ٣٣). لە پەیوەند بە دیاریکردنی هاوتەریبیو لێکچوونی بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بەبنەما لەسەر پێویستیی دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی پێمواية ئەوەندە بەسبێ کە یوسف قەرەزاویو عەبدولکەریم زێدان دەقاودەق کۆتی (cited) ئەو ئارگیومێنتەی ئیبن تەیمیەیان کردوە کە لە سەرەوە ئاماژەمانپێکرد. ئەوان ڕاست بە پشتبەستن بە قسەکانی ئیبن تەیمیە دەیانەوێ پاساوی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامیی بدەن (بڕوانە القرضاوی ١٩٩٦: ١٨، ١٩٨٨: ٨٢ و زیدان ١٩٩٠: ٨–٩).

لەو دەقانەی لە سەرەوە بە نمونە هێنامانەوە بۆ بەراوردی تێڕوانینی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان لەسەر پرسی پێویستیی دامەزراندنی دەوڵەتو سیستەمی ئیسلامیی، دەتوانین بڵێین گومان لەوەدا نیە کە بیرۆکە سیاسییەکانی ئیسلامییە نوێکان ڕەگێکی قوڵی لەناو چەمکە سیاسییەکانی ئیسلامییە کۆنەکان داکوتاوە. هەردوولا بە ئاشکرا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، بۆ پاراستنی بەها ئیسلامییەکان بوونی سیستەمیکی ئیسلامیی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

## ئایین و دەوڵەت

لە بەشی سێیەم باسو خواسێکمان لەسەر چەمکی ئایینو دەوڵەت کردو هەوڵی دەستنیشانکردنی بنچو بنەوانی، لە پەیوەند لەگەڵ ڕەسەنیبوونی، چەمکەکەمان دا. دیمان چۆن ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان باوەڕیان بە لێکجیانەبوونەوەی ئایینو دەوڵەت هەیە. لەم برگەیە، مەسەلەی هاوبیری ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان لەسەر چەمکی ئایینو دەوڵەتو ئەو مەرجانەی هەردوولا بۆ حاکمانی ئیسلامیی دایانناوە، دەخەینەڕووو، هاوتەریبی بیروباوەڕەکانیان دەستنیشاندەکەین.

**ئیسلامییە کۆنەکان:** ماوردیو ئیبن تەیمیە ئەرکەکانی خەلیفە (ئیمام)یان بەمشێویە دیاریکردوە: ڕاگرتنی ئایین، قەزاوەتکردن لەنێوان مودەعییەکان (claimants)، پاراستنی ماڵی ئیسلام، جێبەجێکردنی شەریعەت، دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ بەرەکانی شەڕ، جیهادکردن، دامەزراندنی ڕاوێژکاران، کۆکردنەوەی باج، دانی مووچەو چاودێریکردنی کاروباری کۆمەڵانی خەڵك، پێشنوێژی ڕۆژانی جومعە، بەڕێوەبردنی نمایشی حەجو مەراسیمی جەژنە ئایینییەکان (و.ل. Lambton 1981: 91-92, 147, Rosenthal 1958: 29). لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئیسلامییە کۆنەکان هەموو دەزگاکانی دەوڵەتیان، یاسادانانو جێبەجێکردنو دادگا، لە کەسایەتی خەلیفەو دەزگای خەلافەت بەرجەستەکردوە. لەپاڵئەمانەوە، غەزالی هەندێك ئەرکی دیکەی بۆ خەلیفە دەستنیشانکردوە، وەك: سەرکردایەتیکردنی لەشکری موسڵمانان،

رابەرایەتیکردنی هەموو مەراسیمە ئایینییەکان (Lambton 1981: 111). تا ئەو خاڵەی پەیوەندی بە تواناشەوە هەیە، زۆربەی ئیسلامییە کۆنەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردوە کە خەلیفە دەبێ کەسێکی عادیلو شارەزابێت لە زانستە ئایینییەکان تا پلەی موجتەهید.[٣٢] هەروەها، خەلیفە دەبێ نێرینەو کەسێکی ڕەسیو (بالغ) بێت (Rosenthal 1958: 29, Lambton 1981: 28). ماوردی دەزگای خەلافەتی بە پاسەوانو جێبەجێکەری شەریعەت ناوبردوە، غەزالیش پێیوایە ئایینو دەسەڵات هەر لە سەرەتاوە ئاوێتەی یەکدی بوون (Watt 1968: 102، Lambton 1981: 127).

__ئیسلامییە نوێکان:__ تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە چەمکی ئایینو دەوڵەت هەیە، تاکە جیاوازییەك لەنێوان ئەوەی ئیسلامییە کۆنەکان بانگەشەیان بۆکردو ئەوەی ئیسلامییە نوێکان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوەیە ئیسلامییە نوێکان زاراوەی 'دەوڵەتی ئیسلامیی' لەجیاتی 'خەلافەت' بەکاردێنن‌و هەموو ئەو ئەرکانەی لەسەرەوە بە دەزگای خەلافەت ئەسپێردران ئەوان بە دەوڵەتی ئیسلامیی دەسپێرن، لەسەروی هەمووشیانەوە جێبەجێکردنی شەریعەت (بڕوانە Mawdudi 2000 & 1969 و القرضاوی ١٩٩٦). وەك ئیسلامییە کۆنەکان، حەسەن بەنناو قەرەزاوی پێیانوایە حاکمی موسڵمانان دەبێ تا ڕادەی ئیجتیهادکردن شارەزایی لە شەریعەت هەبێ (Al-Banna 1999: 134 و القرضاوی ١٩٩٦: ٣١). بەهەمانشێوە، مەودودی پەنجە لەسەر مەرجەکانی فەرمانڕەواو هەڵگری پۆستەکانی دەوڵەتی

[32] موجتەهید کەسێکە کە تواناو شارەزایی لە بواری زانستی ئایینی ئەوندەبێ بتوانێ فەتوا دەربکا.

ئیسلامیی دادەنێی‌و پێشنیازی ئەوەدەکا کە دەبێ ئەو مەرجانەیان تێدابێت کە 'ئیسلام' بۆی دیاریکردون، وەك: موسڵمان بێ، نێرینەو هاوڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیش بێت (Mawdudi 1969: 232-233).

ئەو مەرجانەی ئیسلامییە کۆنەکان بۆ خەلیفە (ئیمام) دایانناوە بە تەواوی هاوتای ئەو مەرجانەن کە ئیسلامییە نوێکان پێشنیازیان کردون. ئەوەی شایانی باسیشە، ڕەنگە، مەودودی مەبەستی لەو مەرجانەی کە 'ئیسلام' بۆ فەرمانڕەوایانی دیاریکردوە ڕاست ئەو مەرجانە بن کە ئیسلامییە کۆنەکان دیاریانکردون، چونکە نە قورئان نە سوننەت بە هیچ شێوەیەك ئاماژەیان بە مەرجەکانی خەلیفە نەکردوە! بەمەش هاوتەرییبییەکی دیکە لە بۆچوونی ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکان بەدیاردەکەوێ.

## جیهاد و تەکفیر

لە بەشی سێیەم دا باسمان لە چەمکی جیهاد کرد. تەکفیریش چەمکێکی دیکەیە کە هەندێك لە موسڵمانان‌و ئیسلامییەکان بەکاریدێنن. تەکفیرو هیجرەو جیهاد سێ چەمکن زۆرجار بەسەریەکەوە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بەکارهاتون، ئیسلامییەکان ئەسڵەکەی دەگێڕنەوە سەر کۆچی پێغەمبەر (د) لە مەککەوە بۆ مەدینە. ئەوان پێیانوایە پێغەمبەر (د) خەڵکی مەککەی بە کافر دانا بۆیە کۆچیکرد بۆ مەدینەو لەوێش بانگەشەی جیهادی کرد لە دژیان. سەرەتای بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لەم سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوێکی

توندڕەوی میسری بەناوی تەکفیرو هیجرە (التکفیر والهجرة)، ئەوەش لە بەکافرزانینی هەر کۆمەڵگەیك کە شەریعەتی تێدا جێبەجێناکرێ، هاتوە، بەکورتی واتە حەلالکردنی خوێنی ئەندامانی کۆمەڵگە بە کافر دانراوەکەو بانگەشەی جیهادکردن لەدژی.

پێشئەوەی هەوڵی دیاریکردنی پەیوەندی لەنێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بەبنەما لەسەر هەردوو چەمکی جیهادو تەکفیر بدەین، دەبێ ئەوە بڵێین کە ئیسلامییەکان هەموویان وەك یەك لەم دوو چەمکە نزیکنابنەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، زیاتر ئیسلامییە توندڕەوەکانن کە ئەو دوو چەمکەیان ئاوێتەی بیرو بۆچوونە سیاسییەکان کردوە.

ئیسلامییە کۆنەکان: بەکارهێنانی چەمکگەلی تەکفیرو جیهاد لە مێژووی موسڵمانان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە بەراییەکان. دەتوانین بڵێین دەگەڕێتەوە بۆ پێش پەیدابوونی زانا ئایینیو فوقەهاکانی ئیسلام، یان چاکتر بڵێین ئیسلامییە کۆنەکان، لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی فیکری ئەو سەردەمان. لە ڕاستیدا، زۆرییپێنەچوو دوای مردنی پێغەمبەر (د) خەواریجەکان پاساوی شەڕ لە دژی 'ئیمام عەلی'یان کرد، ئەوان خەلیفەیان بە کافر ناوزەدکردو دەیانگوت ئیمام عەلی مەرجەکانی ئیسلامی بەزاندوە. بانگەشەیەکی هاوشێوە لەلایەن ئیبن تەیمیە لە دژی تەتەرەکان بەرزکرایەوە. سەرەڕای ئەوەی تەتەرەکان هاتنە سەر ئایینی ئیسلام، کەچی ئیبن تەیمیە هەر بە هەڵگەڕاوە (المرتد)ی لە قەڵەمدەدان، چونکە بە گۆتەی ئەو، شەریعەتی ئیسلامیان جێبەجێنەدەکرد (Ayubi 1991:15).

لێکدانەوەی بەرتەسکانەو تەفسیرکردنی دەقاودەقی (حەرفیانەی) قورئان لەلایەن ئیبن تەیمیە، ئەوی کرد بە پێشەنگی بیری توندڕەوی ئیسلامیی. ئیبن تەیمیە لەوباوەڕەدابوو، هەر شەڕێکی ڕەوا لە ئەسڵا جیهادەو ئامانجی بەرزکردنەوەی ئایینو وشەی خوایە، لەبەرئەوە، هەرکەسێك لەدژی ئەو ئامانجە بوەستێت دەبێ شەڕی لەدژ بکرێت (Peters 1996: 47-49). یەکێك لە شاگردە ناسراوەکانی ئیبن تەیمیە، 'ئیبن قەییم'ـە، کە کتومت جێشوێنی مامۆستاکەی کەوت. ئیبن قەییم (١٢٩٢–١٣٥٠)، لەدوای خەواریجەکان، پێموایە دووەم کەسە چەمکی تەکفیری بەکارهێنابێتو پرۆسەیەکیشی بۆ جیهادکردن داڕشت. لە کتێبی *زاد المعاد* (تێشووی ڕۆژی حەشر) دەنوسێ، خوا مۆڵەتی بە پێغەمبەر (د) دا کۆچبکا بۆ مەدینەو لەوێ ڕێگەی پێدرا شەڕ بکا. دواتر فەرمانی پێکرد شەڕی ئەوانە بکا کە شەڕی پێدەفرۆشن، وازلەوانەش بێنێ کە لاقەی ناکەنو شەڕی پێنافرۆشن. پاشان فەرمانی پێدا شەڕی کافران بکا تا ئەو ڕۆژەی ئایینی خوا بەتەواوی دادەمەزرێ (حتى يكون الدين كله لله) (و.ل. قطب ١٩٨٣: ٦٢).

بەگوێرەی تێگەیشتنی ئیسلامییە کۆنەکان، دەکرێ جیهاد هەم دژی کافران هەم دژی باوەڕداران ئەنجامبدرێ. ماوردیو ئیبن تەیمیە دوو جۆر جیهادیان دیاریکردوە، جیهاد لە دژی بێباوەڕانو جیهاد لە دژی باوەڕداران. جیهادی دژ باوەڕدارانیشیان کردۆتە دوو بەش، هەڵگەڕاوەکانو لادەران (Lambton 1981: 211-212). بەپشتبەستن بەو ڕونکردنەوانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین جیهادو تەکفیر دوو چەمکن بەشێکی سەرەکی لە بیری سیاسیی ئیسلامیی کۆن، باڵە

توندڕەوەکەی، پێکدێنن. بابزانین ئیسلامییە نوێکان تا چ ڕادەیەك دەگەڕێنەوە سەر تێگەیشتنی ئیسلامییە کۆنەکان بۆ هەردوو چەمکی جیهادو تەکفیر.

ئیسلامییە نوێکان: تێگەیشتنی سەید قوتب بۆ جیهاد دەقاودەقی نزیکبوونەوەکەی ئیبن قەییمە، ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد. قوتب دەڵێ "لە مەککەو لە قۆناغە سەرتاییەکانی کۆچ بۆ مەدینە، خوا ڕێگەی شەڕی لە موسڵمانان گرت... پاشان ڕێگەیان پێدرا... دواتر شەڕی لە دژی ئەوانە فەرزکرد کە شەڕی موسڵمانان دەکەن... پاشتر، شەڕی فەرزکرد لە دژی هەموو کافرێك" (قطب ١٩٨٣: ٧٤–٧٥). سەید قوتب بەهەمان ئەو ئاکامە گەیشتوە کە ئیبن قەییم پێیگەیشتوە، ئەویش ئەوەیە "شەڕ حەرام بوو، پاشان ئیزنی پێدرا، پاشان فەرزکرا لە دژی شەڕخوازان، دواتریش فەرزکرا لە دژی کافران بەگشتی" (قطب ١٩٨٣: ٧٥). سەید قوتب هەر تێگەیشتنێکی دیکە بۆ چەمکی جیهاد ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە ئەوانەی "جیهاد بە شەڕی بەرگری دادەنێن" بیرتەسكو بەکرێگیراوی ڕۆژهەلاتناسانن. ئەو دەڵێ جیهادی شمشێر ڕێگەخۆشکەرە بۆ جیهاد لە ڕێگەی مژدەوە.

وا باوە کە چەمکی تەکفیر چەمکێکی نوێیە لە تیۆری سیاسیی ئیسلامیی، بەلام پاساودانی جیهاد دژ بە باوەڕداران بەلگەیەکی ئاشکرایە کە ئیسلامییە کۆنەکانیش ئەو چەمکەیان بەکارهێناوە. کەسانی وەك ماوردیو ئیبن تەیمیە شەرعیەتیان دەدا بە شەڕ دژی باوەڕداران بە دابڕینی ناوی وەك 'گومڕاو'، 'هەڵگەڕاوە'و 'لادەر' بەسەریاندا. جیاوازییەك کە بەرچاوبکەوێ

لەنزیکبوونەوەی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بۆ چەمکی جیهادو تەکفیر، ڕەنگە، مەوقعیەتی گروپە ناوزەدکراوەکان بێت لە دەوڵەت. لە قۆناغە بەراییەکان گروپە تەکفیرکراوو جیهاد بە دژ ڕاگەیندراوەکان بەگشتی گروپگەلێك بوون لە دەرەوەی دەسەڵاتو دەوڵەت، یان چاکتر بڵێین گروپی ئۆپۆزسیۆن بوون. کەچی لەم سەردەمانەدا، گروپە یان کەسە تاوانبارکراوەکان لەناو یان لایەنگرانی دەوڵەتن، لەڕاستیدا، زۆرجار خودی دەوڵەتە. ڕاگەیاندنی جیهاد بە دژی دەوڵەت لەلایەن حەسەن بەنناو سەید قوتبەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ. بۆ سەید قوتب مەسەلەکە گەیشتە ئەو ڕادەیەی بڵێ لەوەتەی مرۆڤ کاروباری حکومەتکردنی بەدەستگرتوە ئوممەتی ئیسلامیی وجودی نەماوە، ئەو پێیوایە، مادامەکێ کۆمەڵگە لەتەك شەریعەتەوە ناژێ ئەوە لە حالەتی جاهلیەت دەژێ، تەنانەت ئەگەر ئەندامەکانیشی باوەڕیان بەخوا هەبێو ڕێوشوێنە ئایینییەکانیش جێبەجێبکەن (El-Awwa 1999).

کاریگەری تەکفیرکردنی تەتەرەکان لەلایەن ئیبن تەیمیەوە، لەوەدەچێ بووبێتە هەوێنی تەکفیرکردنی کۆمەڵگەی میسری لەلایەن سەید قوتبو ڕێکخراوی هیجرەتو تەکفیر، کە ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر کاریگەری بیری قوتبەوە. نیشانەیەکی دیکەی هاوبیری یان کاریگەری بیری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکان لەسەر ئیسلامییە نوێکان لە دیاریکردنی قۆناغەکانی جیهاد لەلایەن سەید قوتب دەقاودەق وەك ئەوەی لەلای ئیبن قەییمەوە پێشنیازکرا، دەردەکەوێ.

## پلەوپایەی ژن و غەیرەموسڵمانان

دۆزینەوەی لێکچونێك یان پەیوەندییەك لەنێوان تێگەیشتن‌و نزیکبوونەوەی ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکان لە پرسی ژن‌و مافەکانیان کارێکی سانا نیە. چونکە، ئیسلامییە کۆنەکان بەدەگمەن باسیان لە مافەکانی ژن کردوە. ڕەنگە، ئەوە بگەڕێتەوە بۆئەوەی مافەکانی ژن لەو قۆناغانەدا مەسەلەیەکی بەرچاوو بەبایەخ نەبووبێت، یان ڕاستتر بڵێین ژن لە کۆمەڵگە بەراییەکانی موسڵماناندا پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نەبووە تا ببێتە جێگەی سەرنجی ئیسلامییە کۆنەکان‌و تێڕوانینی خۆیانی لەسەر بنووسن. هۆکەی هەرچییەك بێت، تەنیا بە سەیرکردنی ئەم مەسەلەیە لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە دەتوانین لە هۆی پشتگوێخستنی کێشەی ژن لەلایەن ئیسلامییە کۆنەکانەوە بگەین. لەپاڵ پلەوپایەی ژن، لەم برگەیە تەماشایەکی پلەوپایەی غەیرەموسڵمانانیش لەلایەن ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکانەوە دەکەین بۆئەوەی پەیوەندی فیکری نێوان هەردوولا زیاتر زەقبکەینەوە.

<u>**ئیسلامییە کۆنەکان:**</u> ماوردی کە باس لە ڕۆڵی غەیرەموسڵمانان لە دەزگاکانی دەوڵەتدا دەکا، جەخت لەسەر ئەوە دەکا، کە غەیرەموسڵمان بۆی هەیە پۆستی باڵا، بۆنمونە وەزیر، وەرگرێ بەمەرجێك ئەرکەکانی لە بواری (کەتەگۆری) جێبەجێکردن تێپەڕنەکا. کەچی، ئیبن تەیمیە ئەو ڕۆڵەش بە شایستەی غەیرەموسڵمانان نابینێ. ئەو داوای جێبەجێکردنی ئەو ڕێسایانە دەکا، کە بە گۆتەی خۆی لەلایەن عومەری بن خەتاب (خەلیفەی دووەم) پێشنیازکراون، کە

ڕێگە بە غەیرەموسڵمانان نادا هیچ پۆستێكی سیاسیی یان سەربازیی وەربگرن (Lambton 1981: 206). لەڕاستیدا زۆربەی ئیسلامییە كۆنەكان، لەوانە غەزالیو ئیبن جەماع (١٢٤١–١٣٣٣)، پێ لەسەر ئەو مەرجە دادەگرن كە خەلیفەی موسڵمانان دەبێ نێرینەو موسڵمان بێت، بەواتایەكی دیكە نابێ ژن یان غەیرەموسڵمان بێت (Rosenthal 1958: 44). لەوە زیاتر كەمو زۆر باس لە مافە سیاسییەكانی ژن نەكراوە، مەگەر مەسەلە كۆمەڵایەتییەكانی، وەك: میراتو مارەیی... هتد نەبێت. تا ئەو شوێنەش پەیوەندی بە مافەكانی غەیرەموسڵمانانەوە هەیە، بێجگە لەوانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێكردن، ئیسلامییە كۆنەكان هەموویان پشتیوانیی خۆیان لەو باجەی خرابووە سەر غەیرەموسڵمانان دەرخستووە، باجێك كە لەبەرابەر پاراستنیان لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە لێیانوەردەگیردرا. بەكورتی، تێڕوانینی ئیسلامییە كۆنەكان بۆ غەیرەموسڵمانان نایەكسانانە بووەو بە لە خۆ كەمتر تەماشاكراون.

<u>ئیسلامییە نوێكان:</u> مەودودی لەكاتێكدا بانگەشەی ئەوە دەكا كە ئیسلام هاتووە بۆ بنبڕكردنی هەموو جۆرە دەمارگیرییەك، وەك: نەتەوەیی، ڕەگەزیی، ڕەنگ، خوێنو بنەماڵەیی. كەچی، كە دێتە سەر مەسەلەی ئایین، مرۆڤایەتیی بەسەر دوو حزبدا دابەشدەكا: "حزبی خوا" كە موسڵمانانو "حزبەكەی دیكە" كە غەیرەموسڵمانن (المودودی ١٩٧٥: ٤٠–٤١). لەپاڵئەمەش، ئەو دوو كلاسی هاوڵاتییبوونی دیاریكردوە، موسڵمانانو زیمییەكان (غەیرەموسڵمانان)، وەرگرتنی پۆستی سەرۆكو ئەندام پەرلەمانو پۆستە سەرەكییەكانی دیكەی وڵاتی تەنیا بە موسڵمانان ڕەوا بینیوە (Mawdudi 1969: 235-236). لەوەش زیاتر،

زێدان، مافی دەنگدانی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بە غەیرەموسڵمان، منداڵو شێت نەبینیوە (Mawdudi 1948، زیدان ١٩٩٠: ٣٠). دژایەتیکردنی غەیرەموسڵمانان لەلایەن ئیسلامییەکانەوە گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی هیچ متمانەیان پێنەکەن، حەسەن بەننا لەوباوەڕەدایە، هیچ پۆستێکی گرنگ نابێ بدرێ بە غەیرەموسڵمانان، چونکە وەك خۆی گوتەنی، لەوانەیە ببێتە مایەی زیادبوونی هێزو دەسەڵاتیان (Al-Banna 1999: 9).

ئیسلامییە نوێکان لە هەمان گۆشەنیگای بەشدارییپێنەکردنی غەیرەموسڵمانان دەڕواننە بەشدارییپێنەکردنی ژنانیش لە پرۆسەی سیاسیی. ئەوان وەك هاوڵاتیی پلە دوو تەماشای ژنانو غەیرەموسڵمانان دەکەنو پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نابێ هیچ پۆستێکی سەروەریی (سیادیی) وەك سەرۆك کۆمار یان سەرۆك وەزیرانیان پێبدرێ. قەرەزاوی لەوباوەڕەدایە، ژمارەی غەیرەموسڵمانانو ژنان لە پەرلەمان هەرگیز نابێ لە زۆرینە تێپەڕبکاو ڕۆڵی یاسادانانیشیان نابێ بەهیچجۆرێك پێبسپێردرێ (القرضاوی ١٩٩٦: ١٩٤–١٩٥). بۆ ئیسلامییە نوێکان، بەرپرسێتیو ڕۆڵی سەرەکی ژن لە کۆمەڵدا پەروەردەکردنی منداڵەو بەس، سەید قوتب پێیوایە، ئەگەر ژن لەژێر فشاری بارودۆخی سەختی کۆمەڵایەتی وایلێهات کاری وەك خانەخوێیی ناو فڕۆکە (المضیفة)ی وەرگرت، ئەوە ئەو کۆمەڵگەیەو شارستانییەتەکەی کۆنەپەرستانەیەو بە زاراوەی ئیسلامیش جاهلییەتە (قطب ١٩٨٣: ١٢٣–١٢٤).

لەژێر جەختی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی دنیاو ئاراستەی دنیای ئیسلامیی بەرەو چاکسازیو دیموکراسی، قەرەزاوی دەیەوێ دیپلۆماسیانەتر لە ڕۆڵو پرسی ژن لە کۆمەڵگە نزیکبێتەوە. ئەو درکی ئەوەی کردوە تازە ناتوانێ هەندێ لە مافەکانی ژن پێشێل بکا، وەك: خۆهەڵبژاردن بۆ پەرلەمان. سەرەڕای ئەمە هێشتان دەیەوێ مافەکانیان لە چوارچێوەی عەقلییەتی پیاوسالاری قەتیس بکا. قەرەزاوی پێشنیاز دەکا کە ڕێگە بە ژن بدرێ بەشداری لە پەرلەمان بکات، بەڵام ژمارەی ئەندامانیان نابێ لە ژمارەی هاوپیشە نێرینەکان تێپەڕبکا. هەروەها، دەڵێ مادامەکی پیاوان زۆرینەن پێویست ناکا ترسمان هەبێ لە دەسەڵاتی ژنان (القرضاوی ١٩٩٦: ١٦٥).

بە چاوخشانێك بەو دەقانەی لەسەرەوە خرانە ڕوو، بەئاسانی پەیوەندییەکی دیکەی فیکری لەنێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بەبنەما لەسەر تێڕوانینیان بۆ پرسو ڕۆڵی غەیرەموسڵمانان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی دەردەکەوێ. هەروەك گوتیشمان، دیاریکردنی پەیوەندی بەبنەما لەسەر بۆچوونی هەردوولا بۆ پلەوپایەی ژن لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی کارێکی ئاسان نیە. بەڵام، دەکرێ لە پێشێلکردنی مافەکانی ژن لەلایەن ئیسلامییە نوێکان (وەك ئەوەی ڕونکرایەوە)و پشتگوێخستنی ئەو مافانە لەلایەن ئیسلامییە کۆنەکان، هاوتەریبیو لێکچونێك لە نزیکبوونەوەی هەردوولا لە پرسی ژن تێبینی بکرێ.

## توندڕەوی لە ئیسلام، ڕابردوو و ئێستا

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد ئەم توێژینەوەیە پۆلینی ئیسلامییەکان لەسەر بنەمای توندی بیرو بۆچوونەکانیانو شێوازی گەیشتن بە دەسەڵات ناکات، بەڵکو هەموو ئەوانەی هەوڵیانداوە تیورێکی سیاسیی لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام هەڵهێنجن، بە ئیسلامیی دادەنێو ئایدیۆلۆجیاکەشیان بە ئیسلامیزم ناوزەدەکا. باسی ئەوەشمان کرد ئیسلامییەکان ڕێبازی جیاجیایان گرتۆتەبەر بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتو تێڕوانینو تێگەیشتنی جیاشیان هەیە بۆ هەندێك لە چەمکە سیاسییەکان، وەك: جیهادو تەکفیر. ئەوانەی بۆچوونەکانیان زۆر ڕادیکاڵو شێوازی توندوتیژیش بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات (یان لە دەسەڵاتدا توندوتیژن) بە 'توندڕەو'مان ناوبردن. بەکورتی هەموو ئەو کەسو ڕێکخراوانەی، ئیسلام بە سیاسیی دەکەن، بە ئیسلامیی دادەنێین کەچی هەموویان بە توندڕەو دانانێین. لە چەند برگەی داهاتودا هەوڵدەدەین پەیوەندییەك لەنێوان توندڕەوی ئیسلامیی لە قۆناغەکانی سەرەتاو ناوەڕاستی مێژووی ئیسلامو، توندڕەوی ئیسلامیی لەم سەردەمەدا دەستنیشانبکەین. لەم میانەدا جەخت لەسەر ئەو ئیسلامییانە دەکەین کە زۆر ناسراونو کاریگەری تایبەتیان لەسەر بەرهەمهێنانی بیری توندڕەوی ئیسلامیی هەبووە. لە بیریارە ئیسلامییە کۆنەکان، ئیبن حەنبەل (٧٨٠–٨٥٥)، ئیبن تەیمیە (١٢٦٣–١٣٢٨)و ئیبن قەییم (١٢٩٢–١٣٥٠)، لە ئیسلامییە نوێکانیش سەید قوتب (١٩٠٦–١٩٦٦) ـمان هەڵبژاردوە، چونکە بیرو بۆچوونو ڕوانگەکانیان لەناو هەموو

ئیسلامییەکانی دیکەدا توندڕەوییەکی ئاشکرایان پێوەدیارە. بەبنەما لەسەر کاریگەری چەوساندنەوەو زیندان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆو داگیرکردنی فەرهەنگیی‌و سەربازیی لەلایەن هێزە دەرەکییەکان لە پەیوەندیی‌و لێکچوونی ئەو بیرۆکەو تیورە سیاسییانە دەکۆڵینەوە کە لە ئاکامی چەوساندنەوەو داگیرکردن، لەلایەن ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکان وەبەرهەمهاتون.

## چەوساندنەوەی بیریارە ئیسلامییەکان‌و توندڕەویی

خۆش پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوایان‌و زانایانی ئایینی لە مێژووی ئیسلامدا شتێکی نەشاردراوەیە، هەردوولا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکدی هەبووە، جارجار فەرمانڕەواکان بە بەخشیش یان بە فشار زانا ئایینییەکانیان بە لا ڕێدا بردوەو زاناکانیش بێدەنگییان هەڵبژاردوە. کەچی، هەندێجار کێشمەکێشی گەورە لەنێوانیان ڕوویداوەو لە ئاکامدا زانای ئایینی وا هەبووە زیندانی کراوە یان سەری لەدەستداوە. ئەوانەی بە زوڕنای فەرمانڕەوا سەمایانکردوە زۆرینە بوون‌و، ڕۆڵی سەرەکییان پاساودانی سیاسەتە ڕاست یان چەوتەکانی فەرمانڕەوا بووە (بڕوانە الحنيطي ١٩٩٩). هەندێکی دیکە لە زانا ئایینییەکان، ئەوانەی لەو توێژینەوەیە بە بیریارە ئیسلامییەکان ناوبراون، لەسەر باوەڕو ڕوانگەی فقهیی‌و ملکەچ نەکردنیان بۆ دەسەڵات، نرخی گەورەیان داوەو ئازارو ئەشکەنجەدراون. ئەزمونێکی لەم چەشنە، ئێمە پێمانوایە، کاریگەرییەکی مەزن‌و ڕاستەوخۆی لەسەر شێوازی تێڕوانین‌و بیری بیریارە ئەشکەنجەدراوو زیندانیکراوەکان

هەبووە. ئەو کاریگەرییە دەکەینە پێوەری دەستنیشانکردنی هاوتەریبیو لێکچوونێکی دیکە لەنێوان بیری توندڕەوی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان.

## ئیسلامییە کۆنەکان و چەوسانەوە

لە ساڵی ٨٣٣ز خەلیفەی عەباسی مەئمون (ف. ٧٨٦–٨٣٣) بەشێوەیەکی فەرمی پشتیوانی خۆی لەو باوەڕە فقهییە ڕاگەیاند کە پێیوابوو قورئان ڕسکێندراوە (القرآن مخلوق)، ئەو ئاراستە فکرییە موعتەزیلەکان دایانهێنابوو.[٣٣] گفتوگۆ لەسەر ئەوەی قورئان رسکێندراوە یان نەڕسکێندراوە کێشمەکێشێکی توندی لێکەوتەوەو لە ئاکامدا هەر جارەی لایەنگرانی یەکێك لەو ئاراستە فکریانە دەکەوتنە ژێر چەوساندنەوەو پەراوێزکردن (Abu Zaid 2001). لەسەردەمی مەئمونو هەندێك لە خەلیفەکانی دوای ئەو، ئیبن حەنبەلو مریدەکانی کەوتنە بەر هێرشێکی بێبەزەییانە، چونکە بە پێچەوانەی موعتەزیلەکان دەیانگوت قورئان نەڕسکێندراوە. ئیبن حەنبەل ئازارو ئەشکەنجەدراو دواتریش بۆ ماوەی ٢٨ مانگ زیندانیکرا. پاشان لەژێر فشاری مریدەکانی خۆی، دەسەڵاتدارانی

[33] موعتەزیلە ئاراستەیەکی فیکری ئیسلامیی بوو، خاوەنانی ئەم ئاراستەیە کەوتبوونە ژێری کاریگەری مێتۆدی عەقڵانییەتی فەلسەفەی هێلینی (Hellinistic). موعتەزیلەکان لەوباوەڕەدابوون کە خوا یەکەیەکی ڕەهایەو دابەشنابێت. ئەو بیرۆکەیە کێشەیەکی لەسەر وشەکانی خوا (قورئان) هێناگۆڕێ، چونکە موعتەزیلەکان دەیانگوت وشە خوایە نەك بەشێك لە خوا، قورئان وەك تەعبیرێکی زارەکی مانای ئەوەیە کە بەشێك لە خوا جیابۆتەوەو دەبێ رسکێندرابێت (خلقت) تا مرۆڤ بتوانێ دەستیپێڕابگا. بەپێچەوانەی ئەوە، سەلەفییەکان، لەوباوەڕەدابوون کە قورئان نەڕسکێندراوەو دەرەکییە (external)و لەگەڵ بوونی خوا لە ئەزەلەوە بوونی هەبووە (*EB* 2002: *mihnah*).

عەباسی بەناچاری ئازادیانکرد. لەناو چوار قوتابخانە یاساییەکانی سوننە، قوتابخانەی حەنبەلی لە هەموویان ڕەقەکارترو توندڕەوترو تەقلیدیترە، کە دەکرێ بەشێکی بۆ ئەو ئەزمونە پڕئازارە بگێڕدرێتەوە کە ئیبن حەنبەل پێیداتێپەڕیوە.

لە ساڵی ١٠٠٢ ئاژاوەو گێرەشێوینی سەرتاسەری ئەندەلوس (ئیسپانیا)ی گرتەوەو لە ئاکامدا دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس هەرەسیهێنا. ئەو قەیرانە وای لە ئیبن حەزم کرد هاواری گەڕانەوەی بۆ بنچ‌و بنەوانی ئیسلامی لێهەستێ‌و بیرۆکەی وایداهێنا ئێستاش جێگای سەرنج‌و هێزی پاڵنەرە بۆ ئیسلامییە نوێکان (Dekmejian 1995: 14). کاریگەری ڕوخانی دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس لەسەر ئیبن حەزم تەنیا رۆحی نەبوو، بەڵکو لە ئاکامی گۆڕانکارییەکان لە دەسەڵات‌و بەبەردەوامی نارەزایی دەربڕین لە دەسەڵات، بوونە هۆی ئەوەی ئیبن حەزم زیندانی بکرێ‌و ئازادیش نەکرا تا لەزیندان گیانی لەدەستدا (Black 2001: 83).

ناودارێکی دیکە لە ئیسلامییە کۆنە توندڕەوەکان ئیبن تەیمیەیە، ئەزموونی ئەو لەگەڵ چەوسانەوە شایەنی هەڵوەستەکردنە. ئیبن تەیمیە لە ساڵی ١٢٦٣ لە شاری حەران لە دایکبوو، تەمەنی شەش ساڵان بوو کە مەغۆلەکان لە شارەکەی خۆی دەریانپەڕاندو لەگەڵ باوکی ڕوویان کردە دیمەشق. لەڕاستیدا، ئیبن تەیمیە لە قۆناغێکی زۆر ئاڵوزو پڕئاستەنگو ئاشوب ژیانی بەسەردەبرد، لەلایەك بەشێکی زۆر لە قەڵەمڕەوی ئیسلام کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی مەغۆلەکان‌و موسڵمانە هاوئایینەکانی لەژێر هەڕەشەیەکی بەردەوامدا بوون، لەلایەکی دییەوە

ڕەوشی نائارامی ناوخۆیی بارودۆخەکەی پەشێوتر کردبوو. ئیبن تەیمیە لەبەر هەڵوێستە ڕاشکاوو توندەکانی دژی داگیرکەران ناوەناوە زیندانی دەکرا، ئەو دوو ساڵی ئاخیری لە تەمەنی لەناو زیندان بەسەربردو هەر لەوێش، لە زیندانی قەڵا لە دیمەشق، لە تەمەنی ٦٧ ساڵی دڵی لە لێدانکەوت.

لەو ڕاستییە مێژووییانەی لە سەرەوە تیشکمان خستەسەر، بۆمان دەردەکەوێ، زۆربەی ئیسلامییە توندڕەوەکان لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی–سیاسیی نائەمواری وا لەدایکبوون یان ژیاون کە موسڵمانان بەگشتیو ئیسلامییەکان بەتایبەتی زۆر ئازارو نەهامەتییان تێداچێژتووە. ئیبن حەنبەل بەدەستی مەئمونو براکانی، تا هاتنە سەر کاری متوەکیل، زۆر ئەزییەتی چەشت. ئەو لە قۆناغێك ژیا کە بە قۆناغی مەینەتی (المحنة) ناویدەرکردوە. ئیبن تەیمیە پێنج ساڵ دوای ڕوخانی خەلافەی عەباسی لە دایکبوو، لە ڕۆژگارێك کە موسڵمانان بۆ یەکەمجاربوو پاش زیاتر لە شەش سەدە لە فەرمانڕەوایکردنی ئاقارێکی بەربڵاو دەوڵەتەکەیان ڕوخاو خەڵکەکەی لەلایەن مەغۆلو تەتەرەکانەوە سوکایەتیان پێدەکرا (بڕوانە برگەی داهاتوو). ئیسلامییەکان ڕاودەنرانو لە زێدی خۆیان دووردەخرانەوە یان دەخزێندرانە زیندانو ئەشکەنجە دەدران، بەتایبەتی ئەوانەی بە گژ داگیرکەرانداچوونو ناڕەزاییان دەردەبڕیو بانگی بەرگرییان دەکرد. ئیبن قەییمیش وەك ئیبن تەیمیە چەندانجار زیندانی کرا، جارێکیان هەردووك بەیەکەوە خزێندرانە بەندیخانەوە. وەك ئاماژەشمان پێکرد ئیبن تەیمیە لە بەندیخانە گیانی لە دەستدا.

## ئیسلامییە نوێکان و چەوسانەوە

تێڕوانین‌و تێگەیشتنی سەید قوتب بۆ چەمکی جیهاد لە کتێبی نحو مجتمع *اسلامي* (بەرەو کۆمەڵگەی ئیسلامیی) جێگای سەرنجە. قوتب لەوێدا دەڵێ:

"موسڵمانان بە هیچ شێوەیەك مەبەستی ئەوەیان نیە خەڵك بەزۆر بکەن بە ئیسلام، مەبەستیان تەنیا ئەوەیە ڕێگەیان پێبدرێ بە ئازادی بانگەشەی ئایینەکەیان بکەن‌و خەڵك ئازادی باوەڕیان هەبێ... بەزۆرو زۆرداری خەڵك وەرگێڕان بە دەقی قورئانی ڕەتکراوەتەوە. شەڕ بۆ مەبەستێکی دیکە ڕێگەی پێدراوە... بۆ بەرگری لە ئازادی موسڵمانان ئەوانەی لەسەر باوەڕ ئازاردران‌و لە ماڵی خۆیان وەدەرنران. ئیسلام تەنیا ئازادی خواپەرستی بۆ مریدەکانی ناوێ، بەڵکو دان بەو مافە بۆ مریدانی هەموو ئایینە جیاجیاکانی دیکەش دەنێ" (قطب <بدون تاریخ>ب ١٠٤-١٠٦).

لە هەمان کتێب قوتب دەڵێ "مەبەست لە شەڕ دوورخستنەوەی شەڕانگێزییە بەبێ هێرشکردن"، دواتر لە دژی ئەوانە قسە دەکا کە بەبنەما لەسەر ئەم دوو ئایەتە: "لەلای خوا دین ئیسلامە" (قورئان ٣: ١٩)و "هەر کەسێ بەدەر لە ئیسلام، هەر دینێکی دیکەی هەبێ، قبوڵ نیەو لە دوارۆژ لە ڕێزەی زیانبارانە" (قورئان ٣: ٨٥)، دەیانەوێ بڵێن دەبێ هەموو کەسێك ببێتە ئیسلام. قوتب ئەو لێکدانەوەیە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ ڕاستییەکەی ئەوەیە ئیسلام درێژکراوەی ئایینەکانی دیکەیەو، خوا هەمووی بە یەك ئایین داناوەو کە باس لە ئیسلام دەکا

مەبەستی هەموو ئایینەکانی دیکەشە، چونکە قبوڵکردنی ئایین، قوتب دەڵێ، مەسەلەیەکە لە نێوان خواو عەبدەکەی (قطب <بدون تاريخ>ب ١٠٩-١١١). سەبارەت بە خەڵکانی سەر بەو ئایینانەی خاوەن کتێب (أهل الكتاب) نین، تەنانەت ئەوانەی هەر ئایینیان نیە، سەید قوتب پێیاندەڵێ "ئیسلام نە دژایەتیان لەگەڵ دەکا نەشەڕ، پەیوەندیشیان لەگەڵ ناپچڕێنێ" (قطب <بدون تاريخ>ب ١٢٤). بابزانین تەمەنی ئەو ڕوانگەیەی قوتب چەند درێژ بووە. سەید قوتب لە کتێبی *معالم في الطريق* (نیشانەکانی سەر ڕێگا) دابەزیوەتە سەر ئەوانەی جیهاد بە "شەڕی بەرگری دادەنێن"و بە خاینو ڕوخاویان لە قەڵەمدەدا. هەر لە هەمان کتێبدا سەید قوتب بەتەواوی بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینانەی لە *نحو مجتمع إسلامي* (بەرەو کۆمەڵگەی ئیسلامیی) دەربڕیوە باس لە قۆناغەکانی جیهاد دەکاو دەیەوێ بیسەلمێنێ کە شەڕی غەیرەموسڵمانانو بێباوەڕان فەرزەو لێبووردنی بۆ نیە.[34]

لێرە پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا دەبێ هۆی ئەو گۆڕانکارییە سەرەکییە لە تێڕوانینو نزیکبوونەوەی سەید قوتب بۆ مەسەلەی جیهادو پێکەوەژیانی ئایینەکانو موسڵمانو غەیرەموسڵمانان لە چیەوە سەرچاوەی گرتبێت؟ ئەوەی ڕونو ئاشکرایە سەید قوتب لە تەمەنی لاوی، هەژدەساڵی، دەستی بە نووسین کردوەو لە سەرەتا زیاتر لە بواری ئەدەبو ڕەخنەدا شتی نووسیوە. لە ساڵی ١٩٥٣ چەند ساڵێك دوای کوژرانی حەسەن بەننا پەیوەندی بە ئیخوانی

34 بۆ زانیاری زیاترو بەراورد لەنێوان هەردوو کتێبەکە بڕوانە قطب <بێمێژوو>ب ١٠٤-١٣٦ و قطب ١٩٨٣: ٦٢-٩١.

موسلیمینەوە کرد، ساڵێکی پێنەچووە لەلایەن پۆلیسی میسری دەستگیرکراو حوکمێکی ١٥ ساڵی بەسەردا بڕاو پاش دە ساڵ لە عافواتێك بەربوو. لە زینداندا لەگەڵ هاوڕێکانی زۆر بێبەزیانە ئازارو ئەشکەنجە دراونو سوکایەتیان پێکراوە. تا ئەو ڕادەیەی من ئاگادار بم ئەم کتێبانەی لە زیندان نوسیوە: *هذا الدین* (ئەم ئایینە)، *في ظلال القرآن* (لە سایەی قورئانەوە)، *الإسلام ومشكلات الحضارة* (ئیسلامو کێشەکانی شارستانی)، *معالم في الطریق* (نیشانەکانی سەر ڕێگا). لەوەدەچێت کتێبی *نحو مجتمع إسلامي* (بەرەو کۆمەڵگەی ئیسلامیی) پێش گیرانی نووسیبێت. بۆ گەڕانەوە بۆ سەر پرسیارەکەمان پێویستیمان بەوە هەیە لە نزیکەوە تەماشایەکی هەڵسوکەوتی بەرپرسانی ئەو بەندیخانانە بکەین کە قوتبو هاوڕێکانی تێیاندا دەیانناڵاند. چەندان شاهید عەیان دەگێڕنەوە بەربەریەتی جەلادەکانی زیندان قوتبی گەیاندە ئەو باوەڕەی هیچ سیماو خسڵەتێکی ئیسلامیی لە جەمال عەبدولناسر بەدینەکا (Kepel 1993: 28). ئەو گەلەی چەپڵەی بۆ عەبدولناسریش لێدەدا، سەرەڕای ئەوەی نوێژیشیادەکردو ڕۆژوشیاندەگرت، بەو پشتیوانیلێکردنە لە ڕوانگەی ئەو لە سیماو خسڵەتی موسڵمانێتیان داماڵدران. بۆیە، قوتب بەو باوەڕەگەیشت هەر کۆمەڵگەیەك شەریعەتی تێدا جێبەجێنەکرێ کۆمەڵگەیەکی جاهلییە. من پێموایە، ئەو وەرچەخانە گەورەیە لە تێڕوانینەکانی قوتب، ئەگەر هەمووشی نەبێت، بەشی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەوسانەوەی خۆیو هاوڕێکانی لە زیندان دووچاری هاتن. ئەوەی سەرەوە تەنیا یەك نمونە بوو لە وەرچەرخانی فکری قوتب، ئێمە

دڵنیاین، بەراوردکردنی نووسینەکانی قۆناغی پێشو دوای زیندانیو دەیان نمونەی دیکە وەدەردەخەن، کە دەکرێ لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێ.[35]

ئەو ئەزموونە سەختەی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان لەژێر دەستی فەرمانڕەوا موسڵمانەکان پێیداتێپەڕبوون، دەکرێ بە زادەو بیری توندڕەوی دابنرێو هۆیەك بێت بۆ لێکچوونی فکریی هەردوولایان. لەهەمانکاتدا، لێکچونی فکری بە پەیوەندییەکی دیکەی نێوان تیوری سیاسیی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان دابندرێ. دەبێ ئەزموونی کەسایەتی (personal experience) چ پەیوەندییەکی بە تێڕوانینی سیاسیی کەسەکەوە هەبێت؟ دکتۆر پۆست (Post)، پسپۆڕێکی سایکۆلۆجی، وەڵامێکی پڕبەپێستی ئەو پرسیارەی داوەتەوە، ئەو لەوباوەڕەدایە، خەڵك باوەڕ بە توندوتیژی دێننو ئامادەشن بەکاریبهێنن "نەك تەنیا لەبەر ئیعتیباراتی ئایدیۆلۆجی بەڵکو لەبەر هۆکاری کەسییو سایکۆلۆجیش" (و.ل. Orbach 2001: 55).

---

[35] دیارە یەکێك لەو کێشانەی دێتە سەر ڕێی ئەو کەسانەی توێژینەوە لەسەر دیاردەیەکی کوردی، عەرەبی یان ڕۆژهەڵاتی دەکەن ئەوەیە نوسراوەکان زۆرجار نە ساڵ نە شوێنی چاپیان لەسەر نیە، یان نوسراوێك چاپدەکرێتەوە کەچی ساڵی نووسینی یەکمجاری نوسراوەکە پشتگوێدەخرێ. لەوەدەچێ هەندێك لەوانەی ئەم کتێبانە چاپ دەکەن یان چاپ دەکەنەوە هێشتان لە گرنگی چەمکی کاتو شوێن نەگەیشتبن!

شێرکۆ کرمانج

## داگیرکردن‌و هەژموونی فەرهەنگی و توندڕەوی

بە چاوخشانێکی خێرا بە مێژووی موسڵماناندا دەیان نمونەی سەرهەڵدان‌و رابوونی موسڵمانان لە دژی داگیرکردنی سەربازیی‌و فەرهەنگیی بەرچاو دەکەون، هەندێك لەو ڕابوونانە بزوتنەوەی جەماوەری بووەو هەندێکیان بەرنگاربوونەوەی تاك یان چەند کەسێك بوون. ڕابوونە تاك کەسییەکان یان بزوتنەوە جەماوەرییەکان زۆربەیجار لەلایەن زانا ئایینییەکان یان فوقەهاکان رابەرایەتی کراون. گومان لەوەدا نیە گەلان‌و کەسانی سەر بە نەتەوە جیاجیاکان بەشێوازی جیاجیا بەرانگاری هێرش‌و هەڕەشە دەرکییەکان دەبنەوە. تا ئەو جێگەی پەیوەندی بە موسڵمانانەوە هەبێت، داگیرکردنە سەربازیی‌و فەرهەنگییەکان هەمیشە بوونەتە مایەی سەرهەڵدانی شەپۆڵی ناڕەزایی‌و بەرهەمهێنانی بیرو بزوتنەوەی توندڕەوانە. لێرە مەبەستمان لۆمەکردنی ئەم‌و ئەو نیەو لە هۆو ئەنجامەکانیش ناکۆڵینەوە، بەڵکو دەمانەوێ بڕوانینە بەرخوردی ئیسلامییە کۆنەکان‌و نوێکان لە بەرابەر هێرشی بێگانە بە هەموو فۆرمەکانیەوەو، بەرخوردەکانیش بکەین بە پێوەرێك بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکی دیکەی فکری‌و بزوتنەوەیی نێوان ئیسلامییەکان بە گشتی. پێشئەوەی بچینە سەر بەراوردی بەرخوردو بەرانگژبوونەوەکان، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، هەندێجار بوونی ئاراستە سیاسیی‌و فەلسەفیی‌و بزوتنەوە "نائیسلامییەکانی" دنیای ئیسلام، لەلایەن ئیسلامییەکان، بەچاوی بێگانەو بەشێك لە هێزی داگیرکەر تەماشاکراون‌و سەنگەرییان لێگیراوە. بۆنمونە، ئاراستە فکرییەکانی موعتەزیلەو بزوتنەوە سێکولارەکانی ئەم سەردەمە بە نیشانەی کاریگەری بێگانە لەسەر فەرهەنگی

ئیسلامیی بینراون. لەبەرئەوە لەم بڕگەیە کاریگەری ئاراستە فکرییە دەرەکییەکانو ناوەخۆییەکان بەیەکەوە تاوتوێدەکرێن، لەپاڵئەمیش کاریگەری هێرشە سەربازییو فەرهەنگییەکانیی بێگانە بەسەردەکرێنەوە.

## ئیسلامییە کۆنەکان و هێرشی بێگانە

لە ئاکامی ڕوخانی خەلافەتی عەباسیی لە ساڵی ١٢٥٨ دامودەزگا ئایینییەکانیش هەڵوەشێندرانەوەو زانا ئایینیو مامۆستاو شاگردەکانیش پەرشوبڵاوەیان پێکراو زۆریان دەرپەڕێندرانە کونوقوژبنە دوورەکانی سەرزەوی وێرانی ئیسلامو هەندێکیشان کوژرانو بێسەروشوێنکران (Black 2001: 140). ڕمانی دەسەڵاتی عەباسیی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانەوە چونکە عەرەبو موسڵمانانو ئایینەکەیان پاش زیاتر لە شەش سەدە لە دەسەڵاتێکی ڕەها جارێکی دیکە پەراوێزکران. گرنگی سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی کە لەگەڵ بەرەبەیانی داگیرکردنی مەغۆلەکانەوە وەبەرهەمهات، ناکرێ جێگای هەڵوەستەو سەرنج نەبێت. دیارە پێش ئەو قۆناغە لێکدانەوەکانی ئیبن حەنبەل دەکرێ بە توندڕەوو بەرتەسك ناوزەدبکرێن، بەڵام ئیبن حەنبەل لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی ئیسلامیی تێڕوانینەکانی خۆی پێشنیاز دەکردو کاری لەسەر جێبەجێکردنیان دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێت هەندێك لە شاگردەکانی ئیبن حەنبەل زۆر لە خۆی توندڕەوتر بوون (Hurvitz 2003). بەشێك لە توندڕەوی ئیبن حەنبەلیش دەکرێ بگێڕدرێتەوە بۆ ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی لەسەر دەستی خەلیفەکاتی عەباسی تووشی هاتبوو لەگەڵ دژایەتیکردنی ئاراستە

فەلسەفییەکانی موعتەزیلە. بەڵام هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی کاریگەری لەسەر ئیبن تەیمیە هێندە زۆر بوو هەموو ژیانی خۆی تەرخانکردبوو بۆ بەگژاچوونەوەی مەغۆلو تەتەرەکان. بۆیە بیری توندڕەوی ئیبن تەیمیە لە ئیبن حەنبەلی تێپەڕکردو لە قالبی نووسین دەرچووو گەیشتە بواری پراکتیزەکردنی ڕاستەوخۆ. ڕقی ئیبن تەیمیە لە داگیرکەران ئەوی گەیاندە ئەو باوەڕە جیهاد بە یەکێك لە پایەکانی ئیسلام (ئیسلام پێنج پایەی هەیە) دابنێو بیخاتە پێش 'حەج'ـەوە.

لە سەدەی یازدەهەمدا، لە ئەندەلوس، شاگردە موسڵمانەکان لەپاڵ زانستەکانی دیکە فەلسەفەشیان دەخوێند، کۆمارەکەی ئەفلاتونو بیرۆکە فەلسەفەییە یۆنانییەکان باویان هەبوو. زۆری پێنەچوو، قورتوبە بوو بە سەکۆی ململانێی لایەنە دژەکان، مەسیحییەکانی مەملەکەتی کاستیلا (Kingdom of Castile) هێرشیان کردە سەر موسڵمانەکانو ناوچەیەکی زۆریان لێداگیرکردن. ئەو مەسەلەیە وای لە زانا ئاینییەکانی ئەندەلوسو دەوروبەر کرد داوا لە مورابیتەکان (المرابطون) بکەن بە کۆمەکیانەوە بێن.[٣٦] موراڤیدەکان (Al-Moravids) کە گروپێکی دیکەی موسڵمانان بوون توانیان پێش لە زەحفی هێرشکەرەکان بگرنو فەرمانڕەوایەتی خۆیان لە باشوری ئەندەلوس دامەزرێنن. فەرمانڕەوایەتییە نوێکە پێشی بە خوێندنی فەلسەفەو پراکتیزەکردنی سۆفییگەریی بەتوندی گرت، کتێبەکانی غەزالیان دەسوتاندو پشتیوانی لە لێکدانەوە دەقاودەقەکانی حەنبەلی ڕاگەیەندرا. نمونەیەکی دیکەی سەرهەڵدانی

---

[36] مورابیتەکان بزوتنەوەیەك بوون لەو ناوچەیەی ئێستا پێیدەگوترێ سێنیگال پەیدابوون.

بزوتنەوە توندڕەوەکان وەك دەرئەنجامێکی هێرش‌و داگیرکردن، دەکرێ هەر لە ئەندەلوس بێنینەوە. لە سەدەی دوازدەهەم، موەحیدەکان (الموحدون) دەسەڵاتیان لە موراڤیدەکان وەرگرت‌و دەرگای قوتابخانەکانیان ئاوەڵە کردو دەستکرایەوە بە خوێندنی فەلسەفەو ئیبن ڕوشد بوو بە کەسی ناسراوی ئەو قۆناغ. بەڵام شەڕی سەرلەنوێ هەڵگیرساوە لەگەڵ مەسیحییەکان فشارێکی زۆری خستە سەر جەماوەرو زانا ئایینییەکان. لەئەنجامدا دەوڵەت گەڕایەوە سەر زیندوکردنەوەی ئەو یاسا توندوتیژو بەرچاوتەسکانەی بنەمایان لەسەر لێکدانەوە دەقاودەقەکانی حەنبەلی دەگرت، مەڵبەندە فکرییەکان داخران‌و ئیبن ڕوشد وەك هەڵگەڕاوە (المرتد) زیندانی کرا (Black 2001: 115-117).

## ئیسلامییە نوێکان و هێرشی بێگانە

هاوشێوەی بەرخوردی ئیبن تەیمیە لەڕووی داگیرکەرە مەغۆل‌و تەتەرەکان، حەسەن بەننا، بارودۆخی دنیای عەرەب‌و ئیسلامیی سەرەتاکانی سەدەی بیستی وابینیوە کە کەوتبێتە ژێر رکێفی داگیرکەرە بێگانە ڕۆژئاواییە کافرەکان. ڕەنگە، بەننا تەنیا زیادەڕۆیی لەوەکردبێ ڕۆژئاواییەکانی بە کافر دانابێ، دەنا ڕاستدەکاو چاکیشە ئاماژە بەوە بکەین کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم زۆربەی هەرەزۆری سەرزەوی ئیسلام کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی هێزە کۆلۆنیالیستە ڕۆژئاواییەکان. ئەو قۆناغەی کە حەسەن بەنناو مەودودی‌و سەید قوتب تێیدا لەدایکبوون‌و ژیان‌و بەچاوو جەستەی خۆیان ئەزموونی داگیرکردن‌و چەوسانەوەیان بەرجەستەکرد. بەننا پێیوایە لە بارودۆخێکی ئاوادا "جیهادکردن ئەرکی سەرشانی هەموو

موسڵمانێکە" (Al-Banna 1999: 47-48). ترس لە داگیرکردن لە کاریگەری کلتوری بێگانە لەسەر کلتوری ئیسلامیی بینراوە. لەوانەیە هەر لەبەرئەوەش بێت، قەرەزاوی پێیوایە، داگیرکردنی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لە داگیرکردنی سیاسییو سەربازیی زۆر مەترسیدارترە، چونکە، بە بڕوای ئەو، داگیرکردنی فەرهەنگیی نەتەوە لە خۆی دادەماڵێنێ (القرضاوی ١٩٨٨: ١٢). گرنگی ڕزگارکردنی دنیای ئیسلامیی بەقەد جێبەجێکردنی شەریعەت بایەخیپێدراوە، بۆیە هەمیشە هاواری ڕزگاریو یەکگرتنەوەو یەکخستنەوەی ماڵی موسڵمانان لەگەڵ هاواری جێبەجێکردنی شەریعەت ئاوێتەکراوە.

تا ئێستا باسمان لە هەڵوێستی ئیسلامییەکان وەك تاکە کەس لە بەرابەر داگیرکردنو هێرشو هەڕەشەی سەربازیو فەرهەنگی کرد. بەهەمانشێوە، بەرخوردی کۆمەڵگەی موسڵمانان بەگشتیو بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەتایبەتی، تا ڕادەیەك هەمان نەخشی بەخۆوە دیوە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، سانوسییەکان (السانوسية)، وەك تۆڕێکی مژدەدەرو دەروێشیی میانڕەو لە لیبیا دەستیان بە جموجۆڵ کرد. موریدەکانیان لەگەڵ داگیرکردنی لیبیا، لەلایەن ئیتالیاوە، بوون بە جیهادییو دروشمو ئاڵای شەڕ لە پێناو خوایان بەرزکردەوە (Dekmejian 1994: 16). بەمدواییانەش، لە کۆتایی حەفتاکان، لەگەڵ داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتو هاتنەسەرکاری حکومەتێکی بەخسڵەت کۆمۆنیستیی، وای لە ئەفغانیەکان کرد بگەڕێنەوە سەر ئیسلامو وەك چەکێك بۆ یەکگرتنو بەرانگاربوونەوەی هێرشی بێگانەو هەژمونی فەرهەنگیی کۆمۆنیستی بەکاربێنن.

به ووردبوونەوه لەو ڕونکردنەوانەی سەرەوە، نەخشی سەرهەڵدانی توندڕەوییو تەفسیرکردنی ڕادیکالانه له ئیسلامدا لەوکاتانه تێبینیدەکرێ که موسڵمانان کەوتبنه ژێر ترسی ئاراستەیەکی فکرییو فەلسەفییانەی ناوخۆ یان دەرەکی، یان داگیرکردنو هێرشی بێگانه بۆ سەر خاکەکەیان. ئێمه ئەم دوو فاکتەره بەهۆی سەرەکی لەدایکبوونی بیری توندڕەوی ئیسلامیی دادەنێین. له سەدەی حەفتەمو هەشتەم، ئاراسته فکرییەکانی موعتەزیله لەلایەن هەندێك له زانایانی ئایینیو فوقەهاکان به ئاراستەیکی هەڵگەڕاوەو بیانی ناوزەدکران. بۆیه دەکرێ بڵێین، حەنبەلیزم وەك ئاراستەیەکی فیکری ئیسلامیی کاردانەوەی ئاراسته فکرییەکانی موعتەزیلەیە. هەمان کاردانەوه لەلایەن ئیسلامییه نوێکانی وەك مەودودی، قوتبو قەرەزاوی لەبەرابەر چەمکی سێکولاریزم تێبینیدەکرێ. مەودودی پەنجه بۆ فەیلەسوفه موسڵمانەکانی وەك ئیبن سینا (979-1037)و ئیبن ڕوشد (1126-1198)و ڕیفۆرمخوازانی ئەم سەردەمه درێژدەکاو، پێیوایه، ئەرکی سەرەکی ئیسلامییەکان پاکسازیکردنی ئیسلامه له کاریگەری بیری بۆنگرتوی ئەو 'شەیتانانه' (Mawdudi 2002: 22-23). دیاره ئەو تێڕوانینەی مەودودی زۆر له تێڕوانینی غەزالیو ئیبن تەیمیه بۆ ئەو فەیلەسوفه موسڵمانانەی (ئیبن سیناو ئیبن روشدو فارابی) کەوتبوونه ژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی کۆن نزیکه. هەربۆیەشه، مەودودی، غەزالیو ئیبن تەیمیەی به پێشەنگی تازەگەران (المجددون) داناوه (Mawdudi 2002: 44-59).

بەپشتبەستن بەو ڕاستییە مێژووییانەی سەرەوە، ئێمە پێمانوایە، بەدرێژایی مێژووی موسڵمانان زنجیرەی سەرهەڵدانو پەیدابوونی بیری توندڕەوی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دوو هۆکاری سەرەکییەوە هەبووە: یەکەم، چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی ئیسلامییەکانو موسڵمانان لەلایەن داگیرکەرانو دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان. دووەم، کاریگەری داگیرکردنی سەربازیی‌و هێرشی فەرهەنگی بێگانە بۆ سەر دنیای ئیسلامو ترسی ئیسلامییەکان لە لەناوچوونی بەهاو ئاکارە ئیسلامییەکان. هەروەها دەتوانین بڵێین، سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی لەنێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان هەیە بەتایبەتی لە هەڵوێستیان بەرامبەر دەوڵەتو دەسەڵات کە زیاتر پەیوەندی بە پلەوپایەی ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتەوە بوو، دەنا لەوانەیە ئەم جیاوازییەش تێبینینەکرابا. بێجگە لەم جیاوازییەو فۆرمی ڕێکخراوەکانیان، ئەگینا، پەیوەندییەکی ڕونو ئاشکرا لەنێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بەبنەما لەسەر ئەو چەمکانەی بەکاریانهێناون بۆ بەسیاسییکردنی ئیسلام دەبینرێ، نزیکبوونەوەو تێڕوانییان بۆ زۆربەی پرسو مەسەلە پەیوەندارەکان بە کۆمەڵگەی موسڵمانان ئەگەر وەك یەك نەبێت هاوشێوەو هاوتەریبو تاڕادەیەکی زۆر لێکچوون.

## کورتەو سەرئەنجامەکانی بەشی چوارەم

لەم بەشەدا بەبنەما لەسەر کۆمەڵێك چەمكو پراکتیزو نزیکبوونەوە، هەوڵدرا پەیوەندییەك لەنێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان بدۆزرێتەوە، تابکرێ لە ڕێی پەیوەندییەکانەوە ئەو ئارگیومێنتەی کە پێیوایە، ئیسلامیزم دیاردەیەکی نوێیەو

دەرئەنجامی مۆدێرنە (modernism)، بەپیشەسازیکردن (industrialisation)و بەڕۆژئاواییکردن (westernisation) ـە بخرێتە ژێر پرسیارەوە. لە ئاکامی توێژینەوەکە، بەو ئەنجامە گەیشتین، ئەگەر ئیسلامیزم: یەکەم، مانای بەسیاسییکردنی ئیسلام بێت. دووەم، هاوارێك بێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەر بیروباوەڕو پراکتیزەکانی سەلەف. سێیەم، باوەڕو پێداگرتنبێت لەسەر خسڵەتی گەردونگەرایی (universalism)و سەرتاپاگیریی (comprehensive) ئیسلامو ئیستیعلاکردنی پەیامی ئیسلام بێت لەسەر پەیامە ئاسمانییو ئایینییەکانی دیکەی جیهان. چوارەم، باوەڕبێت بە یەکپارچەیی ئایینو دەوڵەتو، ڕەتکردنەوەی لێکجیاکردنەوەی ئایینو سیاسەت بێت. ئەوە، بەپشتبەستن بەو ماناو پێناسانەی لەسەرەوە بۆ ئیسلامیزممان کرد، دەگەینە ئەو ئەنجامە، ئیسلامیزم دیاردەیەکی نوێ نیە لە مێژووی موسڵمانان. سەرەڕای ئەوەی کە مۆدێرنە، پیشەسازگەرییو بەڕۆژئاواییکردنو چەندان هۆکاری دیکە، ڕەنگە، کاریگەری خۆیان لەسەر سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ئیسلامیزم هەبووبێت. کەچی، ناکرێ ڕەگو ڕیشەی ئیسلامیزم لەناو پرۆسەی بەسیاسییکردنی مێژووییانەی ئیسلام پشتگوێبخرێو بە درێژکراوەی ئەو پرۆسە مێژوویيە دانەنرێت.

بەهەمانشێوە، پێمانوایە، بیری توندڕەویی ئیسلامیی (Islamic extremism)، بەشێوەیەکی سەرەکیی، دەرئەنجامی هێرشی فەرهەنگیی (الهجمة الثقافية)و داگیرکردنی سەربازییە، لەلایەك. لەلایەکی دیکە، وەڵامدەرەوەی چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی موسڵمانانو ئیسلامییەکانە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە. نابێ ئەوە

لەبیربکەین کە توندڕەویی ئیسلامیی ئاراستەیەکە لە ئاراستەکانی ئیسلامیزمو ناکرێ لێیجیابکرێتەوە. بەبنەما لەسەر بەرخوردی ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان لە بەرابەر داگیرکردنی دەرەکیو چەوسانەوەی ناوخۆیی، بۆماندەرکەوت، توندڕەویی ئیسلامیش دیاردەیەکی نوێ نیەو مێژووی ئیسلام شاهیدی سەرهەڵدانی دەیان بزوتنەوەو کەسانی توندڕەوی وایە کە لەم سەردەمەش بەرچاودەکەون. لەوەش زیاتر، بیری توندڕەوی ئیسلامییە نوێکان بنجو بنەوانی لەسەر بیری توندڕەوانەی ئیسلامییە کۆنەکان داناوە.

دیاریکردنو دۆزینەوەی لێکچوونو پەیوەندیی فیکری لەنێوان ئیسلامییە کۆنەکانو نوێکان، نابێ ببێتە مایەی ئەوەی جیاوازییەکانی نێوانیان، بەتایبەتی لە شێوازی نزیکبوونەوە لە کێشەکانو پراکتیزەکانیان، کەمبایەخ وەرگرین. بارودۆخی مێژوویيو کەسیی ئەو قۆناغەی کە هەریەکێك لە بیریارە ئیسلامییەکان تێیداژیاوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرخوردو نزیکبوونەوەی ئیسلامییەکانو ئەو بزوتنەوانەی ڕابەرایەتیان دەکردن یان دەکەن، هەبوو یان هەیە. ئیسلامییە کۆنەکان بەگشتی ، بەبیانوی ڕێگەنەدان بە 'فیتنە'، داوای ملکچکردنێکی کوێرانەیان (total obedience) بۆ دەسەڵات دەکرد. کەچی، ئیسلامییە نوێکانو بزوتنەوەکانیان لەبەرئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن، هەمیشە ملکەچنەکردن بە خەباتو تێکۆشان لەدژی زوڵمو زۆرداری لەقەڵەمدەدەن نەك هۆی 'فیتنە'. ئاراستە ئایینیی–سیاسییەکانی ئیسلامییە کۆنەکان بەگشتی لە چوارچێوەی قوتابخانە ئایینزا ئایینییەکانەوە (المدارس

الدينية المذهبية) بووە. کەچی، ئیسلامییە نوێکان بەگشتی لە قالبی بزوتنەوەو حزبی سیاسیی نوێدا خۆیان ڕێکخستوەو هاتونەتە گۆڕەپانی سیاسەتکردن. دەبێ ئەوەش بگوترێ دیاریکردنی جیاوازییەکان تەوەرێکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە نەبوو، بۆیە پێشنیازکردنی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بوارە بە چاك دەزانین.

شێرکۆ کرمانج

## بەشی پێنجەم

## ئیسلامو دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات[٣٧]

ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان تەرخاندەکەین بۆ پەیوەندی نێوان ئیسلام وەك فەرهەنگێکی زاڵ لە ڕۆژهەڵاتو دیموکراسی وەك بنەمایەك بۆ لێکتێگەیشتنو پرۆسەیەك بۆ خۆبەڕێوەبردنو زەمینەیەك بۆ ململانێ سیاسییەکان. وەك بەشەکانی پێشتر، ناکرێ باس لە ئیسلام بکرێ بەبێ ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ئیسلامیزم چ وەك دیاردەیەك چ وەك بزوتنەوەیەك کە خۆی بە خاوەنی ئیسلامی ڕاستەقینە دادەنێ. بۆیە لە تاوتوێکردنەکانی ئەم بەشە گرینگییەکی تایبەتی بە تێڕوانینی ئیسلامییەکان بۆ دیموکراسییو ئەو چەمکانەی دیموکراسی لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێ، دەدەین. لەم بەشە، باس لە پەیوەندی نێوان ئیسلام وەك فەرهەنگو دیموکراسی دەکەین، لەگەڵ هۆکارە ڕێخۆشکەرەکانی گەشەی

---

[37] ئەم بەشە کاتیخۆی لە گۆڤاری *هەوار* ژمارە ١١، ساڵی سێیەم، فێبریوەری ٢٠٠١، ل ١٧–٢٤، کە لە ئوسترالیا دەردەچوو بلاوبۆتەوە. دواتریش لە کوردستان لە گۆڤاری *بیرووشیاری* ژمارە ١، ساڵی یەکەم، شوباتی ٢٠٠٢، ل ٦٨–٩٠ بلاوبۆتەوە. لێرە هەندێك دەستکاریکراوە.

دیموکراسی، دیموکراسی و دنیای ئیسلام، هۆکانی تەشەنەکردنی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات، دواتریش بە کورتی قسەوباسێك لە ترسو پشتیوانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتێکی دیموکراس دەکەین. وایبەچاك دەزانین پێشئەوەی پەیوەندی نێوان فەرهەنگو دیموکراسی هەڵسەنگێنین، هەوڵدەین پێشینەیەكو پێناسێکی دیموکراسی بخەینەڕوو.

## پێناسەو پێشینەیەکی کورتی دیموکراسی

دیموکراسی وشەیەکی کۆنی یۆنانییە، لە "دیمۆس" واتە خەڵكو "کراتۆس" واتە یاسا یان دەسەڵات پێکهاتوە، بەسەریەکەوە بەمانای دەسەڵاتی خەڵك دێت. یەکەمجاریش هەر لەناو یۆنانییە کۆنەکاندا پەیڕەوی لێکراوە، ئەوکات ژمارەی دانیشتوانی شارەکان کەمبوون (نزیك دە هەزار)، لەبەرئەوە ڕاپرسیی کارێکی ئاسان بووەو، ئەوەش ببووە مایەی ئاسانکردنی پێکهێنانی دامودەزگاکانی یاسادانان (التشریع)، یان پرسوڕای ڕاستەوخۆ بەڕێوەدەچوو بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر کارو پرسو کێشە کۆمەڵایەتیی-سیاسییەکان. ئەو شارانە هەریەکە وەك وڵاتێکی سەربەخۆ یان هەرێمێکی سەربەخۆ بەڕێوەدەچوون. لەو بارودۆخەدا دیموکراسی زۆر سەرەتاییو سادە بوو، نە ئافرەت، نە کۆیلە مافی دەنگدانیان نەبوو. ئەو دیموکراسییە سەرەتاییە نزیکەی دوو هەزارساڵی خایاند تا گەشەی کردو گەیشتە ئەو شێوازە جیاجیاو گەشەکردوەی ئەمڕۆی. دەکرێ بگوترێ دیموکراسی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە قۆناغی سڕبووندا تێپەڕی. دواتر پاشاکان لە ئەوروپا بۆ دانانی ڕێوشوێنو یاسای پێویست بۆ کۆکردنەوەی

باجو سەرانە پێویستیان بە ڕەزامەندی خەڵك بوو، ئا لەوێدا دیموکراسی وەك پرۆسەیەکی کار ئاسانکردن زیندوکرایەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پاشاکان شورای پیاوماقوڵانیان (نۆبڵەکانیان) پێکهێنا، کە کەم یان زۆر نوێنەرایەتی کۆمەڵیان دەکرد. بە هەڵەداناچین ئەگەر بڵێین شورای نۆبڵەکان بوو بە بنەمای پەرلەمانی ئەم سەردەمە. نابێ ئەوەش لەبیرکەین کە هزرڤانو زاناو فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا ئەو کات ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەبوو لە بردنە پێشی ئەم پرۆسێسە ( *EB* Vol. III: 458).

مەبەست لەو دیموکراسییەی کە لەم باسەدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشرێو چەندبارە دەبێتەوە، دیموکراسی ڕۆژئاوایە کە هەر لەوێشەوە سەریهەڵداوەو خەریکە باڵی بەسەر هەموو جیهاندا بکێشێ. لە ڕۆژگاری ئەمرۆشماندا بە چەند شێوەیەك پەیڕەوی لێدەکرێ لە هەمووشیان باوتر ئەمانەن: دیموکراسی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی نوێنەرایەتی، دیموکراسی دەستوریو دیموکراسی میللی (شعبي).

گەڕان بە دوای پێناسەیەکی هەمەگیرو هاوتاو جیهانگیر بۆ دیموکراسی کارێکی سەختو بێهودەیە. کە باس لە دیموکراسی دەکرێ زیاتر مەبەست شێوە یان پرۆسێسی حوکمکردنە، کە وەڵام دەرەوەو خۆگونجێنەرە لەگەڵ بارودۆخ. ئەوەی پێناسەکردنی دیموکراسی سەخت کردوە، تێڕوانینی جیای چینو توێژو تاکە کەسەکانە بۆ دیموکراسی، بۆنمونە: بۆ ڕۆشنبیرانی دنیای سێیەم گەیشتنە بە یەکسانی، کەچی بۆ ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا مێتۆدێکی کاریگەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، لە کاتێکدا بۆ دیکتاتۆرەکان دیموکراسی

دێوەزمەی هەڕەشەیە لە دەسەڵات. لە بەرامبەر ئەودا بۆ کۆمەڵانی خەڵك بە مانای کۆتایی هاتنی چەوسانەوەو گەشەی ئابوریو پەرەسەندن دێت. کەچی بۆ کورد، وەك نەتەوە، گەیشتنە بە مافی چارەنووس.

سەرەڕای ئەوەش دەتوانین سیستەمی دیموکراسی وەك ئەوەی هانتینگتن (Huntington) پێناسیکردوە بناسێنین، کە سیستەمیکە "زۆربەی دامودەزگا گشتییو بەتواناو بڕیاردەرەکانی ناوە ناوە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا هەڵبژێردرێن، لە کەشێکدا کە کاندیدەکان ئازادانە بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکان پێشبڕکێ بکەن" (و.ل. 67 :Rothstien 1995). خاڵی بێهێزی دیموکراسی ڕۆژئاوا (سەرمایە) کە لەو پێناسەیە خۆی دەبینێتەوە، ئەوەیە کە هیچ نرخێك (ئیعتبارێك) بۆ باری کۆمەڵایەتیی–ئابوریی (socioeconomic) کاندیدەکان دانانێت. چونکە، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کەسەکان توانای کۆمەڵایەتییو ئابوریی جیاجیان (متەفاوتیان) هەیە، ئەگەر زیاتر لێیوردبینەوە دەکرێ دیموکراسی ڕۆژئاوا باشتر بە دەسەڵاتی کەماسی (legitimate oligarchy) لەقەڵەمبدرێ. مەبەست لە دەسەڵاتی کەماسی، دەسەڵاتی توێژێکە یان چینێك کە نوێنەرایەتی زۆربەی توێژو چینەکانی دیکە ناکات، وا چاکە لەگەڵ دەسەڵاتی کەماسی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان تێکەڵنەکرێ. ئەگەر هاتو خۆشمان لە قاوغی پێناسەکردن ڕزگارکەین ئەوە دەتوانین دیموکراسی بە بەدەستهێنانو جێبەجێکردنی پرنسیپە سەرەکییەکانی هەڵسەنگێنین. گرنگترین پرنسیپەکانی دیموکراسیش ئەمانەن: ئازادییەکانی ڕادەربڕین، چاپ، باوەڕو بیروڕاو، کۆڕو کۆبوونە، لەگەڵ خاوەندارییەتی، هەروەها مافی دەنگدانو خۆهەڵبژاردن بۆ دەزگا بەڕێوەبەرییە

گشتییەکان. لەپاڵئەمانەش، نەهێشتنی گرتنی بێلێپرسینەوەو ئەشکەنجەو سزادانی نامرۆڤانە (وەك لە سێدارەدان). بوون یان نەبوونی ئەو بنەمایانە ئاستی گەشەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا دیاریدەکەن. دوای ئەم پێشەکییە کورتە، ئێستاش تاوتوێی پەیوەندیی نێوان فەرهەنگو دیموکراسی دەکەین.

## فەرهەنگ و دیموکراسی

مەبەستمان لە فەرهەنگ، دابو نەریتو باوەڕو شێوەی ژیانی خەڵکانێکە کە سەر بە نەتەوەیەکن یان لە وڵاتێك یان ناوچەیەك دەژین. دیاریکردنی پەیوەندیی لە نێوان فەرهەنگی سیاسیی زاڵو گەشەی دیموکراسی کارێکی دژوارە، چونکە لەلایەك "ئەگەری پێشڤەچوونی دیموکراسی لە فەرهەنگێکدا زیاتر دەبێت کە توخمەکانی (elements) فەرهەنگەکە بتوانێ بە خێرایی گەشەبکا" (Rothstien 1995: 67). واتە توانای خۆگۆڕکێیو خۆنوێکردنەوەی تێدابێت. هەروەها، وەك هانتینگتن دەڵێ "دیموکراسی بە ئاسانتر لە فەرهەنگێکدا ڕیشە دادەکوتێ کە کەمتر تاکانەو (monistic) زیاتر گیانی تەبایيو هەمەڕەنگیو سازانی (مساوەمە) تێدابێت" (و.ل.Al Suwaidi 1995: 85). بەپێچەوانەی ئەو ڕوانگانەی سەرەوە هەندێك ئەکادیمی دیکە هەن، وەك شمیتەر (Schimitter)و کارڵ (Karl) کە پێیانوایە فەرهەنگی مەدەنیی (civic) مەرجێکی پێشوەخت (شرط مسبق) نیە بۆ گەشەکردنو دامەزراندنی دیموکراسی. چونکە، فەرهەنگی دیموکراسی لە ژێر سایەی حوکمی دیموکراسی پەیدا دەبێتو گەشە دەکاتو ، پاشانیش یاسا

عەقلانیەکانی ڕەفتاری سیاسی، بۆ دامەزراندنی فەرهەنگێکی مەدەنی گونجاو، جێپێی خۆی خۆشدەکا (Rothstien 1995: 70-72).

لەوانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ بۆ گەشەی دیموکراسی بوونی فەرهەنگی دیموکراسی ئەگەر پێشوەختیش نەبێت، ئەوە فەرهەنگە زاڵەکە دەبێ ئامادەیی گەشەو خۆگونجانو سازانی تێدابێت. ئەوەی لێرەش دەمانەوێ تاوتوێی بکەین، ئەوەیە، ئایا فەرهەنگی ئیسلامیی، وەك فەرهەنگی زاڵ لە وڵاتە ئیسلامییەکان، ئەو ئامادەییەی تێدایە؟ یان ئیسلام کۆسپێکە لە پێش دیموکراسی؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی گەشەی دیموکراسی لە ڕۆژئاواو چۆنییەتی بڵاوبوونەوەی. دیموکراسی زادەی ڕێنانسو ڕۆشەنگەرییەو شۆڕشی فەرانساو ئەمریکاش تەکانێکی (دفعة) گەورەیان پێدا. هەردوو بزوتنەوە فکرییەکەو شۆڕشە جەماوەرییەکە لە دنیای ڕۆژئاوای مەسیحیدا سەریانهەڵدا. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئایینی مەسیحیی وەك دینەمۆی فەرهەنگی زاڵی ڕۆژئاواو کەنیسە وەك ڕابەرەکەی یەکەمین کۆسپی پێش تەشەنەکردنی دیموکراسی بوون. لە سەرەتادا مەسیحییەت دوژمنی سەرسەختی دیموکراسیو هاوشانەکەی سێکولاریزم (علمانیەت) بوو. سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لە دنیای مەسیحییەت کە بەها دیموکراسیەکانی لە منداڵدانی خۆی پەروەردەکرد لەلایەکو، سەرهەڵدانی بزوتنەوەی پرۆتستانت لەناو جەرگەی ئایینی مەسیحیدا لەلایەکی دی. ئەمانە هەموویان بوون بە پاڵپشتی سەرەکی سەرکەوتنی بەها دیموکراسییەکان لە دنیای مەسیحییەتدا بەسەر دەسەڵاتی بێهاوتای کەنیسەدا، کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیەوە درێژەی هەبوو تا قۆناغی

ڕۆشەنگەری. بەڵام خاڵی هەرە سەرەکی پاشەکشەی دەسەڵاتی کەنیسە، شەڕی نەپساوەی سێکولارەکان بوو لە دژی دەسەڵاتی کەهنوتی کەنیسەو ئاکامەکەی سەرکەوتنی بەها دیموکراسیەکان بوو، لە هەمووشیان گرنگتر جیاکردنەوەی ئایینو دەوڵەت (سیاسەت) بوو. ئەوە بوو ئایین کرا بە مەسەلەیەکی کەسایەتییو ڕۆحیی کە پەیوەندی بە کاروباری تایبەتی کەسەکانەوە هەیە. سیاسەتیش بوو بە دیاردەیەکی سێکولار کە پەیوەندی بە ژیانی ماددییو جەستەیی (جەسەدیی)و کاروباری گشتی کۆمەڵگەوە هەیە.

گەشەکردنو ڕەگ داکوتانی دیموکراسی لە پاوانی ئیسلامدا بە بەراورد لەگەڵ پاوانی مەسیحیدا سەختتر دێتە پێشچاو. لەبەر چەند هۆیەك، یەکێکیان پەیوەندی بە خودی سروشتی ئیسلامەوە هەیە، مەبەست لە سروشتی ئیسلام ئەوەیە، کە هەندێك لە موسڵمانانو زۆربەی ئیسلامییەکان، پێغەمبەرەکەیان بە مۆری کۆتایی هەموو پێغەمبەران دەزانن‌و پەیامەکەی ئیسلامیشیان پێ لوتکەو پێرفێکتو سەرتاپاگیرو بێکەموکوڕییە. هەموو ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە موسڵمانان ڕێبازەکەی خۆیان نەك پێ باشترین بگرە تاکە ڕێباز بێتو هەموو موریدەکانی دەبێ پابەندی بن. هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی بە چاوی گومانەوە لە هەموو چەمکێکی فەلسەفی یان ئایدیۆلۆجی بنواڕن. ئەوی دیکەیان تەفسیرکردنی ڕادیکالانەی قورئانە لەلایەن بیریارە ئیسلامییەکانەوە. بێجگە لەوەش، ململانێی نێوان بەرەی سێکولارەکانو ئیسلامییەکان لە دنیای ئیسلامدا لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستیپێکردوە، بەرخوردی ئیسلامییەکان بەرامبەر سێکولاریزم زۆر توند بووە، نەك هەر لەبەرئەوەی لەگەڵ بنچینەکانی

ئایینی ئیسلام ناگونجێ. بەڵکو، بەشێکی لەبەرئەوەیە کە بزوتنەوەی سێکولاریزم لە ڕۆژهەلات، تا ڕادەیەك، پشتئەستورە بە بەهاکانی دیموکراسیو فەرهەنگو پێشکەوتنی فیکری ڕۆژئاوا. بۆ هەندێك لە موسڵمانانو ئیسلامییەکانیش، ئایینی ئیسلام لەگەڵ ئایینی ڕۆژئاواییەکاندا پێشینەی دژایەتیکردنی مێژوویيان هەیەو دوو دوژمنی سەرسەختی فەرهەنگیی یەکدین. ئەوەی پێویستە لێرە پەنجەی لەسەر دانێین ئەوەیە کە فەرهەنگی ڕۆژئاوا فەرهەنگی تەنیا مەسیحییەت نیە، لەگەڵ ئەوەش، ئیسلامییەکان هەر بەمشێوەیە تەماشایانکردوە. واچاکە پێش ئەوەی باس لە هۆکارە ڕێخۆشکەرەکانی گەشەی دیموکراسی بکەین، بزانین دیموکراسی لە ڕۆژهەلات گەیشتۆتە کوێ؟

## دیموکراسی و دنیای ئیسلام

تا ساڵی ١٩٨٩ لەسەرتاپای دنیا تەنها ١٣ وڵات هیچ دیاردەیەکی هەڵبژاردنیان بەخۆیانەوە نەدیبوو. لەم ١٣ وڵاتە هەشتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن‌و یازدەیان ئەندامن لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی! ئیسلام فەرهەنگی کۆمەڵایەتی زاڵە لەو وڵاتانە، ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لەبەرئەوە، دەتوانین بڵێین دواکەوتنی گەشەی دیموکراسی لەم وڵاتانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە فەرهەنگی ئیسلامەوە هەیە. ئەوی لێرەدا مەبەستەو گرنگە ئەوەیە، ئایا ڕۆژێك دادێ کە دیموکراسی باڵی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتیشدا بکێشێ؟ ئەو شارەزایانەی ویستویانە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە بەسەر دوو گروپدا دابەش بوونەو هەندێك بە ئەرێو هەندێك بە نەرێ قسە لەو پرسە دەکەن.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکە ناوچەیە لە دنیا کە تا ئێستا دیموکراسی بەتەواوی پەی پێنەبردوە، زۆربەی ئەکادیمیەکان هۆکەی دەگێڕنەوە بۆ بەیەکەوەنەگونجانی (incompatibility) ئیسلامو دیموکراسی. پێش ڕابونو گەشەی ئابوری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، فەیلەسوفێکی وەك ماكس ڤێیبەر (Max Weber) پێیوابوو کە "نەگونجانێکی بەرچاو لەنێوان کۆنفۆشیانیزمو مۆدێرنیزم یان کۆنفۆشیانیزمو گەشەی دینامیکیی ئابوریی هەیە" (و.ل. Ray 1995: 20). کەچی، پێشکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە بوارەکانی پیشەسازییو بازرگانی لەلایەكو گەشەی دیموکراسی لەلاکەی دی لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕاست پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی دەرخست، تەنانەت وای لە بیریارێکی وەك هێرمان کان (Herman Kahn) کرد کە بە پێچەوانەی ماكس ڤێیبەر بڵێ "ئەو کۆمەڵگەیانەی لەسەر ئاکارەکانی (ethics) کۆنفۆشی بنەمایان داناوە، لە زۆر لایەن لە ڕۆژئاوا چاکتر کەوتونەتە سەر ڕەوتی پیشەسازگەرییو دەوڵەمەندییو نوێخوازیی" (و.ل. Ray 1995: 20). ئەوەشمان نابێ لەبیربچێ کە شەپۆڵی یەکەمی دیموکراسی لە دنیای مەسیحییەتدا سەریهەڵدا، سەرەڕای ئەوەی کە سەدان ساڵ بوو ئەوە بە تیورکرابوو، کە مەسیحییەتو کەنیسە دوو بەربەستی لە ڕمان نەهاتووی بەردەم دیموکراسین. بە پێداچونەوەی ئەزمونی گەشەی دیموکراسی لە وڵاتانی کۆنفۆشیو مەسیحیدا دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هانتینگتن (Huntington) پێیگەیشتوە، ئەو دەڵێ:

"ئەو شەپۆلەی دیموکراسی کە لە هەفتاکانو هەشتاکان ناوچە بە ناوچە دنیای داگرت، لەوانەیە لە نەوەتەکان ببێتە دیاردەیەکی باڵکێش بەسەر باکوری ئەفریقاو رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئیسلامو تەنانەت ئیسلامی ئسولیش نابنە کۆسپێکی لە شکان نەهاتوو لە ڕووی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەشەی کە دیموکراسی لە جیهاندا گەشەی تێدا دەکا هەر بەردەوام بێت" (و.ل. Ray 1995: 22).

لەسەر ئەو بۆچوونەی هانتینگتن دەبێ ئەوە بڵێین، بەداخەوە، نەوەدەکان تێپەڕبووو شەپۆلی دیموکراسی پڕ بەپێویست باڵی بەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نەکێشاو، ئیسلامی ئسولیش تاکە بەربەرست نیە لە پێش دیموکراسی. بەلام، ئەوە نابێ بەو مانایە لێکبدرێتەوە کە باهۆزی دیموکراسی هەرگیز ناگات بە ڕۆژهەلات. خۆشبەختانە، لەم ماوەیەدا هەندێك دیاردەی دلخۆشکەر بەرچاودەکەون، لەوانە، هەلبژاردنەکانی عیراقو شۆڕشی ئالاکان لە لوبنان. واچاکە لێرە قسەیەك بکەین، کە دیموکراسی ڕۆژهەلات سەپێنراوە نەك لە دایکبوو لە ژینگەی ناوچەکە (بڕوانە بڕگەکانی داهاتو). هەرچۆنێك بێت ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هێشتان ڕێگایەکی ئێجگار درێژی لە پێشە بیبڕێ بۆ گەیشتن بە دیموکراسی. ئێمە پێشمانوایە بەبێ پشتیوانی دەرەکی دیموکراسی لە ژینگەی عەرەبی–ڕۆژهەلاتی لە دایکیش بێ تەمەنی درێژنابێ، مێژووی ئەم ناوچەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە گۆڕانکاری بەبێ هێز ڕوووینەداوە. هەموو ڕژێمە سیاسییەکانی، یان بە کودەتای ناوخۆ یان بە هێزێکی دەرەکی ڕوخاونو، هەموو سەرکردەکانیشی بە کوژران یان مردن دەستبەرداری دەسەلات بوون،

ئەگەر ئەم دووانە نەبێت، تاکە ڕێگەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی حوکم لە ڕۆژهەڵاتو دنیای عەرەب ڕێگای دەسەڵاتگۆڕکێی پشتاوپشتی بووە. ئا لێرەدا دەکرێ ئەوەش بڵێین، شەڕی دژی تیرۆر سەرەڕای ئەو هەمووماڵوێرانکارییەی لەگەڵ خۆی هێنای، لەبەرئەوەی ڕەهەندێکی ئەم شەڕە پەیوەندی بە دامەزراندنی دیموکراسییە لە ڕۆژهەڵات، دەکرێ ببێتە مایەی داسەپاندنی دیموکراسی لە ناوچەکە، بەڵام ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەبێ زۆر وریا بن نەکا کاردانەوەی خراپی لێبکەوێتەوە.

## فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکانی گەشەی دیموکراسی

سەرەڕای ئەوەی تا ماوەیەك پێش ئێستا زۆر کەس باوەڕیان بە سەپاندنی دیموکراسی نەبوو، نووسەری ئەم توێژینەوەیە یەکێك لەوان بوو.[38] زۆر ئەکادیمی پێیانوایە، شێوەو ڕێوشوێنی دیموکراسی دەکرێ هاورد (ئیستیراد) بکرێ، بەڵام زۆر ئەستەمە هۆکارەکانی جێگیرکردنو جێبەجێکردنی هاورد بکرێن. داسەپاندنی دیموکراسی لە سەرەوە بۆ خوار (Top-down) واتە لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات کارێکی نەگونجاوە. چونکە، ناکرێ باکگراوندە فەرهەنگیەکەش (الخلفية الثقافية) لەگەڵیدا هاورد بکرێ، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە ڕژێمەکانیان ماوەی گەشەی فەرهەنگی مەدەنییەتو ئازادی کۆمەڵگەیان نەداوە. ئێمە پێمانوایە، ئەگەر هاوردکردنی باکگراوندی فەرهەنگیش سەخت بێ، بەڵام، چاوەڕێکردن بۆ ئەوەی

---

[38] بڕوانە کرمانج، شێرکۆ "ئیسلامو دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات"، *هەوار*، ژمارە ١١، ساڵی سێیەم، فێبریوەری ٢٠٠١، ل ١٧–٢٤، هەروەها *بیرو وشیاری* ژمارە ١، ساڵی یەکەم، شوباتی ٢٠٠٢، ل ٦٨–٩٠.

باکگراوندی فەرهەنگی لەژێر دەسەڵاتو رژێمی، وەك: سەدام حوسێنو حافزی باوكو بەشاری کوڕو ئال سعود، زۆر لە ئەگەرەکەی دیکە سەختره. بۆیە ئێمە پێمانوایە گەورەترین کۆسپ لە پێش دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات دەسەڵاتدارە تۆتالیتارییەکانی ڕۆژهەڵاتن، پاش ئەوان هۆکارەکانی دیکە دێن. گەشەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات بە لابردنی کۆسپەکان دەستپێدەکاو بە زەمینە خۆشکردن بە ئاشنابوون لەگەڵ داموودەزگا دیموکراسیەکان گەشەدەکاو ڕێگاچارەیەکی چاکەو دەبێتە بەردی بناغەی دیموکراسی.

دیموکراسی لە ڕێگای چەند هۆکارێکی ئابوریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگیی‌و سیاسیی کارئاسانی بۆ دەکرێ، لە چەند دێڕی داهاتو گرنگترینی ئەو هۆکارانە بەسەر دەکەینەوە. پێشکەوتنی ئابوریی‌و پیشەسازیی بە هۆکارێکی سەرەکی گەشەی دیموکراسی دادەنرێ. ئەو پێشکەوتنەی کە لە وڵاتانی مەسیحی‌و تاڕادەیەکیش کۆنفۆشیان ڕویدا، ڕاست ئەوەی سەلماند کە دیموکراتیزەکردن لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی ئابوری ڕاستەوانە دێتەوە. بەهەمانشێوە، بوونی چینێکی وردە بۆرژوای پەرەسەندو لە باری چەندایەتی‌و چۆنایەتی دەکرێ ببێتە پاڵپشتێکی چاکی گەشەی دیموکراسی، بەتایبەتی ئەگەر ڕێکخراوو چالاك بێت. هۆکارێکی دیکە، بوونی ئازادانەی ڕێکخراوە ناحکومیی‌و پیشەییەکانە کە بنچینەی پەرەسەندنو کامڵبوونی دیموکراسین. چونکە، بە بەشێکی گرنگو کاریگەری کۆمەڵی مەدەنی دادەنرێنو، ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەیان دەکەوێتە ئەستۆ، سەرەڕای ئەرکی زێرەڤانیکردن بەسەر دەوڵەتدا.

دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیانەی کە کێشەو ململانێی ڕەگەزیی، نەتەوەیی، یان ئایینیی بوونیان نیە یان کەمن ئەگەری گەشەکردنی زیاترە. لەپاڵئەمە، ئاستی نایەکسانی کۆمەڵایەتیی چەندی کەم بێت، گوڕی گەشەی دیموکراسی زیاد دەکات. دیارە بوونی گیانی لێبوردنو تەباییو سازان لەناو ئەندامانی کۆمەڵگە لە خوتوخۆڕایی دروستنابێت، بەڵام بە بوونیان زەمینەی گەشەی فەرهەنگی مەدەنیی خۆشدەبێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆکاری گەشەی دیموکراسی. هەروەها، زیادبوونی گیانی تەباییو لێکتێگەیشتنو قەبوڵکردنی یەکدی لەناو کۆمەڵگەدا، کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر عەقڵییەتی حزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان دادەنێ، دیارە کاریگەری تەبایی حزبەکانو یەکدی قەبوڵکردنیان، بەهەمانشێوە، کاریگەری چاك لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگە دادەنێ. هەردوو ئەم دووهۆکارەی دوایی دەبنە مایەی پێشتر ڕازیبوونی ڕێکخراوە سیاسیەکان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، واتە ڕەفتارکردنی عەقڵانیانە لەگەڵ ئاکامی هەڵبژاردنەکان، کە دەبێتە مایەی گەشەی متمانە لە ریزی حزبە سیاسیەکان.

لەسەرەوە ئاماژەیەکمان بە چەمکی داسەپاندنی دیموکراسی کرد، دیارە کە باس لە داسەپاندنی دیموکراسی دەکرێ مەبەستمان پشتیوانیکردنە لە دیموکراسی لەلایەن هێزو لایەنە دەرەکییەکان. ئەوەی لێرە دەبێ بگوترێ، دەبێ پشتیوانە دەرەکییەکان دیموکراسییانەو ڕاستگۆیانە بن، واتە مەبەستی سەرەکیان دامەزراندنی دیموکراسی بێت نەك تەنیا وەك دروشمێکی بریقەدار بۆ مەرامی گڵاو

بەکاربێت، ئەوە بەو مانایە نیە کە هێزە دەرەکییەکان نابێ هیچ مرازێك یان بەرژەوەندییەکان لە سەپاندنی دیموکراسی هەبێت، بەڵکو مرازەکان دەبێ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات ڕەچاوکات. دیارە هێزە دەرەکیەکان بە تەنها ناتوانن دیموکراسی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا بسەپێنن، بەڵام بەداخەوە هێزە ناوخۆییەکان لەبەر بێهێزیو کەم ئەزموونی تا ئێستا نەیانتوانیوە ڕەوتی دیموکراسی بەپێی پێویست ببەنە پێشەوە.

بێگومان هەندێك لەو فاکتەرانە دوو لایەنەن هەم بەرهەمی بوونی سیستەمی دیموکراسینو هەم هۆکاری گەشەی دیموکراسی. جا لەبەرئەوە پێویست ناکا چاوەڕێبکرێ تا هەر یەکێك لەو بەهایانە ڕەگو ڕیشەی خۆی دادەکوتێ، چونکە پرۆسەی لەسەرخۆ لەوانەیە کاردانەوەی پێچەوانەی لەسەر گەشەی دیموکراسی هەبێت.

## هۆکارەکانی گەشەنەکردنی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە دەبوو دیموکراسی لە نەوەتەکان پەلی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتیش رابکێشێ، باشە دەبێ هۆو هۆکارەکانی دواکەوتنی یان گەشەنەکردنی لە ڕۆژهەڵات چی بن؟ هۆو هۆکارەکانی گەشەنەکردنی دیموکراسی زۆرن، هەندێکیان ناوەکینو برێکیان دەرەکی. لە خوارەوە هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر هەندێکیان. شێوەی گەشەی ئابوریی لە ڕۆژهەڵات، دەکرێ بە هۆیەك دابنرێ، سەرەڕای پەرەسەندنی ئابوریی لە هەندێك وڵاتانی ڕۆژهەڵات،

کەچی، دیموکراسی بەهەمانشێوە گەشەی نەکردوە، هانتینگتن هۆکەی دەگێڕێتەوە "بۆ سروشتی پەرەسەندنەکە، چونکە، دەوڵەتو کۆمپانیە فرەنەتەوەکان ڕۆڵی سەرەکیان تێداگێڕاوە، لەبەرئەوە لە جیهانی سێیەم پێشکەوتنی ئابوریی بەپێش دروستبوونی بورژوازی کەوتوە، لەو شوێنانەی کە بورژوازی گەشەی کردوە چاوەڕوانی دیموکراسی زیاتر لێدەکرێ، وەك تورکیا" (و.ل. Al Suwaidi 1995: 90). کە باس لە کۆسپەکانی پێش گەشەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات دەکرێ، نابێ بارودۆخی تەناهی ناوچەکە لەبیربکرێ. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدرێژایی مێژوو مەیدانی شەڕو پێکدادان بووەو شەڕی بەردەوامو نائارامی سیاسیی دیاردەیەکی زەقو بەرچاوی ناوچەکەیە. تەنیا لە سەدەی بیستدا، ٢٣ شەڕی گەورەی بەخۆوە دیوە، لە سەرزەمینی شەڕیشدا گەشەی فەرهەنگیی لە هەموو بوارەکان توشی نەهاتیی دەبێت. فەرهەنگی هەموو شتێك لە پێناوی مانەوە بەسەر عەقڵو بیرکردنەوەو ڕەوشتی خەڵك زاڵ دەبێت. پێشتریش پەنجەمان بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە وەك کۆسپێکی گەورە لە پێش گەیشتنو گەشەی دیموکراسی کرد، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێست یان ترسی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لە ئۆپۆزسیۆن وەك مەترسیەك لەسەر دەسەڵاتیان. ئەمەش لەبەرئەوەیە، دنیای ئیسلام بەگشتیو عەرەب بەتایبەتی نەریتی دیموکراسیو دەستاودەستکردنی هێمنانەی حوکمیان بەخۆوە نەدیوە. لە دوای خەلیفەکانی راشدینەوە حوکمی پشتاوپشت بووە بە نەریتێك، مەگەر بە کوشتن دەنا دەسەڵاتدارانی عەرەب دەستیان لە کورسی بەرنەداوە. ئەو نەریتە تائێستاش لە ڕۆژهەڵات هەر باوەو لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە لەناو عەرەبان سیستەمی کۆماریو پادشایەتیی لەو پرسەدا یەك تۆزقاڵ جیاوازییان نیە. ئەو

دەستبەردار نەبوونەش لە کورسی دەسەڵات، لەگەڵ چەندان هۆکاری دیکە، بوونەتە مایەی زاڵبوونی فەرهەنگی بنەماڵەیی، عەشیرەتگەری، شارچێتیو ناوچەگەری کە ڕەگی لەناو حزبو ڕێکخراوە سیاسیەکانیش داکوتاوە. بێجگە لەمانە، لە دنیای عەرەبییو ئیسلامییدا نوێخوازی (modernization) تا ئێستا نەبۆتە هێزو بزوتنەوەیەکی سەربەخۆو بەتواناو یەکلاکەرەوە. لەپاڵئەمیش، چینی وردە بۆرژوا ڕێکخراوو کاریگەر نیە، بەڵکو چینێکی بێهێزی کەمتوانایەو بۆتە پاشکۆی دەسەلات. هۆیەکی دیکە، پشتگوێخستنی دیموکراسییە وەك ئامانج، لەلایەن هێزە ناسیۆنالیستەکانو سۆشیالیستەکانو، زیاتر بایەخدان بە کێشە نەتەوەییو چینایەتیەکان. ئەوە بێجگە لەوەی دەسەڵاتداران لە هەندێك وڵاتی ئیسلامییو زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان، سیاسەتی چاوتێرکردنی خەڵکیان گرتۆتەبەر، ئەمە لەلایەن ڕژێمە داراکانەوە. کەچی دیکتاتۆرەکان ڕێبازێکی دیکەیان گرتوە، ئەویش برسیکردنی خەڵکە. هەردووکیان بە مەبەستی چەواشەکردنو ملکەچکردنی جەماوەرو بێئاگاکردنیانە لە پرسە گرنگەکانی دیکەی ژیانیان. ئەو هۆو هۆکارانەی لەسەرەوە تیشکمان خستنەسەر هەمووی بەلایەك، ترسو ڕقو گومان لە فەرهەنگو بەهاو پرنسیپەکانی بێگانە بەلایەکی دی. ئەم خاڵە زیاتر ئیسلامییەکان دەگرێتەوە، ئەوان دیموکراسیو پرنسیپە دیموکراسییەکان وەك بەهاو ئایدۆلۆجیاو پراکتیزێکی ڕۆژئاوایی تەماشادەکەنو، لە دوو ڕووەوە بە بیانییو نائاشنا بە کۆمەڵگەی ئیسلامییو ڕۆژهەڵاتیی دادەنێن. یەکێکیان لەبەرئەوەی وەك ناوچە، ڕۆژئاواییەو ئەوی دیشیان چونکە لە دنیای مەسیحییەتدا سەریهەڵداوەو ئیسلامییەکانو هەندێك لە موسڵمانان ڕۆژئاوا بە چاوگی بەدڕەوشتییو مەسیحیەکان بە لادەر لە ڕێبازی خوایی

لەقەڵەمدەدەن. ئێستا کاتی ئەوە هاتوە وردتر تێڕوانینی ئیسلامییەکان بۆ چەمکی دیموکراسی بخەینەڕووو شیبکەینەوە. چونکە لەڕاستیدا ئەوە ئیسلام نیە کە دیموکراسییەت ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو، ئیسلامیزمە کە نایەوێ یان ناتوانێ لە تەك دیموکراسی یان لە ژێر چەتری دیموکراسی هەڵکا یان بژی.

## تێڕوانینی ئیسلامییەکان بۆ چەمکی دیموکراسی

موسڵمانان لە دوو بارودۆخدا ئەزموونیان لەگەڵ بەهاو فەرهەنگی بێگانە هەبووەو هەیە. یەکەمیان، وەك داگیرکەر، لە سەردەمی هێرشەکانی موسڵمانان بۆ سەر خاکی دراوسێکانیان، کە لە ئاکامدا دەوڵەتێکیان دامەزراند سنورەکەی لە ئەندەلوسەوە تا ڕۆژهەلاتی چین درێژ ببۆوەو، ژمارەیەکی زۆر لە گەلانی ئەم ناوچانەی خستبوە ژێر رکێفی خۆی. دووەمیان، وەك داگیرکراو، کە لەگەڵ هێرشی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئەورووپا دەستیپێکرد، دوای جەنگی جیهانی یەکەمو سەپاندنی ئینتیدابی ئینگلیزیو فەرەنسی بەسەر رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا گەیشتە ترۆپکە. هەردوو بارودۆخی بالادەستییو ژێردەستەیی کۆمەڵگەی ئیسلام، بوون بە مایەی دروستبوونی دوو ڕێڕەو یان تێڕوانینی جیا بۆ بەهاکانی فەرهەنگی بێگانە (لێرە مەبەستمان بەهاکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوایە). ئەزموونی مامەڵەکردن (معاشرة)ی بیریارو زانا ئایینیەکانی موسڵمانانی لەناوخۆدا بەگشتی بەسەر دوو گروپ دابەشکردوە. هەندێکیان بە پرسیاری ئایا دەگونجێن؟ لە بەهاکانی بێگانە نزیکبوونەوە. ئەوانەی پرسیارەکەیان ئاوا داڕشت هیچ شوێنێك بۆ بەهاکانی بێگانە لە ژینگەی موسڵمانادا نابینن، کە بۆتە هەوێنی دروستبوونی

ترس و گومان و توندڕەوی لە دژی ئەو بەهاو پرنسیپانە. بەشێکی دیکە لە بیریارو زانا ئایینییەکان، پرسیارەکە بەمشێوەیە لە خۆیان دەکەن: چۆن بەهاکان بگونجێنین؟ دارشتنی پرسیارەکە بەمشێوەیە بۆتە هەوێنی بەیەکەوەژیان لەگەڵ ئەوی دی (الآخر)و، رەوتێکی میانڕەوی بەرابەر بە بەها بیانییەکان وەبەرهەمهێناوە. بەمەبەستی زیاتر رونکردنەوەی مەبەستەکەمان و ئاشنا بوون بە تێڕوانینی هەردوولا، چڕوپڕوتر بۆچوونی هەردوو گروپ دەخەینە ڕوو.

**میانڕەوەکان:**[٣٩] هەندێك لە بیریارو زانایانی ئایینی موسڵمانان لە سەدەی نۆزدە، وەك: ریفاعە بن رافیع ئەلتەهتاوی (١٨٠١–١٨٧٣)، جەمالەدین ئەفغانی (١٨٣٥–١٨٧٩)، محەمەد عەبدە (١٨٤٩–١٩٠٥)و رەشید رەزا (١٨٦٥–١٩٣٥) نەرمییان بەرامبەر بەو بەهایانە نواندوە. ئەلتەهتاوی کە بە سەرقافلەی بە ڕۆژئاواییکردنی فەرهەنگی دادەنرێت لە میسر، پێیوابوو کە زاراوەی داد (عدل)و ماف (حق) بەرابەر زاراوەی ئازادی (freedom) دیموکراسین، هەروەها ڕاگۆڕینەوە (consultation) ڕاست شورایەو یەکسانی (equality) مساواتەو، ماف (right)ی ڕۆژئاوایی بە عەدل و حەقی ئیسلام داناوە. ئێستاش لە دنیای ئیسلام رێکخراوی سیاسیی هەن کە بەشێوەیەکی ئەرێیانە دەڕواننە دیموکراسیو بەهاو پرینسیپەکانی. بۆنمونە، راشد ئەلغەنوشی، سەرۆکی رێکخراوی ئەلنەهزەی (النهضة) تونسی، لە دیدارێکدا ئاوا پێناسەی رێکخراوەکەیانی کردوە:

---

[39] وەك پێشتریش ئاماژەمانپێکرد، ئێمە لەم توێژینەوەیە ئیسلامییەکان لەسەر پرسی بەسیاسییکردنی ئیسلام پۆلبەندی ناکەین. کەچی لێرەدا لەسەر تێڕوانییان بۆ دیموکراسییو بەهاو پرنسیپەکانی پۆلبەندمان کردون و بە میانڕەوو توندڕەومان ناوزەدکردون .

"نەهزە قوتابخانەیەکی فکریی ئیسلامییە، دەیەوێ ڕۆڵێکی سیاسی ببینێو مێتۆدی توندوتیژی ڕەتکردۆتەوەو ڕەتدەکاتەوە، چ فیزیکیی بێت یان زارەکیی. ئێمە پێمانوایە، هەموو کەس دەبێ مافی خۆهەڵبژاردنی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، باوەڕیشمان بەدانی مافی هەڵبژاردن بە جەماوەر لە ڕێگای دەنگداندا، لە کەشێکی دیموکراسیو بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ، هەیە" (Shukri 1995: 127).

ئەزمونی پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەش بۆ دیموکراسیو هەڵبژاردن لەلایەن میانڕەوەکان لە دنیای ئیسلام بینراوە، وەك ئەوەی لە سودان ڕویدا. پاش ڕوخانی رژێمی جەعفەر نومەیری لەلایەن سوار ئەلزەهەب، کە سەرۆکی کۆمەڵێك ئەفسەری نیشتمانپەروەر بوو. ئەلزەهەب حکومەتێکی کاتی دامەزراندو ڕێگەشی بۆ هەڵبژاردنی گشتی خۆشکردو، لە ئەپریلی ١٩٨٦ هەڵبژاردن بەڕێوەچووو پەرلەمان دامەزراو حکومەتێکی ئیئتیلافی بە سەرۆکایەتی سادق ئەلمەهدی دەستبەکاربوو، پرۆسەی دیموکراسیش ڕەوتی خۆی گرت. کەچی، عومەر بەشیر لە جونی ١٩٨٩ بە پشتیوانی بەرەی نیشتیمانی ئیسلام ( کە گوایە ڕێکخراوێکی میانڕەوی ئیسلامیە) لە ڕێی کودەتایەك هاتە سەرکار، ڕەوڕەوەی دیموکراسی ڕاگیرا. حکومەتە هەڵبژێردراوەکە لەکارخرا، لەو کاتیشەوە حکومەتە ئیسلامیەکەی سودان دەستی لە هیچ شتێك نەپارستوە بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنو، قەیرانی دافور ئاخرینی ئەو مەینەتیانەش نابێت کە بەسەر گەلانی سودانیاندا هێناوە !

**توندڕەوەکان:** بە پێچەوانەی میانڕەوەکان، توندڕەوەکان نەك هەر نەرێیانە دەڕواننە بەها دیموکراسیەکان، بەڵکو هەر دنیاکەشی بە دنیای 'بێڕەوەشتی' ناوزەددەکەنو، پێشیانوایە تەنیا لە رێگای جێبەجێکردنی 'شەریعەتی ئیسلام' دنیا رزگاریدەبێت. سەید قوتب وەسفی دنیای 'بێڕەوەشتی' دیموکراسی دەکاو دەڵێ "یەکەمین نیشانەی دۆڕان ئەوەیە کە واقیع بە بنەڕەتێك دابنرێت کە شەریعەتی خوا خۆی لەگەڵ بگونجێنێ. کەچی، ئیسلام پێیوایە رێبازی خواو شەریعەتەکەی بنەڕەتێکن (Standard)و خەڵك دەبێ خۆیانی پێوەبپێونو مۆدێلی واقعیەت دەبێ خۆی وا دابتاشێ کە لەگەڵی بگونجێ" (قطب ١٩٦٢: ١٩١).

دەکرێ بگوترێ، فەرهەنگی سیاسیی رۆژئاوا سێ پرنسیپی سەرەکی هەیە، ئەوانیش دیموکراسیو سێکولاریزمو دەوڵەتی نەتەوەیین، ئیسلامییە توندڕەوەکان هەرسێکیان بە دوژمنی رۆحی مرۆڤ و چاوگی گەندەڵیو بێڕەوشتیی دادەنێن، مەودودی تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم بنەمایانە ڕوندەکاتەوەو ڕوو لە موسڵمانان دەکاو پێیان دەڵێ:

> "من بە ڕاشکاوی بە موسڵمانان دەڵێم دیموکراسیو سێکولاریزمو ناسیونالیزم دوژمنی باوەڕەکانی دینەکەتانن، ملکەچکردن بۆیان پشتێکردنە لە کتابی خوا، بەشداریکردن لە دروستکرنیان خیانەتکردنە لە پێغەمبەری خوا، ئەو ئیسلامەی کە باوەڕتان پێیهێناوە زۆر جیایە لەو پرنسیپانەو رۆحەکەی رەتدەکاتەوەو شەڕی بنەما سەرەکیەکانی دەکا، هیچ هاوتاییەکیش لەنێوانیاندا نیە، پرنسیپەکانی دیموکراسی بێمانانو دژیەکن، لە هەر

شوێنێکدا هەبن ئیسلامی لێ نیە، لە هەر شوێنێك ئیسلام هەبێت جێگای وان نابێتەوە" (و.ل. Shukri 1995: 121).

مەودودی پێیوایە ئەو بنەمایانە لە شەیتانەوە چاوگدەگرن‌و دەبنە مایەی تراژیدیاو کارەسات‌و داڕمانی مرۆڤایەتیی، هەر لەبەر ئەوەشە شەڕکردن لە دژیان بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ، تاوەکو لە رەگ‌و ڕیشەوە دەریانبێنێ، بە هەر رێگایەك کە لە دەستییەوە بێت. مەترسی ئەو بۆچوونەی مەودودی لەوەدایە کە دەڵێ بە هەر ڕێگایەك کە لە دەستمان بێت! بێجگەلەمە، لەبەرئەوەی دیموکراسی مافی دانانی یاساو رێساکان بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئەوە لەلای مەودودی وەك ئەوە وایە کە مرۆڤ لەسەر عەرشی خوا دابنێی! (بڕوانە Shukri 1995: 121-122). وەك دەزانین، لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا یاساکان بەپێی پێویست‌و حەزو ئارەزوەکانی خەڵك دادەندرێن‌و دەسکاریش دەکرێن. سەید حەووا زانایەکی ئایینیی ناسراوە لە سوریا، بە مەبەستی دیاریکردنی جیاوازی نێوان سیستەمی دیموکراسی‌و سیستەمی ئیسلامیی لە شێوەی یاسا داناندا، دەڵێ "لە ئیسلامدا خەڵك بەو یاسایانەی کە خۆیان دایانناون بەڕێوەنابردرێن. بەپێچەوانەوە، خەڵك لەلایەن رژێمێك‌و کۆمەڵێك یاسای دانراو لەلایەن خواوە بەڕێوەدەچن، کە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بگۆڕدرێن یان دەستکاری بکرێن (Shukri 1995: 123). مەودودی جەخت لەسەر هەمان خاڵ دەکاتەوەو ئەو نەتەوەیەی کە بە ئازادیخۆی خۆی بەڕێوەدەباو یاساکانی بە زەوقی خۆی دادەنێ بە کۆمەڵگەیەکی 'وەحشیی'و 'موتەحەدی'و 'بێئابڕوی' شوبهاندوە. محەمەد قوتب کە بە شاگردێکی سەید قوتب‌و بە درێژەپێدەری ڕێگاکەی

دادەندرێ، لە مامۆستاکەی زۆر توندڕەوانەتر دەڕوانێتە نەك هەر دیموکراسی بەڵکو هەموو خەڵکی ڕۆژئاوا، ئەو دەڵێ "ئێمە هەر لە زووەکەوە دەزانین کە ڕۆژئاوا هیچ ئەخلاقی نیە" (قطب، م ١٩٩٥: ٩١).[40] ئەو دیموکراسی پێ جاهلییەتە، چونکە بە تێڕوانینی ئەو،

> "دەکەوێتە خانەی یەکێك لە بنچینە سەرەکییەکانی جاهلییەت کە شەریکی باوەڕ (شرك الاعتقاد)و شەریکی پەرستن (شرك العبادە)و شەریکی وەدواکەوتنن (شرك الاتباع)،... دیموکراسیەت مافی تەشریع واتە (حەلالکردنو حەرامکردن) دەداتە نەتەوە (الأُمة) نەك خوا، لەبەر ئەوە دەکەوێتە یەکێك لە خانەکانی شرك، هەر بۆیەشە بە پارسەنگی خوا دیموکراسیەت جاهلیەتە" (قطب، م ١٩٩٥: ٦٥).

بەمەبەستی تیشك خستنەسەر ململانێی نێوان ئیسلامیزمو سێکولاریزم لە ڕۆژهەڵات ئەم گفتوگۆیەش لەگەڵ سێکولارەکان دەکا، محەمەد قوتب دەڵێ ئەوان پێماندەڵێن، بە دیموکراسی رازین وەك بناغەی دەسەڵات؟ دەڵێین بەڵێو ئیسلامیش باوکی دیموکراسیانە. دەڵێن، بە پلولاریزم (التعددیة) رازین؟ دەڵێین، بەڵێو لە ئیسلامدا بنەمای هەیە. پاشان دەڵێن، باشە بە حوکمی نۆبەیی (التداول) رازین؟ ئەوکات پێیان دەڵێین، هیچ موسڵمانێك نیە بە حوکمێك رازی بێت بە غەیرەز ئەوەی لە خواوە هاتۆتەخوارەوە، بەڵێنیش نادا، چونکە بەوە لە

---

[40] بۆ جیاکردنەوەی محەمەد قوتبو سەید قوتب لەکاتی ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان، بۆ محەمەد قوتب (قطب، م) بەکاردەهێنین.

ئیسلام دەردەچێ (قطب، م ١٩٩٥: ٧٤). ئیسلامییەکان، لەوانە محەمەد قوتب، بانگەشەی ئەوەدەکەن کە ڕەتکردنەوی چەمکی دیموکراسیو دانی مافی یاسادانان (التشريع) بە مرۆڤ لەم ئایەتانەی قورئانەوە سەرچاوەدەگرێ: "ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان بە هەر کارێك دا، هیچ پیاوێكو هیچ ژنێکی خاوەنباوەڕ ناتوانن پەسندی نەکەن" (قورئان ٣٣: ٣٦)، "فەرمانیش هەر هی خودایە" (قورئان ١٢: ٤٠)، "ئافراندنو ڕاگەییشتن (فەرمان) هەر بۆ ئەوە" (قورئان ٧: ٥٤). لەبەر ڕۆشنای ئەم ئایەتانە محەمەد قوتب دەڵێ "ئەوە پەیوەندی راستەوخۆی بە باوەڕەوە هەیە جا چۆن دەتوانین شتێکی دیکە هەڵبژێرین" (قطب، م ١٩٩٥: ٦٢). ئەمجۆرە بۆچوونانەیە کە وای لە بیریار مایکل هادسن (Michael Hudson) کردوە، پێیوابێ "کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی پێگەیشتو کۆمەڵگەیەکی قانونییەو تێیدا شەریعەت حوکم بەسەر حاکمو مەحکومدا دەکا، ئەو شەریعەتەی کە لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە تەفسیرکراوەو جێبەجێش دەکرێ، لە ئاکامدا دنیای ئایین لە ئیسلامدا بە ڕونیی سیاسییەو دنیای سیاسەتیش بە تەواوی ئایینییە" (Al Suwaidi 1995: 87).

ئەگەر لە تێڕوانینەکانی ئیسلامییەکان، بەتایبەتی توندڕەوەکانیان، بۆ بنەماکانی دیموکراسی وردبینەوە. ئەوەبۆمان ڕوندەبێتەوە کە دیموکراسیو ئیسلامیزم (دیارە ئیسلامییەکان هەر بە ئیسلامی ناودەبەن) وەکو دوو هێڵی تەریبن هەر چەند درێژیان بکەیتەوە بەیەك ناگەن.

## دیاردەی بەهێزبوونی بزوتنەوە ئیسلامییەکان

پێشئەوەی باس لە هۆو هۆکارەکانی گەشەی بزوتنەوە ئیسلامییەکان بکەین، دەبێ ئەوە بگوترێ کە دیاردەی ئیسلامیزم سنووری بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان دەبەزێنێ. ئیسلامیزم نەك وەك هێزێکی سیاسیی لەم سەردەمەدا زۆرگەشەی کردوە بەڵکو وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش خۆی ڕاپێشکردوە. لەم چەند دەیەی دواییدا خەڵك زیاتر پەیڕەو لە ڕێوڕەسمە تەقلیدییەکانی ئیسلام دەکەن، وەك، نوێژو ڕۆژوگرتن، چوون بۆ نوێژی جومعە، حیجاب لەسەرنان هتد... بۆیە ناکرێ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئیسلامیزم فەرامۆش بکرێ. ئێمە لێرە زیاتر جەخت لەسەر ڕەهەندە سیاسییەکەی دەکەینو پێشنیازی لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی ئیسلامیزم دەکەین.

هۆکاری جوراوجۆر لە پشت بەهێزبوونی ڕێکخراوو بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵات ڕاوەستاون. لە بەشی دووەمو سێیەمو چوارەم کەموزۆر ئاماژەمان بەو هۆیانە کرد کە بە درێژایی مێژوو بوونەتە مایەی سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئیسلامییەکان، بەڵام لێرە زیاتر پەنجە بۆ ئەو هۆیانە ڕادەکێشین کە کاریگەرییان لەسەر ئیسلامیزم وەك دیاردەیەکی ئەم سەردەمە جێهێشتووە. هەندێك لەو هۆکارانە دەرەکینو لێرە سەرپێییانە پەنجەیان بۆ درێژدەکەینو پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. هەندێکیشیان ناوخۆییینو هەوڵدەدەین بیانخەینەڕوو. بۆشایی ئایدیۆلۆجی لەلایەن زۆربەی ئەکادیمییەکانەوە بە هۆیەکی سەرەکی دانراوە. ماوەیەك پێش هەرەسو دوای هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵات، سۆسیالیزمو

کۆمۆنیزم وەك ئایدیۆلۆجی باو لە ناوچەکە، بەرەو بێهێزیی دەڕۆیشتن، ڕێکخراوەکانیشیان جێگای متمانەی خەڵك نەماون، ئێستاشی لەگەڵدابێ. لەلایەکی دی حزبە ناسیونالیستەکانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن توشی کۆمەڵێك گرفتو کێشەی سیاسیی‌و ئابوریی‌و کۆمەڵایەتیی هاتون‌و، توانای ڕابەرایەتیکردنی بزوتنەوە دیموکراسی‌و نەتەوەییەکانیان کەمبۆتەوە (بۆنمونە لە کوردستان). بۆیە هەرکاتێك حزبە ناسیونالیستەکان دەکەونە سەر ڕەوتی ڕاستەقینەی خەباتو پرۆژەی نوێ بۆ گەشەپێدان‌و چارەسەرکردنی پرسە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابورییەکانی هاوڵاتیان پێشکەشدەکەن‌و کاریان لەسەر دەکەن، پارسەنگی هێزە ئیسلامییەکان کەمدەبێتەوە. نەبوونی دیموکراسی کە ناشەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسیی لێکەوتۆتەوەو، ئەویش خۆی لەخۆیدا بۆتە هۆی دژایەتیکردن‌و سەرکوتکردن‌و نەهێشتنی بەشداریکردنی هیچ لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن بە ئیسلامیەکانیشەوە لە دەسەڵات. ئەمانە لە ژێر کۆمەڵێك بیانو دەکرێن، لەسەروی هەموویانەوە پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی. تاکڕەوی لە دەسەڵاتو بەچارەسەرنەکراوی مانەوەی کێشەکان، بوون بە مایەی هاتنە پێشەوەی ئیسلامیەکان وەك ئەڵتێرنەیتیڤێك. ئەگەر توندوتیژیش بەکاربێت لە بەرابەریان ئەوە لە فۆرمە میانڕەوییەکە دەگۆڕێن بۆ فۆرمێکی توندڕەوی، ئەوەی لە جەزایر ڕوویداو ڕوودەدا زەقترین نمونەیە. زیادبوونی دیاردەی بێئەخلاقی‌و بڵاوبونەوەی گەندەڵیی‌و بەرتیل‌و واسیتە لە دەزگاکانی بەڕێوەبەری، هۆکاری دیکەن. هەروەها، دەستبڵاوی‌و بێباکی‌و خۆشگوزەرانی دەسەڵاتداران‌و گاڵتەکردنیان بە سەروسامان‌و چارەنوسی نەتەوەکانیان، هەموویان ڕقێکی گەورەیان لای جەماوەر دروستکردوە. نابێ هەڵسوڕانی چالاکانەی ئیسلامیەکان

بەتایبەتی لە بواری پەیداکردنی لایەنگرانو کەسبکردندا، بێبایەخ وەرگرین. بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەك کە بێکارییو برسیەتییو هەژاریی لەوپەڕیەتی، زۆربەی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیی لە دەست ئەو نەهامەتییانە دەناڵێنن. خەڵکەکەش لەبەر نەبوونی ڕێگەچارەی دیکە بێدەسەڵات ماونەتەوە. بێدەسەڵاتیو نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان، بەگشتیو بەشێوەیەکی ئاسایی دەبن یان بوونەتە هەوێنی سەرەکیو سەرچاوەی پەنابردن بۆ غەیبو، ئیسلامییەکان ئەم خاڵەیان قۆزتۆتەوەو کردویانەتە بنەمایەك بۆ کەسبکردنو بڵاوکردنەوەی پەیامە ئایینییەکەیان، پەیامێك کە خۆیشی بنچینەی لەسەر غەیبییەت داناوە.

کاتێك باس لە هۆوهۆکارەکانی گەشەی دیاردەی ئیسلامیزم دەکەین، ناتوانین بوونی دامەزراوە دینییەکان وەك مزگەوت، تەکیە...، فەرامۆش بکەین. ئەو شوێنە پیرۆزانە بۆ ئیسلامییەکان هەڵکەوتوەو، ئەوانیش چالاکانە بۆ مەبەستی کۆبونەوەو خۆڕێکخستن سودیان لێوەرگرتوە. لەلایەکی دی، کردنەوەی قوتابخانە ئایینیەکانو دامەزراوەکانی یارمەتیدان (الاغاثة)، لەلایەن ئیسلامیەکان کراون بە مەڵبەندی تەجنیدکردنی منداڵانو هەرزەکاران.

نامۆییو بێزاری خەڵك لەو بارودۆخەی ناوچەکە پێیداتێدەپەڕێو هەستکردن بە هێرشی فەرهەنگی (الغزو الثقافي) ڕۆژئاوا، ترسێکی لای موسڵمانانو ئیسلامییەکان دروستکردوە کە تەنیا بە گەڕانەوە بۆ ئیسلامو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی دەتوانن لە 'دێوەزمەی فەرهەنگی ڕۆژئاوا' ڕزگاریان بێت.

هەروەك گوتمان هۆكارە دەرەكییەكانیش كاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر پەرەسەندنو بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئیسلامیزم. زلهێزەكانی دنیا پێش ١١ سێپتێمبەری ٢٠٠١ لەبەر چەند هۆیەك پشتیوانیان لە هێزە ئیسلامییەكان دەكرد، تەنانەت هەندێجار ئاسانكاریو پێداویستییە لۆجیكییەكانیشیان بۆ دابیندەكردن. پاڵپشتە دەرەكیەكان دەكرێ بە دوو جۆر دابنرێن، یەكەم: دژە شۆڕش، كە بەمەبەستی دژایەتیكردنی بزوتنەوەیەك یان ئایدیۆلۆجیەك پشتیوانی لە ئیسلامییەكان دەكرا. وەك ئەو پشتیوانییەی ئەمریكاو سعودیە لە موجاهیدەكانی ئەفغانیان دەكرد. ئەویدیكەیان پاڵپشت یان بردنە پێشی ئایدۆلۆجییە، وەك ئەو پشتیوانیەی كە ئێران لە تەواوی بزوتنەوە شیعەگەریەكانی دنیا دەیكا.

سەرەڕای بەهێزبوونی جوڵانەوە ئیسلامیەكانو گەشەی بیری ئایدیالیستی ئایینیی لە ڕۆژهەڵات، بەڵام پێشبینی ئەوە ناكرێ كە ئەم گەشەیە دەورانێكی زۆر بخایەنێ. لەبەرئەوەی بە كورتی باسمان لە هۆو هۆكارە دەرەكییەكانی بەهێزبوونی دیاردەی ئیسلامیزم كرد، بۆیە پێمانباشە سەرنجێك بدەینە ترسو گومان یان پشتیوانیكردن لە دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## ترسی رۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتێكی دیموكراس

لەم ساڵانەی دوایی ئەمریكاو ڕۆژئاوا بۆیان دەركەوت كە پشتیوانیكردن لە دیكتاتۆرەكانی ئەمریكای لاتینیو هەندێك لە وڵاتانی دنیای سێیەم مایەپوچەو، لەوانەیە ببێتە هۆی سەركەوتنی لایەنە چەپەكان. لەبەرئەوە، بە هەموو

شێوەیەك پشتیوانیان لە بزوتنەوە دیموکراسیەکانی ئەوێ کرد، یان چاکتر بڵێین لانیکەم پشتیان لە دیکتاتۆرەکان کرد. کەچی لە رۆژهەڵات بەرخوردیان هیچ گۆڕانێکی وای بەسەردانەهات. ئەمریکا بۆ هێنانەوە سەرکاری ئەمیری کوێت شەرێکی گەورەی سازکرد (کە تا ئێستا ئافرەت لە پەرلەمانە بێدەسەڵاتەکەشیان مافی دەنگدانی نیە). هیچ جەختیشی نەکردە سەر وڵاتانی کەنداو بە مەبەستی هەنگاو هەڵێنان بەرەو دیموکراسی. بێگومان یەکێك لە هۆکانی هێرشەکانی ١١ی سێپتێمپەر، ئەو سیاسەتە چەوتەی ئەمریکا بوو، بەتایبەتی پشتیوانیکردنی لە رژێمە دکتاتۆرو تا سەر ئێسقان گەندەڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گومان لەوەدا نیە مانەوەی رژێمەکانی ناوچەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە نەبوونی دیموکراسی لە ناوچەکەدا هەیە.

پاش هێرشەکانی سەر نیۆیۆرك‌و واشنتۆن، لەوەدەچێت ئەمریکا تاڕادەیك بەسیاسەتی دەرەوەی خۆی لە ناوچەکەدا چووبێتەوە. وابزانم پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەرئەنجامی ئەو پێداچوونەوەیە بێت. پرۆژەکە گرنگییەکی تایبەتی هەیەو پێویست بە دەیان لێکۆڵینەوە دەکات‌و شایستەی نووسینی دەیان وتارە. کرۆکی پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورە گەیاندن‌و چەسپاندنی دیموکراسییە لە رۆژهەڵات. سەرەڕای ئەوەی پرۆژەکە دەشێ بکرێ بە تەوەرێکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام، توێژینەوەکەی ئێمە، بەتایبەتیش ئەم بەشە، زۆر پێش خستنەڕووی پرۆژەکە هێڵە سەرەکییەکانی داڕشتبوو. بۆیە لێرە بەشێوەیەکی سەرپێی نەبێ باسی لێوەناکەین. ئەوەی لێرە دەمانەوێ

شیبکەینەوەیە تێڕوانینو هەڵوێستی هەندێك دامودەزگای لێکۆڵەرەوەی ئەمریکییە لە پرسی دیموکراسی لە ڕۆژهەلاّت.

پێش کارەساتەکانی ١١ سێپتێمبەر ژمارەی ئەو کەسانەی لەناو دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمریکا وەك دەوڵەتو سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە کاروباری ڕۆژهەلاّت، کە پێیانوابوو پشتیوانیکردن لە دیموکراسی لە ناوچەکە بەمانای ڕێگە خۆشکردنە بۆ هاتنە سەرکاری ئیسلامیەکان، زۆر زیاتر بوو لەوانەی بۆچوونی دژی ئەوانیان هەبوو. دیارە ئەوان هەڵبژاردنەکەی جەزایریان وەك ڕاستیەکی گشتگیر وەرگرتبوو. لەهەمانکاتدا، ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبوو یان حەزینەدەکرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمەکانی ناوچەکە بەگشتیو میرنشینەکانی کەنداو بەتایبەتی تێکبداو بیکاتە قوربانی گەشەی دیموکراسی، چونکە ئەو چاك دەیزانی پشتیوانیکردن لە دیموکراسی دەبێتە مایەی شلّەژانی ناوچەکەو جێلەقبوونی تەختی دۆستە ستراتیجیەکانی لە ڕۆژهەلاّت.

هەندێکی دیکە لە ئەکادیمیو دیپلۆماسیەکانی ڕۆژئاوا وای بۆ دەچوون کە دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەلاّت دەبێتە مایەی لێکنزیکبوونەوەی وڵاتە عەرەبەکانو ئیسرایل، بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست. چونکە، ئەوان پێیانوابوو ڕژێمە دیموکراسیەکان دوورە شەڕترن لەو دیکتاتۆرانەی کە ئێستا لەسەر کارن. لەهەمانکاتدا بەشێکی دیکەیان پێیانوابوو کە لە ڕۆژهەلاّتێکی دیموکراسدا ڕەوتە ئیسلامییەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە جڵەوی فەرمانڕەوایی

دەگرنەدەست. ئەوکات لەجیاتی ئاشتی یان چاکتر بڵێین حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتی، جارێکی دیکە شەڕی عەرەب–ئیسرایل دەستپێدەکاتەوە. ئەوەش بە خراپ بەسەر بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا دادەشکێتەوە، سەرەڕای لە باربردنی دیموکراسیش لە ناوچەکە.

هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر، هاوکێشەکانی ناوچەکەی گۆڕی، تێزو بۆچوونەکان بەسەرکرانەوەو هەڵسەنگێندرانەوە. لە ئاکامدا، من پێموایە، بەرەی پشتیوانیکەر لە دیموکراسی لەناو بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکا گرەوەکەیان بردەوە، چونکە، بەو قەناعەتە گەیشتن دەستەمۆکردنی سەرکردە عەرەبەکانو پارێزگاریلێکردنیانو، تەنانەت بەستنی هاوپەیمانەتی ستراتیجیش، زامنی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا ناکات. ڕۆژئاوا دوژمنێکی نوێی لێپەیدا بوو کە هەڵگری چەکێکی ئایدیۆلۆجیی ترسناکە، شەڕی ئەو دوژمنە نوێیەش بە ڕازیکردنی دەسەڵاتدارانی عەرەبو ئیسلامی لە ناوچەکە دەستەبەرناکرێ. بەپێچەوانەوە بوونی ڕژێمە دیکتاتۆرو گەندەڵەکانی ناوچەکەیە کە بۆتە مایەی دروستبوونی ژینگەیەك کە تەنیا فەرهەنگی ڕق (hate culture)و توندڕەویی وەبەرهەمدێنێ. لە سۆنگەی ئەو ڕاستیانەوە، ئەمریکاو ڕۆژئاواییەکان بەو باوەڕە گەیشتن کە شەڕی ئایدیۆلۆجیا تەنیا بە ئایدیۆلۆجیا دەکرێو شەڕی ڕقو قینە لە ڕۆژهەڵات بە چەسپاندنو گەشەکردنی پرنسیپەکانی دیموکراسی دەکرێ. لەبەرئەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو دیموکراسییەی وا لە ناوچەکە چەکەرە دەکا سەپێندراوە، بەڵام، من پێموایە ئەگەر پشتیوانییە دەرەکییەکان نەبان، دەبوایە دەیان ساڵی دیکە چاوەڕێبکەین، دەنا لە سایەی ئیمارەتەکانی ئال سەدامو ئال

ئەسەدو ئال سعود لە گۆڕی بە کۆمەڵکوژو عەقڵیەتی شۆڤینیستی عروبەو وەهابیزمی سەدەکانی تاریکستان پنجێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نە دەچێنرانو، نە چەکەرەیان دەکرد.

## کورتەو سەرئەنجامی بەشی پێنجەم

لە برگەی پێشتر باسمان لە ڕۆڵی پشتیوانییە دەرەکییەکان لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد. لێرەدا بەکورتی باس لە هۆکارە ناوخۆییەکانو پرۆسەی گەیشتن بە دیموکراسی لە ناوچەکە دەکەین. گەشەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات دەوەستێتە سەر ڕادەی پێشکەوتنی وڵاتەکانی ناوچەکە لە بوارەکانی پیشەسازییو ئابورییو بازرگانی. هەروەها، ئاستی پەرەسەندنی فکریو ڕۆشنبیریو توانای هێزە دیموکراتخوازەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ هەموو لایەنو هێزە کۆنەپەرستەکانو لابردنی کۆسپەکان. وەك باسکرا دیموکراسی زادەی ڕێنانسەو شۆڕشی پیشەسازی بوو لە ڕۆژئاوا. لەبەرئەوە گەشەی ئابوریی کارێکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر گەشەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات. خێرایی گەشەکە لە کاتێکدا بەگوڕ دەبێت، کە هاوڵاتیان بەو باوەڕە بگەن کە دیموکراسی چاکترینو چالاکترین ئەڵتێرنەیتیڤەو بەدیهێنەری داخوازیەکانیانە. هۆکارێکی دیکەی گەشەی فەرهەنگی دیموکراسی ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی ناوچەکە لەجیاتی دژایەتیکردنو پەراوێزکردنی یەکدی، فێری گەمەی دیموکراسیانە بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان. مەسیحییەت وەك فەرهەنگی ڕۆژئاوا لە سەرەتا دژی دیموکراسی بوو، فەرهەنگی کۆنفۆشیس

نەگونجاو دەبیندرا کەچی دیموکراسی لە پاوانی هەردووکیان ڕەگو ڕیشەی داکوتا. ئەوە ئیسلامیش وەك فەرهەنگ دەگرێتەوە، ئەگەر چی دواشکەوێ. دەبێ ئەوەش چاك بزانین کە دیموکراسی بڕیارێکی سیاسی نیە سەرکردەیەکی سیاسی بیدا، بەڵکو شەکلێکی فەرهەنگی سیاسیە، هەر لەبەرئەوەیە دواکەوتنی لە ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە بۆ بێهێزی یان نەبوونی ئەزموونی کلتوری دیموکراسی لە ناوچەکە.

هەر ئێستا لە ڕۆژهەڵات دەنگێکی دیموکراتیخواز کە داوای ڕیفۆرمی سیاسیی دەکا پەیدابووە، هێشتا هەر لە نووسینو کۆڕو کۆبونەوەو کۆنفرانسەکان خۆیدەبینێتەوە. پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنو ڕێکخراوی پیشەیی، تاڕادەیەك سەربەخۆو، بەڕێوەچوونی پرۆسێسی هەڵبژاردن (ئەگەر چی کارتۆنیش بن) نیشانەی دیکەی گەشەکردنی پرۆسەکەن. لە دەرەوەش گۆڕانکارییە سیاسییو کۆمەڵایەتییو ئابورییە جیهانگیرییەکان فشارێکی زۆریان خستۆتە سەر دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بۆ هەنگاو هەڵێنان بەرەو لیبرالیزەکردنو خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنخوازی جیهانی. لەم بوارەدا ئینتەرنێتو سەتەلایتو ماس میدیا ڕۆڵی کاریگەریان بینیوەو دەبینن. بەڵام دەبێ بزانین، دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات بە هەژاری لە دایکدەبێو بە هەتیوی گەورە دەبێ. دیموکراسیەتی ڕۆژهەڵات تێکەڵەیەك دەبێ لە خسڵەتەکانی دیموکراسیو ئۆتۆریتاری. ڕێبازەکەشی پڕ کەندو کۆسپو لەوانەیە خوێناویش بێت. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەبێتە جێگای قێزوبێزی خەڵك، چونکە تەنها کەمینەیەك قازانجی لێدەبینێ.

لە ئاکامی دیموکراتیزەکردنی ناوچەکەو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادانە، ئەگەری گەیشتنی ئیسلامییەکان بە دەسەڵات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ هەیە (ئەگەر ڕێگەیان پێبدرێ‌و وەك جەزایریان لێنەکرێت). ڕەنگە ئەوە لە بەهێزی پەیڕەو پڕۆگرامەکانیان نەبێت، بەڵکو لە ئاکامی دەستەوسانی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەیە لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی‌و ئابوریی‌و کۆمەڵایەتیەکان. لەبەرئەوە تا ئەو ڕۆژەی ئەو کێشانە چارەسەرنەکرێن بڕی هێزە ئیسلامییەکان هەر لە برەو دادەبێت‌و ڕیزیان سواردەبێت. ئەگەر هێزە ئیسلامییەکان بێنە سەر حوکم تەنانەت ئەوانەی کە گوایە باوەڕیان بە بەها دیموکراسییەکانیش هەیە، ئەوە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە فرەحزبی یان ئۆپۆزسیۆن قەبوڵنەکەن، بەتایبەتی گروپە سێکولارەکان‌و سۆشیالیستەکان، بەبیانوی ئەوەی کە ئایدیۆلۆجیاکانیان لەگەڵ بەهاو بنەماکانی ئیسلام یەکناگرنەوە. لەوانەشە تاڕادەی ئەوەش بچن بە کافرو ملحدیشیان ناوزەد بکەن‌و، ئەوکات دەرگاداخستن لە ڕوویان تەنها جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا دەبێت! لەوکاتانەی لە دەسەڵاتدان، لە بەناو لیبرال‌و سۆشیال‌و ناسیونالیستەکانی ئێستا باشتر نابن، لەوانەیە بەرخوردیان لەگەڵ ئەم گروپانە زۆر توندوتیژوتریش بێت. ئیسلامیەکان ئەگەر لەڕێگای هەڵبژاردنیشەوە بێنە سەر کار ترسی ئەوەیان لێدەکرێ کە دەستبەرداری دەسەڵات نەبن.

هاواری بزوتنەوە ئیسلامییەکان ئەوەندەی بەلاغەتی قسەکردنە ئەوندە چارەی کێشە سیاسیی‌و ئابوریی‌و کۆمەڵایەتییەکانی دنیای عەرەب‌و ئیسلام نیە. ئەوان

دەنگێکی ناڕازین لەو بارودۆخە نائەموارەی کە ناوچەکە پێیداتێپەڕدەبێ، کە لەسەر هەستو ویژدان بنەمای گرتوە، نەك چارەسەری بابەتیی‌و زانستیی کێشەکان. زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامیەکان داواکەیان لە جێبەجێکردنی "ئیسلامی ڕاستەقینە" تێپەڕناکا، ئەو چارەیەی ئەوان باسیدەکەن‌و ئەو تاکتیکانەی پەیڕەویدەکەن لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی دنیای ئەمڕۆ نایەنەوە.

## سەرئەنجامی توێژینەوەکە

ئیسلامییەکان، بەگشتی، خۆ لە بەکارهێنانی ڕێبازی نوێ بۆ تێگەیشتن‌و لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکان وەدووردەگرن. چونکە، ئەوە بۆ ئەوان مانای کردنەوەی دەرگایە لەسەر کۆمەڵێك پرس، کە پێیانوایە، ئەوە لە مێژە لەلایەن نەوەکانی پێشخۆیان چارەسەرکراون‌و جێیخۆیانگرتوە. ئەوان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە ئەم نەوەیەش، دەبێ وەك فوقەهاو زانا ئایینییەکانی بەرایی، دەقەکان لێکبدەینەوەو تێیانبگەین. ئیسلامییەکان، درکی گۆڕانکارییە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی–ئابورییەکان ناکەن‌و سەرنجیان نادەنێ، ئەگەر درکیشیان پێبکەن پشتگوێیاندەخەن. لەجیاتی پێشنیازکردن‌و داهێنانی ڕێگەچارەو بیرۆکەی نوێ کە بتوانێ گۆڕانکارییەکان لە ئامێز بکاو وەڵامدەرەوەی واقیعە تازەکان بێت، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە واقیع دەبێ خۆی وا دابتاشێ کە لەگەڵ، بۆنمونە، شەریعەت بگونجێ.

گومان لەوەدا نیە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ جیاوازییەکی ئێجگار گەورەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە وەحی بۆ دابەزی، هەیە. لەبەرئەوە، ئێمە پێمانوایە، تێگەیشتنمان بۆ قورئان‌و دەقە ئایینییەکان‌و ئەو پێوەرانەی (criterion)

بەکاریاندەهێنین بۆ لێکدانەوەیان، دەبێ جیابن لەوانەی موسڵمانەکانی بەرایی‌و نەوەکانی دوای ئەوان بەکاریانهێنان. تێگەیشتنەکانی ئەوان نابێ‌و ناکرێ بەشێوەیەکی ڕەها (مطلق) وەربگیرێن‌و بە کۆتایی تێگەیشتنەکان دابنرێن. موسڵمانەکانی بەرایی تێگەیشتنی دەقاودەقیان (حەرفیانە) بۆ قورئان دەکرد، بەرجەستەکردنی هەمانشێواز دەبێتە مایەی فراوانتربوونی ئەو درزەی کە هەر ئێستا لەنێوان دەقەکان‌و دنیا پڕگۆڕانکاریی‌و دینامیکییەکەمان، دروستبووە.[٤١] هاواری خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دەقەکان بانگەشەیەکی نوێ نیە. لەڕاستیدا، لە مێژووی موسڵماناندا بەبەردەوامی دوو ئاراستەی فیکری بوونیان هەبووە، یەکێکیان داوای خوێندنەوەی دەقاودەق دەکاو، ئەوی دیکەشیان پێشنیازی لێکدانەوەی مێتافۆری (مجازی) دەکا. بەڵام بەداخەوە، لەو ڕۆژەی موعتەزیلەکان لە ململانێکەیان بۆ تێگەیشتنی مێتافۆریانە لەدژی خوێندنەوەی دەقاودەقی حەنبەلیەکان سەرنەکەوتن‌و، دواتریش دەرگاکانی ئیجتیهاد داخران. ئەم دوو هۆیە، هەردووکیان بوون بە مایەی ئەوەی تەرازووەکە بەلای بەرەی تەقلیدو تێگەیشتنی دەقاودەقی، لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ، دابشکێ.

لە بەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە تازەکانی ئەم سەردەمە، لە ڕێبازەکانی بیرکردنەوەو تێگەیشتنە فەلسەفییەکان‌و شێوازی نزیکبوونەوەی قوتابخانە مەعریفییەکان لە پرسە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ، گەشە بە ڕێچکەی تازە بدەین بۆ تێگەیشتن لە دەقە ئایینییەکان. بۆنمونە، بەرجەستەکردنی مێتۆدی مۆدێرنی زمانەوانیی‌و فەلسەفیی‌و فکریی، پێموایە، مێتۆدە تازەکان دەبێ خۆوەدووربگرن

---

[41] ئەم بۆچوونە نەسر حامید ئەبوزیدیش پێی لەسەر داگرتوە (بڕوانە أبو زید ١٩٩٢: ١٠٦).

لە بنەما فقهییەکانی بەرایی. لە کۆتاییدا، بۆ تێگەیشتن لە قورئان، پێشنیازی ئەوە دەکەم، یەکەم: پێویستە دان بەو ڕاستییە بنێین کە وەحی ڕووداوێکی مێژوویی (حدث تاريخي) بوو. دووەم: ئەو پرسو کێشانەی قورئان مامەڵەی لەگەڵکردن، واچاکە، لە ڕوانگەیەکی مێژوویی، کلتوریو کۆمەڵایەتی–سیاسیی تەماشابکرێنو ئیستیعابکرێن. سێیەم: خۆدوورخستنەوە لە مێتۆدی قیاس، کە ئیسلامییە کۆنەکان بەکاریانهێناو ئیسلامییە نوێکانیش بۆ چارەسەرکردنی گرفتو کێشەکانی دنیای ئەمڕۆ کەڵکی لێوەردەگرن، چونکە، ئەم مێتۆدە نەگونجاوو کورتبینە.

مەبەست لە ڕێبازی نوێ، کە ئەم توێژینەوەیە پێشنیازی دەکا، تێگەیشتنو لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکانە لە میانی چەمکەکان (مەفهومەکان)، نەك وشەو زاراوەکان، ئەم ڕێبازە بە بەچەمککردن (conceptualization) ناودەبەین. ئێمە پێمانوایە، دەکرێ دەقەکان لەمیانی ئەو چەمکانەی لەخۆیاندەگرن لێکبدرێنەوە. بۆنمونە، کاتێك قورئان دەڵێ "هەر کەسێ دزی بکا — نێر بێ یان مێ فەرقی نیە — لە سزای دزیکردنی دەبێ هەردوو دەستی ببڕن، کە ئەمە تەنبێ کردنە لە خواوە"، ئەگەر دەقاودەق ئایەتەکە لێکبدەینەوە دەبێ ئەو کەسەی دزی دەکاو تاوانەکەی لەسەر ساغدەبێتەوە، بەپێی حوکمی دادگا دەبێ هەردوو دەستی ببڕدرێ، کە لە مێژووی موسڵمانان کەیسی وا زۆرە. بەڵام، تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەو دەقە لە میانی چەمکی سزاوە دەبێتو، پێمانوایە، بەپێی دەقەکە هەر کەسێك دزی دەکا دەبێ سزا بدرێ. بەڵام، سزاکە دەبێ بەپێی تێگەیشتنی ڕۆژ بۆ سزا بەرابەر بە دزی دیارییبکرێ. لەوانەیە کەسە تاوانبارەکە ئاگاداربکرێتەوە،

غەرامە یان زیندانی بکرێ، بەپێی بارودۆخو یاساکانی کۆمەڵگە، چونکە دەستبڕین بەپێی پێوەرەکانی ئەم ڕۆژگارە ناشیاوە.

نمونەیەکی دیکە لە تێگەیشتن لەمیانی چەمکەکانەوە، دەکرێ مەسەلە هەستیارەکەی چارشێوی (حیجابی) ژنان بێت. بەپێی ئایەتەکانی قورئان یەکێك لە هۆیە هەرە سەرەکییەکانی سەپاندنی حیجاب پاراستنی ژنە لە چاوی چنۆکی پیاوانو پارێزگاریلێکردنیانە لە دەستبۆبردنو تەعەدالێکردن. لە ئایەتێکی سورەتی ئەحزاب هاتووە "ئەی پێغەمبەر! ژنەکانتو کچەکانتو خێزانی خاوەنباوەڕان حاڵی بکە، با خۆیان بە چارشێوەکانیان داپۆشن، ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوەی بناسرێنو ئازارنەدرێن. خودا لە خەتا دەبورێو دلۆڤانە" (قورئان ٣٣: ٥٩). تێگەیشتنی دەقاودەق بۆ ئەم ئایەتە ئەوەیە کە ژنان بۆئەوەی ئازارنەدرێن دەبێ چارشێو بپۆشن. کەچی تێگەیشتن لەمیانی چەمکەکان بۆ ئەم ئایەتە لە وێستگەی چەمکی مافەکانەوە دەستپێدەکا. ڕەنگە خۆداپۆشینی ژن لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب تاڕادەیەك توانیبێتی ژنان لە 'دەستبۆبردن'و چاوی 'چنۆکی پیاو' پاراستبێت، یا ئەوەتا ڕێگەچارەیەکی دیکە نە درکی پێکرابێت نە گونجاوبووبێت. بەڵام، ئێمە هەموومان ئێستا باشدەزانین مێژووی موسڵمانان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە مافەکانی ژن، بە پاراستنی لە ئازاردانیش، بە چارشێو بەرجەستە ناکرێ. بێمافی ژنان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، وای لێکردون نەك هەر ببنە نێچیرێکی ئاسانی پیاوانی چاوچنۆك، بەڵکو، دەرفەتی ئەوەش بە ژنان نەدرێ یان جورئەتی ئەوە نەکەن ئەگەر ئازاردران یان دەستیان بۆ بردرا، حالەتەکە بۆ خاوخێزان بگێڕنەوە یان

دەزگا بەرپرسەکانی لێئاگادارکەنەوە. بەکورتی، ئەوەی لە ئایەتەکە هاتووە چەمکی مافە، تێگەیشتنیش بە ڕێبازی چەمکگەرایی، دابینکردنی مافەکانی ژنە. تاوەکو، مافەکان نەك چارشێو ببن بە پەردەو دیوار بۆ پاراستنی ژنان. ئەو لێکدانەوەیە نابێ بە بانگەشەی دژایەتیکردنی چارشێو لێکبدرێتەوە، چونکە، ئێمە چۆن داسەپاندنی چارشێومان لە ژێر پەردەی لێکدانەوە دەقاودەقەکان پێ پێشلکردنی مافی ژنە، چ جای دەستەبەرکردنی مافەکانی. بەهەمانشێوە بەزۆر لادانی چارشێو لەسەر ئەو ژنانەی ئارەزومەندانە دەیانەوێ چارشێو بپۆشن بە ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافی ئازادانەی جلپۆشین دادەنێین.

## پاشبەندی ١

### ئایەتەكانی ٤٤–٤٧ لە سورەتی مائیدە

ئێمە كە تەوراتمان ناردۆتەخوار، ڕوناكایی‌و ڕێنیشاندانی تێدایە. هەموو ئەو پێغەمبەرانەی كە هەر بە فەرمانی خوا بوون، هەر بە هۆی ئەم، بەسەر هەموو كاروباری ئەوانەی موسایی بوون ڕاگەیشتوون، خواناسانی بەڕاستی‌و زانا بلیمەتەكانیان گەلێك شتیان هەر لە كتێبی خوا لەبەربوو، بەتەواویش ئاگاداربوون كە ئەمە كتێبی خوایەو خوا لەوێدا پێیگوتون: نابێ لە خەڵك بترسن، ئەشێ هەر ترسو لە خۆم بێ‌و نەچن بەڵگەو نیشانەی من بە نرخێكی كەم بفرۆشن. هەر كەسێكی پێچەوانەی فەرمانی خوا فەرمان بدا، دژی خوا ڕاوێستاوەو لە دینی ڕاست وەرگەڕاوە (٥: ٤٤). لە تەوراتدا بۆ ئەوانە بڕیارماندا، كە گیانێك لەباتی گیانێك، چاو بە چاوو كەپۆ بە كەپۆ، گوێ بە گوێ‌و ددان لە باتی ددانەو زەخمەكانیش تۆڵەیەكیان هەس، كێ لە تۆڵە — بەخێری خۆی — وازبهێنێ، گوناهی پێهەڵدەوەرێ. ئەو كەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانانە — كە لە خواوە هاتوە — فەرمان بدەن (یحكم)، غەدرێ دەكەن‌و ناهەقن (٥: ٤٥). لە شوێن ئەوان

عیسای کوڕی مریەممان نارد، کە باوەڕی بوو بەو تەوراتەی وا بەر لە ئەو هاتبوو. ئینجیلیشمان دا بە عیسا، کە ڕێنیشاندانو ڕوناکی تێدایەو بڕوای بە تەوراتیشە کە بەر لەم هاتبوەخوارێو بۆ ئەوانەی لە خواترسن، پڕیەتی لە ئامۆژگاریو ڕێگەی ڕاستیان نیشان دەدا (٥: ٤٦). دەبێ ئەوانەی وا ئینجیلیان لەلایە، بەپێی ناوەڕۆکی ئینجیل — وەك خوا ناردوویەتەخوار — فەرمان بدەن. ئەو کەسانەی لەو فەرمانانەی کە خوا ناردوویەتەخوار لابدەن، دیارە لە ڕێ لایانداوە (٥: ٤٧)

**ڕۆڵی پێغەمبەر وەك ئەوەی لە قورئان بۆی دیاریکراوە**

**ئایەتەکانی مەدینە**

١. بەو ئاوایە ئێمە ئێوەمان کردوتە ئوممەتێکی هەڵبژاردە، تا ئاگاو لە مەردم هەبێو پێغەمبەریش چاوەدێریتان لێبکا (شاهید بێت بەسەرتانەوە) (٢: ١٤٣).
٢. وەکو ئەمەی پێغەمبەرێکمان لەخۆتان ناردەلاتان، نیشانەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێنێتەوەو بۆپاکی ڕاتان دەهێنێو فێرتاندەکا لە کتێبو کارامەیی سەرتان دەرچێو گەلێك شتی واو فێردەکا کە لە پێشدا نەودەزانین (٢: ١٥١).
٣. ئەگەر کێشەت دەگەڵ دەکەن، تۆ هەر بێژە: من دەگەڵ پەیڕەوەکانم بە دڵی پاك ڕومانکردۆتە خواوە. بەو کەسانەش کە بوونە ئەهلی کتێبو بەو

کەسانەش کە نەزانن، بێژە: ئاخۆ ئێوەش وەك مە خۆتان هەر بە خوا سپاردوە؟ جا ئەگەر خۆیان سپاردبوو، ئەوا کەوتونەتە سەر ڕێگا. ئەگەر ڕوویان لێوەرگێڕای، تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕابگەیێنیو خواش بۆخۆی لە عەبدانی شارەزایە (٣: ٢٠).

٤. محەممەد پێغەمبەرێکەو چیتر نیە، لەپێش ئەویش زۆر پێغەمبەر هاتونو چوون. ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ، لە ئیسلام پاشگەز دەبنەوە؟ هەرکەس پاشگەزبێتەوە، زیانێك بە خوا ناگەینێ. خوا پاداشی سوپاسگوزارانی دەدا (٣: ١٤٤).

٥. لە بەزەیی خواڕایە کە تۆ هێندە نەرمونیانی دەگەڵیان، ئەگەر یەکێ دڵڕەقو توندوتۆسن بای، بڵاوەیان لێدەکردی. تۆ بیانبوورەو لەلای خوا داوای بووردنیان بۆ بکەو لەکار تەگبیریان پێبکە. وەختێ لێبڕای کارێ بکەی، هەر بەتەمای خوا تێکەوە، خوا ئەوانەی خۆشدەوێ کە خۆیان هەر بەوی بسپێرن (٣: ١٥٩).

٦. هەر کەسێکمان بە پێغەمبەری ناردوە، بۆیە بوە کە بە خەڵك ڕابگەیێنێ، بە ئیزنی خوا دەبێ فەرمانی قبوڵبکەن. جا ئەمانەش لەپاش ئەوەی کە ئەو غەدرەیان لەخۆکرد، گەر بهاتبانەوە لای تۆو داوای خوا لێخۆشبوونیان بکردایە، تۆیەکیش کە پێغەمبەری، داوای لە گوناهبووردنت بۆ ئەوانە بکردبا، بێگومان ئەوسا دەیاندی کە خوا پەژیوانیەکەیان قبوڵدەکاو دلۆڤانە (٤: ٦٤).

٧. ئەی پێغەمبەر! هەرشتێکی لەلایەن پەروەرندت ڕا بۆت هاتوە، ڕایگەیێنە، گەر وانەکەی ڕاسپێریت پێکنەهێناوە، خوا لەو خەڵکەت دەپارێزێ، خوا کۆمەڵی خوانەناسان شارەزای ڕاستەڕێ ناکا (٥: ٦٧).

٨. بەر فەرمانی خوا بنو بەر فەرمانی پێغەمبەر بن — لەسەرپێچیش — خۆبپارێزن. ئەگەر لە فەرمان دەربچن، دەبێ ئەوەندە بزانن کە پێغەمبەر جگە لە پێڕاگەیاندن هیچی تری لەسەر نیە (٥: ٩٢).

٩. ئەرکێ لەسەر پێغەمبەرە هەر هێندەیە فەرمانی خوا ڕابگەینێ. خوا لەوشتانەی کە ئێوە ئاشکرای دەکەن، لەوشتانەش دەیشێرنەوە، ئاگادارە (٥: ٩٩).

١٠. خوانەناسەکان ئێژن: ئەدی بۆچی لە پەروەرندەی خۆیەوە بەڵگەیەکی پتەوی بۆ نەهاتگە؟ تۆ هەرتەنیا ترسێنەرێکی (ئاگادارکەرەوەێکی)و هیچیتر، بۆ هەر گەلێك لە گەلەکانیش ئەشێ ڕێنیشاندەرێك هەبێ (١٣: ٧).[٤٢]

١١. یان هێندێکت لەوەی بۆمان بڕیارداون نیشاندەدەین، یان بۆخۆنت دەبەینەوە. تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕاگەیێنیو بە حیساب ڕاگەیشتنیش لە عۆدەی مە (١٣: ٤٠).

١٢. بێژە: مەردم! ئەمن بۆ ئێوە تەنیا هەر ترسێنەرێکی ئاشکرام (٢٢: ٤٩).

١٣. ئەگەر کێشەشیان پێکردی، بێژە: خوا ئاگادارترە لەو کارەی ئێوە دەیکەن. خوا لە ڕۆژی قیامەتا، ئەو شتانەو بۆ یەکالا دەکاتەوە کە لەسەریان کێشەتان هەبوو (٢٢: ٦٨–٦٩).

[42] سورەتی رەعد (١٣) لەلایەن ئەبو ئەعلای مەودودی بە سورەتێکی مەککی دانراوە.

١٤. بێژە: بەرفەرمانی خواو بەرفەرمانی پێغەمبەر بن. جا کە هەر خۆشیان وەپاشدا، ئەو هەر ئەرکی خۆی لەسەرەو ئێوەش ئەرکی خۆتان هەیە. خۆ ئەگەر بە قسەی ئەو بکەن، شارەزاییەکە بۆخۆتان. پێغەمبەریش لە ڕاگەیاندن بەولاوە هیچیتری لەسەر نیە (٢٤: ٥٤).

١٥. بێژە: لەناو ئەو هەموو پێغەمبەرانە، من یەکێ نائاسایی نیم، ناشزانم لە من یان لەنگۆ چدەقەومێ. من هەر تەنیا بە ئاشکرا ترسێنەرمو چیتریش نیم (٤٦: ٩).

١٦. ئێمە تۆمان کل کردوە (ناردوە)، ئاگادارو ترسێنەرو مژدەدەر بی (٤٨: ٨).

١٧. بەرفەرمانی خوا بنو پێغەمبەر چی وت وابکەن. خۆ ئەگەر خۆشوببوێرن، لەسەر پێغەمبەری ئێمە، هەر هێندەیە — بەئاشکرا — ڕابگەیێنێ (٦٤: ١٢).

## ئایەتەکانی مەککە

١. هەر پێغەمبەرێك دەنێرین پێیدەسپێرین مژدەدەرو ترسێنەر بێ، سا هەرکەسێ بڕوای هێناو ئاکاری چاکی ڕەچاوکرد، نە هیچ ترسی لەسەر هەیەو نە هیچ خەمێکیان دێتەبەر (٦: ٤٨).

٢. هۆزەکەی تۆ ئەم قورئانی وا ڕاستیشیان پێ درۆیە. بێژە خۆ من نەبوومە هەمەکارەتان (وەکیلتان) (٦: ٦٦).

٣. ئەوانە کەسانێك بوون کە خوا ڕێنمونی کردن، تۆش هەر لە شوێن ئەوان بڕۆ! بێژە: خۆ من هیچ پاداشتێکم لێو ناوێ، ئەم قورئانە هەر تەنیا ئامۆژگاریەکە بۆ هەموو خەڵکی دنیایە (٦: ٩٠).

٤. ئەگەر خوا مەیلی لێبا، شەریکیان پەیدانەدەکرد. ئێمە تۆمان نەکردۆتە پاسەوان بەسەریانەوەو نەبویتە هەمەکارەیان (وەکیلیان) (٦: ١٠٧).

٥. بێژە: ئەمن خاوەنی سوودو زیانی خودی خۆم نیم، جا مەگین خوا حەزبکا. گەر نادیارم زانیبان بەهرەی فرەم گیردەکەوتو زیانێکم توش نەدەهات. من هەر تەنیا ترسێنەرو مژدەدەرم بۆ کەسانێ بڕوادەکەن (٧: ١٨٨).

٦. بێژە: خەڵکینە! وا ڕاستیو لەلایەن پەروەرندەتانەوە بۆ هات. هەر کێ ڕێگەی ڕاست بەدیکا، شارەزابوون بۆخۆیەسی، هەر کەسێکیش گومڕاببێ، گومڕایی دژی خۆیەسی. من بریکاری کەستان نیم (١٠: ١٠٨).

٧. کە نابێ هیچ بپەرستن غەیرەز خوا، من لە خواوە بۆ ئێوە ترسێنەرو موژدەدەرم (١١: ٢).

٨. وێدەچێ لە هێندێ فەرمان — کە بۆ تۆ دێ — خۆببوێریو ببێتە مایەی دڵتەنگیت، کە پێت ئێژن: چما گەنجێ لە بالاوە بۆی نەهاتۆتە خوارەوە، یان لانیکەم، فرشتێکی دەگەڵ نەهات؟ تۆ تەنیا ترسێنەرێکیو هەر خوایە کە چاودێری هەموو شتە (١١: ١٢).

٩. بێژە ئەمن ترسێنەری ڕونکەرەوەم. هەروەك ئەوەی هەناردمان بۆ بەشکەرەکان، ئەو کەسانەی قورئانیان دابەش دابەش کرد (١٥: ٨٩–٩١).

١٠. ئەو کەسانەی شەریکیان بۆ خوا پەیداکرد، گوتیان: ئەر خوا مەیلی لێبا، نە ئێمەو نە بابو کاڵمان، غەیرەز خۆی چن نەدەپەرست، هیچمان بێ فەرمانی ئەومان بە ناڕەوا نەدەزانی. ڕابردوەکانی ئەوانەش هەر بەمجۆرە

بوون. پێغەمبەران جگە لە ڕاگەیاندنی بەئاشکرا، چیدیکەیان لەسەر هەیە؟ (١٦: ٣٥).

١١. ئەگەر هەر ڕوویان وەرچەرخاند، ڕاگەیاندنی ئاشکرا، لەسەر تۆیەو هیچتر نا (١٦: ٨٢).

١٢. پەروەرندت بە ئێوە ئاگادارترە. ئەگەر حەزبکا بەربەزەیی خۆیتان دەخا، حەزیش بکا تووشی جەزرەبەتان دەکا، تۆشمان نەناردۆتە لایان بریکار بی (١٧: ٥٤).

١٣. ئەمەمان بە ڕاستی ناردو بە ڕاستیش هاتەخوارەوە، ئێمە تۆمان بۆیە نارد مژدەدەرو ترسێنەر بی (١٧: ١٠٥).

١٤. کە پێغەمبەران دەنێرین، هەر ئەوەندەیان لەسەرە مژدەدەرو ترسێنەر بن. ئەوان نیشانەکەی مەو ئەو کتێبە کەوا ترسی وەبەرناون، هەر بە گاڵتەوگەپ دەزانن (١٨: ٥٦).

١٥. ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە بەزەییو چاکەیەك بی بۆ هەموو خەڵکی دنیایە (٢١: ١٠٧).

١٦. ئێمە تۆمان تەنیا بۆ ئەوە ناردوە، مژدەدەرو ترسێنەر بی. بێژە من بۆ ئەو کارە هیچ پاداشتێکم لەنگۆ ناوێ، غەیرەز ئەوە: کێ پێی خۆش بێ، بەرەو لای پەروەرندەی خۆی ڕێ دەربکا (٢٥: ٥٦–٥٧).

١٧. هەروا، قورئانیش بخوێنم. جا کێ شارەزای ڕێگە بوو، هەر بە قازانجی خۆیەتیو هەر کەش لە ڕێگە کلا بوو، بێژە: من هەر یەکێکم لە ترسێنەران (٢٧: ٩٢).

١٨. ئەگەر باوەڕ بە من نەکەن، کۆمەڵانی بەر لە ئێوەش هەبوون کە باوەڕیان نەکرد. ڕاسپاردە (رسول) جگە لە ڕاگەیاندنی پەیامەکە — بەئاشکرا — هیچیتری لەسەر نیە (٢٩: ١٨).

١٩. گوتیشیان: بۆ لە پەروەرندەی خۆیەوە نیشانگەلی — تایبەتی — بۆ نایەتەخوار؟ بێژە: نیشانگەلی وا لای خوایە، من هەر تەنیا ترسێنەری نیشاندەرم، نەهیچیتر (٢٩: ٥٠).

٢٠. ئێمە تۆمان هەر بۆیە نارد کە بۆ گش خەڵکی سەرزەمین مژدەدەرو ترسێنەر بی، بەڵام زۆربەی ئاپۆرەی مەردم نازانن (٣٤: ٢٨).

٢١. ئێمە بەڕاستی تۆمان نارد مژدەدەرو ترسێنەر بی. هیچ کۆمەڵتەیەکیش (ئوممەتێکیش) نەبووە کە ترس وەبەرهێنەریان بۆ نەچوبێ (٣٥: ٢٤).

٢٢. تۆ یەك لە پێغەمبەرانی. کەوتویە سەر ڕاستە ڕێگە. ئەم قورئانە هەرە خاوەن دەسەڵاتی دلۆڤان ناردویەتەخوار. تا بەهۆی ئەو ترس وەبەر گەلێك بێنی کە باب‌وکاڵی پێشویان کەس لە خوای نەترساندون‌و بێئاگابوون (٣٦: ٣-٦).

٢٣. گوتیان: ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەرە، پەیامی ئەو — بەئاشکرا — بەنگۆ بلێین، نەهیچیتر (٣٦: ١٧).

٢٤. ئێمەین کە ئەو کتێبەمان بە ڕاستەکی بۆ تۆ ڕەوانەکردوە، کە مەردم لە سۆنگەی ئەوا شارەزابن. هەر کەسێکی شارەزابێ قازانجی هەر بەخۆی دەگاو هەر کەسێکیش لە ڕێ لادا دژی خۆی جوڵاوەتەوەو، تۆ بریکاری ئەوان نی (٣٩: ٤١).

٢٥. ئەو کەسانەی ئەو شتانەی غەیرەز ئەون، بە دۆستی خۆیان زانیون‌و خەریکی پەرستنیانن، خوا ئاگای لە کاریان هەیەو ئۆباڵیان لە ئەستۆی تۆ نیە (ئەتۆ وەکیل نی بەسەریانەوە) (٤٢: ٦).

٢٦. سا ئەگەر هەر خۆیان بوارد، ئێمە تۆمان بۆیە نەنارد لەسەر ئەوان پاسدار بی، تەنیا ئەوەندەت لەسەرە، مەبەستەکە ڕابگەیێنی. ئێمە هەرگا کارێك دەکەین مرۆ تامی بەزەیی ئێمە بچێژێ، لێ دێو ئەگەر بەهۆی کردەوە خراپەکانیان دەکەونە چۆرتمێکەوە، هەر دەزانن پێنەزان بن (٤٢: ٤٨).

٢٧. بێژە: لەناو ئەو هەموو پێغەمبەرانە، من هەر ئەوەندەم لەسەرە پەیڕەوی ئەو فەرمانە بم کە پێم ڕادەگەیەندرێ. من هەر تەنیا بەئاشکرا ترسێنەرو چیتریش نیم (٤٦: ٩).

٢٨. ئێمە باشتر دەزانین ئەوان چ ئێژن، تۆ زۆردارێك نی لەسەریان، هەر کەسێکی لە هەڕەشە ترسی هەیە، بەم قورئانە تۆ وەبیری بخەرەوە (٥٠: ٤٥).

٢٩. سا هەمووتان بەڕاکردن بەرەو خوا بن، کە لەو ڕا من بە ئاشکرا ترس وەبەر ئێوە دێنم. وێڕای خواش هیچ شتی تر مەپەرستن، ئەو بە منی سپاردوە، بەئاشکرا ترسی ئەوتان وەبەر بێنم (٥١: ٥٠–٥١).

٣٠. بێژە: تەنیا خوا لەمە ئاگادارە. من هەر ئەوەندەم لەسەرە پێتان بێژم: دەبێ لە خوا بترسن (٦٧: ٢٦).

٣١. سا تۆ ئامۆژگاری بکە، ئەتۆ هەر تەنیا پەندێری (ئامۆژگارکەری). تۆ لەسەریان نەبوویە خاوەندەسەڵات. مەر ئەو کەسەی ڕوو وەرگێڕێو نەیەوێ خوا بناسێ. ئەوسا خوا بە جەزرەبەیێ گەورەتر سزای ئەدا.

بێگومانە کە هەموویان هەر بۆ لای ئێمە دێنەوە. لەدواییدا خۆمان بەکاریان ڕادەگەین (٨٨: ٢١-٢٦).

تێبینی:

- هێڵەکانی ژێر وشەکان نووسەر کێشاویەتی بۆ زەقکردنەوەی مەبەستی باسەکە.

## پاشبەندی ٢

### پەیمانی مەدینە[43]

٦٢٢ ز

بەناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان[44]

١. ئەوە نووسراوە لە محەممەد (پێغەمبەری خوا) ـەوە لەنێوان باوەڕداران‌و موسڵمانانی قورەیش‌و خەڵکی یەسرب لەگەڵ ئەوانەش وەگەڵیانکەوتون‌و پەیوەندیانپێیانەوە کردون‌و جیهادیان لە تەکدا کردوون.

---

[43] دەقی کوردی پەیمانی مەدینە بە پشتبەستن بە دوو سەرچاوە وەرگێردراوەتە سەر کوردی، دەقێکی عەرەبی‌و دەقێکی ئینگلیزی. بۆ دەقە عەرەبییەکە بڕوانە: بسیونی، محمود شریف (٢٠٠٣) *الوثائق الدولية المعنية بحقوق الإنسان*، المجلد الثاني، القاهرة: دار الشروق. خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت، لە ٢٠٠٤/١٢/١٥ دابەزێندراوە لە http://www1.umn.edu/humanrts/arab/IS-1.html. بۆ دەقە ئینگلیزییەکەش بڕوانە: Guillaume, A. (1955) *The Life of Muhammad*, A Translation of Ishaq's Sirat Rasul Allah, Karachi: Oxford University Press, pp. 231-233. (Internet services) retrieved on 23/09/2003 form *http://www.constitution.org/cons/medina/con_medina.txt*

[44] لە تەرجمەی ئەم دەقە کاك جەمال غەمبارو کاك عەبد رازی (ئەبو ماجد) یارمەتیانداوم. سوپاسیان دەکەم.

٢. هەموویان یەك ئوممەتن (أمة) جیا لە خەڵکانی دیکە.
٣. قورەیشییە موهاجیرەکان بەگوێرەی دابونەریتی خۆیان بەدەلخوێن (دیة القتیل) دەدەنو دەبێ بەچاکەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەکانیش بکەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.
٤. بەنو عەوف بەگوێرەی دابونەریتی پێشینانیان بەدەلخوێن دەدەنو هەموو تیرەکانی دەبێ بەچاکەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەکان بکەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.
٥. بەنو حارس (لە خەزرەج) بەگوێرەی دابونەریتی خۆیان بەدەلخوێن دەدەنو هەموو تیرەکانی دەبێ بەچاکەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەکان بکەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.
٦. بەنو ساعیدە بەگوێرەی دابونەریتی خۆیان بەدەلخوێن دەدەنو هەموو تیرەکانی دەبێ بەچاکەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەکان بکەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.
٧. بەنو جەشم بەگوێرەی دابونەریتی خۆیان بەدەلخوێن دەدەنو هەموو تیرەکانی دەبێ بەچاکەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەکان بکەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.
٨. بەنو نەجار بەگوێرەی دابونەریتی خۆیان بەدەلخوێن دەدەنو هەموو تیرەکانی دەبێ بەچاکەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەکان بکەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.

٩. بەنو عەمرو بن عەوف بەگوێرەی دابونەرێتی خۆیان بەدەلخوێن دەدەن‌و هەموو تیرەكانی دەبێ بەچاكەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەكان بكەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.

١٠. بەنو نەبیت بەگوێرەی دابونەرێتی خۆیان بەدەلخوێن دەدەن‌و هەموو تیرەكانی دەبێ بەچاكەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەكان بكەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.

١١. بەنو ئەوس بەگوێرەی دابونەرێتی خۆیان بەدەلخوێن دەدەن‌و هەموو تیرەكانی دەبێ بەچاكەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دیلەكان بكەن وەك چۆن لەنێو باوەڕداران باوە.

١٢. (i) باوەڕداران ڕێگەنادەن كەسێك لەنێویان بكەوێتە ژێر باری قەرزو نەهامەتی بێئەوەی جوامێرانە بەدەلخوێنی بۆ نەگێڕنەوەو پشتیوانی لێنەكەن. (ii) باوەڕدار تەنیا گوێڕایەڵی لە دەسەڵاتدارە باوەڕدارەكەی دەكاو بەس.

١٣. باوەڕدارانی لە خواترس دژی ئەو كەسانەن كە یاخی دەبن یان دەبنە هۆی هێنانی زۆرداری‌و گوناهو دوژمنایەتی‌و فەساد بۆ نێو باوەڕداران، دەستی هەمووان دەبێ دژی ئەو كەسە بێت ئەگەر كوڕی یەك لەوانیش بێت.

١٤. باوەڕدار بۆ كافرێ باوەڕدارێ ناكوژێ‌و كافریش بەسەر باوەڕدارا سەرناخا.

١٥. خوا یەك پاراستن (زیمە)ی هەیە، گەورەكان گچكەكان دەپارێزن، باوەڕداران پشت‌وپەنای یەكدین بەدوور لە خەڵكانی دیكە.

١٦. ئەو جولەكانەی بەدوامانەدەكەون لە مامەڵەدا یەكسانن بە ئێمەو پشتیوانیانلێدەكرێ‌و زوڵمیان لێناكرێ‌و كەسیان بەسەردانایەخرێ.

١٧. ئاشتیی باوەڕداران یەکە، لەکاتی شەڕ لەپێناو خوا باوەڕدار ئاشتی تاکلایەنە لەگەڵ بێباوەڕ ناکا مەگەر بە یەکسانیو عادیلانە نەبێ لەنێوانیاندا.

١٨. هەر گروپێکی شەڕکەر، لە غەزاکردندا بووە پشتیوانمان، دەبێ شوێن یەکدی بکەون.

١٩. باوەڕداران تۆڵەی ڕژانی خوێنی یەکدی، لەڕێگای خوا، دەکەنەوە.

٢٠. (i) باوەڕدارانی لە خواترس لەسەر چاکترینو ڕاسترین ڕێگای خوادان. (ii) هیچ کافرێك بۆی نیە سەروسامانی قوڕەیش بپارێزێ یان کەسێکی وان داڵدەبدا یان ڕێگە لە باوەڕداران بگرێ دەستیبۆبەرن.

٢١. هەر کەسێك بەبێ هۆ باوەڕدارێکی کوشت ڕووبەڕووی تۆڵە دەبێتەوە مەگەر خاوەنخوێن بە وەرگرتنی بەدەلخوێن ڕازیبکرێ، باوەڕداران یەکدەستە دژ بەون، هیچ شتێکی دیکەیان بۆ نیە بە غەیرەز دژایەتیکردنی.

٢٢. بۆ باوەڕدارێك کە پابەندی ئەم نووسراوەیەو باوەڕی بەخواو ڕۆژی حەشر هەیە نابێ یارمەتی یان داڵدەی خراپکارێك بدا، ئەگەر وای کرد غەزەبو نەفرەتی خوای لە ڕۆژی حەشر لەسەر دەبێو نە تۆبە نە فدیەی لێقەبوڵناکرێ.

٢٣. هەرکاتێك لەسەر شتێك پێکنەهاتن ئەوە حەوالەی خواو محەمەد (د) (پێغەمبەر)ی بکەن.

٢٤. جولەکەکانیش مادام لەسەنگەری باوەڕداران شەڕ دەکەن دەبێ خەرجییش بدەن.

٢٥. جولەكەكانی بەنی عەوف لەگەڵ باوەڕداران یەك ئوممەتن، جولەكەكانو موسڵمانان بەخۆیانو ئەوانەی لەگەڵیاندان هەریەكەیان ئایینی خۆی هەیە، مەگەر ئەوەی زۆڵمێك یان خراپكارییەك دەكا ئەوساش هەرخۆیو ئەندامانی خێزانەكەی بە هەلاكەت دەبا.

٢٦. جولەكەكانی بەنی نەجاریش مافیان وەك جولەكەكانی بەنی عەوفە.

٢٧. جولەكەكانی بەنی حارسیش مافیان وەك جولەكەكانی بەنی عەوفە.

٢٨. جولەكەكانی بەنی ساعیدەش مافیان وەك جولەكەكانی بەنی عەوفە.

٢٩. جولەكەكانی بەنی جەشمیش مافیان وەك جولەكەكانی بەنی عەوفە.

٣٠. جولەكەكانی بەنی ئەوسیش مافیان وەك جولەكەكانی بەنی عەوفە.

٣١. جولەكەكانی بەنی سەعلەبەش مافیان وەك جولەكەكانی بەنی عەوفە.

٣٢. تیرەی جەفنەش وەك سەعالیبەكانن.

٣٣. تیرەی بەنی شوتەیبە مافیان وەك جولەكەكانی بەنی عەوفە، دەبێ چاكە پێش بە خراپە بگرێ.

٣٤. هەوادارانی سەعلەبە وەك سەعلەبەكانن.

٣٥. دۆستانی نزیكی جولەكەكانیش وەك خۆیانن.

٣٦. كەسیان بەبێ ئیزنی محەمەد (د) نابێ دەرچن بۆ شەڕ، بەڵام نابێ ڕێگەی تۆڵەی برینی لێبگیرێ، ئەوەی كەسێك بە فەتارەت دەبا ئەوە خۆیو ئەندامانی خێزانەكەی بە فەتارەت بردوە مەگەر زوڵمی لێكرابێ، خواش ئەوەی قەبوڵە.

٣٧. جولەكەكان خەرجیی خۆیانو، موسڵمانانیش ئیخۆیان لەسەرشانە، هەردوولا دەبێ، لەدژی هەرلایەنێك هێرش بكاتە سەر خەڵكی ناوبراو لەو

نووسراوەیە، هاوکاری یەکدی بکەن. ئامۆژگاریو ڕاوێژو چاکە لەنێوانیاندا هەیەو چاکە دەبێ پێش بە خراپە بگرێ. کەس بەرپرس نیە لە تاوانی هاوپەیمانەکەی، زوڵملێکراو دەبێ پشتیوانی لێبکرێ.

٣٨. جولەکەکان مادام وەك باوەڕداران شەڕکەرن وەك ئەوان خەرجیدەدەن.[٤٥]

٣٩. یەسرب بۆ خەڵکانی ئەم نووسراوەیە مەحرەمە.

٤٠. میوان وەك میواندار وایە نابێ ئازاری کەس بداو خراپەکاریی بکا.

٤١. ژن ناحەوێندرێتەوە مەگەر بە ئیزنی خزمانی.

٤٢. ئەگەر هەر کێشەیەك یان ناکۆکییەك ئەگەری ئاژاوەی لێکرا دەبێ حەوالەی خواو محەمەد، پێغەمبەری خوا بکرێ، خوا پشتیوانی لە ڕاستترینو چاکترینی ناو ئەو نووسراوەیە دەکا.

٤٣. نابێ پارێزگاری لە قورەیشو هاوکارانیان بکردرێ.

٤٤. (i) دەبێ هەموو لایەنەکان هاوکاری یەکدی بکەن لە دژی هەر هێرشێك بۆ سەر یەسرب. (ii) هەر لایەنێك ئەو بەرەیەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بەرابەریەتی.[٤٦]

٤٥. (i) ئەگەر داوای ئاشتیو ڕاگرتنی ئاشتیان لێکرا، وادەکەن. ئەگەر داوای هەمان شت لە موسڵمانان کرا، ئەگەر لە حالەتی شەڕ نەبێت لە پێناوی خوا، وادەکەن.

٤٦. جولەکەکانی ئەوس خۆیانو ئەوانەی لەگەڵیانن وەك خەڵکانی ناو ئەو نووسراوەیەنو خەڵکانی ناو ئەو نووسراوەیەش بە دڵسۆزییەوە لەگەڵیانن.

---

[45] ئەم بەندە دووبارەی بەندی ٢٤ ـە.

[46] لە کۆپییە ئینگلیزییەکە بەشی دووەمی ئەم بەندە لەگەڵ بەندی ٤٥ نوسراوە. من پێموایە لەگەڵ بەندی ٤٤ چاکتر دێتەوە.

شێرکۆ کرمانج

دەبێ چاکە پێش بە خراپە بگرێ، کاسبکار ئەوەی دەستی دەکەوێ بۆخۆیەتی، خوا پشتیوانی لە ڕاستترینو چاکترینی ناو ئەو نووسراوەیە دەکا.

ئەو نووسراوەیە ڕێگە بە زوڵمو خراپەکاری نادا، ئەوەی دەردەچێ بۆ شەڕو ئەوەی دەرناچێو لە ماڵ دەمێنێتەوە لەم شارە لە ئەمانەتدایە مەگەر زوڵمو خراپەکاری بکا، خوا پارێزگاری لە پیاوچاکانو لەخواترسان دەکاو محەمەدیش پێغەمبەری خوایە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە عەرەبیی و کوردییەکان

ئیبن تەیمیە (٢٠٠٣) *سیاسەتی شەرعی بۆ سالح بوونی سەرکردە و جوندی*، وەرگێڕانی م. هەورامان گەچێنەیی، سلێمانی.[٤٧]
إبن قتيبة الدينوري (١٩٩٠) *الإمامة والسياسة*، تحقيق علي شيري، ج ١، بيروت: منشورات الشريف الرضي.
إبن قيم الجوزية (١٩٩٩) *الطرق الحُكمية في السياسة الشرعية*، اعتنى بهِ أحمد الزعبي، بيروت: دار الأرقم بن أبي الأرقم للطباعة والنشر والتوزيع.
أبو زيد، نصر حامد (١٩٩٥) *نقد الخطاب الديني*، القاهرة: سينا للنشر.
الحشماوي، محمد سيد (١٩٨٣) *اصول الشريعة*، القاهرة: مكتبات مدبولي.
الحنيطي، سعد خلف (١٩٩٩) *الفقيه والسلطان*، عمان: دار البيارق.
دەشتی، عەلی. (١٩٩٩) *بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی*، وەرگێڕانی لە فارسییەوە فریاد کەریم، چاپی دووەم.[٤٨]

47 دەزگای لە چاپدانی دیارنیە.
48 شوێنو دەزگای لە چاپدانی دیارنیە.

ڕەزا، عەلی (١٩٩٩) *بۆچوونێك لەمەڕ بەسیاسیکردنی ئیسلام*، هەولێر: گوڵان.

زیدان، عبدالکریم (١٩٩٠) *الفرد والدولة في الشریعة الإسلامیة*، بیروت: مؤسسة الرسالة.

الطبری، محمد بن جریر (١٩٩٨) *تاریخ الطبري*، تقدیم ومراجعة صدقي جمیل العطار (الطبعة الأولی)، بیروت: دار الفكر.

عەبدولرازق، عەلی (٢٠٠١) *ئیسلامو بنەماکانی فەرمانڕەوایی* (لە بنەڕەتدا ساڵی ١٩٢٥ نوسراوە)، وەرگێڕانی باوکی ژیار، سلێمانی: چاپخانەی هاوار.

محەمەد، شوان (٢٠٠٢) "م. کرێکار: بڕوام بە سیستەمی پەرلەمانیو تەداولی دەسەڵات لەگەڵ هێزە عەلمانیەکادا نیە" هەڤپەیڤین لەگەڵ مەلا کرێکار، *هاوڵاتی*، ژمارە (٦٠) دووشەممە ٢٠٠٢/٢/١١ ل٣، ١ ل.

القرضاوی، یوسف (١٩٨٧) *الإسلام والعلمانیة وجهاً لوجه*، القاهرة: دار الصحوة للنشر والتوزیع.

——————— (١٩٨٨) *الصحوة الإسلامیة وهموم الوطن العربي والإسلامي*.[٤٩]

——————— (١٩٩٦) *من فقه الدولة في الإسلام*، القاهرة: دار الشروق.

——————— (٢٠٠٣) "الحكم في الإسلام دینیاً أم مدنیاً" (خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت) لە ١٥\٤\٢٠٠٤ دابەزێنراوە لە

http://islamonline.net/fatwa/arabic/FatwaDisplay.asp?hFatwaID=99836

قطب، سید (١٩٦٢) *الإسلام ومشكلات الحضارة*، القاهرة: دار الشروق.

——————— (١٩٨٣) *معالم في الطریق*، الطبعة العاشرة، قم: دار الكتاب الإسلامي.


[49] شوێنو دەزگای لە چاپدانی دیارنیە.

——————— (بدون تاريخ–ا) *المستقبل لهذا الدين*، القاهرة: دار الشروق.[50]

——————— (بدون تاريخ–ب) نحو *مجتمع الإسلامي*، القاهرة: دار الشروق.[51]

قطب، محمد (١٩٩٥) *العلمانيون والإسلام*، القاهرة: دار الشروق.

مەلابەختیار (٢٠٠٠) "ئەنفالو... ئایدیۆلۆجیەتی بعث" لە *ڕوانگە و ڕەخنە*، ساڵی یەکەم، زستانی ٢٠٠٠، ژمارە ٢،ل–ل ٧٢–٨٣.

*المنجد في اللغة والأعلام* (١٩٩٨)، (الطبعة السابعة والثلاثون)، بيروت: دار المشرق.

المودودي، أبوالأعلى (١٩٧٥) *الإسلام والجاهلية*، بيروت: مؤسسة الرسالة.

——————— (١٩٩٤) *المصطلحات الأربعة في القرآن*، (الطبعة الثانية)، (كتبت النسخة الأصلية سنة ١٩٤١)، تعريب محمد كاظم سباق، طهران: دار إحسان.

هويدي، فهمي (١٩٨٢) *القرآن والسلطان* (الطبعة الثانية)، القاهرة: دار الشروق.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Abaza, Mona (1995) “Civil Society and Islam in Egypt: The Case of Nasr Hamid Abu Zaid” in *Journal of Arabic, Islamic and Middle Eastern Studies*, Vol. 2, No. 2, 1995.

Abd Al-Raziq, Ali (1998) “Message Not Government, Religion Not State” in Charles Kurzman (ed.) *Liberal Islam; A Sourcebook*, Oxford: Oxford University Press.

---

[50] ساڵی لە چاپدانی دیارنیە.
[51] ساڵی لە چاپدانی دیارنیە.

Abu Zaid, Nasr. H. (2001) "The Modernization of Islam or the Islamisation of Modernity", (Internet Services), Retrieved 31 May 2003, from http://www.geocities.com/lrrc.geo/Zaid/modernization.htm
---------- (2002) "Islam Can Promote Human Rights Across the Globe" in *Islamic Voices*, September 2002 Vol 15-09 No. 189, (Internet Services), Retrieved 21 April 2004, from http://www.islamicvoice.com/september.2002/view.htm#icp

*Ahadith Al-Qudsiyyah* (Divine Narratives) Translated by Kazi, Dr. Abdul Khaliq and Day, Dr. Alan B. USA: Dar Al-Kitab Al-Arabi.

Al-Banna, Hasan. (1999) *Selected Writings of Hasan Al-Banna Shaheed*, translated by S. A. Qureshi, New Delhi: Millat Book Centre.

Ali, Ameer (2000) "Islamism: Emancipation, Protest and Identity", In *Journal of Muslim Minority Affairs*, Vol. 20, Issue 1, p11.

Al-Suwaidi, Jamal. (1995) "Arab And Western Conception Of Democracy" " in Garnham, D. and Tessler, M. (eds.) *Democracy, War and Peace in the Middle East*, Indiana: Indiana University Press, pp 82-115.

Amin, Samir (2001) "Political Islam" (Internet Services), Retrieved 6 February 2004, from http://www.loompanics.com/Articles/PoliticalIslam.html

Amin, S. A. (1985) *Islamic Law in the contemporary World*, Glasgow: Royston Ltd.

An-Na'im, Abdullahi A. (1992) *Towards and Islamic Reformation: Civil Liberties, Human Rights and International Law*, Syracuse: Syracuse University Press.

---------- (1998) “Shari’ah and Basic Human Rights Concerns” in Charles Kurzman (ed.) *Liberal Islam; A Sourcebook*, Oxford: Oxford University Press.

An-Naisaburi, Al-Wahidi and Ali Ibn Ahmad, Abu Al-Hassan (1999) *Reasons and Occasions of Revelation of the Holy Qur’an*, Translated by Adnan Salloum, Beirut: Dar al-Kotob al-Ilmiya.

Arkoun, M. (1999) “History as an Ideology of Legitimation: A Comparative Approach in Islamic and European Contexts” in G. M. Munza (ed.) *Islam, Modernism and the West: Cultural and Political Relations of the End of the Millennium*, London: I. B. Tauris Publishers.

Armstrong, Karen (1991) *Muhammad; A Western Attempt to Understand Islam*, London: Victor Gollancz Ltd.
----------- (2003) *Islam; A Short History*, Fifth edition (first edition published in 2000) London: Phoenix Press.

Ayubi, N (1991) *Political Islam: Religion and politics in the Arab World*. London: Routledge.

Black, Antony (2001) *The History of Islamic Political Thought from the Prophet to the Present*, Edinburgh: Edinburgh University Press.

Chourou, Bechir (2002) *Islamism: Roots and Prospects*, A Paper presented at the International Seminar on ‘Governing Stability across the Mediterranean Sea: A Transatlantic Perspective’, Rome: 21-23 March 2002.

*Constitution of Islamic Republic of Iran*, (Internet Services) Retrieved 2 May 2004, from *http://www.iranonline.com/iran/iran-info/Government/constitution.html*

Dekmejian, R. H. (1995) *Islam in Revolution: Fundamentalism in the Arab World*, Syracuse: Syracuse University Press.

El-Awwa, M. S. (1999) "A Return to the Centre" in *Al-Ahram Weekly*, No. 459, Cairo: Al-Ahram Established.

*Encyclopaedia Britannica* (1982) 15th edition, edited by an Advisory Committee from the University of Chicago, USA: Encyclopaedia Britannica Inc.

*Encyclopaedia Britannica 2002* (2002) (CD ROM), Australia: Britannica.com Inc.

*Encyclopaedia of Islam* (1971) (Second edition) B. Lewis et al (eds.), Leiden: E. J. Brill, London: Luzac and Company.

Esposito, John L. (1994) "Political Islam: Beyond the Green Menace" In *Current history*, January 1994.
---------- (1995) *The Oxford Encyclopaedia of the Modern Islamic World*, (ed.) Esposito, John. New York: Oxford University Press.
---------- (1998) *Islam; the Straight Path*, (Third edition), Oxford: Oxford University Press.

Euben, Roxanne L. (2002) "Killing for Politics: Jihad, Martyrdom and Political Action" in *Political Theory*, Vol. 30, No. 1, February 2002 pp 4-35.

Filali-Ansari, A (1999) "Islam and Secularism" in G. M. Munza (ed.) *Islam, Modernism and the West: Cultural and Political Relations of the End of the Millennium*, London: I. B. Tauris Publishers.

Gailan, Mahmood Ramiz (2000) *The Political Process and the Future of the Muslim World*, Kuala Lumpur: Al-Hilal Publishing.

Ghannouchi, Rachid (1998) “Participation in Non-Islamic Government” in Charles Kurzman (ed.) *Liberal Islam; A Sourcebook*, Oxford: Oxford University Press.

Hurvitz, Nimrod (2003) “From Scholarly Circles to Mass Movement; The Formation of Legal Communities in Islamic Societies”, in *American Historical Review*, Vol. 108 Issue 4, Oct 2003, p984, 25p.

Ibn Khaldun (1989) *The Muqaddimah; An Introduction to History*, (first edition published in 1967) Translated from Arabic by Franz Rosenthal, edited By N. J. Dawood, Princeton: Princeton University Press.

Kepel, Gilles (1993) *Muslim Extremism in Egypt: The Prophet and Pharaoh*. Los Angeles: University of California Press.

Khan, Muqtedar (2001) “Islam and Democracy” (Internet Services), Retrieved 2 May 2002, from *http//www.ijtihad.org/isladem.htm*.

---------- (2001a) “The Compact of Medina: A Constitutional Theory of the Islamic State” Published in the *Mirror international* on May 30th, 2001 (Internet Services), Retrieved 16 June 2003, from *http//www.ijtihad.org/compact.htm*

Kamal, Muhammad., Saeed, Abdullah and Mayer Christina (2001) *Essential Dictionary of Islamic Thought*, Adelaide: Seaview Press.

Khomeini, Imam Ruhullah (2000) “The Necessity of Islamic Government” In Moaddel, M. & Kamran, T. (eds) *Contemporary Debates in Islam: an Anthology of Modernist and Fundamentalist Thought,* NY: St. Martin’s Press.

Knutsen, John F "Blueprint for a New Confederation" (Internet Services) Retrieved 15 Feb 2004, from *http://www.basiclaw.net/Principles/Popular%20sovereignty.htm*

Lambton, Ann, K. S. (1981) *State and Government in Medieval Islam*, New York: Oxford University Press.

Lang, Patrick (2003) "Wahhabism and Jihad" in *America,* March 10, 2003.

Mawdudi, Sayyid Abul A'la (1948) "Essential Features of the Islamic Political System", a talk given by the author on Radio Pakistan, Lahore, on 20th January, 1948 (Internet Services), Retrieved 19 January 2003, from *http://www.islam101.com/dawah/politicalsystem.htm*

---------- (1969) *The Islamic Law and Constitution*, Translated by Khurshid Ahmed, 4th edition, Lahore: Islamic Publications.

---------- (2000), "Political Theory of Islam" in Moaddel, M. & Kamran, T (eds) *Contemporary Debates in Islam: an Anthology of Modernist and Fundamentalist Thought,* NY: St. Martin's Press.

---------- (2002) *A Short History of the Revivalist Movement in Islam*, Translated from urdu by Al-Ash'ari, (first published in 1963 and originally written in 1940), Kuala Lumpur: The Other Press.

Moaddel, Mansoor (2002) "The Study of Islamic Culture and Politics: An Overview and Assessment", in the *Annual Review of Sociology,* 28: 359-86.

Mutahhari, Ayatullah Morteza (1985) "*Jihad*: The Holy War of Islam and Its Legitimacy in the Quran", Translated by Mohammad Salman Tawhidi, Tehran: Islamic Propagation Organization, (Internet Services) Retrieved 18 June 2003, from http://www.al-islam.org/short/jihad/

Nettler, Ronald L. (2001) "Islam, Politics and Democracy: Mohamed Talibi and Islamic Modernism" in *British Journal of Middle Eastern Studies*, Nov. 2001.

Orbach, Benjamin (2001) "Usama bin Ladin and Al-Qa'ida: Origins and Doctrines" in *Middle East Review of International Affairs*, Vol. 5, No. 4, December 2001, pp 54-68.

Peters, Rudolph (1996) *Jihad in Classical and Modern Islam*, N.J., Princeton: Markus Wiener Publishers.

Qutb, Said (1998) *Milestones*, Translated by Abdul Naeem for Islamic Book Service, New Delhi: Noida Printing Press.

Ray, J. L. (1995) "the Future of International War" in Garnham, D. and Tessler, M. (eds.) *Democracy, War and Peace in the Middle East*, Indiana: Indiana University Press, pp 3-33.

Rosenthal, Erwin I. J. (1962) *Political Thought in Medieval Islam; An Introductory Outline*, (first edition published in 1958), Cambridge: Cambridge University Press.

Rothstein, Robert L. (1995) "Democracy in the third world" in Garnham, D. and Tessler, M. (eds.) *Democracy, War and Peace in the Middle East*, Indiana: University Press, pp 65-81.

Sardar, Ziauddin (2003) "Islam in the Modern World" interviewed by David Rutledge on *The Religion Report*, Radio National (Australia) on 20th August 2003.

Sargent, Lyman Tower (1999) *Contemporary Political Ideologies*, (Eleventh edition), Orlando: Harcourt Brace College Publisher.

Shukri B., Abed (1995) "Islam and Democracy" in Garnham, D. and Tessler, M. (eds.) *Democracy, War and Peace in the Middle East*, Indiana: Indiana University Press.

Tamadonfar, Mehran (2001) "Islam, law, and political control" in *Journal for the Scientific Study of Religion*, 40:2 (June) 205-219.

Teipen, Alfons (2002) "Jahilite and Muslim Women: Questions of Continuity and Communal Identity" in Journal of *Muslim World*, Fall2002, Vol. 92, Issue 3/4, *Academic Search Elite*: EBSCOhost. AN 00274909.

Tibi, Bassam (2002) *The Challenge of Fundamentalism; Political Islam and the New World Order*, Berkeley: University of California Press.

Turner, Bryan S. (2003) "Class, Generation and Islamism: Towards a Global Sociology of Political Islam" in *British Journal of Sociology*, Vol. 54 Issue 1, pp 139-147.

Watt, W. Montgomery (1968) *Islamic Political Thought; the Basic Concepts*, Edinburgh: Edinburgh University Press.

Yasin, Khalid (2003) "Khalid Yasin in Conversation", Interviewed by Stephen Crittenden, on *The Religion Report*, (Internet Services), Retrieved 27 September 2003, from http://www.abc.net.au/rn/talks/8.30/relrpt/